

# ڕابوون

18-19

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە

هەواڵنامەی کتێب

بابەتەکان :

. خوێندنەوەی تێکستەکانی مەم و زین
. دیتنە سایکۆلۆژییەکانی شیللەر
. بزاڤی خێڵ و خێڵی بزاڤ
. دیدارێک لەگەڵ یۆران تونستروم
. پەرکەمی دەسەڵات
. کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵات
. سروشتی سینەما
. ئەنفال : کورد گزۆگیای ناو باخچەیە!!
. حیکمەتەکانی مێینەیەکی پیرۆز
. ڕاپەرینی جوانڕۆ
. هەڵنانی سروشت و تراژیدیای ناوەوە

# بابەتەکان


* بژاڤی خێڵ و خێڵی بژاڤ ..........،..........(٥) ڕەفیق سابیر
* پەرکەمی دەسەڵات ..............................(١٢) هاشم کۆچانی
* ئەنفال : کورد گژو گیای ناو باخچەیە!!! ..............(٢٢) خالید ساڵح
* ئەنفال لە ڕوانگەیەکی ترەوە ..........................(٢٧) پشکۆ نەجمەدین
* خوێندنەوەی تێکستەکانی مەم وزین.........................(٣٣) کەمال میراودەلی
* دەربارەی دیتنە سایکۆلۆژییەکانی میللەر......................(٤٤) ئاسۆس نەجمەدین
* بۆ بە خوێنی سەری یەکتر شاگەشکەن...................... (٥٣) کاروان عەبدوڵڵا
* هۆکارە جوگرافیی و مێژوویی و دەروونییەکانی
* دروستبوونی نەتەوەی کوردستان....................... (٥٥) د. وەهیبە شەوکەت
* مێژووی کورد یان تەنگەژەی بیرومێژووی ڕواڵەت؟..............(٦٨) نەجاتی عەبدوڵڵا
* یانزەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی دەربارەی .....منداڵان.(٧٢) د. عەبدولباقی ئەحمەد
* چەند زانیارییەک لە بارەی بزووتنەوەی
خوێندکارانی کوردەوە لە هەندەران.......................(٧٥) د. کەمال فوئاد
* سروشتی هونەری سینەما............................(٨٠) سلاح مەزن
* دیدارێک لە گەڵ: یۆران تۆنستروم.......................... (٩٤) حەسەن نور
* حیکمەتەکانی مێینەیەکی پیرۆز.....................شیعر...........(١٠٠) جەمال غەمبار
* سی و حەوت.............. ..............چیرۆک.......(١٠٣) ئەنوەر محەمەد ئەحمەد
* کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵات........................ ..شیعر..... ...(١٠٦) سەباح ڕەنجدەر
* خۆڵەمێش...............................چیرۆک.............(١١١) کاکە وەیس
* دوای ڕەو لە لای من نیشتەجێن............................شیعر...(١١٧) مارف عومەر گوڵ
* نینجانە.....................................چیرۆک.(١٢١) ڕێواس ئەحمەد
* (چاو).....(شارەکەم)...............................شیعر(١٢٤) بەهرۆز حەوێزی
* چۆتی!!!................................چیرۆک.(١٢٥) عەباس عەبدولا یوسف
* هەڵنانی سروشت و تراژیدیای ناوەوە..........لێکۆڵینەوە..(١٢٧) عبدالمطلب عەبدوڵڵا
* دەنگی پێی وەرگێڕان..........................ڕەخنە......(١٣٢) بەڕۆژ ئاکرەیی
* ئەو شەیتان دەردەکات............... ........شانۆنامە..(١٣٩) بیرتۆڵد برێشت
* ڕاپەڕینی جوانرۆ..........................بەڵگەنامە.(١٤٧) ئەنوەری سوڵتانی
* ژن و مێردایەتی(سیغە)لە ئێراندا...........ڕانانی کتێب..(١٥٢) مەهابادقەرەداغی
* وەرگێڕان..................................(١٦٠) موحسین ئەحمەدعومەر



**رابـــــوون**

**گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە**

**ژمارە(١٨-١٩) ١٩٩٦**



**سەرنووسەر**

ڕەفیق سابیر

**دەستەی نووسەران**

کەمال میراودەلی

هاشم کۆچانی

کاروان عەبدوڵڵا

**بەرپرسیاری هونەری**

دیلان دەرسیم



**RaBûN**

Cultural Kurdish Journal

No. **18-19**



**Editor in chief**

Rafik Sabir

**Editorial Board**

Kamal Mirawdali
Hashim Kochani
Karwan Abdulla

**Technical Editor**

Dylan Dersim




Box 25161, 750 25 Uppsala- Sweden.

ژمارەی پۆستجیرۆ 921 1995 - 7

ISSN - 1102 - 4372

## دەروازە



دوا بەرگ: کۆڕەو

# بزاڤی خێڵ و خێڵی بزاڤ

رەفیق سابیر

١

کاتێک لەساڵی ١٩٢٤ دا باشووری کوردستان بە عێراقەوە لکێندرا، کوردستان تووشی وێرانکارییەکی گەورە هاتبوو، کە پرۆسەی دوورو درێژی داگیرکردن و پەلاماردانی ئیمپراتۆریی عوسانی و ئێرانی و، شەڕی میرنشینی و شەڕی یەکەمی جیهان نابوویانەوە. ئەم وێرانکارییەو پرۆسەی چەند سەد ساڵەی داگیرکردن ڕێگەی سروشتیی گەشەکردنی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی کۆمەڵی کوردیان بەستبوو. لەو سەردەمەدا هێشتا پەیوەندییەکانی عەشیرەتی لە کوردستاندا زاڵبوون. هەر بەم پێیە بیر و هۆشیاری نەتەوەیی لاواز بوون. بنەماڵەی میرو شێخەکان، کە ئاڵاهەڵگری خەباتی دژ بە داگیرکەران بوون، یان لەلایەن تورکەکانەوە، یان لەلایەن کۆلۆنیالیزمی بەریتانییەوە بەتوندی پەلامار درابوون و، دەسەڵات و توانایی سیاسییان بەتەواوی لاوازکرابوو، کە دواترینیان تێکشکاندنی حکومەتی شێخ مەحموودو دەستبەسەرکردنی شێخی نەمربوو.

نەهێشتنی دەسەڵات و هێزی سیاسیی شێخ مەحموود، لە لایەن کۆلۆنیالیزمی بەریتانییەوە، ڕێگەی بۆ گەلێک ئاغاو سەرۆک خێڵی کوردستان خۆشکرد تا لە ڕێگەی نۆکەرییەوە، متمانەی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا وەدەست بێنن و، دەسەڵاتی خۆیان لە باشووری کوردستاندا بەهێزبکەن.

کۆلۆنیالیزمی بەریتانی، بەگشتی لە وڵاتە کۆلۆنیالکراوەکانیدا، لایەنگری بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە فیۆدالییەکان بوو. دەیەویست لەڕێگەی بەهێزکردنی دەسەڵاتی سەرۆک عەشیرەت و فیۆداڵە ناوچەییەکانەوە پێگەی خۆی لەو وڵاتانەدا بەهێز بکات. ئەوان کاتێک لە کۆتایی ساڵانی بیست و سەرەتای سییەکاندا دەسەڵاتی خۆیان لە کوردستان و عێراقدا بە تەواوی چەسپاند کەوتنە پەرەپێدانی سیستەمی

فیۆدالی. لە هەر ناوچەیەکدا زەوی و زارەکانیان، بەناوی سەرۆک خێڵەکانەوە تۆمارکرد و ئەوانیان کردە

فیۆدالی ناوچەکانیان. بەم جۆرە گەشەکردنی سیستەمی فیۆدالی - خێڵەکی، وەک کۆمەڵناسیی ناسراوی عێراقی عەلی ئەلوەردی دەڵێت، لە ڕێگەی سیاسەتەوە[واتا دەسەڵاتی دەوڵەت] نەک لە ڕێگەی گەشەکردنی مێژوویی کۆمەڵایەتییەوە، گەشەی کرد و چەسپێندرا.

بەریتانییەکان توانای ئابووریی سەرۆک خێڵەکانیان بەهێزکرد، لە هەمان کاتدا پشتگیری سیاسیی ئەم سەرۆ ک خێڵە - فیۆدالانەیان کرد و، زۆربەیان لای دەوڵەت شوێنێکی تایبەت و بەرچاویان هەبوو، تەنانەت بەشێکیشیان، بە نەخوێندەوارەکانیشیانەوە، ئەندامی پەرلەمانی عێراق بوون. کاتێکیش کێشەیەک لە نێوان جوتیاران و فیۆدالەکاندا رووی بدایە، ئەوا دەوڵەت

یەکسەر پشتی فیۆدالەکانی دەگرت، بۆ نمونە ڕاپەڕینەکانی جوتیارانی دەشتی دزەیی، وسوڕێن و شێخان و تاد.. لە دژی ستەمی ئاغاکان بە زەبری هێزی دەوڵەت سەرکوتکران، چونکە دەوڵەت لە ڕێگەی سەپاندنی دەسەڵاتی ئاغا- فیۆدالەکان لە ناوچەکانیاندا دەیتوانی کۆنترۆڵی ئەندامانی خێڵەکەو ناوچە جوگرافیاکانیان بکات.

بەڵام بەهۆی لاوازی سیستەمی فیۆدالی و دواکەوتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، فیۆدالە نوێیەکان زیاتر چاویان لە کۆمەک و پارەوپولی دەوڵەت بوو. بە واتایەکی تر ئەوان زیاتر مشەخۆربوون نەک بەرهەمهێنەر، بە پلەی یەکەم دەوڵەت نەک زەوی و زار سەرچاوەی سەرەکی داهاتی ئەوان بوو. ئەمەیش وای لێکردبوون کە لەبەردەم دەوڵەتدا چاولەدەست و پەرپووت بن و، مێنتالیتەو کەسایەتییەکی نۆکەرانەو خۆفرۆشانەیان هەبێت، کە ئەم سیفەتەیان دواتر لە کاتی شەڕی نێوان دەوڵەتی عێراق و گەلی باشووری کوردستاندا زەقتر دەردەکەوت، وەک دوایی باسی دەکەین. پاراستنی دەسەڵاتی ئەو سەرۆک خێڵە فیۆدالانەو ڕاگرتنی پەیوەندییە خێڵەکییەکان گەرەنتی درێژمێدانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی بوون، لە هەمان کاتدا درێژە پێدانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم گەرەنتی بەردەوامبوونی دەسەڵاتی فیۆدالە ناوچەییەکان بوو.

دوای کودەتای تەمووزی ١٩٥٨ لە عێراق گۆڕانێکی بەرچاو بە سەر ئەم بارودۆخەدا هات. عەبدولکەریم قاسم، کە ڕابەری کودێتایەکە بوو، لە سەرەتاوە دەسەڵاتی سیاسیی فیۆدالەکانی پەلامار داو دەسەلاتێکی بۆرژوازی نیشتمانی لە عێراقدا دامەزراند. بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆسە سیاسییە، قاسم لە دەسەڵاتی ئابووریی فیۆداڵەکانی داو یاسای دابەشکردنی زەوی دانا، کە بەپێی ئەم یاسایە دەبوو زەوی دەرەبەگەکان بەسەر جوتکاراندا دابەش بکرێن. فیۆدالەکانی کوردستان و عێراق بە توندی دژی ئەم یاسایە، کە پێموایە قەت لە کوردستاندا جێبەجێ نەکرا، وەستان.

لە هاوینی ١٩٦١ دا فیۆدالەکانی کوردستان، بە تایبەتی لە ناوچەی پژدەر و بۆسکێن و بێتواتە و هەندێ ناوچەی تر، لە دژی حکومەتی قاسم دەستیان دایە چەک و لەشکریان کۆکردەوە.

قاسم لەکاتێدا لە کوردستاندا ویستی دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووریی فیۆدالەکانی نەهێڵێت، لە هەمان کاتدا سیاسەتێکی شۆڤێنیستانەی بەرامبەر بەکورد پیادەکرد. ئەوەبوو پارتی دیموکراتی کوردستان، بێئەوەی هیچ بەرنامەیەکی بۆ خەباتی چەکداری هەبێت و، بۆ سوودوەرگرتن لە هەل و دەرفەتەکە سواری شەپۆلەکە بوو، بە جۆرێکی هەلپەرستانە ویستی ڕابەرایەتی ئەم لەشکرەی ئاغایەکان بکات.«١»

ئەم بزاڤە چەکدارییەی، کە دواتر بە شۆڕشی ئەیلوول ناسرا، شێوەی بزاڤێکی عەشیرەتی-نەتەوەیی وەرگرت. بزاڤەکە لە سەرەتادا بەو مەبەستە بوو کە پێگەی لاوازی ئابووریی و دەسەڵاتی سیاسیی فیۆدالەکانی کورد بپارێزێت، بەڵام لە دژی دەوڵەتێک بوو کە سیاسەتێکی شۆڤێنیستانەی بەرامبەر کورد دەستپێکردبوو، ئەمەش ڕەهەندێکی نەتەوەیی دایە بزاڤەکە. هەرچەند چارەنووسی بزاڤەکە زیاتر بەدەست هێزی عەشیرەتییەوەبوو.

دوای کودێتای بەعس لە فابریوەری - شوباتی ١٩٦٣ دا مەکتەبی سیاسیی پارتی ویستی خۆی ڕابەرایەتی بزاڤە چەکدارییەکە بکات و خۆی چارەنووسەکەی دیاری بکات، ئەوەبوو کەوتە کێشەو ناکۆکی لەگەڵ سەرۆکی پارتی، خوالێخۆشبوو بارزانی. ئەم کێشەیە تا ساڵی ١٩٦٤ درێژەی کێشا. لەو ساڵەدا بارزانی توانی کێشەکە بە زەبری چەک یەکلابکاتەوە.

لەم جۆرەحاڵەتانەدا، کە کێشە لەنێوان سەرۆکی

حیزب و مەکتەبی سیاسییدا روودەدات، ئەوا دەبێت ئەم کێشەیە لە کۆمیتەی ناوەندی، یان لە کۆنگرەیەکی نوسوولی حیزبیدا چارەسەر بکرێت.

بەڵام یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە، بە ڕێ و شوێنی حیزبی لە قازانجی بارزانی نەبوو، چونکە زۆربەی کۆمیتەی ناوەندی و کادیرانی پارتی لە گەڵ مەکتەبی سیاسی بوون. لەوەش گرینگتر بارزانی وەک سەرکردەیەکی عەشیرەتی باوەڕی بە حیزب و حیزبایەتی نەبوو، بۆیە کارێکی ئاسان نەبوو بارزانی چارەنووسی خۆی بداتە دەست کۆمەڵێک ڕووناکبیری شاری، تا بەپێی پرینسیپی حیزبی و دەنگدان و ڕەوایی زۆرایەتی یەکلای بکەنەوە. ئەوە بوو بارزانی لە ساڵی ۱۹٦٤ دا بە هێزێکی چەکدارییەوە لە بادینانەوە هاتە سۆران پەلاماری مەکتەبی سیاسیی پارتی داو لە ماوەت دەریکردن و ئاوەدیوی ئێرانی کردن.

دیارە من نامەوێت پاکانە بۆ ڕەفتاری دواتری جەماعەتی مەکتەبی سیاسیی بکەم کە ئەم کارە ناشەرعییەی مەلا مستەفا و خۆلیای تۆڵەکردنەوەو، ستاندنەوەی هەقیک کە ئەوان پێیان وابوو بارزانی لێی زەوتکردوون، بەرەو ئەوەی بردن کە پاڵبدەنە دەوڵەتی عێراق. خودی چارەنووسیی سیاسیی ئەوان و ناوبردنیان لە لایەن خەڵکەوە بە جاش هەڵەی سیاسیی ئەوان دەسەلمێنێت.

بەڵام ئەم مەسەلە پرسیارێک دێنێتە پێش. ئایا لە رووی پرینسیپ و دەستووری حیزبییەوە، شتێکی ڕاستە کە دەسەڵاتی سەرۆکی حیزب، ئەگەر قسە لە حیزب بێت نەک لە عەشیرەت، لەسەرووی دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندییەوە بێت؟!.

* * *

مێژووی کورد تەنیا مێژووی داگیرکردن و خەبات دژی داگیرکەران نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا مێژووی خێڵ و شەڕی خێڵ و میرنشینە کوردەکانە، کە بەردەوام لە شەڕو پێکدادان دابوون.

ستروکتووری ئابووری خێڵ لەسەر ئەو داهاتە وەستاوە کە خێڵەکە دەیهێنێتە بەرهەم، کە بەشێکی لە داهاتی کشتوکاڵی و بەشێکی دیکەی لە سامانی ئاژەڵدارییەوە دێت. سروشتی شاخاوی کوردستان و کەمی زەوی کشوکاڵ و مێرگ و لەوەڕگاو، دواکەوتنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بوونەتە هۆی ئەوەی کە خێڵەکانی کوردستان ساڵانە داهاتێکی ئابووریی دیاریکراو، یان کەمیان هەبێت و هەر خێڵێک بەردەوام چاوببڕێتە سامان و داهاتی خێڵە دراوسێیەکەی و هەوڵی تالانکردنی بدات. مێژووی شەڕی خێڵەکی لە کوردستاندا جگە لە شەڕی زەوتکردنی سامان و لەوەڕگاو بەرهەمی کشتوکاڵی و دەسەڵاتسەپاندن شتێکی تر نییە. ئەم دیاردەیە هەستی خاوەندارییەتی و ڕێزگرتن لە خاوەندارییەتی لە کۆمەڵی کوردستاندا لاوازکردووەو، لە ئەنجامدا ئەم دیاردەیە، وەک ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت، ڕێگەی نەداوە هەستی دادپەروەری لە کوردستاندا دروست ببێت. هەر خێڵێک کاتێک دەسەڵاتی لە خێڵە دراوسێیەکەی بەهێزتر بووە ڕێگەی بەخۆی داوە سامان و داهاتەکەی تالان بکات، بێ ئەوەی بیر لە ماف و ڕەنج و شەکەتی ئەوی تر بکاتەوە. بۆیە هەر خێڵێک ویستوویەتی بە هەر شێوەیەک بێت، تەنانەت ئەگەر بە نۆکەری بێگانەو جاشایەتیش بێت، سنووری خێڵەکەی خۆی بپارێزێت. ئەو هێندەی لە دەسەڵات و ستەمی خێڵە دراوسێ بە زەبرەکەی، کە وەک شمشێری دیمۆکلیس بەسەر سەریەوە بووە، ترساوە ئەوەندە هەستی بە مەترسی داگیرکەری بێگانە نەکردووە، یان لە بەرامبەر هەڕەشەی خێڵی دراوسێیدا داگیرکەری بە دوژمنی ڕاستەوخۆی خۆی نەزانیوە، بۆیە غەریزەی خۆپاراستن پاڵی پێوەناوە تا پەنا بۆ داگیرکەر ببات و لە ڕێگەی کۆمەکی داگیرکەرەوە پارێزگاری لە خۆی بکات و، بگرە

دەسەڵاتی خۆی بەهێزتر بکات.

ئەمە یەکێکە لە زەقترین نەریت و کولتووری نێگەتیڤی خێڵ کە رەنگە یارمەتیمان بدات تا هەندێ دیاردە ورووداوی نێو بزاڤی رزگاریخوازی کوردی پێلێک بدەینەوە.

پەنابردنی مەکتەبی سیاسی پارتی لەساڵی ١٩٦٦ بۆ دەوڵەتی عێراق تا بەهاریکاریی هێزی دەوڵەت کێشەی خۆی لەگەڵ سەرۆکی حیزبدا یەکلا بکاتەوە، لە بەرامبەر ئەوەدا پەنابردنی بارزانی بۆ ئێران، لە کۆتایی شەستەکاندا، هەروا پەنابردنی ئەم دواییەی مەسعوود بارزانی بۆ لەشکری عێراق تا بە کۆمەکی عێراق زەبرێک لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بدات، هەموو ئەم دیاردانە دەشێت بەرهەمی ئەو نەریت و کولتوورە نێگەتیڤە خێڵەکییەبن کە باسکران. ئەمانە بۆ بەرهەمهێنانەوەی هەمان مێتۆد و کولتووری عەشیرەتیی نین کە سەرۆک خێڵە کوردەکان و، میرە کوردەکان لە کاتی کێشەی خۆیان لەگەڵ سەرۆک خێڵ و میرە کوردەکانی تردا پەنایان بۆدەبرد و، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان لەشکری داگیرکەریان دوای خۆیان دەدا تا، بە هۆی ئەوانەوە، نەیارانی خۆیان تێک بشکێنن.

ئەم دیاردەیە، کە لە سایەی خەباتی چەکداریدا سەرلەنوێ دەرکەوتەوە، لافاوێکی ئەوتۆی خوێنی هەستاندووە کە تا بزاڤی چەکداریی، بەم شێوە باوەی ئێستای باشووری کوردستان، هەبێت زەحمەتە دوایی بێت.

لە پاڵ ئەمەدا دیاردەیەکی تر لە بزاڤی چەکداری باشووردا کرایە نەریتێکی باو، ئەویش دیاردەی هاریکاری لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستانە. سەرکردەی حیزب- خێڵ، کە کراوەتە دیکتاتۆرێک، هەوڵدەدات بۆ پاراستن و راگرتنی دەسەڵاتی خۆی و درێژەدان بە بزاڤە چەکدارییەکەی و، بۆ لەناوبردنی نەیارانی پەنا بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستان ببات و، تەنانەت لە پەلاماردانی بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا سڵ نەکاتەوە.

لە مێژووی نوێی بزاڤی رزگاریخوازی کورددا، هەرجۆرە پەیوەندیکردنێک و هاریکارییەک بە هەرکام لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بە خیانەتێکی نەتەوییی دادەنرا. کەچی لە بزاڤی چەکداری ئەیلوولدا ئەم دیاردەیە کرایە دیاردەیەکی باو و ئاشکرا و نەریتێکی سیاسی. ئەمرۆ هەندێ لە حیزبەکانی کوردستان شانازی بە پەیوەندی خۆیانەوە دەکەن لەگەڵ یەکێک لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان و هەندێکی تریشیان رەنگە خەون بەم جۆرە پەیوەندییەوە ببینن.

ئەم پەیوەندییە لە باشووردا گەیشتە ئەو ئاستەی کە هێزەکانی بزاڤی چەکداری تەنانەت وەک داردەستێکی هەندێ لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان، پەلاماری بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بدەن و سەرکردەو کادیر و ئەندامانی ئەم بزاڤە بکوژن.

پێموایە بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە باشووردا ناوەرۆک و ئامانجی رزگاریخوازانەی خۆی لەدەستداوە، واتا بزاڤێک نییە کە ئامانجەکەی رزگارکردنی مرۆڤ و خاکی کوردستان بێت، بۆیە باوەڕناکەم، بزاڤەکە بەم رێباز و بەرنامە و شێوە خەباتەی ئێستای، بتوانێت دەستکەوتێکی ئەوتۆ بۆ گەلی باشوور بەدەست بێنێت، لەوەیش زیاتر، رێگە بە خۆم دەدەم کە بڵێم ئەم بزاڤە بۆتە رێگر لەبەردەم گەشەکردنی بزاڤی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کولتوریی لە باشوور و، بگرە دەشێت ببێتە مەترسییەک بۆ خەباتی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا. بۆیە ئەم بزاڤە روخێنەرە نەک بنیاتنەر، ئامرازی شکستییە نەک سەرکەوتن، سەرچاوەی هەرەس و ژێردەستی و دواکەوتنە، نەک ئازادی و پێشکەوتن. ئەم بزاڤە هەر تەنیا بەرهەمی بارودۆخی دواکەوتووی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و

کولتوریی کوردستان نییە، بەڵکو ئامرازێکیشە بۆ سەپاندن و هێشتنەوەی ئەم دواکەوتنە مادیی و رۆحییەی کۆمەڵی کوردستان، چونکە بزاڤێکی لەم جۆرە تەنیا لەناو کۆمەڵگایەکی شێواو و وێران و دواکەوتوودا دەتوانێت بەردەوام بێت.

2

**بەدرێژایی ئەم سیی و پێنج ساڵەی دوایی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق، ستروکتووری ئابووریی کوردستانی بە تەواوی هەڵتەکاندووە و دەرفەتی ئەوەی نەداوە کە پەیوەندییەکانی ئابووریی سەرمایەداری لە کوردستاندا گەشەبکەن. پشتگوێخستنی ئابووریی و شەڕی داسەپاوی دەوڵەت بەسەر کوردستاندا و وێرانکردنی گوندەکان ئابووریی کوردستانیان بەتەواوی داتەپاندووەو زەمینەی مانەوە و بەردەوامبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی فیۆدالییان دابینکردووە.**

دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستاندا حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بە تایبەتی بەعس، کە خۆی سروشتێکی خێڵەکی هەیە، بە هەمان مێتۆدی بەریتانییەکان، هەوڵێکی بەردەوامیان داوە بۆ بە هێزکردنی دەسەڵاتی فیۆدالەکان تا لە دژی بزاڤی کورد بەکاریان بێنن.

تێکڕای ئەمانە خەسڵەت و نەریتی خێڵەکییان، نەک هەر لە کۆمەڵی کورددا بەڵکو لە بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستاندا بەهێزکردووە، عەقڵ و کولتووری خێڵیان بەسەر بیری سیاسیی کوردو کۆمەڵی کوردستاندا سەپاندووە.

ئەگەرچی فیۆدال و عەشایەر لە کوردستاندا، بنەمای ئابووریی بەرهەمهێنەرانەی خۆیان، کە لە داهاتی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە دەهات، لە دەستداوە، بە تایبەتی دوای وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان، کەچی توانای ئابووری و دەسەڵاتی سیاسیی و عەسکەرییان بەهێزتر بووە. بەشێکیان لە رێگەی جاشایەتی دەوڵەتی عێراق و، بەشێکی دیکەیان لە سایەی بزاڤی چەکداری کوردەوە ئەم دەرەتان و دەسەڵاتەیان بۆ دابین کراوە. ئەمانە کراونەتە فیۆدالی عەسکەری، یان ئاغای جەنگ، یان بازرگانانی خوێن.

ئەمە دیاردەیەکی نوێ و سامناکی کۆمەڵایەتیی و ئابوورییە لە کوردستاندا و پێچەوانەی رەوتی سروشتیی کۆمەڵە، چونکە دەسەڵاتی سەرۆک عەشیرەت و فیۆداڵەکان، بنەمایەکی ئابووریی نییە کە پشت بە بەرهەمی کشتوکاڵی و داهاتی زەوی و سامانی ئاژەڵداری ببەستێت، بەڵکو داهاتی سەرەکی ئەمانە ئەو پارە مفتەیە کە یان بە جاشایەتی ، یان لە سایەی گوایا شۆڕشدا لە دزی راووڕووتەوە، یان لە حیزبەکەیانەوە دەستیان دەکەوێت.

ئەم دیاردەیە، کولتوورو دابونەریتیی نۆکەرایەتی فیۆدالەکانی پەرەپێدا و بردییە نێو ئەندامانی عەشیرەتەکانەوە، کە دواتر لە هەشتاکاندا بەشێک لە لومپەری شاریشی گرتەوە، ئەوەبوو کە نەک هەر سەرۆکی خێڵ، بەڵکو ئەندامانی خێڵەکانیش فێری مشەخۆری پاتاڵخۆری کران و داهاتێکی ئابووریی مفتیان، بەڵام لە رێگەی سەرۆکەکانیانەوە، بۆ دابین کرا کە بەبێ رەنج و ئارەق رشتن و، بەبێ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ دەستیان دەکەوت. دوای وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان، دیاردەی چەک هەڵگرتن بۆ پارە لەشکرێکی بەربڵاوی چەکداری پێکهێنا، کە بە مەزەندەی بەرەی کوردستانی، لە کۆتایی هەشتاکاندا لە دووسەد هەزار کەس زیاتر بوون. بەعس بەپێی بەرنامەی خۆی و بە مەبەستی گۆڕینی مێنتالیتەی مرۆڤی کوردو تێکشکاندنی کەسایەتی و کەرامەتی و، بە ئامانجی شێواندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی و رۆحیی کورد چەکهەڵگرتن و جاشایەتی لە کوردستاندا

کردنە مەیدانێکی فراونی کار کە بە هۆیانەوە سەدان هەزار کەسی تەوەزەل و لومپەر نانی ژیان و خۆشگوزەرانییان دابین دەکرا، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن کە بەم کارەیان خیانەت لە نەتەوەکەیان دەکەن.

دوای راپەرین پارتی و یەکێتی نەک هەر هیچ گۆرانێکیان بەسەر ئەم بارو دۆخەدا نەهێنا، بەڵکو، دروست درێژەیان بە هەمان پرۆسێس دا کە لە سەردەمی بەعسدا هەبوو، لەم بوارەشدا، وەک گەلێک بواری دی، کەوتنە بەهەمهێنانەوەی کولتووری بەعس. ئەوان کە دەستیان بەسەر ئابووری کوردستاندا گرت، دیاردەی چەکهەڵگرتنیان کردەوە هەمان مەیدانی نان پەیداکردن بۆ زۆربەی ئەو چەکدارانە، بەتایبەتی کە بارودۆخی ئابووری رووی لە سەختی کردو بێکاری و نەداری بەتەواوی پەرەی گرت و دزی و تالان و راو و رووت و خۆدەوڵەمەندکردن، لەسەر حیسابی خەڵکی کورد، تێکۆشەرانی دوێنێشی گرتەوەو بوو بە رێباز و نەریت و کولتووری حیزبەکان و رووناکبیرانی هەلپەرست و شاعیرانی دەربار. لەم بارودۆخەدا، کە کولتوور و نەریتی بەعس بە فراوانترین شێوە دەهێنرانەوە بەرهەم، ئەوە گرینگ نەبوو کە مرۆڤ چەک بۆ پارتی یان بۆ یەکێتی هەڵبگرێت، بەڵکو زیاتر ئەوە گرینگ بوو کێ پارەی زیاتر دەدات، کام حیزب زیاتر دەرفەتی راوو رووت و تالان بۆ مرۆڤ دابیندەکات.

ئەم باسە هەر مەسەلەیەکی سیاسیی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی سۆسیۆلۆژیشە، بۆیە پێویستی بە لێدوان و لێکۆڵینەوەی زۆر هەیە.

لێرەدا دەمەوێت چەند نەتیجەگیرییەک لەم قسانەم بکەم:

ئەو شێوە شەڕە چەکدارییەی ٣٥ ساڵە لە باشووری کوردستاندا درێژەی هەیەو، بەو جۆرە بێ ستراتیژ و شێواو و هەڵەیەی بزاڤی کورد کردوویەتی کۆمەڵێک دیاردەو مێتۆدی بەسەر بزاڤی رزگاریخوازی باشووری کوردستاندا سەپاندوون، لەوانە:

یەکەم: پەنابردنە بەر چەک بۆ چارەسەرکردنی هەر جۆرە کێشەو گرفتێکی سیاسی بۆتە تاکە رێگە، هەر گرووپ و حیزبێکی سیاسی بە ئاسانی رێگە بەخۆی دەدات، هەر کاتێک بتوانێت و بیەوێت، پەنای بۆ بەرێت، کە ئەمە خەتەرناکترین دیاردەیەو، کۆمەڵگای باشووری کوردستانی لەت لەتکردووەو هیچ نرخ و جێگایەکی بۆ فیکرو دیالۆگ نەهێشتۆتەوە.

دووەم: خەباتی چەکداری، بەو شێوەی لەباشوور کراوە، دەسەڵاتی هەندێ بنەماڵەو خێڵی بە زەبری چەک، نەک بەزەبری زانست و توانای ئابووریی بەرهەمهێنەرانە، بەسەر کۆمەڵگای کوردا سەپاندووە، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا، داب و نەریت و کولتووری خێڵایەتی بەهێزتر کردووەو، ئەمڕۆ بە تەواویی بەسەر بیری سیاسیی و کولتووری سیاسیی کوردو عەقڵییەتی سەرکردایەتیی بزاڤی کورد لە باشووردا سەپێندراون.

سێیەم: سەرۆکی حیزب- سکرتێری گشتی جێگەی سەرۆکی عەشیرەتی گرتۆتەوەو، بە جیاوازییەکی بچوکەوە، هەمان رۆڵی ئەو دەبینێت. جیاوازییەکەش ئەوەیە کە ئەندامان و کوڕانی عەشیرەتی نوێ - حیزب لە بەرەبابی جۆربەجۆرن و خەڵکی ناوچەی جیاوازن و بە دایلێکتی جیاوازیش دەپەیڤن. بەڵام لە سایەی ئەم پەیوەندییە نوێیەدا، کە ناوی حیزبایەتی لێندراوە و تیایدا تەبایی بەرژەوەندەکان دروستبووە، پەیوەندییەکانی خێڵ بە فراوانترین شێوە بە بەرهەم دەهێندرێنەوە. لە پێش هەموو شتێکیشدا بەرژەوەندی خێڵ- حیزب لە پێش بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتمانەوە دێت. ئەندامانی هەموو حیزبەکانیش هەر بەم نەریت و کولتوورە پەروەردە دەکرێن، هەروا ئیرادەی سەرۆکی خێڵ- حیزب لە سەرووی ئیرادەی سەرکردایەتیی و حیزب و تەنانەت لە سەرووی ئیرادەی گەلیشەوە

دادەندرێت. سەرۆک-سکرتێری گشتی بۆی هەیە، بۆ بەرژەوەندی خێڵ- حیزبەکەی بە مەیلی خۆی گەمە بە چارەنووسی نەتەوەوە بکات. رۆژێک بڕیاری ئاشبەتاڵ، رۆژێکی دی پەلاماری بزاڤی کورد لەم یان ئەو بەشەی کوردستاندا بدات، رۆژێکی تریش گەلی باشوور راپێچی ژێر دەسەڵاتی ئەنفالچی و بکوژانی هەڵەبجەو گەرمیان و قەلادزێ بکاتەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەیشدا ئەندامان و سەرکردایەتیی حیزب-خێڵ ناتوانن بێنە دەنگ، چونکە لەدەرەوەی حیزب - خێڵەکەیاندا هیچ ئایندەیەکی شەخسی بۆخۆیان نابینن.

چوارەم: چەکهەڵگرتن بۆ بزاڤی کورد، یان بۆ دەوڵەتی عێراق، بەمەبەستی پارەو راورووت، کۆمەڵێک ئاغای شەڕو بازرگانی خوێنی پێگەیاندووە، کە ئەگەر شەڕو پیاوکوژی نەبێت، رەنگە ئەوان کارێکی دیکەیان پێنەکرێت. هەروا چەکهەڵگرتن لە کوردستاندا بۆتە سەرچاوەیێکی ئابووری گەورەو، بۆتە تەمبەڵخانەیەک کە دەیان هەزارکەسی تەوەزەل و دزو پیاوکوژ و دەروون نەخۆش بە هۆیەوە ژیان و خۆشگوزەرانی خۆیان دابیندەکەن. کە ئەمە مێنتالیتەی مرۆڤی کوردی تێکداوە و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و کولتووریی و ئابووریی کوردستانی شێواندووە و، کۆمەڵگای کورستانی کردۆتە کۆمەڵگای ستەم و زەبرو زەنگ، یان کۆمەڵگای خوێن .

پێنجەم: هەر بەم پێیە مرۆڤکوژی لە باشووری کوردستان بۆتە دیاردەیەکی هێندە ئاسایی کە مرۆڤی کورد کاتێک هەواڵی کوژرانی دە، یان سەد کەس، لەم یان لەو شەڕدا، دەبیستێت، هەواڵەکە هێندە بە خوێنساردی و ئاسایی وەردەگرێت، وەک ئەوەی هەواڵی مردنی پۆلێ مریشک، یان رانەمەڕێکی بیستبێت. ئەمەش یەک راستی دەردەخات ئەویش ئەوەیە، کە بەهاو نرخی مرۆڤی کورد لە باشووری کوردستاندا هێندەی بەهاو نرخی مریشێک و مەڕێکی لێهاتووە.

دواجار ئەوەی لەم دوو ساڵەی کوردستاندا روویدا، بەرهەمی رەشترین لاپەڕەکانی شەڕی میرنشینی و، بەرهەمی شەڕی سیی ساڵەی نێوخۆییە، بەرهەمی زاڵبوونی عەقل و نەریتی خێڵەکییە. هەر بەو ئاسانییەی کە لە کێشەی نێوان دوو عەشیرەتدا پەنا بۆ چەک دەبردرێت، لە کێشەی نێوان پارتی یەکێتیدا چەک، بەپێی هەمان مێتۆدو نەریت و کولتووری خێڵەکی، کرایە کلیلی چارەسەری کێشەکان. هەر بەو ئاسانییەی جاران سەرۆک خێڵێک بۆپاراستنی بەرژەوەندیی خێڵەکەی و، بۆ راونانی خێڵێکی نەیار یان دراوسێی، لەشکری داگیرکەری پێش خۆی دەدا، ئەمرۆیش سەرۆکی پارتی پەنا بۆ سەدام حوسێن دەبات تا بە هانایەوە بێت و یەکێتیی نیشتمانیی بۆ راوبنێت«٢». لەکاتێکدا کۆمەڵگای جیهانی و UN دەیانەوێت کورد لە دڕندایەتی لەشکری عێراق بپارێزن. ئەمەیە بەرهەمهێنانەوەی سەپاندنی کولتووری نێگەتیڤی خێڵایەتی و، هێزی مێژووی نێگەتیڤی کورد.

ئێمە کۆیلەو قوربانیی ئەم مێژوو و کولتوورە نێگەتیڤەین.

ئایا بەبێ دەربازبوون لەم کولتوورە نێگەتیڤ و لەم مێژووە خێڵەکییە، کە بە خیانەت و خوێن ئاودەدرێت و، تەنیا ستەم و تاریکیی و ژێردەستیی تێدا دەڕوێت، دەتوانین ئازادی نەتەوەیی و ئینسانی خۆمان بەدەست بێنین؟

**١- بڕوانە: یاداشتەکانی نووری شاوەیس، هەروا بڕاونە: بیرەوەرییەکانی مەسعوود محەمەد.**

**٢- دوای داگیرکردنەوەی هەولێر لە ٢٢-٨-١٩٩٦ لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە، تاریق عەزیز بۆ ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانی راگەیاند کە مەسعوود بارزانی بەنامە داوای لە سەدام کردووە تا بە هانایەوە بێت و، بۆ تێکشکاندنی یەکێتی لەشکری بۆ بنێرێت.بڕوانە رۆژنامەی الحياه ١٩-٩-١٩٩٦ .**

# پەرکەمی دەسەڵات

هاشم کۆچانی

**ئەکاکی ئەکاکییەڤ، خەون بەوەوە دەبینێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە خاوەنی پاڵتۆیەک و لەسەرماو سۆڵەی بێ ئەندازەی ڕووسیا بیپارێزێ. ئاکام دوای ماندووبوون و کۆششێکی زۆر ئەم ئاواتەی دێتە دی، بەڵام هەر زوو کۆمەڵێک گەجەڕۆگوجەڕ دەچنەسەری و، ڕووتی دەکەنەوەو پاڵتۆکەی دەبەن. پاشان ئەکاکییەڤ لە خەم و پەژارەدا دەمرێ . لەناو خەڵکدا وا بڵاودەبێتەوە کە ئەکاکی ئەکاکییەڤ بۆتە تارماییەک، یەخەی ڕێبواران دەگرێ و سۆراخی پاڵتۆکەی دەکا.**

**کورد لە باشووردا وەک ئەکاکی ئەکاکییەڤی بەسەردا هاتووە.**

**سەرکردەکانی باشووریش، وەک ئەو هەرچی وپەرچیانەن، کە لەسەدەی(١٩)دا، گۆگۆڵ لە ڕۆمانی(پاڵتۆ)دا باسیان دەکات. بەڵام ئەمان لەسەردەمێکی جیاوازو قوڵتردا ئەم پەیامە ئەنجام دەدەن، هەر بۆیە لە کوشتارو دزیندا، ڕادیکاڵترن**

ئەگەرچی کورد بەتەواوی ئەو قورساییەی کە هەیەتی لەسەر خاکی وڵاتە مێژووییەکەیدا دەژی، بەڵام تا ئێستا خاوەنی خواستی خۆی نییەو نەیتوانیوە ئاواتەکانی بەدیبێنێت.

کەچی ئەم دیمەنە لای ئەو گەلانەی کە ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەتەوە، بەتایبەتی جوولەکە بەجۆرێکی تر دەبینرێت. بەشی زۆری دانیشتوانی ئەمڕۆی ئیسرائیل لەو جوولەکانە پێکدێن، کە لەکۆمەڵگا جیاجیاکانی(نزیکەی ٦٠ دەوڵەت) ەوە، لە جوولەکەی کۆمەڵگا پیشەسازیی و مۆدێرنەکانی ئەورپاو ئەمریکاو،کۆمەڵگا تراديسيۆنێلەکانی ئیسلام و وڵاتانی ئەفریقاو تەنانەت هەزاران جوولەکەی کوردستانیش، بۆ بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانیان بەرەو ئیسرائیل کەوتنە ڕێ، یان دەرکران، کە دەرکردنەکانیشیان بوو بە بەشداریکردن لە بەدیهێنانی خەونەکەیاندا

ئەوان هەم خاوەنی پرۆژەبوون، هەم میکانیزمی بەدیهێنانی پرۆژەکەیان هەبوو. ئەم پرۆژەو میکانیزمەش، بەرهەمی زاکیرەو، تێفکرینی ئێستایان و تێرامانیان بووبۆ ئایندە . ئەمانەش پایە بنچینەیی و هاوچەرخەکانی ناسنامەی هەرنەتەوەو کۆمەڵگایەک پێکدێنێت، کە بیەوی نەکەوێتە دەرەوەی مێژوو.

تاڵاوی ئەو ستەمەی کە بە درێژایی مێژوو بەگەرویاندا کراوەو، ئەو جینۆسایدەی لەئەڵمانیاو ئەورپادا دەرهەقیان پەیرەوکرا، لە ڕووی مۆراڵ و ئینتماو بەرژەوەندییەوەبەئەندازەیەکی ئەوتۆ یەکیخستن، کە هیچ درزێکیان تێنەکەوێت. (هۆلۆکۆست)و (گیتۆ) لای ئەوان بوون بە چینێکی تر لە زاکیرەیان.

ئەوەتانێ دوای تێپەڕبوونی نیو سەدە ، هێشتا تەمی ئەو سامناکیانەیان لەبەر چاوە. کە لە ڕۆژگاری دووەمین شەری جیهاندا دووچاری بوون ، هەر بۆیە ئێستاش داوای سزادانی ئەخلاقیی ئەو دەوڵەت و دەزگا ئاینییانەی ئەورپا دەکەن، کە لەکوشتارەکەیاندا بە دەنگ نەهاتوون. لە هەمان کاتدا کون بە کون سۆراخی ئەو کۆنە نەفسەرو لێپرسراوانە دەکەن کە دەستیان لەو قڕکردنەدا هەبووە.

پێموایە کاتێک پرۆژەی میللەتێک بەسەر کۆڵەگەی

زاکیرەو تێفکرین و تێڕامانەوە ڕاوەستێ، ئارادەیەکی زۆر دەتوانی خۆی لە کەڕنەڤاڵی خوێناوی بپارێزێت. بە قسەیەکی تر ، گەرچی بزاڤی سیاسی ڕەنگدەرەوەی بزاڤی کۆمەڵایەتییە، بەڵام بزاڤی سیاسی دەکرێ، پرۆتێست بێت بەرامبەر ستەم و باری نەگەتیڤی سیاسی کۆمەڵایەتی، دەشکرێت بۆ درێژەدان بێت بە(ئەمری واقیع).

جوولەکەکان پێیان وایە، ئەوەی کە یارمەتی دان، کۆمەڵگاکەیان لە پەرکەمی دەسەڵات و بڵاوبوونەوەی(درم)ەکانی بپارێزن، ئەوەبووەکەبە یەکگرتوویی چاویان لە دامەزراندنی قەوارەو دەوڵەتی نەتەوایەتی بووە. کاتێکیش دەوڵەتی ئیسرائیل پێکهات، بۆ ڕێگاگرتن لە خەتەری ئەو پەرکەمەو، ئەگەری سەرهەڵدانی شەری ناوخۆیی، ڕێگای هەڵبژاردنیان گرتە بەر، هاوکات ڕێزگرتنی ئاکامی هەڵبژاردنیان پەسەند کرد.هەر ئەم فاکتەرانە:(زاکیرە، تێفکرین و تێڕامان و پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوایەتی و دەستووریی و، گرتنەبەری دیموکراسی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو دەوڵەت) بوون بەوەی ئیسرائیل بەم چەشنەی ئێستا بهێنرێتە بەرهەم، - ئەگەر هەڵوێستی نەگەتیڤانەی سەبارەت بە کێشەی فەلەستین لێدەرکەین -، کە تاقە کۆمەڵگەو دەوڵەتێکی ناوچەکەیە بۆنی دیموکراسی و شارستانییەتی لێدێت ، هەم ڕای گشتی تیا کاریگەرە، هەم ئارادەیەکی بەرچاو مافی مرۆڤی تیا پارێزراوە. خۆ ئەگەر وانەبووایە، لە پێگەیەکی سەربازیی ئەمریکا بەولاوە، نەدەبووە ئەو دەوڵەتە "بیژووە"لە ناوچەکەدا.

**بۆچی لای ئەوان هۆلۆکۆست و گیتۆ بوون بە بەشێک لە زاکیرەیان، کەچی ئەنفال و چەکی کیمیایی و هەڕەشەی دەرەکیی.... لای ئێمە نەک هەر نەبوون بە زاکیرە، بەلکو تەنانەت پێناسەیەکی یەکگرتووشمان، بۆ ئەو پرۆسانە نییە؟**

عەقڵی سیاسی ئێمە ، کە عەقلێکی ئامێتەکراوو کۆکراوەی ڕەشترین لایەنەکانی عەقڵی خێڵایەتی و فۆندەمێنتالیستی و ستەمی ڕۆژهەڵاتییە، لە هەڵپەی ئەوەدایە هەرچی زووترو هەرچی زیاتر دەسەڵاتێکی بەربەریانەی کوردی (نەک مەدەنیی و ڕزگاریخوازیی) پێکبێنێت. هەڵپەو خەونەکانی ئەم دەسەڵاتە کوردییە ئەوەیە ، کە بتوانێ ببێتە پاشکۆی دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق. . بەمجۆرە عەقڵی سیاسی کورد:(پێکەوە هەڵنەکردن، شەری ناوخۆیی و بێگانەپەرستی) دەپارێزرێ و لە کەوڵ و ڕوخساری نوێدا وەبەرهەم دێتەوە.

**هەر لەم ڕەوتەشدا ئەوەتانێ لەجیاتی ئەوەی داوای سزادانی(ئیسلامی ڕەسمی) بکەین، سەبارەت بە قڕکردنی کورد، لای ئێمە پێچەوانەکەی ڕوودەدات و، سەمتێکی ئاینیی سیاسیی سەرهەڵدەدات، کە پێی وایە لە کوردستاندا خەتەری هەلگەڕانەوە لە ئیسلام لەئارادایە.**

## ۲

ئەمەی لای ئێمە ڕوودەدات، نەک هەر بۆ ڕزگاریی نییە، بەڵکو بۆ(کڕ)کەوتنە بەسەر باری عەقڵە داسەپاوە سیاسییەکە(ئەمری واقیع)ەوە. بۆچی ئێمە سەرنجی ڕەوتی چەوت و خوێناوی خۆمان نادەین ولەڕۆژگاری ئێستا تێنافکرێن و تێڕامانمان بۆ ئایندە نییە؟

ئەو قسانە نەتۆمەتن، نە بێزارییەکی بێ بنج و بنەوان، بەڵکو ئاماژەکردنن بۆ نەخۆشییەکی تووڵانی، کە کۆمەڵگاو ناسنامەی نەتەوایەتی و فکری ڕزگاریخوازیی ئێمە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.!!

**بۆچی ئێمە لەناو مێژوودا و لەبەردەم مێژوودا هەمیشە تێکشکاوو بەزیوین، کەچی خۆمان بە(نەبەز)و(سەرکەوتوو)و(زیندوو)دەبینین؟**

بۆچی شتە باوەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا، هێندە سەقامگیرو نەگۆڕن؟.

لەڕووی عەقڵیی وئەخلاقییەوە چ جیاوازییەک لەنێوان، ڕەفتاری کۆیلایەتی ناو خێزان و، ڕەفتاری ناو دەزگا سیاسییەکان و ڕەفتاری سەرەک حزب و

سکرتێری حزب و سەرەک پەرلەمان و سەرەک حکومەتدا، هەیە؟

لەنێوان فیلیهاتن بۆ خێڵ و فیلیهاتن بۆ حزب، چ جیاوازییەک دەبینرێت؟بڵێی حاڵیهاتن بۆشێخی(هۆزە سیاسییەکان)، هەمان حاڵیهاتن نەبێت، بۆ شێخەکانی تەریقەت؟کە دووەمیان لە (خوداوعیرفان) دووردەکەوێتەوەو، یەکەمیان لە ڕزگاریخوازیی دادەبڕێ؟ دەبێ جیاوازی لە نێوان کوردێکی چەکدار لەناو وڵات و، کوردێکی دانیشتووی ئەوروپا چبێت، کە بۆ(حەج)ی کوردکوشتن دەڕواتەوە کوردستان و شەوی( عەرەفە ) لە شاخی هەیبەت سوڵتان دا بەسەردەبات ؟

٣

بۆچی بزافی سیاسی لە باشووردا، نەیتوانی خوێندنەوەیەکی لۆژیکیی بۆ کوردبوون(بەمانای ڕچەڵەک) هەبێ و کوردبوونەکە بەرەو هەراش بوون و کامڵبوونی سیاسی بەرێت؟

داخوا کاتێک دەزگا سیاسییەکانی کوردایەتی مەودای ڕادیکاڵانەی ڕزگاریی گەل و خاک و پاراستنی مافی مرۆڤ لەدەست بدەن، نابنە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لە کورد وەک نەتەوەو لەکوردایەتی وەک ڕێبازی ڕزگاریخوازیی؟

بڵێی ئەو کوردایەتییەی ئەمڕۆ لە باشووردا هەیە، لەباری عەقڵیی ڕووت نەبووبێتەوە؟

سیاسەتی کوردایەتیە (ڕەسمیی) یەکەی باشوور، نەک بە مانای عەقڵ، بە مانای قاچاخچێتی، بۆتە پیشە. تاقە"سەنعەت"ێکە، کە کاردەکا. لەشکرێکی دزو کوردکوژ بەخێو دەکات، تاقە بەرهەمێکیش کە هەیبێ هەرەسە. کێ ئەم لەشکرانە بەخێو دەکات و چەک و کەرەستەی شەڕ لە کوێوە دێنێ؟

ژمارەی چەکدار لە باشووردا سەدان هەزار کەسە، پێنج ساڵە هۆزە سیاسییەکان" ئەکادیمیا"و کۆلێژی ئەفسەری دەکەنەوەو تانک و زرێپۆش لە شاراندا پیشان دەدەن. ئەم خۆبڕچەککردنە بۆچی بوو؟ لە کاتێکدا کوردستان بە دوو ئابڵۆقەی ئابووری گەمارۆ درابوو، چۆن ڕێگای ئەو چەکە قورسانەدراوە بگاتە کوردستان . بۆچی تەنیا گەمارۆ لەسەر چەک دانەنرابوو؟بۆچی کەلەشکری عێراق ، یان تورکیاو ئێران هێرش دێنن، ئەم سەدان هەزار چەکدارە هەڵدێن و تەقە لە لوولەی تفەنگەکانیانەوە نایەت. کەچی بۆ شەڕی ناوخۆیی و یەکتر کوژیی، وڵاتیان کردۆتە سێرکێکی خوێناویی؟. هەرکاتێکیش لە باشووردا پشێوییەکی دەکەونە لێدانی بزووتنەوەی باکوورو ڕۆژهەڵات .گەلی کورد ئەم لەشکرە کورد کوژەی بۆ چییە؟

ئایا عەقڵێکی سیاسی ویرۆژەیەکی دژ بە کورد ئەم گاڵتەجارییە هەڵناسوورێنێ؟.

کاتێک کامێرای تەلەفزیۆنە جیهانییەکان دەکەونەسەر ((پەرۆبۆن گرتووە زەردو سەوزەکان)) و چەکدارێکی کورد بەسەر تانکێک یان لە پەنای کاتیۆشایەکدا دەبینرێ، پەنجەی سەرکەوتن و (ڤیکتۆریا) بەرز دەکاتەوە، مرۆڤ هەست بە هەرەسی خۆی و، بستە باڵایی عەقڵی کۆمەڵگاکەی دەکات کە ئەم دەزگا سیاسیانەی هێناوەتە بەرهەم. ئەو بەناو گریلایانە، بوونەتە(گۆریلا)وکە قامکی سەرکەوتنیش بەرزدەکەنەوە، وا دەزانن تەلیسە گوێزیان بۆ زستان تاقەت کردووە.

**بۆچی ئێمە ئەم پرسیارە سادانە لە خۆمان ناکەین و، سەرقاڵی ئەوەیان کردووین، کێ فلانە شاری گرت و کێ بەسەر فلانە لوتکە شاخەوەیە ؟**

بیرو باوەڕو پەیامی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و، تەنانەت بیروباوەڕە ئاینییەکانیش کەبەئامانجی ئارامیی بڵاوکردنەوە سەریان هەڵداوە،چەند بێگەردو ڕەوابن، ئاکام لە ڕەفتارو لەزەوییدا، مۆرکی ئەو عەقڵانە دەگرنە خۆیان کە لافی پێوە لێدەدەن. ئەوە ئاین لە ئێران و ئەفغانستاندا، ئەویش یەکێتی دووپارچەی وڵاتێک لە یەمەندا، ئەمیش کوردایەتیەکەی لەمەڕ خۆمان لە

باشووردا.

کوردایەتی وەک ڕێبازی ڕزگاریی شتێکەو، ئەونسکێچ و دیمەنەنانەی لەمێشکی سەرکردایەتی و دەزگا دەست ڕۆیشتووەکانی باشووردان، شتێکی ترە:

کوردایەتی و شەری ناوخۆیی لە باشووردا گەیشتوونەتە نوختە وەرچەرخانێکی هێندە ترسناک، کە تێکەڵ بە سەرتاپای ژیانی کۆمەڵگای کورد بوون. ئەم دوو شتەناکۆکە ناکرێ بەردەوام بن. کورد وەک کۆمەڵگا دەبێ خۆی لەم دوولۆنی وئیزدواجییەتە ڕزگاربکات و دەست لە یەکێکیان هەڵگرێت.

**بڵێیی لە مێژووی گەلانی تردا، نموونەی دەزگای سیاسی، وەک ئەمانەی باشوور ببینرێن، لە قۆناعی ڕزگاریدا، بەدەستکەوتی سایکۆلۆژی و دەستکەوتی وەهمی، باری سیاسی ولاتەکەیان خوێندبێتەوە؟**

لەماوەی یەک مانگدا جگە لە(ئیغتساب)کردنی هەولێر لەلایەن دەوڵەتی عێراق و چەکدارانی پارتییەوە، ژمارەیەکی ترلە شارو شارۆچکەکانی کوردستان، چەندان جار بە نۆرەبەدەستی چەکدارانی پارتی و یەکێتی(ئیغتساب)کران. شارۆچکەیەکی وەکو کۆیە چوارجار ئیغتساب کرا. دەبێ بۆ کورد کام جاریان سەرکەوتن بێ و کام جاریان تێکشکان؟

٢"سەرکەوتنی" پارتی+ ٢"سەرکەوتنی" یەکێتی= ٤" سەرکەوتن".

٢ژێرکەوتنی پارتی+٢ژێرکەوتنی یەکێتی =٤ژێرکەوتن.

لەو لێکدانەوە ماتماتیکییە ساکارەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە کورد وەک نەتەوەو وەک عەقڵی سیاسی چەند تێکشکاوو بەزیوو، چەند شەیدای هەرەس و تێکدارمانە.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەموو دنیا، بە ڕاگەیاندنی چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانیشەوە، کە دێنەسەر باسی باشوور، (تاڵزانی)×و (هۆزە سیاسییەکان)ی ئەوان، بەناحەزی یەکتر ناو دەبەن. کەچی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەم دوو هۆزە سیاسییەو، تووڵە سەگەکانی ڕاگەیاندنی شەڕ لەناوەوەو دەرەوەی وڵات، یەکتر بە دوژمن ناودەبەن و، سایکۆلۆژییەتی شەڕیان بردۆتە ناو تەواوی کۆمەڵگاوە.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی شەڕ، لەم سێ ساڵەدا، بزووتنەوەی سیاسی کوردستانیان کردۆتە قومارخانەی ڕۆلێت. ڕووداوەکانیان بە چەشنێکی ئەوتۆلێخنکرد، کە بە ئاسانی بتوانن کورد بخەنە دنیایەکی بێهوودەو ڕۆحی مرۆڤی کورد بێ کەڵک بکەن.

بۆچی لاوازترین شێوەی دیالۆگ لە نێو کورددا نەماو شەڕەکە گەیشتە بنبەستێک کە ڕەفتاری دوژمنانەو داگیرکارانە بەرامبەر یەکتر پەیڕەوبکرێت؟بۆچی هەزارانی تر کوژران، کێ بەرپرسیارە ؟.

مەگەر تەنیا(ئیغتساب)ی (کچان و ژنان)یان نەکردبێت، ئەمەش پێدەچێت کاتی نەهاتبێت و، بۆ قۆناغێکی تریان هەڵگرتبێت، یان نەیانتوانیبێت، چونکە زۆربەی زۆری کۆمەڵگای کورد ئیسلام و سووننە مەزهەبەو ئاینزاو کەمایەتییەکانی تر بە ئەندازەیەکی ئەوتۆ نین بیانووی ئەمکارەیان بۆ مەیسەر بکات، ڕەنگە ئەمەش خاڵی لاوازی عەقڵ و ستراتیژی شەڕی ناوخۆیی بێت، ئەگینا لە مێژبوو، ئەم بەربەرییەتەشیان ئەنجام دابوو.

لەم شەڕەدا، تەنانەت کەمارۆدانی ئابووری و ئاوو کارەبا بڕینیش، دەرهەق بە گەلی کوردستان پەیڕەوکراوە. ئەم دەزگا سیاسی و سەرکردانە. هەولێرو سلێمانیان، بەمەرجێک دەوێت خۆیان حوکمی بکەن. بڵێی سەرکردایەتییەک خۆی بەبەشێک لە میللەتێک بزانێت، پەنا بۆ کاری لەو چەشنە بەرێت دەرهەق بە میللەتەکەی؟.لە دەوڵەتێکی (کەم کارەبای) وەک سوریادا،تا ئێستاحوکمڕانانی ئەو وڵاتە کارەبایان لە ناوچەی(جۆلان) نەبڕیوە،کە لە ساڵی ۱۹٦۷ەوە،لەلایەن **ئیسرائیلەوە داگیرکراوە.**

گەر سەرنجێکی سێ ساڵی ڕابردوو بدەین، ئەوەمان

بۆ دەردەکەوێت، کە سەرکردەکانی باشوورو دەزگاکانیان، لەقسەو ڕەفتاردا،کتومت تێزەکانی کتێبی(میر)ی میکافیلی ئەنجام دەدەن. (میکافیلی پێی وایە کە خودی هێزو توانا ئامانجەو، هەموو ئامرازێک بۆ وەدەستهێنانی(هێز) ڕەوایە. ترس بڵاوکردنەوە مەرجی سەرکەوتنە. بۆ یەک چرکەش لەهیچ زەمین و زەمانێکدا، نابێت لە خۆدەرخستن و لەخۆبایی بوون و درۆکردن ڕابووەستی. باشترین سەرکردە ئەو کەسەیە کە کاراکتەری(ڕێوی) هەبێت).

بەڵام لە میکافیلییەوە بۆ سەرانی شەڕی ناوخۆیی لە باشووردا، لەو ڕاستییە نەگەیشتوون، کە نەمانی (دیناسور)ەکان لەبەرکەمی هێزو توانایان نەبوو، کەوا ئەمڕۆ ڕچەڵەکیان نەماوەتەوە. بەڵکو هەر دیناسوورێک بە ئەندازەی چەندان بەتالیۆن و کەرت و تیپی چەکدار بەهێزبوون و، تەنیا دیناسوورێک دەیتوانی لەشەوو ڕۆژێکدا چەندان جار شاخی هەیبەت سوڵتان بگرێ، یان بگرێتەوە. نەمانی ڕچەڵەکی دیناسوورەکان(بەهۆی بایۆلۆجییەوە نەبووە، بەڵکو وەک مێژوونووسان و پسپۆران دەڵێن، بەهۆی بچوکی مێشکیانەوە بووە کە هەر بە ئەندازەی مێشکی مریشکێک بووە- جریدە القدس – –)

٤

**مێژووی ئێمە، مێژووی پاشکۆبوون بەویترو، بندەست بوون و هەرەس و پێکەوە هەڵنەکردن بووە. ئەمەش وای کردووە سایکۆلۆژییەتی بێگانەپەرستی، لە ناخماندا بە قوڵی ڕەگ داکوتێت.**

پێموایە ڕاپەڕینی ١٩٩١×× توندوتۆڵترین هەوڵدانێک بووبێت، لەسەردەمی هاوچەرخی گەلەکەماندا، بۆ خۆدابڕین و کۆتایی هێنان بە مێژوویەک و دەستپێکردنی مێژوویەکی تر.

بەڵام بۆچی ڕاپەڕین لە ئەنجامدانی پەیامەکەیدا تێکشکا؟

لاموایە هۆی هەرە سەرەکی ئەوە بێت، کە ئەو ڕاپەڕینە، بە پێچەوانەی زۆر لە ڕاپەڕینی شوێنەکانی تری دنیا، نەیتوانی لەناو هەناوی خۆیەوە سەرکردایەتییەک بۆخۆی بەرهەم بێنێت. هەر بۆیە تەواوی جڵەوی سەرکەوتنەکەی دابەدەست سەرکردایەتییەکی بەزیوو مێژوویەوە، کە لە شاخدا خەونی بە مفاوەزات و ئۆتۆنۆمییەوە دەبینی.

بەمانایەکی تر، ڕاپەڕین مێژوویەکی ڕەتکردەوە، بەڵام خۆی دایەدەست سەرکردایەتییەکەوە، کە بەرهەمی کەرولێنیشتووی مێژووە ڕەتکراوەکە بوو.

ئەو سەرکردایەتییە، وەک (کۆلۆمبوس) ی بەسەردا هات، کە بەدوای هیندستاندا دەگەڕا، کەچی بەسەر ئەمەریکادا کەوت و ئەویتەمری دۆزییەوە.

هەربۆیە هیچ سەیر نییە ئێستا ئەو سەرکردایەتییە بیەوێت،ڕاپەڕین بە منداڵێکی زۆڵ و ناشەرعی لە قەڵەم بدرێت و، بیەوێت بەتەقەڵێک ڕەوتی داهاتووی گەلەکەمان، بە مێژووی بەرلە١٩٩١ببەستێتەوە.

**ئەمەیە گاڵتە جاڕی چارەنووسی ئێمە، کە هێندە بێ کەلک بووین، دەبێ ئێستا ترس وخەمی ئەوە دامانگرێت،کە سەرانی کورد(ئەیرۆن)ئاسا خەونێک نەبینن و شاری هەولێر یان سلێمانی بسووتێنن، تالەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا(پاک لەپاک) دەرچن و بگەڕێنەوە لای بەغدای باوک.**

لەدوای ڕاپەڕینەوە داگیرکەرانی کوردستان دەیانگوت، لە باکووری عێراقدابۆشاییەکی ئیداری و دەستووریی هەیەو، ئەگەر کوردستان نەخرێتەوە سەرعێراق، کارەساتێکی مرۆڤایەتی گەورە لەو بۆشاییەدا دەقەومێت. بەردوامیش لە کاردابوون ونەخشەو پیلانیان دادەنا تا ئەو تێزە بکەن بە واقیع، ئاکامیش لە بەردەوامبوونی شەڕی ناوخۆیدا(پارتی و یەکێتییان) کرد بەگالۆکی ئەنجامدانی پیلانەکە. ئێستاش هەر چوار دەوڵەتەکەو، سەرکردایەتی باشوور، پێکەوەو هەریەکە بە پێی خۆی ڕۆڵ و نەخشی بۆ کێشراوە، تا پیلانەکە بە

دوایەمین قۆناغی بگەیەنن.

داگیرکەران دەیانزانی، ئەو هەل ومەرجەی لە کوردستاندا سازبووە، زەمینەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتە. بەلاّم بەشک بوون لەوەی کورد دەرسی لە مێژووەوە وەرگرتووە، یان نە!!

## ٥

پەنجا بەپەنجاو گێچەڵێکی سیاسی سەربار، بۆ عەقڵی کورد.

دیارە پەنجا بەپەنجا، وەک ئاکامێکی تەکنیکیی هەڵبژاردن بێت، یان ژن بەژنێکی سیاسی. ئەمە مەسەلەیەکەو لەچوارچێوەی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەماندا ڕوویدا. پاشان لەسەرەک پەرلەمان و حکومەتەوە دەستیپێکرد، تا تالاّنکردن و ئاودیوکردن و دابەشکردن و دزینی دووقۆڵیی ئەو((خێرو سەدەقانەی)) ڕێکخراوە ئینسانییەکانی دنیا بۆ کوردستانیان دەنارد.

لەو بوارانە بترازێ و لە بواری عەقڵدا، پارتی و یەکێتی(٥٠)بە(٥٠)نین،(٥٠)یان خێربێ و(٥٠)یان شەڕ،لایەکیان دێموکرات بێت ولایەکیان نا دێموکرات.

پارتی و یەکێتی، پێکەوە لە(١٠٠٪)ی یەک عەقڵی سیاسی پێکدێن، کە عەقڵی سیاسی باشوورە، بەو ماهیەتەوە کەهەیەتی. دەکرێ لەناوئەوعەقڵەدا باسی خولیاو مەیلی جیاجیا بکرێت، بەلاّم نەک دوو عەقڵی جیاواز، کە خاوەنی دوو جیهانبینی بن سەبارەت بە ئێستاو ئایندەی کورد و مافی مرۆڤ و دیموکراسی و...هتد.

نە پارتی و نە یەکێتی، لەو ڕۆژەوە دامەزراون، دێموکرات نەبوون. نە لە شۆڕشی ئەیلولدا، نەلە بزووتنەوەی پاش ئەیلول، نە لە حوکمڕانی و، نەلە شەڕەکەیاندا، دیموکرات نەبوون.

ئەو ئازادیە سیاسییانەش کە ڕاپەڕین خوڵقاندنی و، چاوەڕوانی ئەوە دەکرا هەراش بێت و ببێتە دیموکراسییەکی(ڕێژەیی)کوردانە، بەرهەمی عەقڵی سەرکردایەتی کورد نەبوو. بە پێچەوانەوە ئەوان ئەو ئازادییەیان بۆ قووت نەدرا، پێکەوە هەڵنەکردنەکەشیان زەقترین بەڵگەی ئەو بە ئەنجام گەیشتنەیە.

**ئەوان لە(٥)ساڵی دەسەلاّتدارییەکەیاندا ئەو مافانەشیان بەگەلی کورد نەدا کە لە دەوڵەتی داگیرکەری عێراقی دەخوازن.**

ئەو حەنەحەپەشێیەش، کە هەردوولا تێیکەوتوون و دەفتەری کۆن هەڵدەدەنەوەو یەکدی تاوانباردەکەن،تاهەقانییەتی خۆیان لە بەرامبەر یەکتردا بسەلمێنن، وەک حەنەحەپەشێی ماوەی دوای جیابوونەوەو تێکچوونی ژیانی خێزانداریتییە، کە ژن و مێردی نەزان دوای جیابوونەوە تێیدەکەون و ، هەر لایەکیان دەیەوێ سۆزی دەوروبەر دژی ئەویتر بۆلای خۆی ڕاکێشێت.

پێموایە ئەو گۆڕانە بە پەلانەی لە دەستتێکەلاّویی و هەڵخزانی ئەم دوو هێزەدا ڕوودەدات، مۆرکێکی وەرزیانەی هەیەو، بەپێی بەرژەوەندی سەرکردایەتی و مانەوەی دەسەلاّتەکانیان ڕوودەدات و، دەکرێ لەماوەی هەفتەیەکدا گۆڕانیان بەسەردا بێت. هیچ کام لەو پەیوەندیانەش بۆ خزمەتی کورد نییە. ڕەنگە گوتنی ئەم قسانەش بۆ کەسێکی عاقڵ لە دووپاتکردنەوەیەکی بێتام بەولاوە شتێکی تر نەبێت.

بە هەر پێوەرێک سەیری ململانێیەکە بکەین،ئەگەر(پارتی)بەرژەوەندی گەلی کورد بخوازێت، ئەوا(یەکێتی) نزیکترە بۆ ئەو، نەک دەوڵەتی عێراق.

ئەی بۆچی پارتی ئامادەبوو هەڵخزێتە کۆشی عێراق، بەلاّم ئامادە نەبوو تەنازول بۆ یەکێتی بکات؟.

ئەی(یەکێتی) ئەگەر بەرژەوەندی کوردی مەبەست بووایە، بۆچی ئەو کاتەی کە لە هەولێردا بوو، دەیان کلیلی چاری کێشەکەی لە گیرفاندا بوو، یەکێک لەو کلیلانەی بەکارنەهێناو ئامادەنەبوو تەنازول بۆ پارتی بکات. کەچی دەڕوا کلکی ئاگرگرتووی ئێران دەگرێت، کە لەبەرامبەر دنیادا، وەک مانگایەکی لێهاتووەلە

کلکەوە ئاگری گرتبێ.

کاتێک نووسەرێک بە(مەجاز) ڕستەیەک یان وشەیەک وەردەگرێت، یان ڕستەیەکی نامۆ بەباسەکەی دەخاتە پەرانتێزەوە، ئەوا ئەو کارە بۆ زیاتر قایلکردنی خوێنەرو فرەتر ڕوونکردنەوەی باسەکەی، ئەنجام دەدات.

کەچی پارتی دەیەوێ، لە زەویدائەم گەمەیە ئەنجام بدات و سەدان تانک و هەزاران سەربازی لەشکری داگیرکەری عێراق دەهێنێتە ناوزۆنێکەوە، کە بۆپاراستنی گەلی کورد لە دەوڵەتی عێراق دانراوە، دەیەوێت، ئەم کارەی خۆی بخاتە ناوپەرانتێزەوە یان بە کارێکی(مەجاز)ی لەقەڵەم بدات.

پارتی بەم کارەی نەک هەر ناتوانێت، قەناعەت بە خەڵکی بکات کە بەرژەوەندی کورد وای خواستووەئەم ژن بەژنە(سیغەییە!!!) لەگەڵ عێراقدا بکات، بەڵکو بەم کارەی گەر فریای ڕاستکردنەوەی نەکەوێت خۆی دەخاتە دەرەوەی ئەو باسەی، کە ڕستە "مەجاز"ەکەی بۆ وەرگرتووە.

بۆچی پارتی دەگاتە بنبەستێک، نەیارو ناحەزێکی سیاسی لێ ببێتە دوژمن و، دوژمنێکی سەرسەختی لێ ببێتە ناحەز. داخوا سەرکردەکانی پارتی لەسەر تەختەی(دامە)و شەترەنجدا گەمەی وادەکەن، کە وا ئێستا لەسەر زەوی و لە سیاسەتدا ملی پێوە دەنێن و، گەمە بە چارەنووسی میللەتێکەوە دەکەن.

ئەی ئەگەر یەکێتیش هەمان عەقڵی پارتی نەبووایە هەڵدەخزایە کۆشی ئێران؟

ڕاستە لە نێوان هەڵخزانەکەی پارتی و یەکێتیدا جیاوازی هەیە، بەڵام ئەگەر بە عەقڵێکی ساردو، دڵێکی گەرمەوە بڕوانینە بەرژەوەندی سیاسی کورد، ئەوانەم جیاوازییە تا ئەو شوێنە ڕاستە، کە باس لە(تۆخی)و(کاڵی)بکرێت، نەک ڕاست و هەڵە.

ئایا کەسێکی خاوەن لۆژیک دەتوانێت، گرەو لەسەر ئەوە بکات، کە سبەی(تۆخەکە)،(کاڵ)و(کاڵەکە)(تۆخ) نابێتەوەو وەک دوو مۆرەی شەترەنج شوێنەکانیان پێ ناگۆڕن، یان ناگۆڕنەوە؟.

گەر سەرنجێکی ئەو چەندان تەنە وشەو بیانووهێنانەوەو دەکۆمێنتانەی شەڕ بدەین کە لە ئایاری ١٩٩٤ ەوە تائێستا بڵاوکراونەتەوە. دەزانین دیماگۆگیەت و خەڵک فریودانی سەرکردایەتی کورد لە باشووردا گەیشتۆتە چ جێگایەکی ترسناک.

یەکەم تەقەی ئەم شەرە لە ڕووداوێکی ساکارەوە دەستی پێکرد، گوایە کەسێک بەناوی(عەلی کوری حەسۆ میرخان) چۆتە قەلادزەو ریزە دوکانێکی داگیرکردووە، یان داوای موڵکانەی کردووە. پاشان هەردوولا یەکتریان بەوەتاوانبار دەکرد،کە گوایە لایەکیان ژیانی پەرلەمانتاریی و دیموکراسی دەوێت و، ئەویتریان کۆسپە. پاش ئەوە یەکێتی، دەوڵەتی ئێرانی بە یارمەتیدانی پارتی لەقۆڵی هەڵەبجەوە تاوانبارکردو، بەقسەی (ئەو کاتەی) یەکێتی چەکمە ڕەقەکانی پاسدار خاکی پیرۆزی کوردستان گڵاودەکەن. لەهەمان کاتدا پارتیش ، یەکێتی بەوە تاوانبارکرد، کە چەک و تەقەمەنی لە دەوڵەتی عێراقەوە وەردەگرێت.

دواتر گومرکی ئیبراهیم خەلیل بوو بە (مارادۆنا)ی فوتبۆڵێنی کوردایەتی و (بەردەکەی سیزیف). زۆری پێنەچوویەکێتی هەولێری گرت و گوتیان(هەولێر بارمتەیەو لە شوێنی برایم خەلیل)گیراوە. ئەمجار پارتی داوای چۆلکردنی هەولێرو یەکێتیش داوای چۆڵکردنی خانووەکانی سەری ڕەشی کرد.

ئێستاش لە ڕووداوەکەی کوڕی حەسۆی میرخانەوە، تا ئیبراهیم خەلیل و "کرم"ەکەی هەولێرو...هتد بە پێی دەستووری(کڵاوێن)،(فت) دەکرێن و ، دوو هۆکارو مەرجی " ستراتیجی نەتەوەیی" دەخرێتە ڕوو:

١- پارتی دەست لە عێراق بکێشێتەوەو، بێتەوە ریزی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقییەوە.

٢- یەکێتی دەست لە ئێران بکێشێتەوە.

بیانووەکانی شەڕ (ئەگەر بەردەوامبێ)و مەرجەکانی بڕاندنەوەی شەڕ(ئەگەر ببڕێتەوە) تابێ ، هەم

تراژیدیاترو هەم کاریکاتێرتر دەبێت. بیانووەکانی شەڕو مەرجەکانی ئاشتی، لە باشووردا، مەودای قوڵی دواکەوتویمان و "نەخوێندەواریی" سەرکردایەتی باشووری کوردستان دەردەبڕێت.

ئەسڵی مەسخەرەو سووکایەتیکردن و فشقیات سازکردن بە گیانی میللەتێکەوە کە تاتەوقی سەری لە کارەسات و کاولکاریدا، نوقم بووە،لێرەدا دەردەکەوێت. عەقڵی سیاسی و بەرکەمی دەسەڵات شەڕی ناوخۆییان بەراندوێتەوە قۆناغی تۆڵەسەندنەوەو کۆمەڵگەی کوردیان کردۆتە پرۆژەیەک بۆ چەک هەڵگرتن و شەڕ، کە سبەی لەکات و شوێنێکدا چەکیش نەبێت، پشتێن و جامانە بنێنە ملی یەکتر.

٦

هەرکەسێک لە ئێمە لە ئەوروپادا، دایک و باوکی پیرمان لە کوردستان جێهێڵاوە، دەشزانین کە نۆرەی مردنیان هاتووە. مردنی ئەوان بۆ ئێمە ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراونییە. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک کە بەنامە یان بە تەلەفۆن هەواڵی مردنی ئەوانمان پێدەگات تووشی (صدمە)دەبین.

شەڕەکەی باشوور،دروست وەک ئەو بارەی لێهاتبوو، سوور دەزانرا کە ئەوەستانی شەر بزاڤی سیاسی بەم بنبەستە دەگەیەنێت، کە یەکێک لە لایەنەکانی بچێتە لای دەوڵەتی عێراق و ئەویتریان لای ئێران.

(٣١)ی ئابی ١٩٩٦، کاتێک هەواڵی داگیرکردنی هەولێر لەلایەن لەشکری ڕەگەزپەرستی عێراق و بە هاوکاری پارتی، بڵاوکرایەوە، (صدمە)کەی دروست کرد.

شەڕی ناوخۆیی بەرهەمی عەقڵی سیاسی کورد بوو. ئەم عەقڵە لە شاخدا خەونی بەکەمترین دەسەڵاتەوە دەبینی، کەچی لە پڕێکدا بە هۆی ڕاپەڕینەوە زۆرترین دەسەڵاتی کەوتە دەست. هەر بۆیە دوولایەنی عەقڵەکە بە دابەشکردنی دەسەڵات، ڕازی نەبوون و پەرکەمی(هەموو

دەسەڵاتێک بۆ خۆم) زەفەری پێبردن . بۆ ئەمەش دەبووایە:

یەکەم: ببنە حزبی دەسەڵات. حزبی دەسەڵاتیش دەبێ تیرۆرو تۆقاندن بەرامبەر بە خەڵک بەکاربێنێت و هەیبەتی ترس بڵاوبکاتەوە، نەک خۆشەویستی.

دووەم: بۆ ئەوەی نیوەکەی تریش وەربگرن، هەردوو لا سوور دەیانزانی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بەو ئامانجە ناگەن، کەواتە دەبێت ڕێکخراوە سیاسییەکانیان بکرێنە لەشکر.

سێیەم: خۆخستنە ژێر قورسایی چەکیشەوە، پشت و پەنای دەوێ، سەرچاوەو پشت و پەناش بۆ ئەوان (قەڵای مەریوان) نییەو، تەنیا چوار دەوڵەتەکەیە.

**دوو لایەنی شەرەکە بروایان بە دیموکراسی و ئاڵوگۆڕی حوکمرانی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە نییە و، ئەوان وەک ئەرک و وەزیفە سەیری دەسەڵات ناکەن، بەڵکو وەک هەر هێزێکی ڕۆژهەڵاتی - ئیسلامیی دەسەڵات و دەسەڵاتداریی بە(ماف) دەزانن، کەواتە ئەو مافەش بۆ(خۆم)نەک(تۆ)، بۆ(ئێمە) نەک(ئێوە). ئەم(خۆم)و (تۆ)و (ئێمە)و (ئێوە)یەش، بەپێی قوڵیی و تەنکیی دواکەوتنی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت.**

لە کوردستانیشدا، کولتورێکی (Handikapp)ی بێ ئەندازەکەڵەکەبووی شەڕی ناوخۆییمان هەیە، کە بۆ هەموو زەمین و زەمانێک دەست دەدات و پێی ڕاهاتووین.

لە هەمان کاتدا پیلانێکی هەرێمایەتی لە ناوچەکەداهەیە، بۆ لەناوبردنی هەلومەرجی سیاسیی باشوور. بۆیە داگیرکەران، کە سەرچاوەی کۆمەک و یارمەتی و بەردەوامبوونی شەڕەکەن. لەهەر هەلێکی لەباردا، دەتوانن بە ئاسانی ، لەلایەک شەڕی بەرژەوەندییە ناکۆکەکانی خۆیان لەسەر خاکی کوردستاندابە(پارتی)و(یەکێتی) بکەن. لەلایەکی ترەوە، ئامانجە هاوبەشەکەیان(تەسلیمکردنەوەی کوردستان بە دەوڵەتی عێراق) بە کورد جێبەجێ بکەن. زلهێزانی

دنیاش تا ئەو شوێنەی پێویستیان بەوەبێت کورد بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە کاربێنن، ئەم کارە دەکەن، سامناکییەکە لەوەدایە ، کورد بۆتە پرۆژەی شەڕکردن لە جیاتی ئەم و ئەو.

ئێستا : شەڕی ناوخۆیی و تۆڵەسەندنەوە، پیلانی چوار دەوڵەتەکەو هەڵوێستی دوولۆنی ڕۆژئاوا، والێک نزیک بوونەتەوە دەوری یەکتر تەواودەکەن. ئەم بارودۆخەش کوردستانی ڕووبەڕووی هەموو ئەگەرێکی خراپ کردۆتەوەو کۆمەڵگەکەی بەرەوهەڵوەشاندنەوەی زیاتردەبات. ئێستا قسەکردنیش لە بێداربوونەوەی کورد رەنگە قسەیەکی ناسازو فرە دڕەنگ بێت، بەڵام ئەم بێداربوونە درەنگ و ناسازە، لە بێدارنەبوونەوە باشترە، هیچ نەبێت بۆئەوەی بتوانرێت، بەکەمترین زیان کورد لەم قۆناغە بپەڕێنرێتەوە.

فکری زاڵ و دەسەڵاتی زاڵ لە کۆمەڵگای ئێمەدا، دواکەوتووییە. خودی شەڕەکەوپەرەسەندن و ئاکامەکانیشی بەچڕی ئەم دواکەوتووییە دەردەخەن، گەلێک لەو نەخۆشییانەی ئێمە بە دەستیانەوە دەناڵێنین، تووڵانیین و ئەمڕۆ لەم وەرچەرخانەدا چارناکرێن. بۆ نموونە خێڵایەتی و نەخشی خێڵایەتی لە بزاڤی سیاسی و کۆمەڵایە تیدا، ئەمە کاتێک لاواز دەبێ و لەبەین دەچێت، کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بۆ بڕەخسێنرێت،نەک بەحەزو ویستی ئیرادەگەرایی و وروژاندنی کرم و دوپشکی دەروونیی، یان تۆپەڵە قسەی شۆڕشچێتی.

ئێستا دوورلەکێشانەکردنی ڕووداوەکان، بە پێوەری پێشکەوتن و دواکەوتنی کۆمەڵایەتی،دەبێ بپرسین، ئایا نەدەکرا ئەو پرۆسەیەی لە باشووردا هەبوو بە رەوتێکدا بڕوات کە لە بەرژەوەندی گەلی کوردەوە نزیک بێت. و خوێناوی نەبووایە و، ئێمەش وەک گەلانی تر فێری ئەوە ببواین، گەمە بەو بشێوی و ئاگرانەوە نەکەین، کە هەرەشە لە هەڵتەکاندنمان دەکەن.

لە وڵاتێکدا چەک و هێز حوکم بکات و تۆڵەسەندنەوەو یەکتر سڕینەوە ببێتە ئامانج، نەک هەر رەخنەو لێکدانەوە بێ کەڵک دەکرێت، بەڵکو خودی مرۆڤ دەبێتە زیندەوەرێکی بێ کەڵک. بەڵام نابێت ئەم واقیعە بکرێتە، بیانوو بۆ رەخنە نەگرتن و پرسیارنەکردن و لێک نەدانەوە.

پێموایە ڕەخنەگرتن و پرسیارکردن و لێکدانەوەو لێپرسینەوە لە عەقڵی باوو سزادانی ئەو عەقڵە، دەبێ لەبەرامبەر پاکانەکردن و بیانووهێنانەوە بۆ شەڕو زەبروزەنگ و ستەمی فکریی بەردەوامبێت و، هەر لەم ڕێگایەشەوە دەتوانرێ پەخەی بەربەرییەتی کوردی بگیرێت.

٧

لە ٣١ی ئاگۆستی١٩٩٦دا، کورد تێکشکایەوە. دەوڵەتی داگیرکەری عێراق و سێ دەوڵەتەکەی تر سەرکەوتن. ئەو(٥)ساڵە فوتبۆڵێنێکی سیاسی بوو لەنێوان عێراق و کوردستاندا، عێراق سەرکەوت و کوردستان تێکشکا. جائەگەر تیپەکەی کوردستان لەناوخۆیدا بۆتە دوو تاقم و تاقمێکی خۆی بەسەرکەوتوو دەزانێت بەسەر ئەوی تردا و، بە دەستکەوتی سایکۆلۆژیی دڵی خۆی بداتەوەو کرمێکی دەروونی خۆی مردارکردبێتەوە، ئەمە هیچ لە لێکدانەوەکە ناگۆڕێت: کە کورد دۆڕاوەو، کورد نە(زیندووە)و نە(نەبەز).

پێشموانییە دڵداری شاعیر، کە ڕۆشنبیرێکی بەرچاوو یاساناسێکی لاوی سەردەمەکەی خۆی بوو، سرووودی(ئەی ڕەقیب)ی بۆ ئەوە نووسیبێت، ئێمە بەسەریەوە(کڕ)کەوین و پێمان وابێت(زیندووین و قەت نامرین). نەخێر گەر خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانەو بابەتیانەمان بۆ ئەو سرووودە هەبێت، بەتایبەتی گەر

سەرنجی ئەو ڕۆژگارە بدەین کە سروودەکەی تیا نووسراوە(سالانی چلەکان)، بەو ڕاستییە دەگەین، کە دڵدار لە کۆیەدا، ڕۆحی خانی زیندووکردۆتەوەو هاوارەکەی ئەوی پێگەیاندوین. سروودی ئەی ڕەقیب، زیندوێتی فیزیکمان دەردەبڕێت. لەو سروودەدا خەون و هیوای دڵدار ئەوە بووە، کە ڕۆژێک دابێت و لەناو ئەو قامەتە فیزیکییەدا، ڕۆحی نەتەوەکەی هەراش بێت.

## ٨

٣١ی ئاگۆستی، وەرچەرخانێکی ترە لە هەرەسی ئێمەدا، هەرەسی مۆراڵ و هەرەسی سیاسی و کۆمەلایەتی، هەرەسی پێکەوە ژیان بەبێ داگیرکەر. هەرەسی سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەکەی لەتیف هەڵمەت.

٣١ی ئاگۆستی، سەرکەوتنی سایکۆلۆژیای شەرو پەرکەمی کوردکوژیی و، بەرهەمهێنانەوەی بێگانەپەرستی بوو.

چەند گەورەیە ئەم هەرەسە، هەرسی خەونی ڕزگاریی ملیۆنان مرۆڤ، ئەو ڕزگارییەی لە مێشکی سەرکردەکانی کوردو بەرنامەی (هۆزە سیاسییەکانی باشوور)دا ، تەنیا درۆیەکی زل بوو.

---

× تاڵ+زانی= تاڵەبانی و بەرزانی. لێرەدا مەبەستم عەقڵی سیاسی و مێتودی بیرکردنەوەی سیاسیانەیانە، کە یەک شتن و یە تەئکید دوونین.

ئەگینا مەبەستم کاراکتەری شەخسیان نییە، کە ڕەنگە زۆر لەیەکتر جیاوازبن، یەکێکیان سەری بڕوات نوێژی ناڕوات و، ئەویتریان تەنیا لە تاراندا نوێژە بەسەرچووەکانی تەمەن بە(قەلا)دەگێڕێتەوە. یان وەک ڕۆژنامەنووسێکی بێگانە دەڵێت: یەکێکیان پرسیارێکی لێبکرێ وڵامی چوار پرسیار دەداتەوە، ئەویتریان چوار پرسیاری لێبکەیت، وەڵامی پرسیارێک دەداتەوە. یان وەک لە سەرکردەیەکی سیاسی باکوور دەگێڕنەوە کە(دوژمنایەتی) مەسعودی، لە (دۆستایەتی)جەلال پێ باشترە.

××دیارە ئەم ڕاپەرینە لە هەلومەرجێکی پڕ لە گۆڕان، لە عێراق و ناوچەکەو جیهاندا ڕوویداو، ڕاستەوخۆش لەژێرکارتێکردنی ئەو گۆڕانانەدا بوو، بەتایبەتی شەڕی کوەیت و تێکشکانی دەوڵەتی عێراق، ڕاپەڕینی ۱۹۹۱، بە هەمور مانایەک تەقینەوەیەکی کۆمەلایەتی و نەتەوایەتی بوو، بەرامبەر ئەو ستەم و داگیرکردنەی کە بەسەر گەلەکەمانەوە کەڵەکەی کردووە.ئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕایانەیەکە به بیانووی ئەوەی گوایە ڕاپەڕینێکی(عەیار۲۱) نەبووە، دەیانەوێت لە بەهای ڕاپەڕینەکە کەم بکەنەوە. وەک بڵێی تائێستا لە هیچ گۆشەیەکی دنیادا، ڕاپەرینێک ڕووی دابێت، دوور لە کارتێکردنی دەورو بەرو دەرەکی. ئەوڕایانە بە پێوەری(میتالناسیی) سەیری ڕووداوی سیاسی و کۆمەلایەتی دەکەن و ئەوە لە بیر خۆیان دەبەنەوە کە(عەیاری ۲۱) تەنیا لە زێردا هەیە ، ئەگەر خودی ئەو عەیارە لە بنەرەتدا بوونی هەبێ.

# ئەنفال:

# کورد گێوگیای ناو باخچەیە!!

خالید سالح

تا ئێستا چەند جارێک بە نووسین و لە سمینارد‌ا باسی پرۆسەی ئەنفالم کردووە، پێشان و ئێستاش هەولم داوەو هەوڵ دەدەم، ئەنفال بە چەند پرۆسەیەکی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و بە بابەتی سەرهەڵدانی ناسیۆمالیزمی عەرەب لەو دەوڵەتەدا ببەستمەوە.

لە سەرەتادا حەزدەکەم ئاماژە بەوە بکەم، کە لێرەدا بۆ ماوەیەکی وەختی وەک کەمایەتییەک سەیری کورد لە عێراقدا دەکەم. ئەمەش بە نییەتێکی ئەکادیمی و بۆ خزمەتی بابەتەکەم( تکایە رێگەم بدەن و حەساسییەتی مەسەلەکە وانەکات کەس بە خراپ لێم حاڵی ببێت)، کەمایەتی بەمانای ئەوەی کە دەسەلاتی نییە، نەک لەرووی قەبارەوە. عەرەبی سوننیش لە عێراقدا کەمایەتییە، بەلام ئەم خاوەنی دەسەلاتە.بە پێچەوانەشەوە هەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە، کورد لە میکانیزم و لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا جێگای نەبۆتەوە.

لە چوارچێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ کەمایەتییەکاندا بەو مانایەی سەرەوە، دەوڵەتان چەند ستراتیژێکیان، بۆ پەیوەندی لە گەڵ کەمایەتییەکانیاندا پەیرەو کردووە، ئەو ستراتیژیەش بە شێوەیەکی گشتی دوو لایەن دەگرێتەوە:

یەکەم: لایەنی لەناو بردن.
دووەم: لایەنی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

× لایەنی لەناوبردن چوار میتۆدی تایبەتی هەیە:

١- دەوڵەت بۆ قڕکردن و جینۆسایدی ئەو کەمایەتییە، هەوڵ دەدات.

٢- دەوڵەت، کەمایەتییەکە ناکوژێت و لەناوونابات. بەلام رایدەگوێزێت و لەم رێگایەوە، رۆڵی کاریگەرێتی ناهێلێت.

٣- بەهۆی چەند هەل و مەرجێکەوە، دەوڵەتەکە دابەش دەکرێت. واتە کەمایەتییەکە، یان کەمایەتییەکان دەبنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان.

٤- تواندنەوەی کەمایەتی لەناو نەتەوەی سەردەستدا. ئەمەلای لیبرالەکان وکۆمەنیستەکان زۆر بە ناوبانگە.

بەلام ستراتیژی دووەم، ستراتیژی مامەڵەکردن، ئەمیان هەولی لەناوبردنی کەمایەتییەکان نادات. بەلکو هەوڵدەدات جیاوازییە سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتورییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەدا بهێلێتەوە.ئەم ستراتیژیەش چەند میتۆدێک بەکاردەهێنێت. یەکێکیان ئەوەیە کە لە هەندێ وەختدا لە دەوڵەتی عێراق و ئێرانیشدا بینراوە. ئەویش ئەوەیە یەکێک لە گروپەکانی دەوڵەت(بۆ نموونە فارس لەئێراندا و سوننی عەرەب لە عێراقدا) . لەم بارەدا هەولی لەناوبردنی کەمایەتی نادرێت، بەلکو کۆششی ئەوە دەکرێت بۆچوونی سیاسی و کولتوری وزمان و ئابووری و لایەنەکانی تری خۆی بەسەر گروپەکانی تردا بسەپێنێ لە دەوڵەتەکەدا.

میتودێکی تری ئەم ستراتیژە ئەوەیە کە لایەنی سێیەم دێتە ناوەوە، بۆ ناوبژیکردن و سنووردانان لە نێوان دوو لایەنە ناکۆکەکەدا. لەم بارەدا هەوڵ دەدرێت وردەوردە پرنسیپی رێکخستن بهێنرێتە کایەوە.

میتودێکی تریشی ئەوەیە، کە لە ئەوروپا، یان لەچەند وڵاتێکی ئەوروپادا پیادە کراوە، ئەویش شێوەی فیدرالیزمە. هەروەک لەهۆلاندو، لە لوبنانیشدا لە سالانی ١٩٤٥-١٩٧٣ پیادە دەکرا. بەمەش دەگوترێت سیاسەتی دابەشکردنی دەسەلات. واتە هەموو گروپێک لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بە گوێرەی گەورەو بچوکی خۆی، لە میکانیزمی بەرێوەبردنی دەوڵەتەکەدا بەشداری دەکات. بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە هەر کاتێک سیاسەتی حکومەتی ناوەند بە قازانجی ئەو کەمایەتییە نەبێت،

ئەوا ئەو کەمایەتییە مافی ڤیتۆی دەبێت بۆ ڕەتکردنەوەی هەر بڕیارێکی ناوەند کە پێی ڕازی نەبێت.

ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا سەیربکەین، دەبینین دەوڵەتی عێراق، بەتایبەتی لە قۆناغی سیاسەتی سەرکردایەتی جڵەوگیرانە لە سەردەمی پاشایەتیدا، هیچ بیرکردنەوەو پلان و نەخشەیەکی بۆ لەناوبردنی گەلی کورد نەبوو. ئەوانەی لەسەر حوکم بوون، زۆربەیان لە کەمایەتی(سوننی عەرەب) بوون، هەندێک جاریش وەزیرو لێپرسراوی گەورەی کوردیان تیا بووە. لەم قۆناغەدا هەوڵی ئەوە دەدرا کورد بهێنرێتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی عێراقەوە.

ئەو دەمە ئەگەر لە کوردستاندا شۆڕش یان بزووتنەوەیەک هەبوایە، لێیان دەدا. بەڵام بە شێوەیەکی سیستماتیک پرۆگرامێک بۆ لەناوبردنی گەلی کورد لە ئارادانەبوو. تەنانەت لەو شوێنانەش کە ڕاپەڕین دەکرا، هەوڵیان دەدا دەوری بگرن و لە شوێنی خۆیدا دایمرکێننەوە. لەهەمان کاتیشدا ڕێگا دەدرا زمانی کوردی بخوێندرێت و پرۆگرامی ڕادیۆیی بە زمانی کوردی هەبێت، بەڵام لە چوارچێوەیەکدا بێت کە دەسەڵاتداران لە بەغداد ڕێگەی بدەن، نەک بە جۆرێک کە کورد خۆی دەیەوێت. ئامانجی دەسەڵاتدارانی ئەو دەمەی عێراق، ئەوەبوو کە کورد لە هەموو چوارچێوەو میکانیزمێکی دەسەڵات پەیداکردن دووربخەنەوە.

بەڵام ئەگەر سەیری شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ی عێراق بکەین، دەبینین بۆ یەکەمین جار گۆڕانێکی گەورە ڕوودەدات و، بەشێوەیەکی جیاواز لەجاران کورد دێتە ناو سیاسەتی عێراقەوەو دەخوازن بە پێی دەستووری عێراقیی، کورد بکەن بە بەشێک لە میللەتی سەردەستی عێراق. بەلای کەمەوە لە ڕووی دەرەکیی و ئاشکراوە شتەکان وادەبینران، بەڵام لە ڕووی نهێنی و ناوەوە هەوڵدەدرا دیسانەوە میکانیزمی زاڵبوون بەسەر کورددا بهێننە کایەوە. بەتایبەتی بۆچوونێکی پەرەوازە لە ناو زۆربەی ناسیۆنالیستانی عەرەبدا سەریهەڵدابوو، لە لایەک هەوڵیان دەدا کورد بهێننە ژێر ڕکێفی خۆیان و دەستەمۆو کۆنترۆلی بکەن، لە لایەکی ترەوە فۆرمۆڵەی ئەو بۆچوونە ئایدیۆلۆژییە عەرەبییە تایبەتییە دەکرا، کە چۆن بتوانن پرۆگرامێکی دارێژراوی تایبەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کورددا بهێننە کایەوە.

لەو ساڵانەدا چەند کەسانێکی عێراقی و ئینگلیز هەبوون کە هەوڵیان دەدا بۆ پەیدابوونی بۆچوونێک کەلەبەر ڕۆشناییدا مامەڵە لە گەڵ کوردان بکرێت. یەکێک لەوانە(ئیدمۆنز)ی ئینگلیز بوو. ئەو لە وەزارەتی دەرەوەدا هەوڵی دەدا دەسەڵاتدارانی عێراق بهێنێتە سەر ئەو ڕایەی کە ئەگەر وەکو مەسەلەیەکی سیاسی سەیری کێشەی کورد بکرێت، ئەو کاتە مرۆ دەتوانێ چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراقی زۆرگوێیان بەو قسانە نەدا.

پاشان وردەوردە دوای چەند کۆدەتایەک و دوای ئەوەی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست ، مرۆ دەتوانێت لێرەو لەوێ هێندە دیدوبۆچوونی ئەوانی بەرچاویکەوێت، کە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە هەوڵیانداوە پرۆگرامێکی تایبەتی بۆ لەناوبردنی کورد گەڵاڵە بکەن.

گەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩٣٠ و سەرنجێکی دیدو بۆچوونەکانی کەسانی وەک سامی شەوکەت بدەین کە وەزیرێکی بەناوبانگ و دەسترۆیشتووی عێراق بوو. ڕاستی هەنگاونان بەرەو گەڵاڵەکردنی ئەو ئایدیۆلۆژیایەمان بۆ دەردەکەوێت. سامی شەوکەت دەڵێت: ئەگەر کەسێک بڕوای بە یەکێتی عێراق نەبێت،گریمان هەزاران ساڵیش بێت لەم وڵاتەدا بژی کە ئێستا پێی دەڵێن عێراق و گریمان گۆڕەکانیش پڕبن لە ئێسک و پروسکی کەس و کاری ئەو خەڵکانە، ئەو کەسانە عێراقیی نین، ئەگەر هەزاران جاریش جنسییەی عێراقییان وەرگرتبێت.

ئەمجۆرە بۆچوونانە وردەوردە لەسەرەتای دروستبوونی حزبی بەعسەوەجێی خۆی گرت. بەڵام بەشێوەیەکی سیستماتیک زۆر بەزەقی دەرنەکەوتن، تا لە ساڵی ١٩٧٤ ئەم پرۆگرامە بەتەواوی جێی خۆی گرت و بە جۆرێکی سیستماتیک کەوتە ڕێ.

من لێرەدا ناتوانم بەپێی پێویست هەڵوێستە لەسەر هەموو قۆناغەکانی بکەم. بەڵام هەوڵدەدەم ئاماژە بۆ

چەند خاڵێکی گرنگی هەشتاکان بکەم، کە چۆن لە چوارچێوەی بیری بەعسدا، پرۆسەی ئەنفال بڕیاردراو جێی خۆی گرت.

**بۆچی دەوڵەتی عێراق ناوی لە پرۆسەکەی بۆ لەناوبردنی کورد نا (الانفال)؟**

بێگومان هەڵبژاردنی ئەم ناوە کارێکی بەرێککەوت یان خۆرسکی نەبوو، زانینی ئەم ڕاستییەش گرنگییەکی فرەی هەیە. ئەوان لە دیاریکردنی ئەم ناوەدا گەلێک مەبەستیان هەبووە، وەک:

**– سەیرکردنی گەلی کورد وەک کافرو بێ دین.**

**– حەلاڵکردنی ماڵ و سامانی کوردان.**

بەم پێیەش کورد کرا بە دوژمن، دوژمنیک کە لە ناوبردنی ئەرکی سەرشانی هەموو موسڵمان و هەموو ناسیۆنالیستێکی عەرەبە.

جێبەجێکردنی ئەنفال بەتایبەتی لە کۆتایی شەڕی عێراق و ئێراندا، شوێنی تایبەتی خۆی گرت. ئەنفال پرۆسەیەک بوو کارێکی زۆری دەویست و، تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق و بەو شێوەیەی کە بەعس دایرشت دەکرا ئەنجام بدرێت، ئەویش بەوەی کە:

**١- بڕیاروەرگرتن بۆ قڕکردنی کورد، لەبەرزترین دەسەڵاتی ناوەندی عێراقەوە وەرگیرا، سەدام حسێن خۆی ئینجا حزبی بەعس و دەزگای ئەمن و موخابەرات و سوپاو کۆمەڵێک جاشی کورد، جێبەجێیان دەکرد. پاشان ئەو ناوچانەیان دیاری کرد کە ئەنفال دەکرێن. دیاریکردنی ئەوانەی کە دەبێ بکەونە بەر ئەنفال وەختێکی زۆری خایاند.**

**٢- ئەو کەسانەی کە لە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی عێراقدان، ئەگەر تا ئۆکتۆبەری١٩٨٧ نەچنەوە ناوچەکانی دەوڵەتی عێراق، بەگوێرەی پێناسەیەکی تایبەتی وەکو دوژمن سەیردەکرێن. ئەوکەسانەش کە لەژێر دەسەڵاتی عێراقیدان و کەسوکاریان لەخەتی ئەودیون، ڕەوانەی وێندەرکران.**

بەم پێیە لەساڵی ١٩٨٧دا ئەوانە دیاریکران کە دەبێ بکوژرێن، واتە ئەوانەی لەبن دەسەڵاتی عێراقدا نین.

جیاوازییەکی جەوهەریی ئەنفال لەگەڵ شەڕو هێرشەکانی پێشووی دەوڵەتی عێراقدا دژی کورد، لەوەدایە، کە ئەنفال تەنیا مرۆڤی کوردی نەگرتەوە، بەڵکو بەپێی بڕیارو بەرنامەکانی دەوڵەتی عێراق، ئەنفال بۆ لەناوبردنی ژیان بە مانا گشتییەکەی لە کوردستاندا، بەو مانایەی کە ئاژەڵ و ئاوو دارو درەختیش نەمێنێت. ئەمە خاڵێکە دەکرێت لەبەر ڕۆشناییدا، پرۆسەی ئەنفال، لەگەڵ پرۆسەی لەناوبردنی جوولەکە لە لایەن نازییەکانەوە، بەراورد بکرێت.

دەوڵەتی عێراق پاش ئەوەی دیاریکرد کێن ئەوانەی دەبێت بکوژرێن، کۆمەڵێک هێرشی بەرفراوانی کرد، چەکی کیمیایی بەکارهێنا. بەشێک لەم پرۆسانە بە لەشکری ئاسایی دەکران و جاشی کوردیش هاریکاریان بوو.

لەناو ئەو لەشکرە فرەوانەدا کە هێرشەکانی ئەنفالیان ئەنجام دەدا، چەند کەسێکی کەمی لێپرسراوان نەبێت، ئەوانی تر نەیاندەزانی هەنگاوەکانی داهاتوو چین. بۆ نموونە جاشە کوردەکان و سەربازانی لەشکری عێراق کە لە هەنگاوی یەکەمدا بەدەیان هەزار بەشدارییان کرد لە کۆکردنەوەو گرتنی خەڵکی بێ چەک، نەیاندەزانی هەنگاوی داهاتووی ئەو خەڵکە گیراوانە چییان بەسەر دێت. ئەوانەش کە لە ئۆردوگاکاندا ژنان و پیاوانیان جیادەکردەوە، یان خەڵکەکەیان بە پێی تەمەن جیادەکردەوە، پێ دەچێت ئەوانیش نەیانزانیبێت داهاتووی ئەو خەڵکە چییە.

مرۆ کاتێک سەرنجی ئەو دەکۆمێنتانە بدات، کە پاش ڕاپەرین، کەوتنە دەست کوردو، لێیان بکۆڵێتەوە، ئەوەی بۆ ڕوونتردەبێتەوە، کە بۆ قڕکردنی خەڵکەکە لەو شوێنانەی کە گۆڕی بەکۆمەڵیان بۆ هەڵکەنرابوو لە خوارووی عێراق، دەوڵەتی عێراق هێزێکی تایبەت و دیاریکراوی لەحزبی بەعس و دامودەزگاکانی تر ئامادەکردبوو، ئەمانە جلی تایبەتییان هەبووەو مەشقی تایبەتیان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پێکراوە، هەر لەو شوێنانەدا کە خەڵکەکەیان گوللەباران کردووە،یان زیندە بەچاڵ کردووە یەکسەر بەشۆفڵ و بەلدۆزەر گڵیان بەسەردا کردوون و دایانپۆشیون. هەندێک لەم

زانیاریانە لای ئەو کەسانەش دەست دەکەون، کەلە دوا قۆناغەکانی ئەنفالدا بە شێوەی سەرسورهێنەر دەربازیان بووە، پێم وایە لە نێوان ۱۰تا۱۵ کەسێک دەبن.

ئەگەر سەیری سیستماتیکی ئەنفال بکەین لە هەنگاوی دیاریکردن و گواستنەوەو لەناوبردندا، بە راشکاوەیی روون دەبێتەوە، کە ئەم میتودەی دەوڵەتی عێراق بۆ لەناوبردنی کورد پەیرەوی کردووە، زۆر لە میتودی نازییەکان دەچێت بۆ لەناوبردنی جوولەکە. چەند نووسەرو لێکۆڵەرەوەیەک کە باسیان لەسەر قڕکردنی جوولەکەکان کردووە، لە لایەن نازییەکانەوە، جیاوازیی نێوان قڕکردنی جوولەکەکان لەگەڵ هێرشەکانی پێشوودا ، لەوەدا دەبینن، کە قڕکردنەکە زۆر پرۆگرام دارێژراوانە پەیرەوکراوە، بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە لەکاتی گواستنەوەیان لە ئۆردوگاکانیانەوە بۆ گۆڕەکانیان بە جۆرێکی ئەوتۆ داپۆشراون، کە تەنانەت کەسێک ئەو ئۆتۆمبیلانەشی ببینایە، نەیدەتوانی بزانێ چی لەناو ئۆتۆمبیلەکاندا هەیە.

پێدەچێت لە پرۆسەی ئەنفالدا، جگە لە ئەندامانی حزبی بەعس و لەشکری تایبەت و موخابەرات و هێزی جیاواز، هەروا جاشی کوردو موچەخۆری بیرۆکرات، کە ئاگایان لە سەرتاپای پرۆسەکە نەبووە، لە قۆناغە جیاجیاکانی پرۆسەی لەناوبردنی(۱۸۲) هەزار هاووڵاتی کورددا بەشدارییان کردبێت.

چین ئەو هەل و مەرجانەی کە بوونە هۆی زەمینە دروست کردن، یان ئاسانکردنی ئەنجامدانی ئەم پرۆسە دارێژراوە؟

هەوەڵین کارێک سیاسەتی دژە کوردە لە دەوڵەتی عێراقدا ، کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەم دەوڵەتەوەلە ئارادایە. لەبەر ئەوەی کورد بۆ ئەم دەوڵەتە دەستەمۆ نەدەکراو لێی یاخی دەبوو، کەم یان زۆر وەکو دوژمن سەیری دەکرا. کاتێکیش ناسیۆنالیستی عەرەب بە تەواوی دەستی بەسەر دەوڵەتی عێراقدا گرت و، دەوڵەتەکەی بەتەواوی کرد بە دەوڵەتێکی عەرەبی، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەموو داخوازییەکی نەتەوایەتی کورد، دەخرایە خانەی دوژمنەوە. واتە دوژمنایەتی ناسیۆنالیزمی عەرەب و دەوڵەتی عێراق. ئەمەش وایکرد لەناو عەرەبی عێراق و لە وڵاتانی عەرەب و ئیسلامیشدا ، کارێکی ئاسان بێت بۆ دەوڵەتی عێراق کە زەرووڕەتی کوشتاری کورد ، لای خەڵکێکی زۆر بکاتە قەناعەت.

هەر بۆیە دەبینین دوای وێرانکردنی (٤) هەزار گوندو کوشتارێکی واگەورە لە نەتەوەیەکی ناوچەکە، رۆشنبیرێکی عەرب ، نەک هەر لە وڵاتانی عەرەب بەڵکو لە ئەوروپاشدا، دەنگی هەڵنەبری. ئایا چ سایکۆلۆژیەتێک و چ میکانیزمێک وایکردووە، روناکبیر یان لیبرالێکی عەرەب، کە دژی چەوساندنەوە بێت و بۆ کوشتنی چەند فەلەستینییەک خۆپیشاندان سازبکات، کەچی بۆ لەناوبردنی (۱۸۲) هەزار مرۆڤ تائێستا پرۆتێستێک نەکات. دیارە دوای ۱۹۸۸و ۱۹۹۱ ، چەند دەنگێک بەرزبووەوە، بەڵام بە گشتی شتێکی ئەوتۆ نەکراوەو تەنانەت ئەو هێزانەی ناوچەی عەرەب کە خۆیان بە دۆستی کورد دەزانن، وەک پێویست بەدەنگ نەهاتوون. ئەمە جگە لەوەی تا ئێستاش عەرەب بە گشتی گومان دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەنفال روویدابێت. ئەمە میکانیزمێکی گرنگە و دەبێت ئێمە لێی بکۆڵینەوە.

ناوەندێتی دەوڵەتی عێراق، هۆکارێکی ترە کە یارمەتی ئەوەی دا، ئەنفال بەو چەشنە پیادەبکرێت. دەوڵەتی عێراق ئەوەندە(مرکزی) یە سەرۆک، لەم حاڵەتەدا سەدام حسێن دەتوانێت بریار بدات و لەهەموو قۆناغێکی بیرۆکراتی جێبەجێکردنیشدا ، لە رێگەی حزبی بەعس و موخابەرات و لەشکرو دەزگای تایبەتەوە، جێبەجێبکرێت.

هۆکارێکی تریش ئەوەبوو، کە شەری عێراق و ئێران، بارودۆخێکی وا نائاسایی خوڵقاندبوو، کە دەوڵەتی عێراق بە ئاسانی دەیتوانی قەناعەت بە دەرەوە بکات کە دەست لە کاروباری عێراق تێوەرنەدەن.

لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، ئەم دەوڵەتە ویستوویەتی بە پێی بەرژەوەندی نەتەوەی باڵادەست گەلی کورد کۆنترۆڵ بکات، پاشان ئەم هەوڵە گواسترایەوە بۆ ئەوەی ئەگەر بکرێت کورد قڕبکرێت و لەناو ببرێت. لە ساڵی ١٩٨٨دا بەشێکی بەرچاوی ئەوانەی لە دەرەوەی شارەکاندا بوون، لە ناوبران. ئەگەر سەرنج بدەین بۆ شارەکانیش لە سلێمانی و هەولێرو دهوک، پلان و نەخشەی تر هەبوون، وەک جادەی بازنەیی(٣٠) مەتریی و (٦٠) مەتریی بەدەوری شارەکاندا، ئەمەش تەنیا بۆ فشار خستنە سەر چەکداران نەبوو. پێم وایە بۆ ئەوە بوو ئایا لەهەنگاوی داهاتوودا، کورد لە شارەکانیشدا قڕبکەن یان نەء؟

لە هەمان کاتیشدا ئەگەر سەیری ئەو میکانیزمی لەناوبردنە بکەین، دەبینین دەوڵەتی عێراق، لە کاتی لەناوبردنی ئەو هەزاران کوردەدا، مەسەلەکەی بە بنیاتنانی باخچەیەکی قەومی عەرەبی بە خەڵکی عەرەب پیشان دەداو، لەم میکانیزمەشدا کورد کرا بە گژوگیاو. پۆخڵەواتی ناو باخچەکە. دارشتنی ئەم بیرەش قەناعەتی بەزۆرلە عەرەبی عێراق و دەرەوەی عێراق کرد، بۆ کامڵبوونی ئەو پارکە جوان و وڵاتە بەهەشتە عەرەبییەی بەرێوەیە، دەبێت گژوگیای ناو باخچەکە هەڵکەنرێت.

**تێبینی:**

ئەم بابەتە کە لە رۆژی ١٩-٥-١٩٩٦ لە سمینارێکدا لە شاری ستۆکهۆڵم پێشکەش کرا، کورتەی چەند باس وگوتارێکە، کاک خالید سالح، لەچەند شوێنێکی جیاجیادا بڵاوی کردوونەتەوە. بۆ نموونە بڕوانە:


1- 1996 ``Demonizing a minority: the case of the Kurds in Iraq`, in Nationalism, minorities and diasporas: identity and rights in the Middle East, Edited by kirsten Schulze, Martin Stokes and Colm Compbell, London: I,B.81-94

2- 1996``Poltitics of genocide: Form Iraq counter-insurgency to ethnic cleansing of the kurds`, in Contrasts and solutions in the Middle East, Edited by Dorthe Laustrup Nielsen, Ole Hielsen och Sefa Martin Yurukel, Aarhus: Aarhus Universtiy Press.- Together with Kirsten E. Schulze. in print-.

3- 1995``Våldet som byråkratisk teknik``i Göteborgs- Posten, 24 September, ss. 58-59.

4- 1995`Iraq and the kurds: a bibliographic essay``, Digest of Middle East Studies, vol,4, no.2,pp.24-39.

5- `Iraks kamp mot Kurderna``, i Internationella Studier, no.3,ss.90-99.


[illegible]

**چەند سەرنجێک لەسەر دوو تەرجەمەی فارسی وکوردی کتێبەکەی (کریس کۆچێرا)**

نووسینی: ئەحمەدی ئەسکەندەری

# ئەنفال لە ڕوانگەیەکی ترەوە ''١''

بشکۆ نەجمەدین

من بەپێی توانا هەوڵ دەدەم کە لە جووینەوە و دووپاتکردنەوەی دەستەواژە و مانا و بۆچوونەکان لەمەڕ نێوەرۆک و زەمینەی سەرهەڵدان و شکڵگرتنی ئایدۆلۆژیای ئەنفال و پاشانیش پراکتیزەکردنی لە کۆمەڵگای کورد و لەسەر جەستەی خاکەکەی، خۆم بەدوور بگرم. من پێم باشە دەروازەی هەوڵێکی نوێ بۆ خوێندنەوەی ئەنفال، لەدیدێکی دیکەوە بترازێنم و چەند سەرنجێکی تیژپەڕ و سەرپێیی لەسەر کارکرد و ئاسەواری بەجێماوی پرۆسەی ئەنفال، لەسەر باری دەروونیی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی میللەتی کورد، بدەم و بەوهیوایەی پسپۆڕانی بواری دەروونناسی و سۆسیۆلۆگی ئاوڕیان لێبدەنەوە...

ئەنفال، تەنیا ئەو پرۆسە زەبرئامێزە کورتخایەنە نەبوو کە بەرواڵەت و بەپێی دیکۆمێنتەکانی خودی دەزگا بەرپرسەکانی بەعس و پاشانیش لەڕووانگەی راپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و گەلێک سەرچاوەی دەرەکیی دیکەشەوە، لە بەهاری ١٩٨٧دا دەستی پێکردبێت و لە کۆتایی ١٩٨٩دا کۆتایی پێهاتبێت!

ئەنفال، ئەگەر بەمانای بەکۆمەڵ لەناوبردن و قڕکردنی میللەتێکی نەخوازراوی نێو سنوورێکی دیاریکراوی جوگرافیای وڵاتێک بێت، واتە هەوڵی سڕینەوەی ئێتینی و خنکاندنی کولتور و تاڵانکردنی سامانی ئابووری و لەبەریەک ترازان و شێواندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بزرکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی میللەتێک بێت، ئەوا دەبێ پرۆسەیەکی نەفەس درێژ و زەبرئامێزی دوولانە بێت. زەبرئامێزی دوولانە: بەمانای زەبرێکی بینراو و هەست پێکراوی خوێناوی و زەبرێکی دیکەی نەبینراوی هێمن و لەسەرخۆ، کە هەردووکیان دەبنە دوو بەشی لێک دانەبڕاو و یەکدی تەواو دەکەن. ئەم دوو شێوازەی ئەنفال کە یەک نێوەرۆکیان هەیە و کۆمەڵێک فاکتەری جیا دەیانبزوێنن، ڕەوتی پرۆسەیەکیان لە دەروونی کۆمەڵی کوردەواریدا وەگەڕخستووە و ئەگەر بە خاڵی دووا ئامانجیشیان نەگەیاندبێت، ئەوا بەشێکی بەرنامەکەیان وەجێگەیاندووە و کارکردی کاربڕ و کوشندەیان لە بوارە جیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا وەجێهێشتووە و پرۆسەکەش بە شێوەیەکی دیکە بەردەوامە....

**ئەنفالی دەرەکی و کارکردەکانی**

**١- ئەنفالی زەبرئامێز:**

- پرۆسێسێکی زەبرئامێزە... واتە زەبر و کوشت و بڕ و ئاگر و ئاسن، هۆکاری جێبەجێ کردنێتی... لەدەرەوەی سنووری کوردستان سەرچاوە دەگرێ و دەڕژێتە نێو کرۆکی کۆمەڵ و سەر جەستەی خاکەکەی. لێرەدا، زەبر ئامانجی بنەڕەتیی پرۆسێسەکە بەئاکام دەگەیەنێت.

ئەم پرۆسە زەبرئامێزە بەدوو ئاقاردا ئاراستە دەکرێ:

**A**- ئەنفال- بەرەو جەستەی میللەتی کورد- (فاکتەری دەرەکی و سەرەکی: بەعس)، ئامانجەکانی:

- گەلەکوژی
- تیرۆر و تۆقاندن
- ڕاگوێزانی زۆرەملێ
- ڕاونان و تاراندن

- تێکشکاندن و زەلیلکردنی کەسایەتیی ئینسانی کورد

B-ئەنفالی ئاراستەکراو بەرەو کوردستان وەکو وڵات، (فاکتەری دەرەکی و سەرەکی- بەعس-)، مێتۆد و ئامانجەکان:

- داگیر و تاڵانکردن
- سووتاندن و وێرانکردن
- لووشدان و بەعەرەبستانکردن

سەرجەمی ئەم ئامانجانە بە زەبر بەئاکام دەگەن، جگە لە ئامانجی (تێکشکاندن و زەلیلکردنی کەسایەتیی ئینسانی کورد)، کە یەکێکە لە ئامانجەکانی هەردوو شێوازەکەی ئەنفال، واتە هەم بە زەبر و هەم لە سایەی ئاشتی و هێمنیدا، دەکرێ جێبەجێ بکرێت!.

۲-ئەنفالی بێ دووکەڵ

ئەنفالی بێ دووکەڵ یان ئەنفال لەسایەی گفت و گۆ و ئاشتیدا، کە دەکرێ بە ئەنفالی خۆماڵیش نێودێر بکرێت،دوو پێگە یان دوو سەرچاوەی هەیە:

- پێگەیەکیان دەرەکییە و بۆ چەند ساڵان پێش ئێستا و سەر و بەندی هاتنەسەرکاری بەعس دەگەڕێتەوە.

- پێگەی دووەم خۆماڵییە و کۆمەڵێک فاکتەر دەیبزووێن کە فاکتەرە دەرەکییەکان جێگایان بۆ چۆڵ کردوون. هەردوو ئەنفال (زەبر و هێمن)، کارکردیان وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە، سەراپای باری؛ سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، کولتووریی میللەتی ئێمەیان تەنیوە و تێزاب ئاسا بە ناخیدا رۆچوونەتە خوارێ...

### کارکردە دەروونییەکانی ئەنفال

A- کارکردی ئەنفال لەسەر باری دەروونیی خودی ئینسانە ئەنفالکراوەکان:

خوێندنەوەی نیشانەکانی باری دەروونیی مرۆڤ، بەتەنیا لە سیمای ئاڵۆز و هەڵچوون و داچوونەکانی رووخسار و هەتا هەڵس و کەوت و رەفتاریشیدا، خوێندنەوەیەکی پڕ مانا نییە. کارەساتە دەروونییەکان، لە دیوی ناوەوەی ناخ و هەست و نەستی مرۆڤدا روودەدەن و زۆرجاران رەنگی رووخسار و گرژبوونی ماسولکەکانی لەشی مرۆڤ، ناتوانن وەڵامدەرەوەی رووداوە ئاڵۆزەکانی ناخ بن... هەر بۆیە چ کەسێک ناتوانێ وێنەی رووخسار و هەڵس و کەوتی کۆمەڵە ئینسانێک بکات کە وەکو ئەو گاگەلەی لە ئینگلاند تووشی نەخۆشی هاری بوونە، چۆن بە کۆمەڵ دەکوژرێن، ئاوا بە کۆمەڵ کوژرابن!. بۆ هەڵگرتنەوەی وێنەی تراژیدیای چارەنووسی ئەنفالکراوەکان، ناکرێ لەنێو کون و قوژبنی ۱۸ تۆن دیکۆمێنتی چوارملیۆن لاپەرەیی لە ئامەریکا پارێزراودا بگەڕێین. وردە شووشەی تەلاری تێکشکاوی رۆح و ناخی ئینسانەکان، هێند ورد و ناسکن، چاوی کامێرای دیکۆمێنتەکان نایانخوێننەوە!.

با گوێ بۆ دەنگی کەسانێک رادێرین کە لە دۆزەخی ئەنفال گەڕاونەتەوە، ئەوجا کۆشای بینینی حاڵەتە دەروونییەکان بکەین....

((رۆژانە ۱۵-۲۰ کەس دەمردن. نەیان دەهێشت بیانبنێژین، هەتا دەبوونە ۳۰ کەس، ئەوجا مۆڵەتیان دەدا و دەرگایان دەکردەوە. خۆمان بە ئاسنێک زەویمان بۆ دەکۆڵین، ئەوجا بە جلەوە دەمانخستنە چاڵ و خۆڵمان دەدایەوە بەسەریاندا. هەر کە پشتی پێمان هەڵدەکرد، سەگەل دەریدەهێنان و دەیخواردن. بۆ رۆژی دوایی کە تەرمی دیکەمان دەناشتن، ئەوانی دوێنێ نەمابوون!...... ئەم حاڵەتە بووەتە کارێکی ئاسایی. ئێستا لەم ئۆردووگایەدا، هەموو کچەکان بوونەتە ژن!.... یەکێکیان دابەزەویدا و تاکێک پێڵاویان خستە دەمییەوە... پێیان گوت: بیخۆ، خۆشترین خواردنە!))۲

ئەمە ژیانی رۆژانەی ((۵۰۰۰)) ژن و منداڵ و

((٥٠)) پیرەپیاوی پەککەوتەی قەرەداخ و گەرمیان بووە لە ئۆردووگای ئەنفالی "نوگرەسەلمان"دا. ئەوان حوکمی مەرگی بەکۆمەڵیان بەسەردا نەدرابوو. ئەوان لە ماوەی سێ مانگدا، تەنیا((٥٠٠)) کەسیان بە زیندوویی مابوونەوە و دوو هەزاریان بە برسێتی و نەخۆشی و سووکایەتی پێکردن، مردن!.

ئەوانەی مردن، بە زەلیلی و بە دروونێکی تێکشکاوەوە مردن. ئەوانەشی ماون، بە دەروون و رەفتار و هەڵس و کەوت؛ نەخۆشن، زەلیلن، کەرامەتیان رووشاندوون و هەموو بەهایەکی ئینسانییان لێ داماڵیون. ئەوان ئێستا کۆمەڵێک مرۆڤی بێ توانا و بچووکن، ئەگەر نەوەیەکیش بخەنەوە، ئەوا نەوەیەکی دەروون نەخۆش لە کۆمەڵگای ئەنفالدا دەخەنەوە. ئەوان پێویستیان بە چارەسەر و دکتۆر و دەرمان و خانە و لانەی تایبەتی حەوانەوە هەیە.... بەڵام لە کوێ؟!، لە کۆمەڵگایەکدا کە خۆی رەنگی ئەنفالی گرتووە!!.

**B**- کارکردی ئەنفال، لە دەرەوەی بازنەی گڕگرتووی ئەنفالدا:

ئەنفال، وەکو پرۆسە زەبرئامێزەکە، ئەگەر بە شێوەیەکی میکانیکی لێی بروانین، واتە وەکو هەڵمەت و شاڵاوی پڕ زەبر و توندوتیژیی بەعس لە پەلامار و هێرشی سەربازیدا بۆ سەر کوردستان، ئەوا گورزە خوێناوییەکەی ئاڕاستەی بازنەیەکی دیاریکراو کردبوو کە دەکەوێتە دەرەوەی چەقی کۆمەڵگای کوردستان. واتە دەرەوەی شارە سەرەکییەکان. ئەویش ئەو پانتاییە گڕگرتووە بوو کە لە ماوەی ٢٥-٣٠ ساڵدا بە کردەوە مەکۆی چالاکی و هەڵسووڕانی بزووتنەوەی سیاسیی و چەکداریی هێزەکانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان بوو.

ئینسانە ئەنفالکراوەکان، بەرئەنجامی تێکچوونی هاوتایی نێوان دو جەمسەری هاوکێشەیەکی زەبرئامێز بوون... دوو جەمسەر، کە لایەکیان هێزی ئەنفال و لایەکەی دیکەش، هێزی ئۆپۆزسیۆنی چەکدار بوو. کارەساتەکە، بەرئەنجامی سەرکەوتنی جەمسەری ئەنفال و پاشەکشەی جەمسەرەکەی دیکە بوو!. داخۆ ئەم سەرکەوتن و پاشەکشەیەی لە دەرەوەی نێوەند روویدا، چۆن کاری لە ئەقڵییەت و دەروونی ئینسانەکانی نێوەند کرد؟!. کۆمەڵگای شار چۆن رووبەرووی شکستی لادێ بوویەوە؟!. ساتێ ئاڵای یاخیبوونی لادێ لەسەر دووندی چیا داگیرا و لە خوێندا شەڵاڵ کرا، شار چ هەڵوێستێکی نواند؟!.

بە درێژایی زەمەنێکی دیاریکراو، ئەو زەمەنەی کە هەردوو جەمسەری کێشەکە، گا بە زەبر و گا بە ئاشتی، ئامبازی یەکدی ببوون و لە ململانێی مان و نەماندا بوون، شار چاوی هیوای لە شاخ بریبوو. ئەقڵ و سایکۆلۆژیتی سیاسیی شار، پاشکۆی ئەقڵ و بیرکردنەوەی دەرەوەی خۆی بوو. کە شاخ لەبەردەم ئەنفالدا شکستی خوارد، شاریش بە ناچاریی سەری رەزامەندیی بۆ لەقاند!.

ئەم شکستە، ترسی بردە دەروونی هەموو تاکێکی شارەوە. تاپۆی ئەنفال لە حەوشە و بەردەرکەی هەموو ماڵێکدا رووا!. ئەو قەسابخانەیەی لە قەڵا و گرتووخانەکانی دەرەوەی شار و لە قوڵایی بیابانەکاندا، بۆ گەلە ئینسانەکانی دەرەوەی شار سازکرا، نەک هەر جوڵە و تەقینەوەیەکی لە شاردا بەرپا نەکرد، بگرە ئەو ژن و منداڵانەی لە ئەنفال گەڕانەوە و ئەو هەڵەبجەییانەی لە دۆزەخی کیمیاویدا رزگاریان بوو، لە شاردا؛ بەترسەوە، بە گومانەوە، بە بێزەوە، لێیان دەروانین!...

ئەنفال، بەرواڵەت مەودای نێوان شار و گوند، یان شاری و لادێیی سڕییەوە. بەڵام لە ناخ و نێوەرۆکدا، بەربەستێکی گەورەی لەنێوانیاندا رۆنا. بەربەستی گومان و دوودڵی و بێ بڕوایی و هەتا مۆرەکردنیش!. با سەرنجێک لەم تێکستانەی خوارەوە بدەین کە پێم وایە

بە گوێی هەموومان ئاشنابن:

((بەعس، کیمیاوی بە لادێدا وەشاندووە و لادێییشی وەشاندووە بە شاردا!.))

((کێ دەڵێ بەعس ئەنفالی کردووە؟!. ئەگەر وایە ئەی ئەم هەموو لادێییە لە شاردا، چ دەکەن؟!))

((لەم شارەدا، بڕیاخچیی لادێیی، لە پێڵاوەکان زۆرترن!))

ئەم رستانەی سەرەوە، ئەگەر بەسادەیی لێیان بڕوانین، ئەوا قسەی قسەخۆشان و نوکتەبازانی شارن.... بەڵام ئەمانە حەقیقەتێکی گەورەیان لە خۆیاندا حەشارداوە. حەقیقەتەکە زادەی کارکردی ئەنفالە لەسەر بەزەبر گۆڕانی ڕێژەی دابەشبوونی خەڵک، لە رووبەرێکی جوگرافیایی دیاریکراودا و ئەمەش حاڵەتێکی ئەقڵیی و دەروونیی نەگێتیڤی لای خەڵکی شار درووستکردووە. ئەم ئەقڵێت و تێڕووانینە، هەتا ئێستاش لە بیرکاکانی حوکمڕانیی کوردستانی پاش ئەنفالدا، کاری پێدەکرێت و گرفت و کێشەی بەرچاوی هەیە.

گەڕانەوەی کۆمەڵێک منداڵی بێ دایک و باب و هەزاران ژنی بێ مێرد و بێ سەرپەرست، لە گرتووخانەکانی ئەنفالەوە بۆ نێو شار و ئۆردووگاکان، گرووپێکی نوێی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا خولقاند. گرووپێک، لە نزمترین پلەی تەلاری کۆمەڵایەتیدا. ئەم گرووپە بەشێکی کەمیان نەبێ کە لە مەڵبەندی تایبەت بە منداڵانی ئەنفالدا دەژین، یاخود گەڕاونەتەوە گوندەکانی خۆیان، ئەوا زۆربەیان کەوتوونەتە سەر کۆچە و شاقامان و دەرۆزە دەکوتن.

منداڵانی بێ دایک و باب و ژنانی بێ مێرد، لە کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتیی وەکو کۆمەڵگای ئێمەدا، کە نە کۆمەڵ و نە دەوڵەت هیچ جۆرە زەمانەتێکیان بۆ ژیان بۆ مەیسەر نەکردوون، دەبێ چ کارەساتێکی کۆمەڵایەتیی بۆ ئایندە لێ بکەوێتەوە؟!. گرووپێک، رەگەزەکانی زەبر و خوێن و تیرۆر و تۆقاندنی ئەنفال، لە ناخ و ڕۆحیدا ریشەی داکوتاوە و زەمینەی دەسەڵاتی کوردییش، بووەتە کێڵگەیەکی بەیار، بۆ چەکەرەکردن و سەرلەنوێ سەوزبوونەوەی ئەو رەگەزانە!. گرووپێک، کە بەنێو دەریای خوێنی ئەنفالدا پەڕیبێتەوە، لە بەستێنیشدا گاسنی زەبری بۆ ئامادەکرابێت، هەر دەبێ تۆوی رووخان و هەرەسی چەمک و مانای بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ناخی کۆمەڵدا بچێنێت!

کارەساتی ئەنفال و بەکۆمەڵ کوشتن و بێ سەر و شوێن کردنی "١٨٠–٢٠٠" هەزار ئینسانی کورد، لە مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی سیاسیی میللەتی ئێمەدا، تراژیدیایەکی بێ وێنەیە و هیچ نووسەرێک یان رێژیسێرێک، ناتوانێت ڕۆمانێک یان فیلمێکی سینەمایی لە سەر واقیعێتی وردینەی رەگەزەکانی ئەو تراژیدییایە بنووسێت یان بەرهەم بهێنێت. ئەمە کارێکەکە ئیمکانی نابێت. هەر وەک ئەو هەزاران فیلم دۆکۆمێنتانەی لەسەر قەتڵوعامی جووەکانی ئەورووپا سازکراون، ناتوانن وەکو پێویست دەربڕی حەقیقەتی ماڵوێرانیی ئەو کارساتە بن...

هەڵوەستەی ئێمە ناکرێ بەتەنیا لەسەر شیکردنەوەی خودی پرۆسەی ئەنفال بێت. بەڵکو دەبێ نیگا و سەرنجمان ئاراستەی باری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایەک بێ کە لە هەواری داڕووخاوی ئەنفالدا بەجێماوە... ئەویش بە مەبەستی خۆناسین و خۆدۆزینەوەی خودی خۆمان، چ وەک میللەت و چ وەکو ئەقڵێت و دام و دەزگای سیاسیش.

وەکو پێشتریش گوتمان: ئەنفال کۆمەڵێک بەربەست و لەمپەری لە نێو خودی کۆمەڵگای کوردییدا ڕۆناوە و رووخاندن و پاکتاوکردنیان زەمەنێکی دوور و درێژی پێ دەوێت. کەچی پەرچە کردارێکی لە ئەقڵێت و تێڕووانینی سیاسیی ئێمەدا، دەرهەق بە دەسەڵاتی ئەنفال نەخولقاندووە. دەمەوێت بڵێم کە پرۆسەی ئەنفال، دەبوو گۆڕانێکی ریشەیی سیاسیی لای جەمسەری دووەمی

هاوکێشەکە'کە سەرخانی سیاسیی بزووتنەوەی موقاوەمەتی کوردە'دروست کردبا. بە ڕای من ئەم گۆڕانە نەک وەکو پێویست هەست پێناکرێت، بەڵکو پێچەوانەکەی باڵادەست ترە. پێچەوانەکەی... مەبەستم لە ڕەنگدانەوە و دەرکەوتنی هەندێ ڕەگەز و خاسییەتی دەسەڵاتی ئەنفالە لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانی پاش ئەنفالدا!. ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ کارلێکردنی جەمسەری بەهێزی هاوکێشەکە"دەسەڵاتی بەعس" لەسەر جەمسەری لاوازی هەمان هاوکێشە کە دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی کوردییە. ڕەنگە هەندێ بەراوردی سەرپێیی لەم بوارەدا بێ کەڵک نەبێ:

– بەعس، پرۆسەی ئەنفالی بە مەبەستی سزادان و کۆنترۆڵکردنی میللەتی کورد بەرێخست و میتۆدەکانیشی زەبر و توند و تیژیی بوون...

ڕەگەزە جیاکانی نێو دەسەڵاتی کوردییش، بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی دەسەڵات و چۆک پێدادانی یەکدی، پەنایان بۆ زەبر و خوێنڕژتن برد!.

– دەسەڵاتی ئەنفال، دەیویست هەموو سیمبۆلێک کە هەڵگری خاسییەت و سیمای میللەتی ئێمە بێت، بسڕێتەوە و لەبەرچاوان ونی بکات و مۆرک و ڕەنگی خاسییەتەکانی خودی خۆیی پێوە بنێت. واتە ئەو شتە نەویستراوەی کە بووەتە هۆی نائارامیی و دڵەڕاوکێی بەعس، بە شتێکی دیکە بگۆڕێت. ڕەگەزە ناکۆکەکانی نێو دەسەڵاتی کوردیش، هەمیشە لە هەوڵی سڕینەوەی؛ ناو، مێژوو، ڕەنگ، دەنگ، ئاسەوار و سیما و خاسییەتەکانی یەکتردان.... بۆ ئەمەش پەنا بۆ زەبر و تیرۆر، هەروەها بۆ میدیا و ڕاگەیاندن دەبەن!. تێکدان و رووخاندنی بارەگاکان کە سیمبۆل و هێمای جۆرێک لە دەسەڵاتی ئەم یان ئەو لایەنن... بۆیاخ کردنەوەی بینا و خانووبەرکان، بە ڕەنگی دڵخوازی ئەم یان ئەو ڕەگەزی دەسەڵاتی سەرکەوتوو، ئاوێنەی تەڵخی دەسەڵاتی پێش ڕاپەڕینمان لە کوردستانا نیشان دەدەن!!.

– تالانی و چەپاو، لە چەمک و مانا ئاینییەکەی ئەنفالدا، ئامانجی سەرەکیی هێرش و پەلاماری موسڵمانەکانە بۆسەر کاروانێکی بێ چەکی قورەیشییە بێ باوەڕەکان. تالان و ڕاو و رووت، لە چەمکە بەعسییەکەی ئەنفالدا، مەبەستی سەرەکیی نەبوو بەلام ڕەگەزێکی دیار و بەرچاویش بوو. هەموو شتێکی کورد وەکو میللەتێکی نەخوازراو لە دیدی بەعسەوە، بۆ ئەنفالچییان حەڵاڵ بوو...

لە پرۆسەی بەیەکدا هەڵپژانی خوێناویی نێوان ڕەگەزە ناتەباکانی دەسەڵاتی سیاسیی کوردییشدا، تالانیی و شڕەخۆری و فەرهود، ئەگەرچی ڕەوایی و شەرعییەتێکیان پێ نەدراوە، بەڵام دیسانەوەش سیمای دیار و ئاشکرای هەموو جەنگەکانن!.

ئابەم شێوەیە، ئەنفال لە مێژووی نەگریسی هەڵسووڕانی خۆیدا، ئەگەر ئامانجە بنەڕەتییەکانی خۆی پێ دابین نەکرابێ، ئەوا ڤایرۆسی دەیان دەردی کوشندەی لە دەروون و کرۆکی ئەقڵیەتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی میللەتی ئێمەدا داناوە و دەبێ مێژوویەک پێوەی بناڵێنین!

**زەبری ئەنفال و زەبری پیرۆز!**

دوا شتێک کە شایانی هەڵوێستە لەسەرکردن و تێرامان و لێتوێژینەوەیە، ئەو گوتە بیستراو و باوەیە کە دەڵێ: "زەبر، زەبر دەخولقێنێت!"

واتە چەوساندنەوە و تیرۆر و تۆقاندن کە "ئەو" بەسەر "ئەوی دی"دا جێ بەجێی دەکات، گیانی یاخیبوون و موقاوەمەت و زەبری شۆڕشگێڕانە لای "ئەوی دی" دروست دەکات...

ئەنفال، ئەو میتۆدە زەبرئامێزە بوو کە بەعس دەیویست دۆزی کوردی پێ چارەسەر بکات. موقاوەمەت و بزووتنەوەی چەکدارانەش، واتە زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە، ئەو شێوازەی خەباتە کە میللەتی کورد و حیزبە سیاسییەکانی، رووبەرووی ئەنفالی پێ بوونەتەوە

و هەوڵیان داوە لە ئاستیدا، لەمپەری خۆپاراستن ڕۆ بنێن. واتە ئەنفال، بە مانا گشتییەکەی نەک بە مانا تایبەت و بەرتەسکەکەی، کردارە و بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردیش، پەرچە کرداری ئەو کردارەیە. پەرچە کرداری ئێمە، واتە بزووتنەوە چەکدارییەکەمان، ئەگەر چی ئەمیش هەر پرۆسەیەکی زەبر ئامێزە بەڵام لە دیدی باوی خۆمانەوە، زەبرێکی پیرۆز و پۆزێتیڤە. زەبرێکی پۆزێتیڤ بەرامبەر زەبرێکی شوومی نێگێتیڤ کە کرداری ئەنفالە.

لەسەر ڕەوتی پرۆسەی هەردوو زەبرەکە، کۆمەڵێ خاڵی گەرم و سارد، یان هەڵکشان و داکشان دەبینرێت. پرۆسەکە ڕەوتێکی هاوئاهەنگ و چوون یەکی لە خۆ نەگرتووە و بە هەردوو باردا لەسەر هێڵێکی ڕاستی ئاسۆیی یان شاقوڵی نەبزووواوە!.

دەمەوێت بڵێم: لەو قۆناغەدا کە ڕەگەزەکانی زەبری پەرچە کرداری پۆزێتیڤ، لە ئاست زەبری ئەنفالدا بێ هێز و کەم تەئسیر بووە و مەترسییەکی جیددی بۆ دەسەڵاتی ئەنفال دروست نەکردووە، گورزەکانی دەسەڵاتی ئەنفالیش بۆ سەر جەستەی میللەتی کورد و بزووتنەوە چەکدارییەکەی، زۆر گران و کوشندە و کاریر نەبوونە!!. بەپێچەوانەشەوە... ساتێک دەسەڵاتی بزووتنەوەی چەکداریی کورد، لەسۆنگەی هەندێ هەل و مەرجی ناوچەیی و جیهانیدا (بۆ نمونە: ساڵانی ٩٧٤-٩٧٥ و ٩٨٧-٩٨٨)) دا، هەندێ ڕەگەزی بەهێزی بۆ زەبری پەرچەکرداری پۆزێتیڤ خولقاندووە و فشاری بۆ دەسەڵاتی ئەنفال هێناوە و ئەڵقەی گەمارۆکەی لەسەر تەنگ و تەنگتر کردووەتەوە، شێوازی زەبرئامێزی دەسەڵاتی ئەنفال، بەرەو لوتکە هەڵکشاوە و میللەتی کورد وبزووتنەوە چەکدارییەکەی لەسەر لێواری گۆڕ داناوە و کورەی دۆزەخەکەی بۆ تاو داوین!!.

لێرەدا پرسێک دێتە پێشەوە و چەند ساڵێکە لە نێو نووسەر و ڕۆشنبیرانی میللەتەکەماندا، مشت و مڕی لەسەرە و چەند هەوڵێکیش بۆ وەڵامدانەوەی دراوە...

پرسەکەیش ئەمەیە: داخۆ بزووتنەوەی چەکداریی وەکو پەرچەکرداری دژ بە کرداری ئەنفال، هەتا چەند توانیویەتی لەڕووی ئەنفالدا ببێتە لەمپەر و پاوانی جەستە وڕۆحی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەکەی، لە بڵێسەی ئاگری دۆزەخی ئەنفال بپارێزێت؟!!...

یان بەمانایەکی تر: داخۆ بزووتنەوە چەکدارییەکە لەم هاوکێشەی سووتانەدا، ڕۆڵی ئاوی گێڕاوە یاخود ڕۆڵی بەنزین؟!!.

ئەم پرسە، من بەتەنیا بۆ مشتومڕ و لێدووانی بەجێدێڵم!.

١٧-٥-١٩٩٦

**پەراوێزەکان:**

**١- ئەم نووسینە بەشێک بوو لە بابەتی سیمینارێک بۆ لێکۆڵینەوەی پرۆسەی ئەنفال، کە لەڕۆژی ١٩- ٥- ٩٩٦ دا لە بینای A.B.F لە ستۆکهۆڵم پێشکەش کرا.**

**٢- عەجەم لە دۆزەخ دەگەڕێتەوە، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ عەجەم ئێتاخ، گۆڤاری خەرمانە، ژمارە، ٥و٦.**

# یەکێتی هونەریی (بیرو بەهانە)

## خوێندنەوەیەکی تێکستەکانی مەم و زین

کەمال میراودەلی

**١. سەرەتا:**

وەکوو هەر مەزنەکارێکی فیکریی مێژوویی ڕێچکە شکێن، (مەم و زین) تێکستێکە هۆشیاری خۆیی هەیە.. مەبەستم ئەوەیە خانی خۆی ئاگاداری لەکارەکەی خۆی، لەوتەو مەبەستەکانی خۆی، لەداڕشتن و شێوەی داڕشتنی کارە هونەرییەکەی هەیە. وەک پڕۆژەیەکی نەتەوەیی-بیریی-هونەریی بەخواست و مەبەست ئەنجامدراو پێشکەشی دەکات.

کەوایە بەرهەمەکەی خانی لە پێش هەموو شتێکدا تێکستێکی مێژوویی هوشیارە، ئاخاتنێکی مێژوویی یە، بەو مانایەی لەدایکبووی هاوجووتیوونی هۆشیاری و تێگەیشتنی خۆیی مرۆڤێکە لەگەڵ دەوروبەرە کۆمەڵایەتییە سیاسییەکەی خۆی، لە لەحزەیەکی مێژوویی تایبەتیدا، کە سێسەد ساڵێک پێش ئەمڕۆ بووە... لەبەر ئەو هۆشیارییە خۆیی و مەبەستە ئایدیولۆژییەی، خانی خۆی بە ڕوونی و ڕەوانی، بە کورتی و بە کوردی ،لە پێشەکییە مێژوویی یە گرنگەکەیدا، پێمان دەڵێ:

١- چ دەکات؟ پڕۆژەکەی چیە؟

٢-کێ دەیکات؟

٣-بۆچی دیکات و ئامانجی چییە؟

ئەم خۆ- هۆشیارییەی لە پێشەکییەکەدا هەیە، وا لە خوێنەر دەکات هەر زوو هەست بکات خانی لەگەڵ هەست و هۆشی ئەودەدوێ تا سەبارەت بە بیرو هزرو خولیاو بۆچوونەکانی خۆی قەناعەتی پێبهێنێت،( واتە ئاخاوتن (discourse) پێشکەش دەکات.. ئامادە بونوی خانی وەک خود/زات (subject) تەنیا لە پێشەکییەکەیدا هەستی پێ ناکرێ. بەڵکو لەتەواوی کارەکەدا، لەخودی داڕشتن و هۆنینەوەی دراما شیعرییەکەیدا، لە دیاریکردنی چۆنیەتی هەڵس و کەوتی کەسەکانی و ڕووداوەکاندا، لە خوڵقاندنی تراژیدیاکەو مانای تراژیدیاکەدا، خۆی دەنوێنێ. واتە: خانی کە مەم و زین وەک بۆتەو چوارچێوەو ئاواخنێک هەڵدەبژێرێ، ئایە چیرۆکەکە وەک فۆلکلۆرەکە بگێرێتەوە، ئایە بەشێوەی تەقلیدی حیکایەتخوانی: بە (هەبوو نەبوویەک) دەست پێ بکاو ئەوسا لێبگەرێ پاڵەوانەکان و ڕووداوەکان- ئەفسانە گەرییانە-، یان،ساوێلکانە خۆیان دەربخەن. خانی، وەک زات، وەک نووسەر، وەک داهێنەر، وەک بیر، لەهەموو رستەو بەیتێکی کارەکەدا ئامادەیە. هەر ئەمەشە بە شێوەیەکی سەیر یەکێتییەکی بابەتی هونەریی مەزن و سەرکەوتووی بەکارەکە داوە. خانی نەک تەنیا وەک بانگرادەرێکی بیری نەتەوەیی خۆی دەسەلمێنێ، بەڵکو، لە تەواوی کارەکەدا قورسایی ڕۆشنبیریی ئایینی و فەلسەفی قووڵی شاعیر هەست پێ دەکەین، ئەمە چ لە وشەکاری و ستایلی کارەکەدا و چ لە لێکدانەوە ئاینی و فەلسەفییەکانیدا دەردەکەوێ. بەڵام تەنیا ڕۆشنبیریی بەس نییە بۆ سەرخستنی کارێکی ئەدەبیی وەک هونەر، وەک ژانرێکی ئەدەبی تازەو ڕێچکەشکێن.. ئەگەر بەوردی سەیری لایەنی هونەریی و داڕشتن و پێشکەوتنی درامی چیرۆکەکە بکەین، شارەزایی قووڵ و وردی شاعیرمان لەسەر داڕشتنی هونەری بەتایبەتی داڕشتنی درامی بۆ دەردەکەوێ.. چیرۆکی مەم و زین- شێوەی درامایەو هەر دەڵێی بۆ سەر شانۆ نووسراوە. بە ئاسانی دەتوانین بەسەر چەند دیمەنێکدا دابەشی بکەین. هەر دیمەنە زەمینەو چوارچێوەو مەنتیقی خۆی هەیە و ئەو کەژو دەورو بەرەی بۆ سازکراوە کە لە گەڵیا بگونجێت.. دیمەنەکان پێکەوە (ڕۆمانسی خۆشەویستی) لەلایەکەوەو، ناکۆکییەکانی ژیان و بوون و کێشەی دەسەڵات و ترازیدیای مرۆڤ ، دەردەبڕن. خانی خۆی ئەوە ئاشکرا دەکات کە (مەم و زین)ی وەک بەهانەیەک بۆ داڕشتنی و دەربڕینی بیرو پڕۆژە نەتەوەیی یەکەی بەکار هێناوە..

ئەمە کلیلێکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی (مەودای مانایی) و (فەزای هەبوونی) درامای مەم و زین. ئەوە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە مەم و زین لە ڕوانگەی خانی خۆیەوە دوو تێکستە:

١- تێکستی چیرۆکی مەم و زین وەک لەدیوی دەرەوەی ڕووداوەکاندا دەردەکەوێ. تێکستی بەهانە (پێشتێکست pretext )

٢- تێکستی بەهانە بۆکراو، تێکستی ناوەوە، چیرۆکەکە و دیوی ئەو دیوی رووداوەکان. خانی شارەزایانەو سەرکەوتووانە، ئەو دوو تێکستە بەشێوەیەکی هاوتەریب (متوازی parallel )لە کارەکەیدا کۆدەکاتەوە...
بەڵام لەمەش زیاتر، وەک وتمان، ئامادەبوونی زاتی نوسەر بەو قورسایی یە ڕۆشنبیری ییەوە کە هەیەتی، مەوداو دوورییەکی دیکەی بە چیرۆکەکەداوە.
بەکورتی چیرۆکی مەم و زین لەسێ ئاستی (ئاخاوتندا) یان، سێ تێکستدا خۆی دەنوێنێ:

١-تێکستی یەکەم- بەهانە-
ئاخاوتنی چیرۆک: گێرانەوەی چۆنیەتی دەستپێکردن و کۆتایی خۆشەویستی مەم و زین و ستێ وئاژدین
٢-تێکستی دووەم- بەهانە بۆکراو-
ئاخاوتنی مێژوویی/ نەتەوەیی: ئامادەکردنی زەمینەی رووداوەکان و کەسەکان و دارشتن و پێشخستنی رووداوەکان بە جۆرێک کە تێکستی رووداوەکان دەبێتە بەهانەی تێکستی دووەم: لێکدانەوەی تراژیدیای بێ دەوڵەتی و یەکنەگرتنی کورد. زۆربەی ئەوانەی لە چیرۆکی مەمو زین- دواون،پرۆژە نەتەوەیی یەکەی خانییان تەنیا لە پێشەکیەکەیدا بینیوەو (ئەم کلیلە) گرنگەی لێکدانەوەی خوودی چیرۆکەکە خۆیان فەرامۆشکردووە، خانی دەڵێ: مەم و زین وەک بەهانەیەک بەکار دەهێنێ..
برای هێژا دکتۆر ئەمیری حەسەن پوور، رەخنەی لەکاک فەرهاد شاکەلی گرتووە کە تەنیا دیباچەی مەم و زین بۆ لێکدانەوەی باری سیاسی کوردستان بەکاردێنێ (کە کاک فەرهاد: بە کۆڵەکەی چیرۆکەکەی داناوە].. کاک ئەمیر دەڵێ:
"بە بۆچوونی من، هەڵبژادرنی چیرۆکی "مەم و زین" بۆ لێکدانەوەی باری ئەوێستەی کوردستان و پاشە ڕۆژی کارێکی وشیارانە بووە. زین و مەم، لەبەرهەمی خانی دا، نوێنەری دوو پارچەی کوردستانی (لەسەدی ١٧دا) و بەکر بەداچاندنی تۆوی دوو بەرەکی بوو بەهۆی مردنی هەر دوو دلدار، نوێنەری "نیفاق" و "شیقاق" ی ئەمارەتە کوردییەکانە. لەدنیای خانی-دا چقڵی مەم و زینان- کە لە لەشی خوێنی بەکر روا، نەیهێشت زین و مەم دوای مردنیش بەیەکتر بگەن. نەیدەهێشت لە پاشەڕۆژیشدا دوو پارچەی کوردستان یەک بگرنەوە. هیچ چیرۆکێکی دلداری- کوردی یان غەیری کوردی- نەیدەتوانی دراماتیکی وا لەگەڵی کوردو کوردستان بخاتە بەرچاو"
(گزینگ، ژمارە ٩ ل ٩.٨- (ناسونالیسمی کورد لە مەم و زین" ئەحمەدی خانی-دا.)
بۆچوونەکەی کاک ئەمیر ئیحتیماله. بەڵام پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە؟ ئایا ئەمە تەنیا زیادە-لێکدانەوەیە، یان دەکرێ لێی بکۆڵرێتەوەو بەڵگەی سەلماندنی بدۆزرێتەوە؟..
ئەمە دیارە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی سەردەمی خانی هەیە، کە ئەمە نە لە تاقەتی مندایە نە مەبەستی منە..بەلای منەوە ئەوە گرنگە لە خودی (تێکستەکەی) چیرۆکەکەو وێنە کێشانی قارەمانانی دراماکەدا، ئەو (تێکستە) دووەمە بدۆزینەوە: واتە لێکدانەوەی ئایدیۆلۆژی و مێژوویی خانی بۆ باری کوردستان و تراژیدیای پارچە بوونی. لەلایەکی دیکەشەوە، راست نییە دیباچەی مەم و زین بەکۆڵەکەو چیرۆکەکە بەو کۆشکە دانێین کە لەسەری هەڵچنراوە. پێوەندی کۆڵەکەو کۆشک و پێوەندییەکی ئۆرگانیە، کۆڵەکەکە لابە کۆشکەکە دەرمێ.
بەڵام پیوەندی تێکستی دیباچەکە و تێکستی چیرۆکەکە وا نییە. دیباچەکەش فرامۆش بکەین، چیرۆکەکە یەکێتی ئۆرگانی و بابەتی زیندووی خۆی هەیە. گرنگی دیباچەکە هەر وەک دیباچەیە.. وەک تێکستێکی تر (لە تەنیشت چیرۆکەکەوە- وەک دەرگاکردنەوەیەکی مێژوویی و هۆشیارییەکی فیکری و رەخنەیی دەربارەی کۆمەڵکەی و کارەکەی خۆشی .. وەک لەدوایی روونی دەکەینەوە، ئەم هوشیارییە رەخنەییە وەک (تێکستێکی دیکە)، (بنە تێکست) یا (بانە تێکست) لەخودی دراماکەدا هەیە..کەواتە گرنگی دیباچەکە لە رێنمایی کردنی خوێندنەوەمان بۆ مەم و زین ی چیرۆک دا خۆی دەنوێنێ، بە هۆی ئەو پێشەکییەوە خانی پێمان دەڵێ کە لە تەواوی دراماکەیدا بۆ تێکستی دووەم، بۆ بەهانە بۆکراو، بگەڕێین..

٣- تێکستی سێیەم:تێکستی ئایینی/بیری فەلسەفیی: گومان خانی قورساییەکی ڕۆشنبری ئاینی و فەلسەفی قووڵی هەیە.. ئەمە مەودایەکی دی یان تێکستێکی دی، ئاخاوتنێکی دی بۆ (مەم و زین) زیاد دەکات: ١- خانی تەنیا روو داوەکان ناگێرێتەوە، (تێکستی یەکەم)
٢- تەنیا نایانکات بەبەهانە بۆ لێکدانەوەیەکی نەتەوەیی (تێکستی دووەم) بەڵکو: لیکدانەوەیەکی بیری فەلسەفیشیان بۆ دەکات (تێکستی سێیەم) ئەم لێکدانەوەیە زۆربەی بەشێوەی راستەوخۆ لە وێنەی دەنگی شاعیر /گێرەوە، خۆیدا دەردەکەوێ کە لەپێش ،یان کاتی، یان پاش رووداوەکان، حیکمەتی چۆنێتی روودانی رووداوەکان بەو شێوەی روودەدەن و لێکدانەوەی فەلسەفیانە بۆیان دەردەبڕێ.

بەڵام عەبقەرییەتی خانی لە یەکێتی بابەتیی، هونەریی هەرسێ تێکستەکە/ ئاخاوتنەکەدا دەردەکەوێ.. هەر سێکیان وەک سێ تایەن کە چیرۆکەکەیان لەسەر دەروا ب...

## ٢- مەم و زینی خانی:

مەم وزین لە دیباچە و دەقی گێرانەوەی بەسەرهاتی عیشقی مەم و زین و ستێ و ئاژدین پێک هاتووە. دیباچەکە بە موناجاتێکی دینی دەست پێدەکا، بەڵام تێکراییەکەی دەربڕینی بیرو پڕۆژەی نەتەوەیی خانی یە، (بەشێکی ئەم دیباچەیەمان لە باسێکی دیکەدا بە درێژی شی کردۆتەوە) ( بڕوانە : گزنگ/ژمارە ٩ ).. لێرەدا بەکورتی پوختەی پڕۆژەکەی دەستنیشان دەکەین:

### ١- ئاخاوتنی مێژوویی:

تێزی یەکەم- مێژوویی- کورد دەوڵەتی نەتەوەییان نییە. ئەمەش تراژیدیایەکی گەورەی بۆ درووست کردوون.
تێزی دووەم- بوونەتە ژێر دەستەی تورک و عەجەم. بۆمەبەستی خۆیان بەکاریان دێنن.

### ٢-ئاخاوتنی کۆمەڵایەتی رەخنەیی ئەخلاقی

تێزی سێیەم - بە دواکەوتن و ژێر دەستی تورک و عەجەم- عارە. بەڵام ئەم شەرمەزارییە بۆ حاکم و میرو ناودارانە.
شاعیران و فەقیران تاوانیان نییە. ئەوان کە نرخی زانست و هونەر نازانن، باکیان بە کەسانی بەهرە دارو پاشە ڕۆژی خەڵکەوە نییە.

### ٣- ئاخاوتنی جیۆپۆلیتیکی.

تێزی چوارەم: کوردستان کەوتۆتە نێوان تورک و عەجەمی خاوەن دەوڵەتەوە. هەر یەکەیان کوردییان لەسەر سنووری خۆیان کردۆتە بەندو سەددێک دژی ئەویدی ، هەراو ناکۆکی نێو ئەوان بەخوێنی کورد تەواو دەبێ..

### ٤- ئاخاوتنی سیاسی - ئایدیولۆژی - نەتەوەیی

تێزی پێنجەم: کورد تەنیا بەوە لەو حاڵە رزگار دەبێ، کە بێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی. ئەوسا کەسێتیی خۆی دەردەخا. ئەو ئازایەتی و جوامێرییەی هەیەتی بۆی دەلوێنێ شان لە شانی هەر نەتەوەیەیک دی بدا. زمان و مێژوو-و کولتووری دەژێتەوە.

### ٥- ئاخاوتنی ئەدەبیی، رەخنەیی.

تێزی شەشەم: خانی مەم و زین وەک بەهانەیەک دەنووسێ تابیسەلمێنێ کوردیش وەک نەتەوە، وەک زمان، وەک کولتوور، وەک خاوەن کەسانی جوانمەردو ئازا، وەک میرنشین، وەک عیشق، وەک کارێکی ئەدەبی مێژوویی مەزنیش کە هەموو ئەمانەی تێدا بەرجەستە کرابن، بوونی هەیە و مەسەلەی ئازادی و یەکگرتنی نەتەوەیی کورد مەسەلەیەکی ویژدانی و ئینسانی ڕەوایە.

تێزی حەوتەم: ئەم کارەی خانی بدعەیە، تازەیە ڕێچکە شکێنە، دژی بیری باوو ڕێبازی ڕەچاوکراوە. تەنیا ژیران و هۆشمەندان نرخی دەزانن. ئەگەر کاڵ و ناتەواویش بن- هەر ئەوەندەی لەدەست هاتووە و- شایانی پێزانین و لێخۆشبوون و نرخ پێدانە-

ئەمانەن بەشێوەیەکی گشتی ئەو تێزانەی کە لە دیباچەکەدا دەربڕدراون. بەڵام ئایا بیرو پڕۆژەی نەتەوەیی خانی لێرەدا تەواو دەبێ؟ ئایا مەم وزین خۆی وەک تێکستی درامایەکی عیشق - چۆن ئەو - تیم و بیرۆکانە- دەنوێنێ؟ بەکورتی: ئایا خانی چۆن مەم و زین دەکاتە- بەهانە- لەکاتێکدا چیرۆکی عیشقەکەیان بە گەرمی و دڵسۆزی بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە؟! بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بە شیکردنەوەیەکی وردو قووڵی تەواوی دراماکە هەیە. ئەمەش بۆ ئەم باسەی ئێستا نابێ. تەنیا بۆ نموونە : شێوەی دیاری کردنی - پلۆت-ی دراماکەو یەکێتی هونەریی "سێ تێکستەکە" بەیەکەوە، باس دەکەین.

## ٣. چیرۆکی مەم و زین

کاکڵەی چیرۆکەکە.

چیرۆکی مەم و زین- بە سادەیی- بریتییە لە گێرانەوەی شێوەی دەستپێکردن و گەشەکردن و ئاکامی خۆشەویستییەکی ئاگرین لەنێوان دوو خوشکی میری بۆتاندا کە ناویان زین و ستێ یە لەگەڵ دوو خانەداندا بەناوی مەم و زین ( تاژدین لەبەرەبابی میری بۆتانەو برای گیانی بەگیانی مەم- ە کە کوری دەبیرێکی (کاتبێکی) میر بوو.

تاژدین و ستێ پێک دەگەن و دەبنە مێرد و ژن. بەڵام برا و خوشکەکانیان مەم و زین بەیەک ناگەن. گزیرێکی میر بە ناوی بەکر مەرگەوەر کە وەک پیاوێکی شەیتانی و نموونەی شەر نواندراوە، لای میر دەکەوێتە تێچاندن و بوختان کردن. دەڵێ تاژدین بە نیازە زین بداتە مەم و بەم جۆرە پایەی دەسەڵاتی خۆی بەهێز بکاو میرنشینییەکە بگرێتە دەست. میرزەینەددین بە رقا دە چێ، سوێند دەخوا زین قەت بەشوو نەدا. ئەمە تراژیدیای جودایی و دووری ئەوین بۆ مەم و زین دەخولقێنێ، بەنهێنی هەوڵی یەکتربینین دەدەن و ئاشکرا دەبن. ژیانیان بە زیندان و تراژیدیای مەرگ کۆتایی دێ.

ئەمە پەیکەری چیرۆکەکەیە؟

پرسیار ئەوەیە: خانی چ هونەرێکی نواندوە تا ئەم پەیکەرە بکاتە کارێکی هونەری بەرز و نەمر؟ چۆن توانیویتی بیکاتە بەهانەی تێکستیکی دی نەتەوەیی؟ چۆن تێکستی لێکدانەویە فەلسەفییە/ ئاینییەکەی خۆی

لە گەڵدا دەگونجێنێ؟

## ٤. بەشەکانی دراماکە

پێشتر وتمان کە تیکستی مەم و زین لە هەموو شتێ زیاتر لە درامایەکی رۆمانسی ئەوین نزیکترەو بە ئاسانی بۆ شانۆ خۆی بەدەستەوە دەدا. چیرۆکەکە دەکری بکەین بە سێ بەشی سەرەکییەوە:

١- بەشی یەکەم: لە جەژنی سەری ساڵ و عاشق بوونی مەم و زین و تاژدین و ستێ بەیەکتری دەست پێدەکاو بە بەیەک شادبوونی پرخۆشی بەزم و شادی تاژدین و ستێ کۆتایی دێت..

٢- بەشی دووەم: بەدەرکەوتنی بەکر مەرگەوەر وەک هیز و هۆکاری شەڕو خراپە لەناوەراستی ئەو شادییەداو تێچاندنی دژی تاژدین و مەم و زین دەست پێدەکاو بە درووستبوونی تراژیدیای دووری و مەرگی مەم و زین کۆتایی دێ.

٣- بەشی سێیەم: ڕووداوەکانی دوای مەرگی مەم و زین -ە کە مەودای وردبونەوەی نیمچە ئەفسانەیی و نیمچە فەلسەفییانەیە..

هەروا دەکرێ هەر یەک لەو بەشانە بەسەر چەند دیمەنێکی درامی شانۆییدا دابەش بکەین. خانی خۆی / دەنگی خانی دەوری حیکایەتخوان دەبینێ. بەڵام هەروەکو پێشتر وتمان لەبەر ئەەی یەکەم: خانی خۆی ڕۆشنبیرو زانایەکی گەورە یەو دووەم، لەبەر ئەوەی - مەبەست و نیازێکی تایبەتی لە نووسینی مەم و زین دا هەیە، ئەو دەنگەی خانی، لە (حیکایەتخوان) پترە، ئەو لێکدەرەوەیەکی فەلسەفی و داهێنەرێکی هونەرمەندیشە. توانستە ڕۆشنبیرییەکە لە لێکدانەوەکان ودارشتنی درووداوەکان)و توانستە هونەرییەکە لە وەسف و تەکنیکە هونەرییە سەرکەوتووەکاندا نواندراوە.

## ٥- پلۆت

وتمان هەر بەشە لە چەند دیمەن و ڕووداوێک پێک دێن: کە بە هۆی پلۆتی دراماکەوە بەسەر کەوتوویی پێکەوە بەستراون. پلۆت: مانای نەخشەی چۆنێتی پێکەوە بەستنی ڕووداوەکان و کردارەکانە لە چیرۆک یا دراما دا، بەو شێوە کە چیرۆکەکە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی دەبێ و پەرەسەندنی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی لۆژیکی و هونەریی دێتە دی. نووسەر بە شێوەیەکی هۆشیارانە هەڵیان دەبژێرێ و ڕێکیان دەخا.. زیرەکی هونەریی خانی لەو پلۆتە سەرکەوتووەدا دەردەکەوێ کە بۆ دراماکەی بەکار هێناوە. هەر ڕووداوێک ئەڵقەیەکی تێدایە کە دەیبەستێتەوە بە ئەڵقەی ڕووداوی داهاتوو- و ڕێی بۆ خۆش دەکات.

تەکنیکی هونەری درامی پلۆت ڕێگا بەنووسەر دەدا گرنگی هەر بەش و ڕوودا و دیمەنێک بەپێی نیازی خۆی دەربخاو سەیتەرە بەسەر وەرگرتنی و وەڵامی خوێنەردا بکات. با بە وردترو فراوانتر سەرنجی پلۆتەکە بدەین تا ڕاستیی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەرکەوێت.

پلۆتی بەشی یەکەم بەو چەشنەی لە سەرەوە دیاریمان کرد: جەژنی سەری ساڵ- خۆ گۆڕین- دیداری مەم و تاژدین و ستێ و زین بێ ئەوەی جینسی یەکتر بزانن- گۆڕینەوەی ئەنگوستیلەکانیان- شەیدابوونیان .. ڕازی دڵیان بۆ دایەن دەردەبڕن- دایەن ئەنگوستیلەکان دەباتە لای حەکیمی فاڵگرەوە- حەکیم یەکسەر واتاکانیان پێ ناڵێ بەڵام دەڵێ هەرکەس نەخۆشی ئەوین بێ و لەماڵ نەیەتە دەرەوە هەون- پیرێژن خۆی دەکاتە دکتۆری لەش و گیان، واتە دکتۆری نەفسی و دکتۆری عیشق و دەگەڕێ - بە پرسین مەم و تاژدین دەدۆزێتەوە دەزانێ ئەوان خاوەنی ئەنگوستیلەکانن و موژدەی دۆزینەوەیان دەباتەوە- تاژدین پیاو ماقوڵان بۆ خوازبێنی ستێ دەنێرێ - ئاهەنگی شادی و زەماوەندی ستێ و تاژدین دەگێردرێ- ستێ و تاژدین دەچنە خەڵوەتی زاوایی یەوەو مەم حەوت ڕۆژ لەبەر دەرگا حەرەسیان لێ دەگرێ.

پلۆتی بەشی دووەم- بەکر مەرگەوەرو پێویستی بوونی وەک پێویستی بوونی دژەکان.

بەکر مەرگەوەر بە هاوسەربوونی تاژدین و ستێ لە پلەوپایەی خۆی دەترسێ../

مەم و زین بۆ یەکتر دەسووتێن../

تاژدین داوای دەرکردنی بەکر مەرگەوەر دەکات چونکە ماکی خراپەو شەڕەو میری ڕازی نابێ و بوونی بە پێویستییەکی وجودیی فەلسەفی/خودایی لە لایەکەو مەرجی پاراستنی دەسەڵاتەکەی لە لایەکی دیکەوە. دەزانێت./.

بەکر مەرگەوەر ڕەخنە لە میر دەگرێ بۆ تەستی دا بەتاژدین کە شایانی پادشای عەجەم یان قاقانی چین بوو./

دەڵێ: تاژدین گەنجە و هەڵەشەیەو خەتەرە لە سەر میر و قەولی داوە بە مەم بێ پرسی میر زینی پێ ببەخشێ./

-میر تووڕە دەبێ و سوێند دەخوات قەت زین بەهیچ پیاوێک نەدا../ زین و مەم لە تەنیایی و دووری لە تاژدین و ستێ تووشی خەم و مەلوولی دەبن/

-زین هەر دەگری و چل ڕۆژ نان ناخوا و خەڵک وا دەزانێ تەنیا بۆ ستێ دەگری../

-دۆستان و هاودەردانی داوای لێدەکەن جوانی خۆی دەربخاو سوجدە بە پادشا یان بێێ و جۆش و خرۆش بخاتە ژیانی سروشتەوە /

-زین زیاتر بی تاقەت دەبێ. /
زین لەگەڵ خەم دەدوێ و بە دۆستی هەرە وەفادار ناوی دەبا /
زین لەگە خۆیدا لە گەڵ ستی دەدوێ وبەختەوەرە بە شادی ئەو دەێ مادام خەم لە وێنەی مەمدا لام کۆبۆتەوە باکم نییە. /
- زین لەگەڵ مۆم دەدوێ... بۆ وەک ئەو دەسووتێ بەڵام وەک ئەو قسە ناکات، /
-زین لەگەڵ پەروانە دەدوێ/
-مەم تووشی خەم و مەراق و تەنیایی دەبێ/
- لەگەڵ رووباری دیجلە قسە( مۆنۆلۆگ) دەکات/
- مەم لەگەڵ با مۆنۆلۆگ دەکات داوا دەکات تۆزی بۆ بێنێ لە وێنەی کل/
-لەگەڵ دلی خۆیدا دەدوێ و لیی تووره دەبێ - و بە فرمیسکی موعجیزە روو دەدا.. /
چنار و سپیدارو کەنارەکان شین دەبن، سەحرا دەبێتە باخ و بێستان، دنیا دەبێتە ە گوڵ و گوڵاڵە، بلبل دێتە دەر لە قەفەز/
چل ڕۆژ لیی دەکەوێ، بێ جوڕلە - عەقل هۆش و هەستی مرۆڤی نامێنێ-
هاتنەوەی بەهارێکی دی و نوێبوونەوەی سروشت ژیان و زیندەوەرو دەست پێکردنی وەرزی راوی بەکۆمەڵ / لە بۆتان قیامەتی راو کردن هەموو کەس گەورەو بچووک بۆ راو دەردەچن. /
-باخی میر/ وەسفی بە باخی ئیرەم .. پر لەمیوەو درەخت ئاوو پەلەوەرو حەیوان/
-زین کەسەیر دەکا دنیا چۆل بووە دەچێ بۆ باخی میر بۆ بینێ و هاو دەردبوونی بلبل/
بەدزی هەموو کەس دەرواو هەژان و گۆزان لە باخا روودەدا. سرووشت و باخ و با و بلبل هاوبەشی خەم و فرمیسکەکانی دەکەن. /
- لەگڵ گولی زەرد مۆنۆلۆگ دەکا/..
مەمیش لەنەخۆشیەکەی هەلدەستێ و ڕوودەکاتە باخی میر
-زین دەبینی و لە هۆش خۆی دەچێ../
لەگەڵ گولی ناردین دەدوێ و زین دەبینێ دەیان کچ (وصیفە) دەوری داوە. /
-یەکتر دەبینن- یەکەم جار زمانیان دەشکێ دوایی گرێی زمانیان دەکرێتەوە-/
تیر دەدوێن- لێوی یەک دەمژن.. باوەش ، ماچ،راموسین، بەڵام سێکس ناکەن.
-دەچن بۆ کۆشک و دیوانی پادشا-
خۆشەویستی- الذات- الطاهرە /-مەی -الست/

گەڕانەوەی میر لە راو:
-میر دەگەڕێتەوە بە تەپڵ و هەراوەو مەم و زین ئاگادارنین
-ئاسکە گیراوەکان دەبەن لەناو باخی میردا بەریان بدەن
-میر مەم لە ناو کۆشکیا دەبینێ
- مەم دەڵێ لە دەردی نەخۆشی و پەککەوتەیی هاتۆتە دەرێ و ڕێی ئەوینی گرتووە
-دەڵێ لە باخ ئاسکی دیوەو بەهاتنی ئەو ون بوو.
-تاژدین دەزانێ بە دزی زینی بینیوە/ دەڵی- مەم شێت و خەڵەفاوە- گوێ بەقسەی مەدەن/
-تاژدین سەیر دەکا زین لە ژێر عەباوە لای پال کەوتوە و هەست بە کارەسات دەکا/
- رادەکاتە ماڵەوە ماڵی خۆی دئاگر تێبەردەداو هاوار دەکا هەموو قەوم و خزم و خێل دەڕژێنە سەری/
-میر و دەست و پێوەندی سەراو باخ چۆڵ دەکەن
-مەمیش کۆشک بەجێ دێلی و زین لە خەڵوەتا دەمێنێتەوە
-عەشقی مەم و زین دەردەچێ و دەکەوێتە سەر زارو زمانە خەڵک و بەحەسرەتەوە بە دوای هەواڵی عیشقیاندا دەگەڕێت. / .
-و دەگاتە بەکر ئەویش بە میری دەگەیەنێ..
بەشی سێییەم: نەخشەی بەکرمەرکەوەر بۆ لە ناوبردنی مەم و زین:
-چۆن بەکر وا بکات میر راستی عیشقی مەم و زین بزانێ؟ نەخشەی بۆ دادەنێ..
-داوا لە میر دەکا شەترنج لەگەڵ مەم بکاو بەرمەرجەی ئەوی دۆرا- ئارەزووی دلی بلێ -رازی دلی بلێ/
- لە میر داوا دەکا مەم-ی بە تەنیا - بەبی تاژدین و براکان- بانگ بکەن
-میوانی و زیافەت ڕێک دەخات.
-داوا لەمەم دەکا لە یاری شەترنجدا بەرامیەری بودستێ و ئەوی زاڵ بێ ئارەزووی دلی داوا بکات
-گورگین هاورێی مەم هەواڵەکە بۆتاژدین دەبات
-تاژدین و چەکۆ و عارف دەچن بۆ دیوە خانی میر
-مەم سێ جار شەترنج دەباتەوە..
-بەکر زین دەبینێ لە پەنجەرەوە داوا دەکا یاریکەران جێ گۆرکی بکەن،
-مەم دلی لای پەنجەرە و زین دەبێ و وەزیر لەدەست دەدا
-میر شەش دەست دەباتەوە
-میر داوا دەکا مەم دلی کەشف بکات.
-بەکر دەڵێ مەم-کچێکی عەرەبی لێو بەخاڵی خۆش دەوێ ، ژنێکی رەش خەلووز کەشایانی شایان نییە/
-مەم توورە دەبێ و دەیدرکێنێ کە عاشقی زین . ە
-میر داوا دەکا بیکوژن- دوو سەد جەنگاوەر رامالی

دەکەنێ
-تاژدین و براکـــانی پشـــتگیـــری دەکـــەن.
-میر دەست و پێی مەم دەبەستێ جەللاد مەم دەگرێ و دەینێرێ بۆ زیندان/
-مـــەم لە زیندان بە زین هەلدەلێ و لەگـــەڵیـــا دەدوێ (مۆنۆلۆگ)
-عیشقی زین و وێنەی زین دەبنە دیاردەیەکی گەردوونی و لـەزاتـی خـــــۆیدا دەردەکـــــــەوێ..
-زین بەزیندانی کردنی مەم بێ هومێد دەبێ- لەگەڵ مەم دەدوێ. ((مۆنۆلۆگ))
-مـــەم لە زیندان بە زین هەلدەلێ و لەگـــەڵیـــا دەدوێ (مۆنۆلۆگ)
-تاژدین بەخۆ دەکـەوێ و عـارف دەڵێ بێ هەوڵ و هەرا
-میر گوێ نادات.کە بەری نەدا شەر بکەن. و یەکەمجار بەکر بکوژن.
سەر دەهارین وەک دەغڵ و دان
(بۆتان ) پڕ دەکەین لە سەماو زەماوەند
-مـەم ساڵێکە گیراوە، ڕاپەرین دەست پێدەکا لەلایەن تاژدین هاوکـــارانی و داوای بەردانی مــــەم دەکـــەن
- بەکر نەخشەی فێڵ بۆ میر دادەنێ و دەڵێ بەرامبەریان نەوەستێ
- میر غەمبار دەبێ، بەکر نەخشەی کوشتنی مەم دادەنێ
- زین بنێرێ بۆ لای مـەم چونکە هێندە نەخۆشە بەبینی زین دەمرێ
-میر دەچێ دڵی زین دەداتە وەو داوای لێدەکات بچێ مەم بەربدات..
-زین تەواو تێکچوو ە، خوێن لەچاوی دێ میر لەگەڵیا دەگریا زین لە هۆش خۆی چووە ،خەڵک دەڵێن بۆ کوشتوتە
-یەکێک دێ دەڵێ مەم مرد.
-زین ڕاست دەبێتەوە دەڵی گەشتی روح دەستی پێکرد و قسە بۆ کاکی (میر) دەکا
-میر پەشیمـــان دەبیتـــەوە لەکاری، دەڵێ بڕۆ لای مـەم زیندووی بکەوە بەزیندوویی و مـــــردوویی لەمـــــەودا جیانابنەوە
-زین هەڵدەسێ سـەرتاپا خۆی دەپۆشی دەچێ بۆ زیندان
-مردنی مەم
-سەردانی زین بۆی
-زیندوو بوونەوەی مەم- ڕەفز کردنی بچێتە لای میر..
ناچمە لای هیچ میران
نابمە عەبدی ئەمیران
- شیوەن گێڕان بۆ عاشقان
- تاژدین و بەکر پێک دەگەن ، پێی دەڵێ:مەم دەمرێ و تۆ دەمێنی - دەیکوژێ..
- زین دیفـاع لە بەکـر مـەرگـەوەڕ دەکـات، وەک شـەڕو خـــراپەیەکی پیـــویست بۆ ئاگـــادارکـــردنەوەی چاکـــە
-مەم دەنیژن، زین لەسەری دەگری تادەمرێ ..
- پێکەوە دەیان نێژن.
- باسی خـــۆشـــەویســـتی خـــوایی /ئاســـمـــانی
-سنەوبەرێک و چنارێک دەروێن لەســـەر گـــۆڕەکـــەیان، دڕکێک لە نیوانیاندا دەڕوێ
-شێخێک خەون بە بەکرەوە دەبینێ

## ٦.تەکنیکی هونەری درامیی لە مەم و زین دا.

خانی ئەم تەکنیکە هونەرییانەی بەسەرکەوتوویی بەکار هێناوە:
١- وەسف - وەسفی دیەنی سرووشتی و حـالی کـەسان عـاشقـان و کۆشک و بارەگاو شێوە ژیانی مـیری بۆتان.
٢-وێنەکێشانی (کەسێتی- کارەکتەری) قارەمانەکان بەتایبـەتی تاژدین وەک نموونەی وەفـا و دۆسـتـایەتی و جوامێری و ئازایەتی و خۆشەویستی بایۆلۆجی/ زین و مەم وەک ئایدیالی عـیشقی دەروونیی - ڕۆحیی/ میر وەک خۆپەرستێکی گەمژەو ساوێلکەی کەمبین و کورتبین/ بەکر وەک پیـلانگێـڕکی شارەزای دەربارو عـەقلی مـیر/هتد
٢- گێڕانەوە: گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی لرێکی و هونەریی و بەکـــارهێنانی دەنگی خـــۆی وەک دەنگی حیکایەتخوان، هەم بۆ گێڕانەوە، هەم بۆ لێدوان و تەفسیرکردنی ڕووداوەکان.
٣-لێکدانەوە: لێکدانەوە ی دەرەوەیی فیکری / فەلسەفیی بۆ کەس و ڕووداوەکان
٤- دایە لۆگ: گـفت و گـۆ لە نێـوان دوو کـەس یان دوو لایەندا.
٥-مـــۆنۆلۆگ: زۆر گـرنگە کـە خـانی لەو سـەردەمـەدا توانیویەتی مۆنۆلۆگ بە شێوەیەکی ناوا فراوان و سەرکەوتوو بەکـاربێنێ. مـۆنۆلۆگ ئەوەیە کە قـارەمانی درامـاکـە بۆ خۆیان قسـەدەکـەن ،واتە لەگەڵ خۆیان دەدوێن یان لەگەڵ بابەتێکی نازیندوو: وەک بـا، ڕووبار، خـەم، مـۆم، مانگ.. یان دایە لۆگ لەگەڵ کەسێکی ئامادە نەدەبوو دا، وەک دایەلۆگی زین لەگەڵ ستێی دەستـەخوشکی ..ئەم مـۆنۆلۆگـانە هەر یەکـێکیـان سـەربەخـۆ وەریان گـرین قـەسیـدەیەکی شێـوەی ڕۆمـانسی بەرزن و /لە ئاستی سۆنێتەکانی شەکسپیر دان..
٦- تەشـــویق/تاســـە وەبەرنان **suspense** واتە درووســـتکردنی گـرێی و ئاشکرانەکـردنی ڕاســتـەوخـۆی مەسـەلەیەک یان نهێنییـەک و دواخستنی تا قۆناغێکی

دواتر بۆ زیاد کردنی تاسەی خوێنەر دەربارەی ئەوەی دادێ و درووستکردنی گرنگییەکی سایکۆلۆژی تایبەتی بۆ هەندێ حاڵەت و کەس و رووداو. وەک بۆ نموونە: نەزانینی مەم و تاژدین لە کەسێتی زین و ستێ، بەڵام بوونی ئەنگوستیلەکانیان لای یەکتر.. کە ئەمەی دوایی دەبێتە هۆی ئاشکرا کردنی کەسەکان

٧- رۆمانسی کردن: چیرۆکەکە چیرۆکی عیشقی ئاگرینە و خانی بۆ دەربڕینی حالاتی ئەو عیشقە زۆربەی کات کەژو هەواو دەورو بەرو حالەتێکی رۆمانسییانە دەخولقێنێ کە ئەمە بە فراوانی دەبینرێ و پێویستی بە نموونە هێنانەوە نییە.

٨- سوپەرناتورالی کردن: خانی زۆر حاڵەت و دیاردە، بەتایبەتی دیاردە،و حالەتی جوانی و عیشق، لە حاڵەتی ئاسایی زەمینی دادەبڕێ و بۆ ئاستی سوپەر ناتوارالی ئاسمانی/جاویدانی بەرزی دەکاتەوە. عیشقی خەلکی بۆ (ستی و زین) لەسەری ساڵدا، شێوەی مردنی و زیندوو بووەوەو مردنەوەی مەم، شێوەفکردنی زین و خەون بینینی پیاو چاک بە بەکر مەرگەوەرەوەو روانی درەختی مەم و زین و چقڵی مەم و زینان: نموونەی ئەمەن. دیارە ئەم سوپەرناتورالی کردنە پەیوەندیی بەتینی لەگەڵ بۆ چوونی فەلسەفی و ئایینی خانی -دا هەیە. خانی باوەری بە قەدەرییەتی بوون و نەمرێتیی چاک و خراپ و جوانی و دزێویی پێکەوە هەیەو وەک ئەفلاتوون جوانی و عیشق لە ئایدیالە روحی و ئاسمانییەکەیاندا دەبینێ نەک لە بوونە عەرەزی و کاتییە ماتریالیە زەمینییەکەیاندا..

٩- بەکار هێنانی هونەری شیعری لە بەلاغەو پێچواندن و خواستەمەنی و بالاکردن (مبالغە)..

١٠- بەکارهێنانی زمان و ستایلێکی کلاسیکی پتەوو بێ خەوش کە نوقمی دەریای رۆشنبیریی ئایینی و فەلسەفی سەردەمەکەیەتی.

١١-بەکارهێنانی شێوەی (کەپلێت)**couplet** ,دوو دێر، واتە "بەیتی شیعریی قافیە دار" بۆ دارشتنی کارەکەی کە ئەمەش نەرمی و ئاستێکی فراوانی جوولانەوەو داهێنانی ئازادی دەداتێ بە چەشنێک لە هەندێ شوێندا بەیتێک دەرژێتە ناو بەیتێکی دیکەوەو بۆ قافیە دۆزینەوەش زۆر لە خۆی ناکات..

١٢. بەکارهێنانی کاتی درامیی: خانی کاتێکی خێرا بۆ رووداوە خۆشەکان بەکار دەهێنێ ( جەژنی سەری ساڵ تا زەماوەندی ستێ و تاژدین) و کاتێکی قورس و هێواش و درێژکراوە بە مۆنۆلۆگ بۆ حالەتی خەم و تراژیدی بەکاردەهێنێ..

## ٧. تێکستی دووەم و سێیەم: خوێندنەوەی سیاسی(ئیتنۆگرافی) و فەلسەفیی

ئەمەی سەرەوە (پلۆت + تەکنیک) نەخشەی ئەو لێزانییە هونەرییەیە کە خانی بەکاری دێنێت. سەرکەوتوویی ئەو دارشتنە هونەرییە عەبقەرییانەیە کە بۆ خانی دەلوێنێ کارامانە هەر سێ تێکستەکەی لەیەک تێکستدا کۆ بکاتەوە.

خانی لە کاتێکدا ئایدیالی خۆشەویستی لە نموونەی تراژیدیای مەم و زیندا دەردەبڕێ، هەر لەو کاتدا سروشتی کوردستان و ژیانی کوردەواری و کەسێتی مرۆڤی کورد ئایدیالی دەکا بەبێ ئەوەی بیری لەواقیعە تراژیدیاوییەکەی گەلەکەی دابڕێ و چاوی لە خەوش و ناتەواوییەکانی بنوقێنێ. لە روانگەی سیاسییەوە، وەک لە دیباچەکەیدا دەری خستووە و لە چیرۆکەکەشدا سەلماندویەتی، تراژیدیای واقیعی ژێر دەستەیی و بێ دەوڵەتی کوردو بەهەدەردانی سیفاتی چاکەو جوانمەردانەی مرۆڤی کوردو دەولەمەندی کولتوورەکەی، دەخاتە ئەستۆی میرانی کورد. میری بۆتان- ئەگەرچی وەک کورد و وەک (پۆتێنشیەلی) ئیمکانی بوونی بە سەرداری دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد - جێگەی ستایش و شانازی خانی یە و بەشێکی باشی مەم و زین بۆ دەرخستنی لایەنەکانی پادشایەتی و سەلتەنەت و شێوە ژیانی میر تەرخان کراوە، بەڵام پەیامە سیاسییەکە ئاشکرایە- میر وەک نموونەی عەقلێکی دواکەوتووی کورد، دەسەلات پەرست و خۆپەرست- تاوانبارە لەو وەزعە و لەتراژیدیای پێک نەگەیشتنی مەم و زین، واتە سەرنەکەوتنی پرۆژەی عیشقی ئازادی کوردستان. چیگای سەرنجە کە دوای بە ئاگاهاتنەوەی کورتی مەم لە مەرگەساتەکەی، کە داوای لێدەکەن بچێتە لای میر، رازی نابێ و دەڵێ:

ئەز ناچمە حەزرەتا چو میران
ئەز نابە بەندەیێ ئەسیران
ئەڤ میرو وەزیری یا مەجازی
ئەڤ شوعبەدەو خەیالبازی
بیلجوملە بەطال و بێ بەقانە
بێ عاقیبەتن، هەمی خانانە
میری کۆ مرن هەبت نەمیرە
مەعزولی هەبت ئەوی نەمیرە..

لێرەدا خانی ، هەر دوو تێکستەکەی تر، تێکستە سیاسییە نەتەوەییی یەکەو تێکستە دینییە فەلسەفییەکەشی کۆ دەکاتەوە. ئەو میر بە شایان نازانێ چونکە خۆشی بەندو ئەسیرەو تەنیا بە (مەجازی) میرن نەک بە حەقیقی و روو

له فەنان. بەڵام ئەمە لای خانی لە ڕەشبینییەکی و جوودی حاڵەتی نزیک بە مەرگەوە نەهاتووە. لای خانی عیشق و کاری نەمرانەش هەن کە میر لێی بێ بەرین.. مەم و زین بە ڕاستگۆیی و فیداکارییان بۆ عیشقی ڕاست، خۆیان و عیشقەکەیان نەمر دەکەن. میر بە وەستانی دژی ئەو عیشقەو کوشتنی ئەوینی مەم و زین، خۆی شەرمەزاری دنیا و قیامەت دەکا، هەر نەفرەتی بۆ دەمێنێتەوە.. نموونەیەک کە زۆر بە ڕوونی و قووڵی، پێکەوەلکانی هونەری/ ئایدیایی هەر سێ تێکستەکە ڕوون دەکاتەوە: دەوری بەکر مەرگەوەڕە لە چیرۆکەکەدا، کە حەز دەکەم وەک نموونەی یەکێتیی تێکستەکان باسی بکەم.

## ٨. مانای سیاسیی و فەلسەفیی بەکر مەرگەوەڕ

وەک پێشتر وتمان، دەرکەوتنی بەکر مەگەوەر دوای بە ئاکام گەیشتنی ستی و تاژدین و خۆشی و شادی زەماوەندەکەیانە. بەم جۆرە جۆرێکە لە ئەنتی کلایماکس.. ئەو- وەک هێزی شەر- پێشکەوتنی سروشتی چیرۆکەکەو، عیشقەکەو، پرۆژە نەتەوەییەکە و حاڵەتە عەرەزییە دنیاییەکە، دەگۆڕێ. سێبەری تاریکی خۆی بەسەر هەموو ئاستەکان و مەیدانەکانی - عیشق -ەکەدا دەکێشێ.

بەڵام ئایا بەکر مەرگەوەر کێیە؟!

بەکر مەرگەوەر خۆی لەخۆیدا وەک تاک، یان شەخسیەتی سیاسیی، هیچ گرنگییەکی نییە. ئەو بە حسێبی کۆمەڵایەتی زۆڵە، کوڕی زینایە.. سووک و چرووکە. بەڵام لەدوو ڕووەوە گرنگی هەیە:

ا- لە ڕووی و جودی/ ئاینی/ فەلسەفییەوە: بەکر مەرگەوەر کۆمەڵی سیفاتی جەوهەری وەک دیار بکەرو بڕیاردەری شەخسیەتی خۆی هەن. ئەو لە شەیتان شەیتانترە، بەدکارو خراپەخوازە، بوختانچی و بۆتێچێنە، پیلانگێرو مەرگخوازە، ڕەمزی دزێویی و خراپیی و دژی جوانیی و خۆشەویستیی وتەبایی و ئازادییە. لەم ڕووەوە، بەکر مەرگەوەر، وەک هەندێ سادەبیران بۆی چوون، سووک کردن و بە خراپ وێنەکردنی کەسێکی (پڕۆلیتاری) نییە!! خانی لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگی کەسێتی ئەوی نەکردووە. گەرچی (مەسەلەی نەسەب) بە پێی سەردەمەکەو چوار چێوەی چیرۆکەکە -کە باسی میرانە- دیارە گرنگی خۆی هەیە. بەڵام ئەو دەورەی بەکر مەرگەوەر دەیبینێ خۆی لە خۆیدا هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەورەیە. ئەو دەوری لە میر زیاترە ، لە وی مەکر بازترو سیاسیی ترە، کەوایە دەبێ، وەسفەکە هەڵگێرینەوەو، ستایش خانی بکەین کە پڕۆلیتاریایەکی ئەوەندە بە زیرەک و لێهاتوو!!

داناوە.. نەء! ئەمانە هیچیان نین ..خانی لەڕوانگەی ئاینی و فەلسەفییەوە، بەکر مەرگەوەری بەڕەمزی شەڕو خراپە بەکار هێناوەو زیاتر لە ڕوانگەی بۆچوونی یەزیدییەوە بەکر خراپەیە لەحاڵە هەرە تاریک و ئایدیالەکەیدا. بەڵام خراپەیەکە پێویستی لۆژیکی و وجودیی بوونی هەیە. ئەو بە گوێرەی (یاسای و دژ و ناکۆکییەکان) - تناقضات- کە بناغەی وجودو مەعریفەو زانینی حەقیقەت و پێناسەی شت و کەس و دیاردەکانە- ئەو دەورەی هەیە. ئەو دەورەش دەورێکی عەرەزی و ڕێکەوت نییە. دەورێکی جەوهەرییە. بۆیە تەنانەت - زین -یش بۆی دەپارێتەوەو، بوونی خراپە بۆ دەرکەوتن و سەرکەوتنی چاکە بە پێویست دەزانێ و دوای مردنیشی هەر لەمەم و زین جیا نابێتەوەو وەک چقڵ لە نێوانیاندا دەردێ و لە گۆڕەکەشیاندا لێکیان جیا دەکاتەوە. ئەم جیاکردنەوە لای خانی لە شیکردنەوەی دواییدا و لەسەر زمانی زین، دەوری نیجابی هەیە. خۆشەویستی، مەم و زین هەر بە ئەوینی ئاگراوی ئەفلاتوونی بێگەرد دەمێنێتەوە، لە هیچ حاڵێکدا (جنس) بەشێک نییە لەم ئەوینە.. زین، ئەم حاڵەتە بە چاکەی خراپەی مەرگەوەڕ دەزانی کە نەیهێشت دەرفەتی ئەو جووتبوونە ناشەرعییە درووست بێ کە دەبووە هۆی ڕیسوایی و شەرمەزاری میرو میرنشینەکەی. لێرەدا بۆچوونە فەلسەفییەکەی (خانی) دەوری سەرەکی هەیە لەڕەنگ کردنی وێنەی بەکر مەرگەوەر- دا و کردنی بە پاڵەوانی تیکستە ئاینییەکەی. ڕاستییەکەی بەهێزترین بیبیری فەلسەفیی یان ڕاگەیاندنی فەلسەفیی statement خانی ئەو ڕاگەیاندنەیە کە دەیکاتە پێشەکی بێشکەشکردنی کەسێتی بەکر مەرگەوەر.. لە بەر گرنکی ئەم بەشە وا لە خوارەوە لەو شێوە دا کە بۆ کوردی ستاندارد وەرم گێڕاوە پێشکەشی دەکەم.

١١١٠

که خوداوەند لە نەبوونەوە ( لە عەدەم)
ئەم گەردوون و شوێنەی لەنوێ درووست کردەوە
هەموو بوونەوەرەکانی درووست کردن
هەتا گەیشتە سەر توخمی ئادەم
هەموو شتێکی بە پێی خاسێت و کردەوەی خۆیان
بە حالاتی جۆراو جۆرەوە هێنانە بوون
مەوجوودەکانی بە یەکتر دیاری کردن
دژەکانی بە دژەکانیان ئاشکرا کردن
ئەم عەردو ئاسمانە، هیواش و گەڕۆک،

١١٢٠

ئەو ڕووناکی و تاریکی و کوفرو باوەڕە
ئەو بەهەشت و دۆزەخە، ئەو ئاوەدانی و ئاگرە

ئەو ساردو گەرم، ئەو تەڕو ویشکە
ئەو خاک و هەواو ئاگرو ئاوە
ئەو شەو و ڕۆژو سێبەرو هەتاوە
ئەو دووریی و ژوانە، ئەو شادی و غەمە
ئەو مەرگ و ژیانە و شایی و ماتەمە
هەن لەسەرخۆن و هەن دژوارن
١١٢٥
هەن جێی باوەڕو ڕاست و خێرخوازن
هەن درۆزن و خوارو ڕوورەشن
هەن ئەهلی دۆزەخ و سزاو ئازارن.
هەن شایستەی بەهشت و پاداشتن،
نابینی ئەوانە پێکڤە هەموو دژن؟
حیکمەت چییە؟ بۆچی بوونە هاوتای یەکتر؟
لە بەر ئەوەیە کە ئەگەر جیاوازی نەبێ
جیا کردنەوەو ناسین مەحاڵ دەبێ
بەکورتی بەپێی ئەم پێویستییەی خیلقەت
میر بە کەماڵ و ڕێزو بەزەیی
١١٣٠
بۆ خۆی ڕاگرتبوو دەرگەوانێک
فیتنەگەری زەمانە، تولە سەگێک،
هەمیشە لە دەرگای ئەو قاپەوان بوو
شەیتانیکەرو گزیکارو ئارەقخۆر بوو–
بەڵام بەنەسەب خەڵکی بۆتان نەبوو
بەڵکو بەزۆڵی و بیژوویی لە دایک ببوو
نەسلی وی دەڵێن: لە مەرگەڤەر بوو
بەرواڵەت بەشەر بوو، بە شۆڕو شەڕ بوو
ناوی ئەو مونافیقە بەکر بوو
بەڵام لە (بلوقیا) بەدتر بوو
١١٣٥
ڕێگر لە چاکەو وازوازی و ئبیلیس بوو
فریودەرو خەبەر بەزێن و ساختەچی بوو
شەیتان شاگردی بەدچارەیی ئەو بوو
بوختان شەرمەزاری گۆتنی ئەو بوو
بەد چارە لەرەنگی دیوی کابووس
بە دکردارو ستێزەکارو ڕیاباز
تاژدین بە ئاشکرا بەمیری دەگوت:
میرم ئەم دەرکەوانەی دەر بکە!
ئەو شایانی دەرگای تۆ نییە!
ئەو سەگێکی نهێنگری بەکینەیە!
١١٤٠
هەر چەند سەگ و دەرگەوان بران
زۆربەی سەگان دڵسۆزو بەوەفان

بەم جۆرە میر وەڵامی تاژدینی دەدایەوە:
مەگەر ئێمە کاروکردەوەی بەکر نازانین
ئێمە دەستەی میران وەک ئاش واین
پڕ سووران و گەڕانین، پێش و پاش دەکەین
ناچارین ئاشەوانێک بۆ خۆمان ڕاگرین
دەرگاوانێکیش بۆ ئێمە پێویستە
کاتێ کاری حکومەت دەگێرین
هەندێ جار کاری ئێمە دادە ، هەندێ جار ستەم
١١٤٥
هەرچەند بەکر لەزینا ئیجاد بووە
ئاشی ئێمە بەهۆی ئەوەوە دەگەڕێ و دەسووڕێ
ئەو گرۆیەی کە زاڵم و گزیرن
میراون و، دارۆغە دەرگەڤانن
ئاشێ ئێمە زاڵمان دەیگێڕن
دەغڵی ئێمە زاڵمان دەیهاڕن
ئاشی ئێمە ئەگەرچی وەقفی عامە
گەرووی پڕە لە بەرهەمی حەرام
ئەم بەروبوومە جووتیارێک دەیچێنێ
ئەو جووتیارە بۆ ئەوەی دەدروێتەوە
١١٥٠
ئەمە عادەتێکی تایبەت بەمیران نییە
لەبەر دەرگای هەژارانیش دەیبینی
ئەوانیش هەموو سەیان بۆ پاسێ هەیە
ئەوانیش هەموو لە گرۆهی دەرگەوانانن
نابینی سوڵتانی تەختی بێ نیازیی
بۆ ئەوەی کاری بۆ ساز بێ
ئەوەندەی کەسانی کردوونە سوڵتان
دە ئەوەندەش شەیتانی چێکردوون
ئەنجام میر لە سەگی خۆی دەسبەردار نەبوو
زەروورەتی بەهۆی ئەم کارە دادەنا.
١١٠٠
میر هەن کە تاژییەکی ڕاوکەر
بە دە ئەسپی ڕەسەن ناگۆڕنەوە
ئەو کینەوەرو پیس و پیلانگێڕە
واتە بەکری بە دڵ ناپاک
ترسی تاژدینی هەبوو بەنهێنی
هەمیشە ڕق لە دڵیدا هەبوو....هتد

بەڵام لە ئاستی خوێندنەوە نەتەوەییە/سیاسیەکەشدا بەکر مەرگەوەر دەورێکی سەرەکی جەوهەری هەیە. باشە! با بڵێین – ئەوا بەکر مەرگەوەر نموونەی شەڕو شەیتانی و خراپەیە، زۆڵ و بیژووە.. بەڵام چونکە زۆڵ و بیژوو–و فیتنەیە ، بۆیە میری دواکەوتووی کورد پێویستی پێیەتی..

خۆ ئەو -وەک مرۆڤ- بەتەنیا وا نییە.. ئەوەی ئەوی کردۆتە بەکر مەرگەوەڕ ئەو راستییەیە کە ئەو (دەرگاوانی) میرە.. ئەم وای لێکردوە بتوانێ تەعبیر لە سیفاتە شەیتانییە جەوهەرییەکانی بکات. ئەگەر میر ئەو مەودایەی نەدابایە، ئەوا رەنگە لە تاوانکارێکی ئاسایی بازاڕی بەولاوە نەبایە.

بە مانایەکی دی، گەر بەکر مەرگەوەڕ جەوهەری شەڕ بێ، ئەوا میر هەل و مەرجی ئیمکان بوونی کارکردنی ئەو جەوهەرەی درووست کردووە. بەم مانایە بەکر مەرگەوەر خۆی وجودی سەربەخۆی نییە. بەکر مەرگەوەر بەشێکە، درێژ بوونەوەیەکی شەخسیەتی میر خۆیەتی. بەکر مەرگەوەر دیوی ئەو دیوی میرە.. ئەو نیازو ئیمکانیەتە شەڕانییەی کە لە هەموو کەسدا هەیە، لەمیریشدا هەیە، ئەو نایەوێ بەدەستی خۆی بیکاو نیشانی بدات. ئەو دەیەوێ بیخاتە دەرەوەی خۆی، لە هەمان کاتدا بەشێک بێ لەخۆی. بەکر مەرگەوەر ئەم دەورەی بۆ دەبینێ، بەلام ئایا، بەکر مەرگەوەڕ- خوازیی میر، لەوە دایە کە ئەویش خۆی هەر لە جەوهەردا شەرخوازە؟؟ نە، لێرەدایە کە تێکستە فەلسەفییەکەی بەکر مەرگەوەر بەردەستی خوێندنەوەیەکی سیاسی دەبێ! بەکر مەرگەوەر بۆیە بۆ میر پێویستە چونکە میر، خاوەن میرنشینی و حکوومەتە، خاوەن دەسەلاتە. واتە لێرەدا، بەکر دەورێکی دنیایی پەتی دەبینێ. میر خۆی دەزانی کە بەکر زۆڵ و بیژرووە لێنەوەشاوەو ماکی خراپی و شەرو تاوان و کینەیە.. بەلام ئەم سیفاتانە بەلای میریشەوە پێویستن ، لە روانگەی دەسەلاتەوە پێویستن . کە تاژدین پێی دەڵێ پێویستە بەکر مەرگەوەر دەربکات چونکە شایستەی بارەگای بەرزێتی ئەو نییە. ئەو بە پێچەوانەوە بۆی دەسەلمێنێ کە ئەو دەرگە دروست پێویستی بە خراپەکارێکی وەک بەکر هەیە. دەسەلات ئاشێکە زاڵمان دەیگێرن و ئاشەوان دەبێ سەگ -سیفەتی وەک بەکر مەرگەوەڕ بن. هەموو دەرگایەک سەگێکی بۆ پاسەوانی دەوێ. تەنانەت فەقیرانیش ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە. خودا خۆی- ئەوەندەی سوڵتانی درووستکردوە، دە ئەوەندە شەیتانی دروست کردووە. بوونی بەکر پێویستییە- بۆ ئەوەی بەخراپە بەرامبەری خراپە بکات، بە زوڵم لەگەڵ زوڵما بدوێ، پیس بە پیس بەرێ. تا ئێرە :- مەنتیقی فەلسەفیی لە قسەکانیدا هەست پێدەکرێ. بەلام ئەوەی خانی دەری دەخا نەخۆشیی کەسێتی میرە: پەرستنی دەسەلاتی خۆپەرستانە کە راستییەکەی ئەوەیە بەکرمەرگەوەری کردۆتە گوزارشتی راستەقینەی میر: میر خۆی سەرداره رەسەن و بنەماڵە بەرز و پیاو چاکەکەیە، بەلام شەخسیەتە راستەقینەکەی بەکر مەرگەوەرە: خۆ پەرست و نیاز خراپ و بەدگومان و پارێزەری شوێن و پایەی خۆی بە هەموو شێوەیەک. بۆیە میر خۆی هیچ بیرو پرۆژەیەکی لە چیرۆکەکەدا نییە!! ئەو بەتەواوەتی لە ژێر دەستی بەکر مەرگەوەردایە. بیرکەرەوەو نەخشەدانەری بەکرە. عەقلی ناوەوەی بەکرە. بۆیە کە بەکر لە پشتەوە بۆ تاژدین تێدەچێنێ و ئەو بوختانە دەکا کە تاژدین بێ پرسی میر، زینی داوە بە مەم، میر کەللەرەقانەو نەزانانە وەک نموونەی هەر میرێکی دەرەبەگی عەقڵ سووکی کورد- سوێند دەخوا کە قەت زین نەک هەر بە مەم ، بەهیچ داخوازیکەرێک نەدات!! ئەم (سوێندە کەرانە)یە دەبێتە سەرەتای گەورەترین تراژیدیای ئەوین- و لەهەمان کاتدا گەورەترین تراژیدیای نەتەوەیی: تراژیدیای پێک نەگەیشتنی مەم و زین و مەرگی کارەساتاوییان و کۆتایی هاتنی خەونی عیشق و ئازادی. میر- گوێ ناداتێ، ئەنجامی ئەو سوێندە کەللەرەقانەی چ دەبێ. زین خوشکی خۆیەتی تووشی گەورەترین ئازاری مەرگهێنەر دەبێ. هەم گەورەترین پشت و پەنای بەداخەوە سەردەنێتەوە تاژدین و چەکۆو گورگین گەورەترین کەسان و جەنگاوەرانی پشت و پەنای لێی دەرەنجن- ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگ ئەوەیە کە لەمێشکی تەسک و تاریکی خۆیدایە.. مەسەلەی کەرامەت و ترسان لە لەدەست دانی دەسەلات، کەترسێکی وەهمییە و پارانۆیایەکی بێ بناغەیە و خولقاوی- مێشکە بەکر مەرگەوەرییەکەیەتی. خانی بە ئاشکرا ئەم بێ مێشکی و ساوێلکەیی یەی میر دەردەبڕێ. کە ساوێلکەو خۆپەرستێ و پیاوی گزیکارو خراپ لەخۆیان کۆدەکەنەوەو دەیانەوێ قسەی هەق نەوترێ. سەیر کەن بزانن چ دەرهەق میران دەڵێ:

-١٩٨٣

میرن هەنە عاقڵن، عەزیزن
لێ سادە دڵن، بێ تەمیزن
ئەو سادە ژ بولهو، ناتەمامی
دل نادەنە مەنشەئا کەلامی
وان دڵ گوهە، گوه بە دلڤە نینە
رەش چاڤن و مەردومەک سپینە
هەرچی کو دبێژنێ غەرەز دار
باوەر دەکەن ئەو بە راستی بێ خوار
نابێن ئەڤە قەنجە یا خراپە
نابێن ئەڤە خەطئە یا صەوابە
قاصر نەظەرن دبێ تە ئەمول
حاضر غەزەبن دبێ تەحەممول
ئەغلەب دین ئەو ب عەقلێ مەغروو

ئەکثەر د گەڕن ژ دانستی دوور
بەدخواە و، بەخیل و بەد سگالان
بەد ئەسڵ و سەفیل و بەد فیعالان
تێنن دکەنە رەفیق و رەهبەر
جەدنام دبن وەزیرو سەرەوەر
دبێدنە ڤان کەسان ئوموورێ
ئەو تێخنە دەوڵەتا قوسوورێ
میرێ دب دەوڵەت و فیراسەت
صاحێب شەفەقەت، خودان سیاسەت.
ئەو هەر کە سەکێ خودان ئاکن
هەتا وەکو ئیمتیحان ئاکن
چل جاری دەکەن یەکێ موجەررەب
پاشێ ئەوی دی بکن موقەررەب
ئەڤ میرو، وەزیری یا جیهانی
ئەڤ بەگم و گزیری یا زەمانی
هەردوو ب میثالی یەک دلیزن
هەردوو د بە طال و بی تەمیزن
حەفتا وەکو کڕ نەبی تو ئەز حەق
کەنگێ دبیە وەزیری موتڵەق..

ئەم ئاخاوتنە سیاسییە لەمەڕ تەبیعەتی میرو حوکمرانی ناوەڕۆکی گرنگی پرۆژە نەتەوەییەکەی خانی-یە کە لە دراماکەدا بەرجەستە کراوە. بەڵام بەرجەستەکردنەکە تەواوی چیرۆکەکەی گرتۆتەوە. جگە لەم ئاخاوتنە سیاسییە ئاشکرایەو تێزە سیاسییەکانی کە لە سەرەتاوە دەستنیشانمان کردن، تێکستە نەتەوەیی یەکەی مەم و زین کۆمەڵێ لاتێکستی subtext ، یان ئاخاوتنی دیکەی نەتەوەیی گرتۆتە خۆی بە تایبەتی لە رووی ییتنۆگرافی کوردەوە..سەرجەمی چیرۆکی مەم و زین خۆی تابلۆیەکی نەتەوەییە کە زمان و وێنەو شێوەژیان و حاڵەتی کورد و کوردستان نیشان دەدا. با بە خێرایی سەرێ لەو نیشانەو تابلۆیانە بدەین:

١-ناوی قارەمانە سەرەکییەکان هەموو کوردین یا بەکورد کراون- جگە لە میر خۆی- مەم، زین، ستێ، تاژدین، چەتۆ، گورگین، بەکر مەرگەوەر.

٢- چوار چێوەی چیرۆکەکە پادشایەتی و حوکمرانی میری بۆتان و وەسف کردنی شێوە ژیان و رەفتارو داب و نەریتی میرانە و کوردەوارییانەیە.

٣- یەکەم دیەنی مەم و زین فیستیڤالی سەری ساڵ و کەرنەڤالی نەورۆزە، وەک جەژنێکی دێرینەی کورد کە هەموو کورد بە کچ و کورو پاشاو گەداو گەورەو بچووک و نەخـۆش و پەکگەوتەوە- بەشداری تیدا دەکەن و لە چیاسەوز و رەنگینەکانی کوردستاندا ئاهەنگ دەگێرن، باسی دەکات.

٤-بە بەخشندەیی هونەرو داب و نەریتی کوردەواری باس دەکا وەکو چەشنەکانی مۆسیقاو مەقامات و گۆرانی وگۆڤەندو زەرماوەند زیافەت و میوانداری و جۆراو جۆرێتی خواردن و خوانی کوردیی.

٥-جوانی و دڵبەریی و دڵسۆزیی و بە ئەمەکی عیشقی ژنی کورد لەنموونەی زین و ستێدا دەنوێنێ و جوامێری و ئازایی و چاونەترسی و دۆستایەتی و وەفا بۆ برایەتی و برادەرێتی و قوربانی لەو پێناوەداو بە دەنگەوە هاتن و لەسەر هەڵدان لەکاتی تەنگانەدا لەکەسێتی تاژدین وبراکانیدا دەردەخات.

٦-جوانی و رۆمانسیەتی سروشتی کوردستان لەچەندەها دیەنی رۆمانسی ناسک دا نیشان دەدا.

٧-عادەت و داب و نەریتی ژیانی میرانی کوردو دیوە خانی کۆشکی میر، نیشان دەدات: وەک راو لە چیاکان، باخی میر، گەشت و سەیران، شەترنج کردن، مۆسیقاو گۆرانی و ئاهەنگ ژنخوازیی و زەماوەند و دایەن ..هتد

□هەر یەکێک لەمانە پێویستی بە باسێکی سەربەخۆیە بۆ ئەوەی بە روونی بۆمان ئاشکرابێ کە مەم و زین بە راستی سەرتاسەری تێکستێکی نەتەوەیی کوردییە نەک تەنیا دیباچەکەی وەک زۆر کەس ئاشیانە بۆی چوون.

## ئەنجام:

ئەم باسە تەنها سەرەتایەکە بۆ خوێندنەوەیەکی تازەو بەرفراوانی مەم و زین..بەکورتی دەمەوێ بڵێم گەر بمانەوێ لە مەم و زی نی خانی و لە پرۆژەکەی خانی بگەین پێویستە مەم و زین وەک سێ تێکستی پێکەوە گونجاو بخوێنینەوە:

١. تێکستێکی هونەری: چیرۆکەکە خۆی وەک گێڕانەوەو نواندنی درامی
٢. تێکستێکی فەلسەفی/ئایینی
٣. تێکستێکی نەتەوەیی/سیاسیی/ئێتنۆگرافی

خوێندنەوەکەمان پێویستە ئەم تێکستانە لە یەکێتی هونەریی کارە درامییەکەی خانی دا بدۆزێتەوە، نەک لە راگەیاندنی جۆراوجۆری لە یەک دابڕاوو، لە چوارچێوەی کارەکە دەرهێنراودا...بە هیوای ئەوەی بەم زووانە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گەڵ وەرگێڕانی تەواوی تێکستی مەم و زین بۆ زمانی کوردی ستاندارد، بڵاو بکەمەوە..

# دەربارەی دیتنە سایکۆلۆژییەکانی میللەر لە کتێبی: پەروەردە لە بەراییدا بوو

## پەروەردەی ڕەش

ئاسۆس عیزەدین نەجمەدین

هیچ زانیاری و ڕووناکبیرییەک لەمەر گەشەکردنی منداڵ بەتەواوی دایک و باوک لە ڕک، جیکڵدان تەنگی و وەستان دژی منداڵ، ناپارێزێ. ئەگەر مرۆڤ لە منداڵیدا بۆی نەلوابێ بە شێوەیەکی بنیاتنەرانە تاوتۆی ئەو پەلامار، بەچاوی کەم سەیرکردن و پێشێلکردنانە بکات کە ڕوویەڕووی دەبوونەوە، یان ناچار کرابێ نکووڵیان لێبکات، ئەوا هەمان ڕەفتاری دایک و باوکی، بەرامبەر منداڵەکەی خۆی دەنوێنێ. جگە لەمە منداڵ بەجۆرێک دەروانێتە دایک و باوکی کە هەمیشە لەسەرهەقن و نوێنەرایەتی ڕاستی دەکەن. هەروەها ئەگەر ئەو؛ واتە منداڵەکە، سنووری بەزاند ئەوا بەم کارەی خراپی خۆی دەسەلمێنێ. منداڵ واهەست دەکات هەموو دڕندەییەک کە لە لایەن دایک و باوکییەوە بەرامبەری دەکرێ نیشانەی خۆشەویستی ئەوانە. منداڵ وا لە دڕندەییە سایکۆلۆژی یان لەشییەکان(کەلە لایەن دایک و باوکەوە پەروەردەکردنی پێ دەوترێ و ئەنجام دەدرێ) تێدەگات کە دەربرینێکی ساردوسڕی خۆشەویستی ئەوانە بۆ ئەم. ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبوونی تڕاومایەکی گەورە لە دەروونی منداڵداو بیخاتە نێو بازنەیەکی داخراوەوە. ئەو کتێبانەی لەم دووسەدەی دواییەدا لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ نووسراون، تارادەیەکی زۆر باسی بەربەرەکانیکردنی هەستی منداڵ و خۆزلکردن بەسەریی، خستنە ژێر دیسپلین و ملکەچ پێکردنی دەکەن، کە هەر لە سەرەتای تەمەنی ساوایەتییەوە دەست پێدەکات. لەئەنجامدا منداڵ وای لێدێ تەنها وشەیەک یان نیگایەکی بەس بێت بۆ ئەوەی لە شوێنی خۆی بووەستێ.

ئەگەر منداڵ ناچاربکرێ کاردانەوەی گونجاو بەرامبەر، بۆ نموونە خەم، ڕک، یان هاوار دەرنەبڕێ(بەو پێیەی کە دایک و باوک مەبەستیانە کۆنترۆڵی سەرتاسەری بکەن)، ئەوا ئەو هەستانە هەرگیز نابنە بەشێکی کەسایەتییەکەی و بە شێوەیەکی سروشتی هەستیان پێناکات. بمانەوێ و نەمانەوێ، منداڵ تووشی ئەو دۆخانە دەبێت کە ئەمجۆرە هەستانەی تێداسەرهەڵدەن. منداڵ فێردەبێت هەستەکانی دەرنەبڕێ، بەڵکو بیانکاتە کێشەیەکی سەختی ناوەوەیی، زۆرلەخۆکردن بۆ چەپاندن و هەست پێنەکردنی ئەو کێشانە لەوانەیە لە داهاتوودا ببێتە هۆی دروستبوونی نیڤرۆسNeuros. ( ١ ).

کرۆکی باسەکەی میللەر لەکتێبی(پەروەردە لە بەراییدا) ئەوەیە کە پەروەردەکەر لە ڕێی ئەم ئایدیۆلۆژیایەوە خەڵاتێک بۆ پێویستییە شاراوە هەرگیز

دان پیادانەنراوەکانی خۆی وەدەست دێنێ. ئەم شێوەی پەروەردەکردنە دەرفەتی بۆ دەرەخسێنێ هەستە بەرلێگیراوەکانی خۆی بەسەر لاوازێکدا هەڵڕێژێ

یەکێک لە نیشانە سەرەکییەکانی پەروەردەی ڕەش ئەوەیە کە منداڵ بەرامبەر سروشتی ڕاستەقینەی پەروەردەکەر کوێر دەکرێ. بۆیە، بەلای پەروەردەکەرانەوە گرنگە کە بە دڵنیاییەوە باسی "منداڵیی کامەرانی!!!" خۆیان بکەن.

مرۆڤ دەتوانێ بچێتە دەرەوەی دیوارەکانی ماڵەوەو ببینێ کەلە کۆمەڵگاو سەردەمە جیاوازەکاندا، بە درێژایی مێژوو، خولیایەک بۆ ملکەچ پێکردنی ڕەوشتیی هاووڵاتیان هەبووە، بە پلەی سەرەکی لە وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا و تەنانەت لە هەندێ کۆمەڵگا دیموکراتیشدا. ئەمە ڕوونی دەکاتەوە چۆن خەڵکی لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا دەژین و خۆیان لە ڕژێمەکەدا دەبیننەوە، یان چۆن دیکتاتۆرێکی وەکوو هیتلەر دەتوانێ دەسەڵات بگرێتەدەست و تەنانەت خۆشەویستیش بێت.×

پەروەردەکردن لە چاوی میللەرەوە، لەخودبەرگری Självförsvar(٢)گەورانەوە سەرچاوەی هەڵگرتووەو ئازادنەبوون و نادڵنیایی ئەوان دەگەیەنێ. چەمکی پەروەردەکردن ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ ئامانجێکی دیاریکراو دادەنێت، بۆیە ئازادی منداڵ و دەرفەتەکانی، هەرلە سەرەتاوە پێشێل دەکرێن. منداڵ لە بریتی"پەرومردەکەر"، "ڕێنوێنیکەری" پێویستە، کە ڕێزی لێبگرێت، بەرگەی هەستەکانی بگرێت و لە هەلس وکەوتەکانییەوە چەند وانەیەک هەڵێنجێنێ:

ب- لەمەربوونی منداڵانەی خۆیان، کەتوانای تاوتوێکردنی خەمیانSorgarbete(٣)دەداتێ.

د- لەمەر یاساکانی ژیانی هەستی، کە دەبیسترێن و لە باشترین دۆخدا، لەوەی گەورە خۆی دەبینێ، ڕەسەنترن.

بەگوێرەی میللەر"پەرومردەی سپی"یش، ئەگەرچی هێندە بڵاونییە، بەڵام هەیە. ئەو لە باسکردنی ئەمەدا زۆر وردەو ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە"پەروەردەی سپی" نەبوونی پەروەردە بەواتا کۆنەکەی دەگەیەنێت. پەروەردەی سپی بە تەواوی لە پەروەردەی ڕەش باڵاترە چونکە پرۆسەیەکی فێربوونی دوولایەنی دێنێتە کایەوە، هەروەها دیالۆگ لە نێوان ڕێنوێنیکەرو منداڵدا دەرەخسێنێ. مرۆڤ لە ڕێی گوێ لێگرتنەوە فێردەبێت و لە ئەنجامی فێربوونیشەوە، چاکتر گوێ ڕادێرێ و خۆی دەخاتە شوێنی کەسانی دیکەوە. منداڵ بۆی هەیە هەستەکانی بە شێوەیەک دەرببڕێت و گەورانیش ڕێزی لێبگرن. هەرچی بەخێوکەرە بە گوێرەی پەروەردەی ڕەش، بێ ئەوەی گوێ بۆ منداڵ ڕابگرێت، ئامانجی بۆ دادەنێت و داوای لێدەکات بێ پرس کردن داواکانی ئەو جێبەجێ بکات. دیالۆگ لە ژێر هەل و مەرجی وادا ناشێ و بەخێوکەر یان پەروەردەکەر، لەهەمان کاتدا، ئەو دەرفەتە لە دەستی خۆی دەدات کە شتێک فێربێت.

میللەر، بەلەبەرچاوگرتنی ئاکامە ڕوخێنەرەکانی پەروەردەی ڕەش، هەوڵیدا ڕوونی بکاتەوە چۆن لە ناخی مرۆڤێکی وەکو هیتلەردارکێکی بێ کۆتایی وادژی کۆمەڵە مرۆڤێکی دیکە، جوولەکە، نەشونمای کرد. هەروەها، هیتلەر چۆن بە زیرەکی خۆی؛ وەکو پروپاگەندەکەرێک، کۆمەکی گەلی ئەڵمانی، بۆی چووەسەر، ڕق و کینی خۆی دەرببڕێ، بۆ تێگەیشتن لەوەی کە هەستەکانی منداڵ چۆن لەژیانی داهاتوودا دەستنیشانی هەڵس وکەوتەکانی دەکەن، پێویستە لە یاساکانی بە ناچاری دووبارە کردنەوە Upprepningstvång(٤)تێبگەین، کە دەکەونە ژێر ئاگاییەوە.

ئەو زانیاریانەی لەسەر هیتلەر لەبەردەستدان دەریدەخەن کە دایک و باوکی لە لایەکەوە بەچاوی کەم و پێشێلکەرانە سەیریان کردووەو لە لایەکی ترەوە ناراستەوخۆ، داوای ئەوەیان لێکردووە کە ئەوانی خۆشبوێ و ڕێزیان لێبگرێ. دایک و باوکی ئەو،

نموونەی بەکارهێنەری پەروەردەی رەشن؛ بەوەی لە هیچ هەل و مەرجێکدا هەستی پڕ ئازاری خۆیان دەرنەبڕیووە. دەتوانرێ، ئەو دەورووبەرەی کە هیتلەر لە ماڵەوە نەشونمای تێداکردووە، لەگەڵ ئەو رژێمە سەرکوتکەرەدا بەراوردبکرێ، کە خۆی پاشان دایمەزراند. باوکی بەدەسەڵاتە یەکلاییە مشت و مرهەڵنەگرەکەی، ژن و منداڵەکانی خۆی ناچارکرد، ملی خۆیان بەتەواوی بۆ ویستی ئەو شۆربکەن و بێ سێ و دووکردن پێشێلکردنەکانی بگرنە خۆ. بنچینەی هەرە لەپێشی باوکی لە ژیاندا، ملکەچ پێکردن بوو. کە ئەویش لە ماڵ نەدەبوو، دایکی دەسەڵاتی دەگرتە دەست و رکوکینەی چەپێنراوی خۆی بە منداڵەکان هەڵدەرشت. ئەدۆلفی منداڵ، تەنانەت لە لای دایکیشی، خۆشەویست نەبوو. ئەم بارودۆخە دەتوانرێ لەگەڵ پۆلیسی ئاسایشی هیتلەر لە کۆماری سێیەمدا، هەروەها لە گەڵ تەواوی رژێمە سەرکوتکەرەکانی دیکەدا بەراوردبکرێ. پۆلیسەکانی ئاسایش پاسەوانی کۆیلەکانن، بەڵام خۆیان کۆیلەن. ئەوان ئارەزووەکانی دیکتاتۆر بەجێدەگەیەنن و لە ئامادەنەبوونیدا نوێنەرایەتی دەکەن. ئەوانە ترس بەنێو هاووڵاتیاندا بڵاودەکەنەوەو رۆڵی زاڵ بوو دەگێرن بە سەر بێ مافاندا.××

لێرەدا دەتوانرێ زاراوەیەکی دەروون شیکردنەوە؛ خۆبینینەوە لە کەسێکی دیکەدا Identifikation (٥)، بەکاربهێنرێ، بۆ لێکدانەوەو تێگەیشتن لە دیاردەی خۆبینینەوە لە کەسێکدا کە توندوتیژە×××. مرۆڤ بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە لەگەڵ کێشەکانی ناوەوەیدا، کە راستن و هەرەشە دەیانخولقێنێ، هەڵبکات، خۆی تیایاندا دەبینێتەوە. هیتلەر بە گوێرەی زانیاری بەچاو دیتە یەک، هەر لە تەمەنی سێ ساڵییەوە دەچووە سەر کورسییەک و لەبەرخۆیەوە وتاری دوورو درێژی پڕناڵەی دەوتەوە. بەم کارەی وتارە زلەکانی باوکی، وەک خۆی هەست پێدەکرد، دەنواندو دەگێرایەوە. هەرلێرەشەوە بناخەی بۆ هیتلەری دوارۆژ دانا. ئەو لەنێو جەماوەرە تاساوەکەدا، لە خۆیدا هەستی بە منداڵە سەرسوورماوو چاوبگێرەکەی ساڵانی یەکەمی ژیانی، دەکرد. لێتوژینەوەکان دەریان خستووە، تەنانەت باوکی هیتلەریش لەناو بارودۆخی دۆزەخاوییانەی پڕ هەرەشەی رۆژانەو تێهەڵدانی تۆقێنەردا، نەشونمای کردووە. ئەم راستییە جارێکی تر، هەبوونی"بەناچاری دووبارە کردنەوە"دەسەلمێنێ. مرۆڤ ئەو شتەی لە منداڵیدا بۆتە بەشێکی کەسایەتییەکەی، لە گەورەییدا دەیگوازێتەوە بۆ منداڵەکانی خۆی. هیتلەر جوولەکەو کەمایەتییەکانی دیکە، کە لە گەڵ"ئایدیالی ئاری"دا نەدەگونجان، بەهەمان شێوە راودەنان کە باوکی ئەمی راودەنا. لە رێی یاسای رەگەزەوە بڕیاری دا هەر هاووڵاتییەک تا سێ پشت بنەچەی خۆی دەستنیشان بکات. بەمەش درامای منداڵی خۆی دووبارەکردەوە. هەروەک چۆن خۆی بە منداڵی هیچ شانسێکی نەبوو لە یاسای باوکی خۆی بدرێتەوە، جوولەکەیەکیش بەهەمان شێوە، ئەو شانسەی نەبوو. وەک چۆن جوولەکەیەک دەبوو ملیکەچ بکات، ڕاونراوو گاڵتەپێکراوێکی مۆڵەت پێدراو بێت، ئەویش بەهەمان شێوە لە لایەن باوکییەوە هەلسووکەوتی لەگەڵ کرابوو.

دوای ئەوەی کە هەر "رەگەزێکی" پاک دەبێ هەتا سێ پشتی خۆی ساخ بکاتەوە، دوو ئامادەگی هەرە گرنگ لە فانتازیای هیتلەردا دەردەخەن. یەکێکیان ئەوەیە کە جوولەکە نوێنەری باوکین. ئەو بە ئاشکرا راویان دەنێت، بێ نرخیان دەکات، هەرەشەیان لێدەکات و بە یاساو بڕیارەکانی دەیانتۆقێنێ. ئەگەر باوکیشی بمایە بەر هەمان یاسا دەکەوت. دووەمیشیان ئەوەیە کە یاساکانی رەگەز دووریی ئەو لە بنەچەو زێدی باوکی دەسەلمێنن.

هیتلەر نەفرەتی لە هونەرمەندان کردو بڕیاری دا کتێبی هزرڤانە ئازادەکان بسووتێنرێ. بەهۆی شێواندن و هەرسهێنانی پێوەندییەکانی بە باوکییەوە،

سەرباری زیرەکی خۆی، لە خوێندنگەدا ئەنجامی خراپی وەدەست دەهێنا. ڤینی لەو کتێبانە دەبووەوە کە لەوانەبوو، ئەگەر لە سەرەتاوە دەرفەتی پێبدرایە تا لێهاتوویی خۆی گەشە پێبدات، بیتوانیایە بیانخوێنێتەوەو تێیان بگات. هزرەکانی هیتلەر لەمەر لە رەگ و ریشە هەڵکێشانی جوولەکەکان لە سەردەمێکدا کە زۆربەی خەڵک بە پێی "پەروەردەی رەش" پەروەردەدەکران، گوێرایەڵی بۆ کرا. هاووڵاتیان بە خۆشییەوە ئەو تاقە هەلە پێدراوەیان دەقۆستەوە، بۆ دەربرینی رقی خۆیان دژی جوولەکە. لەبەر ئەوەی رکابەرایەتیکردنی جوولەکەبە درێژایی دووهەزار ساڵ لە راونان، سەقامگیر ببوو، بۆیە رەوایەتییەک بەم دوژمنایەتییە دەدرا.

میللەر چۆنێتی نیشتنە سەر جوولەکەکانی لە پێنج خاڵدا روونکردۆتەوەو دەڵێت، هیتلەر بەم کارەی بۆی رەخسا ویستی رابردووی خۆی راست بکاتەوە. هیتلەر دەڵێت:

**١- تۆڵەی خۆی لە باوکی بکاتەوە کە بەوە تاوانبار دەکرا کە نیوە جوولەکەیە.**

**٢- دایکی، ئەڵمانیا، رزگاربکات لە ڕاونان.**

**٣- خۆشەویستی دایکی دەستەبەر بکات، بەریەندی رەوشتیی دابنێت و زیاتریش خودی راستەقینەی خۆی نیشان بدات. ئەو وەکووقین لە دڵێکی دژ بە جوولەکە نەک وەکوو منداڵێکی سالاری کاتۆلیک، لای ئەڵمانەکان خۆشەویست بوو.**

**٤- ڕۆڵەکان سەروبن بکات. ئەو ئێستا دیکتاتۆرەو هەموو لایەک دەبێ ملکەچی بن، هەروەک چۆن خۆی ناچار بوو ملکەچی باوکی بێت.**

**هیتلەر ئۆردوگاکانی کۆکردنەوەی دامەزراند، کە تیایدا خەڵکی وەکوو منداڵ سەیردەکران. (مرۆڤ بیر لە درندایەتیکردن ناکاتەوە، ئەگەر خۆی بەشێوەیەک، دووچاری هەمان شت نەبووبێ. مرۆڤ ئامادەگی ئەوەی تیدایە هەستەکانی منداڵ پشتگوێ بخات و بەهیچیان دابنێت).**

**٥- نیشتنە سەر جوولەکەکان، لەتەک ئەمانەدا، بۆی لواند بنشێتە سەر ئەو منداڵە لاوازەلە ناخی خۆیدا. ئەو ڕق و کینەی هەڵدەرژاندە سەر قوربانییەکانی بۆ ئەوەی هەست بە هیچ خەمێک لە مەڕ نالینەکانی رابردووی خۆی نەکات، کە لە هەڵگرتنیاندا، دایکی نەیدەتوانی یارمەتیان بدات.**

**هیتلەر بۆ تۆڵەسەندنەوەی نائاگایانە لە یاسا لادەرانی سەردەمی زووی منداڵیی، پاکانگیری کۆمەڵێک ئەڵمانی دیکە بوو کە لە هەمان بارودۆخدا نەشوغایان کردبوو. مرۆڤ پێویستە تێبگات تەنانەت هیتلەریش، کە یەکێکە لە پیسترین تاوانکاران بە درێژایی مێژوو، بە تاوانباری نەهاتۆتە دنیاوە.**

میللەردوای ٢٠ ساڵ کارکردن لە بواری دەروون شیکردنەوەدا هەستی کرد کە پێویستە شارەزاییە پەروەردەییەکانی خۆی بە دایکان و باوکانی دیکە بگەیەنێت. ئەو نەیدەویست باسی نەخۆشەکانی خۆی بکات، بەڵکو بەسەرهاتی ژیانی هەندێ کەسی ناسراوو بەرچاوی دەگێرایەوە، بۆ نموونە هی هیتلەر. میللەری پشت ئەستور بە تیۆری گەشەکردنی دەروون شیکارانە دەڵێت: بنەچەی هەڵس و کەوت و رەفتار بۆ منداڵیی دەگەرێتەوە. چارەنووسی ئەو کەسانەی ئەو لە کتێبەکەیدا باسیان لێوەدەکات نموونەی خەڵکانێکن کە لە منداڵیدادەرفەتیان نەبووە هەستە راستەقینەکانی خۆشەویستی و ڕک دەرببڕن. ئەو دەڵێت: هیتلەر لە ئەنجامی پەروەردەکەی دژە مرۆڤێکی هەڕەشەهێنەری لێدەرچوو.

هەموو ئەو دۆخانەی لە کتێبەکەدا باسیان دەکرێ، بەرئەنجامی "پەروەردەی ڕەش"ن، کە تەکنیکێکی پەروەردەکردنی ڕوخێنەرە؛ باوک و دایک بە چاوی کەم سەیری منداڵ دەکەن و پێی رادەبوێرن و هەوڵدەدەن هەموو هەستێکی داهێنانیان تیاداکپ بکەنەوە. بە گوێرەی ئەم تەکنیکە دایک و باوک هەمیشە لەسەر مافن، لەبەر ئەوەشە گرنگترین شت بەلای ئەوانەوە(واتە دایک و باوک) ئەوەیە منداڵ چۆن هەڵسوکەوت دەکات

نەک چۆن هەست دەکات. منداڵێک ئەگەر بە گوێرەی ئەم مۆدیلە پەروەردەکرابێ، لە گەورەییدا، مەترسی زۆری لێدەکرێ هەمان مۆدیلی پەروەردەکردن لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا بەکار بهێنێ.

میللەر لە مشت ومریدا لەسەر تراژیدیای شاراوەی منداڵیی، بە بەراورد لە گەڵ فرۆید، هەنگاوی زیاتر دەچێتە پێشەوەو دەڵێت، فرۆید بۆ مسۆگەرکردنی شوێنی خۆی و بۆ ئەوەی دوورەپەرێز نەکرێ و کۆمەڵگای بۆرژوازی پشت گوێی نەخات، تیۆری راونان Förförelseteori (٦)ی خۆی گۆری، ئەگەرچیش لە ئەنجامی گێرانەوەی نەخۆشەکانی، بەڵگەیەکی زۆری کەوتبووە بەردەست کە چۆن گەوران دەستدرێژی سێکسیIncest (٧) دەکەنە سەر منداڵان.

فرۆید دەیگوت، دایک و باوک نەک هەر رِکی خۆیان بەسەر منداڵەکانیاندا هەڵدەرێژن بەڵکو پێداویستییە سێکسی و خەیاڵییەکانیشیان بەوان پڕ دەکەنەوە چونکو دەسەلاتیان هەیە.

پاشتر ئەم بەشەی لە تیۆرییەکەی دەرهێنا. ئەو، ئەگەر وەکوو میللەر هێندە زۆری لەسەر برۆیشتایە ، ئەوەندە بە گەرم و گوری پێشوازی لێنەدەکراو لەوانوش بوو لەنەخۆشخانەیەکدا دەستی بەسەرا بگیرایە. میللەر دەڵێت: فرۆید تێگەیشتبوو بەلام نەیدەوێرا هەنگاوی تەواو هەڵێنێ. ئەگەر چی ئەمرۆ "پەروەردەی ڕەش" بەبەراورد لەگەڵ سەرەتای ئەم چەرخەدا، هێندە زاڵ نییە، واهەست دەکرێ کتێبەکەی میللەر، سەرباری تێپەربوونی چەندین ساڵ بەسەر دەرچوونیدا، هەر زیندووە.

بە گشتی دەتوانین بڵێین "پەروەردەی ڕەش" بەرگری لە هەڵس و کەوتی ڕوخێنەر دەکات ، کە لە راستیدا پاشکۆ، یان دووپاتکردنەوەی ئەو شتانەیە کە مرۆڤ خۆی بەسەری هاتوون. هیچ مرۆڤێکی سەردەم ناڵێت "پەروەردەی ڕەش" بەکاردەهێنم. ئەمە بە هیچ شێوەیەک ڕێ لەوە ناگرێ کە تاکوو ئەمرۆش، دایک و باوک داوا لە منداڵەکەیان دەکەن نکوڵی لە منداڵێتی خۆی؛ واتە نکوڵی لە لاوازیی، بێ دەسەلاتی و پێویستی یارمەتی بکات، بۆ ئەوەی گەورەو سەربەخۆو زیرەکی لێدەرچێ و شایانی رێزگرتنی گەوران بێت! کاری پەروەردەکردن هێندە ئاسان نییە. دایک و باوکێتی سەرسورهێنەرە، دایک و باوک دەکەونە نێوان دوو بەرداشەوە؛ لە لایەکەوە بەخێوکەری خاوەن دەسەلات و سزادەرن و لە لایەکی دیکەوە بەخێوکەری ئازادن بەوەی ڕێگای هەموو دنەدەرو هەڵپەیەکی منداڵ دەدەن.پێکەوە گرێدانی ئەم دووسەرە لەیەک جیایە، تەنانەت بۆ دایک و باوکی شارەزا لە سایکۆلۆژیاش، کارێکی بێ دەردی سەری نییە. ئایا سنوورەکە تا کوێ رابکێشرێ؟ میللەر پێی وایە دایک و باوکانی ئەمرۆ تارادەیەکی زۆر گیرۆدەی رابردووی خۆیانن و بۆیان هاسان نییە لە چەمکی نوێی لەمەر رەوشت و پەروەردەکردن تێبگەن. ئەمەش وایان لێدەکات کەمتر بتوانن لە دۆخی ژیان و هەلومەرجی جیاوازدا خۆیان بخەنە جێی خەڵکی دیکە، هەر ئەمەشە وای کردووە خەڵکێکی زۆرنەیانە وێ گوێیان لە باس و خواسی لێدانی منداڵ ومنداڵبازی و شتی تری لەم بابەتە ببێت. ئاگایی دایک و باوکێتی لە نەوەی ئێمەدا بێگومان گۆراوە، ملکەچی، زۆرهێنان، ڕقی و بێ هەستی وەکوو جاران چەمکی ڕەهاو بەگشتی دانپیدانراونین.

لە گەڵ ئەمەشدا هەتاکو ئێستا ڕێگای بەجێهێنانی پەروەردەی نوێ دەگیرێ و ئاڵینەکانی سەردەمی منداڵیی وشەیان بەبەرداناکرێ، بۆیە توانای هاو هەستیEmpati (٨)یان خۆهێنانە شوێن یەکێکی دی لە منداڵدا، تادێ کەم دەبێتەوە.

میللەر دەڵێت دوو میکانیزمی بنەرەتی لە "پەروەردەی ڕەش"دا هەیە؛ چەپاندنBortträngning (٩)و پێرژتنProjektion (١٠) کە دەبنە هۆی ئەوەی ئەم شێوە پەروەردەکردنە لە نەوەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە بگوازرێتەوە.

دەتوانین بڵێین کەئامانجی ئەم پەروەردەیە ئەوەیە کە لە منداڵدا لاوازیی، زیندوێتی و ئەو شتانەی کۆنترۆڵ ناکرێن، پێشێل بکرێن. ئەم پێشێل کردنە لەژێر ناوی خۆشەویستیدا ئەنجام دەدرێ. دەربرینێک بۆ ئەمە ئەو پەندە کۆنەیە کەدەڵێت"ئەوەی دەبێ بچەمێنرێتەوە، زوو بچەمێنرێتەوە". هزرەکە لەوەدایە کە بۆ ئەوەی منداڵ لە ژیاندا باشیی بێتە رێ، دەبێ لە رێی مستە کۆڵەی پتەوەوە پەروەردەبکرێ. پەندێکی دیکەی وەکوو"یەکێکت خۆشبوێ لێی دەدەی"، بەجوانی ئەوە روون دەکاتەوە کە پێشتر چۆن سەیری پەروەردەکردن کراوە. دایک و باوک ویستویانە منداڵ وا پەروەردە بکەن کە شەر لە ناخیدا بالادەست بێ بۆ ئەم مەبەستەش لە پێناوی"باشیی" منداڵ، بەهەموو شێوەیەک دژایەتی دەکرا. لەوانەیە هەندێ کەس بیربکاتەوەو بپرسێ جا چی لەمەدا تۆقێنەرە؟منیش واپەروەردەکراوم و لەئەنجامدا هیچ زیانێکم پێ نەکەوتووە. میللەر دەڵێت، ئائەمەیە میکانیزمی سەرەکی "پەروەردەی رەش" پێک دەهێنێ، کاتێک هەستی تارامییانەی جیاواز لە سەردەمی زووی منداڵیی، چەپدەکرێت.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم پەروەردەیە، پێویستە مرۆڤ لە قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ شارەزابێت. منداڵ لە سەرەتادا وەکوو تاکە کەسێکی بێ توانا لە دایک دەبێ و بەتەواوەتی پشتی بە دەوروبەرەکەیەوە دەبەستێ و هەل و مەرجی ژیانی دایک و باوک تەواوی جیهانی ئەون.

منداڵ وەکوو گەورە، پێویستی بە خۆشەویستییە. جیاوازییەکە تەنیا لەوەدایە کە منداڵ ناتوانێ بە دوای خۆشەویستیدا بگەرێ، بەڵکو ئەو خۆشەویستییەی کە دەتوانێ وەری بگرێ لە ئۆبژەکتObjekt-ە(١١) سەرەتاییەکەوە؛ لە دایک و باوکییەوەیە،وەری دەگرێ. بە گوێرەی" پەرومردەی رەش" منداڵ ناچار دەبێ بۆ ویستی دایک و باوکی ملکەچ بکات بۆ ئەوەی خۆشەویستیان بە دەست بهێنێ. خۆشەویستی پڕ داوای ئەوان وا لە منداڵ دەکات لە پێناو وەدەستهێنانیدا هەموو شتێک لە خۆیدا، کە پەیوەندی بە منJag-ەوە(١٢) هەیە ڕیشەکێش بکات.

ئەم جۆرە پەروەردەیە، رۆجەرسRogers واتەنی وادەکات منداڵ بەخۆشەویستی پڕ داوا بە خێویکرێت. منداڵ وا هەست دەکات کە خۆشناویستریٚ لەبەر ئەوەی وەکوو خۆیەتی. بۆیە ناچاردەبێ خۆی لە قاڵب بدات، بە شێوەی ئەوانی دیکە؛ گەورەکان، دەیانەوێ. لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا، (من)ی بنەرەتی وای لێدێ لەگەڵ (من)ی دروست کراو(بۆخۆگونجاندن)دا تەبانەبێت. ئالێرەدا میکانیزماکانی بەرگریکردنFörsvarsmikanism، بۆ هێنانە کایەی هاوسەنگییەکی دەروونی، دەکەونەکار. میکانیزمی چەپاندن لە خۆناسینەوە یان خۆبینینەوە لە رک دەربڕ(بۆ نموونە باوک)دا دەردەکەوێ. هەرچی میکانیزمی(پێرژتن)ە لە شێوەی باتاڵکردنی پاڵەپەستۆی ناوەوە، دەردەکەوێ کاتێک مرۆڤ بەسەر کەسانی دەوروبەردا، کە بە لاوازیان دەزانێ، خۆی زاڵ دەکات و دەیانچەوسێنێتەوە.

میللەر دەڵێت، یەکێک لە فاکتەرە لێک دەرەوەکانی بەرەو پێشەوەچوونی نازیزم لە ئەڵمانیا، لە سییەکان و بیستەکان، ئەوەبوو کە گەلی ئەڵمانی چەند کەسێکی لاوازیان دەویست بۆ ئەوەی ئاکامەکانی پەروەردەی رەشی خۆیان، پێ هەڵرژێنن. هیتلەریش لە گوتارێکدا گوتوویەتی"ئەگەر جوولەکەکان نەبوونایە ئێمە دامان دەهێنان".

## سێ سەرنج:

١- پێویستە لێرەدا ئاماژەی ئەوە بکرێت کە مەرج نییە هەموو ئەو کەسانەی پەروەردەیەکی توندو تیژو منداڵییەکی سەختیان هەبووە، لە داهاتوودا نەخۆش، تاوانکار یان بکوژیان لێدەربچێ. بەڵام ئەم هەل و مەرجانە، لەوانەیە فاکتەرێ پێکبێن و لەگەڵ چەندانی تردا، بناخەی دروست بوونی تەنگوچەڵەمەی دەروونی دابمەزرێنن و هەندێ جاریش ببنە هەوێنی خەملینی

کەسایەتییەکی توندو تیژو وێرانکەر.

٢- پێویستە بگوترێ کە ئەو مەینەتییانەی هیتلەر بەسەر مرۆڤایەتیدا هێنای، تەنها بەرهەمی پەروەردەبوونی ئەو لە خێزانێکی سەختدا نین، بەڵکو هۆگەلی دیکەی رامیاری و ئابوری و کۆمەلایەتی هەبوون کە بوونە مایەی شێوانی کەسێتییەکەی.

٣- ئەگەر لە ئەوروپا "پەروەردەی رەش" پیر بووبێ ئەوە لای خۆمان لە کوردستان لە هەرەتی لاویدایە. تەنانەت لە نێو ئەو خێزانانەی وڵاتیان بەجێ هێشتووەو کەوتوونەتە ئەورووپاو وڵاتانی دیکە، ئەم شێوازی پەروەردەکردنە، کەلەسەر توندو تیژی و زۆرلێکردن بەندە، هەرباوەو گەلێک گیروگرفتی بۆ منداڵانی کورد دروست کردووە.

**پەراوێزەکان**

**١- نیڤرۆسNeuros**: شێواندنێکی دەروونییە و لەوهەست، کردەوە، بیر، هەڵپەو رەوشتانە پێکدێن کە بۆ تاکە کەس تەنگوچەڵەماوین و بۆ (من Jag-بروانەپەراوێزی ژمارە١٢)ی نامۆن . بە پێی تیۆری سایکودینامیک، نیڤرۆس کێشەیەکی نائاگایانەیە کە دەبێتە مایەی دروستبوونی چەند کاراکتەرو نیشانەیەکی دەروونی تایبەتی.

**٢- خودبەرگری Självförsvar**:کارێکە(من) دەیکات بە مەبەستی لاوازکردن یان نەهێشتنی هەرەشەیەک کە لە ناوەوە یان لەدەرەوە سەرهەڵدەدات. بەرگری لە رێی میکانیزمەکانی بەرگرییەوە - بروانە پەراوێزی ژمارە١٠- ئەنجام دەدرێ کە زۆربەیان نائاگایانە کاردەکەن.

**٣- تاوتوێکردنی خەمSorgarbete**:پرۆسەیەکی سایکۆلۆژییە لە دوای لە دەستچوونی ئۆبژەکتێکی خۆش ویستراو دەست پێدەکات. ئەم پرۆسەیە، پەیتا پەیتا، دەبێتە مایەی ئازاد بوونی کەسەکە لە ئۆبژەکتەکەی.

**٤- بەناچاری دووبارەکردنەوەUpprepningstvång**: پرۆسێسێکە کۆنترۆڵ ناکرێ. سەرچاوەکەی لە نائاگاییەوە هەڵدەقوڵێ.لەئەنجامی ئەم پرۆسێسەدا کەسەکە خۆی دەخاتە هەل و مەرجی سەخت و پڕ ئازارەوە. بەم کارەش، تاقیکردنەوەی کۆن کە لە نائاگاییدا هەڵگیراوە، دووبارەدەکاتەوە.

**٥- خۆبینینەوەلە کەسێکی دیکەدا Identifikation**: پرۆسێس یان دۆخێکە مرۆ تیایدا بە(خەیاڵ یان راستی) لەنێو کەسێکی دیکەدا دەژی، کەم تازۆر، خەسڵەت، هەڵوێست، نرخاندن و تێروانینی کەسەکە وەردەگرێ.

**٦- تیۆری راونانFörförelseteori**: تیۆرییەکە رۆڵی گەورە لە دروست بوونی نیڤروسدا دەداتە ئەو پەلامارە زایەندەییانەی دژی منداڵ دەکرێت.

**٧- Incest**: دەستدرێژی زایندەیی بۆسەر منداڵ لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی خێزانەوە.

**٨- هاوهەستیEmpati**: توانای هاوهەستی یان خۆخستنە شوێن کەسێکی دی. واتە مرۆڤ دۆخێک لە گۆشە نیگاو تێگەیشتن و نرخاندنی کەسێکی دیکەوە دەبینێ.

**٩- چەپاندنBortträngning**: پەستانەوەی وێنەی زەینی، کێشە یان بابەت لە ئاستی ئاگاییەوە بۆ ئاستی ژێر ئاگایی. ماتریاڵ و وێنە چەپێنراوەکان هێزێکی دینامیکی لە ژێر ئاستی ئاگایی پێک دەهێنن و کاردەکەنە سەر بیرکردنەوە، هەلس و کەوت و شێوەی کاردانەوە، بەبێ ئەوەی لە ئاستی ئاگاییدا هەستیان پێبکرێ.

**١٠- پێڕژتنProjektien**: تاکەکەس بۆ هەڵکردن لەگەڵ نیگەرانیدا، هەندێ کاراکتەری نەخوازراوو نێگەتیڤی خۆی دەخاتە سەر کەسێکی دیکە. بەلایەوە ئاسانترە ئەو کاراکتەرانە لە کەسێکی دیکەدا، نەک خۆی، ببینێ. بۆ نموونە ئەگەر کچێک دایکی خۆش نەوێ و بەلایەوە شەرم بێ ئەم هەستەی دەربرێ، لەوانەیە نائاگایانە بڵێ، دایکم منی خۆش ناوێ. بەم شێوەیە ئەو مافە دەداتە خۆی کە رووبەرووی دایکی ببێتەوە.

١١- ئۆبژەکت Objekt: ئەو شتەی کەسێک بیری لێدەکاتەوەو رووی تێدەکات. دەشێ یادگاری یان فەنتازیا بێ. دەکرێ پارچەیەکی لەش یان هەرشتێکی دیکە بێت کە تاکە کەس رکوکینەو هەستە زایەندییەکانی خۆی دەخاتەسەر. تیۆری Objektrelation دەربڕینێکە بۆ رێکخستنی کەسێتی.

١٢- من Jag: بەلاتینی Ego و بە ئینگلیزی The seif ی پێ دەوترێ. بە گوێرەی تیۆری دەروون شیکردنەوە کە فرۆید هێنایە کایەوە، ئەو بەشەی کەسێتی پێک دەهێنێ کە راستەوخۆ پێوەندی بە راستەقینە فیزکی و کۆمەلایەتییەکانەوە هەیە. ئەو راستەقینانەی کە دەبێ داخوازییەکانی منی بالاو منی نزم لەگەل یەکدا بگونجێنێ. منی خواروو Detet بەلاتینی Id و بە ئینگلیزی The id ی پێ دەوترێ و بە دنە دەرەکانەوە گرێ دراوەو رەنگدانەوەی هەلپەو غەریزەکانە، کە راستەوخۆ داوای تێرکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان دەکەن. هەرچی منی بالا (Övergag)ە کە بە ئینگلیزی Super ego ی پێ دەوترێ، سەرچاوەی کۆنترۆلکردن لە رێی رەوشت و سزادانە . هەروەها داوای منی خواروو، بۆ تێرکردنی راستەوخۆی پالنەرو رەمەکەکان، رەت دەکاتەوە، تائەو کاتە بە شێوازێکی گونجاوو لە کۆمەلدا رێ پێدراو، تێریان دەکات.

١٣- میکانیزمەکانی بەرگریکردن FörsvarsmeKanism: شێوە یان میتۆدی لابردنی نیگەرانین. بۆ نموونە لە رێی بیرکردنەوە لەو شتەی نیگەرانی دەوروژێنێ- وەک ئەوەی نکوولی لە بوونی هەرشەیەکی دیاریکراو بکرێ یان ئاماژە بکرێ بۆ کەسێکی دیکە کە هەلەیەکی کردووە ، لە کاتێکدا مرۆڤ خۆی هەلەکەی کردووە .

× چاوگێرانێک بە یارودۆخی باشووری کوردستان و وردبوونەوە لەو کارانەی دەسەلاتداران؛ چەکداران، پۆلیس، ئاسایش و کەسانی دیکە کە جلەوی هێزیان بەدەستە ، دەیکەن، روونی دەکاتەوە تا چ رادەیەک مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێن(بروانە راپۆرتی ئەمنیستی لەسەر دەست درێژی حزبەکان بۆ سەر مافی مرۆڤ لە باشووری کوردستان لە ١٩٩١-١٩٩٥ Amnesty international- Human right abuses in Iraqi Kurdistan sinle1991.

×× ئەو دەسەلاتدارییەی کە رەنگە خۆی لە سەردەمی بەعسدا ئەشکەنجە درابێ، ئەمرۆ دوای راپەرین، رەنگە هەمان رەفتارو بگرە خراپتریش بەرامبەر خەلکانی دیکەی لاوازی وەکوو جارانی خۆی بکات. ئەو کۆیلەیە بەلام بە گیانی کۆیلەکانی دیکە دیکتاتۆرەو لەسەر هەمان مۆدێل دەروات کە پیاوانی رژێم، پێش راپەرین، لەسەری دەرۆیشتن. بۆیە تراوماکان؛ ئەو رووداوە سەختانەی ژیان، کە دەکەونەسەرووی تاقیکردنەوە ئاساییەکانی مرۆڤەوەو هەست و نەستێکی بەتین لە مرۆڤدا دەوروژێنن و دەبنە هۆی لاوازکردن یان نەمانی توانای کۆنترۆلکردنی هەل و مەرجەکانی ژیان، زۆرجار لە نەوەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرێتەوەو مرۆڤ هەست بە گۆرانی بنەرەتی لە یارودۆخەکاندا ناکات. هەتاکوو میکانیزمی تاوتوێکردنی تراوماکان، لەسەر ئاستی تاکە کەس و کۆمەلدا، نەهێنرێتە ئاراوە، لام وایە بتوانرێ بەری ئەم گواستنەوەیە بگیرێ.

××× بۆ تێگەیشتن لەم چەمکەش دەتوانرێ نموونە لە باشووری کوردستانەوە بهێنرێتەوە. دیاردەی خۆبینینەوە لە دوژمندا، دوای راپەرین؛ راشکاوتر لە جاران، لە هەلس و کەوت و بیرکردنەوەی زۆر لە دەسەلاتدار، چەکدار، کاربەدەست و رابەری ئەمرۆ دەردەکەوێ. ژیانی جارانیان لە شاخ، پێش راپەرینی جەماوەر، ئەو دەرفەتەی نەدەدا، خەلکێکی زۆرتر لە نزیکەوە لە سایکۆلۆژیایان، سایکۆلۆژیای مرۆڤی چەک هەلگر، شارەزابن. دانیشتوانی شارو شارۆچکەکان چەکیان لا پیرۆز دەبوو لە فانتازیای خۆیاندا، خۆیان لە چەک هەلگردا دەبینییەوە. بەلام سەردەم گۆراو چەک هەلگری شاخ، لە سایەی راپەرینێکی جەماوەریدا هاتە

شارو ناوەرۆکە راستەقینەکان، پەیتا پەیتا، ڕوویان لەسەر هەڵماڵرا.

ئەمرۆ لە باشووری کوردستان، نموونەی ئەو دەسەڵاتدار یان چەکدارەی، کە بە موو لە دوژمنەکەی دوێنێ لای نەداوە، گەلێک زۆرە، دەیبینی هەمان جل و بەرگی ئەو لەبەر دەکات، بەهەمان شێوە سینگ دەردەپەرێنێ و پۆزلێدەدات، وەک ئەو دەئاخڤێ و هەروەکوو ئەویش ڕۆژنامەکان بە قسەی بێ ناوەرۆک پڕدەکاتەوە، بەکۆشک و ئۆتۆمبیل و کەل وپەلی گرانبەهای دیکە دەنازێ و ئەوەی گیانی هاریکاریی و یارمەتیدان بێت بۆ هەژارو لێقەوماو نییەتی.ڕۆڵی ناسین و ناسینکاری لای ئەمیش، وەکوو پێش ڕاپەڕین، هەرباوە. شتەکان بەڕەش وسپی، دەبینێ و یەهەڕەشەو چەک و دەسەڵاتی خزم و کەس و بنەماڵەقایم کردووە. سینگ فراوانی بە لاوازی دەزانێت و بکوژیی هەڵدەنێ. ئەم چەکدار یان دەسەڵاتدارەی کە بە موو لە دوژمنەکەی دوێنێ لاینەداوەو نموونەی لە کوردستاندا گەلێک زۆرەو، لاقی گۆرینی کۆمەڵگاش لێدەدات، بەلام لە راستیدا لە دوژمنەکەی دوێنێ زیاتری پێناکرێت چونکە سترەکتووری کەسایەتی و بیرکردنەوەی، ئەگەر تەواو وەکووهی دوژمنەکەشی نەبێت، ئەوا زۆر لێیەوە نزیکەو بەگوێرەی چەمکی خۆبینینەوە لە کەسێکدا کە توندوتیژە، بە تەواوی خۆی لە دوژمنەکەیدا دەبینێ و هەر وەکوو ئەویش دەکات.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکەو گرێدانی بە بارودۆخی خۆمانەوە دەتوانین بڵێین، دیکتاتۆرییەتی رژێمەکانی کوردستانیان داگیرکردووە لە لایەک و هی گەلێ لە حزبە نادیموکرات و زۆرجار تێک بەربووەکانی کوردستان لە لایەکی دیکەوە، هەل و مەرج و زەمینەیەکی وایان رەخساندووە کە چەک و توندوتیژی ببێتە بە شێک لە مێشک و کەسایەتی مرۆڤی کورد، بڕوانیتە باشووری کوردستانی بەناو ئازاد دەبینی، توندو تیژی، گیانی شەرخوازی و تۆڵە سەندنەوەو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، لە سەردەمی پێش ڕاپەرین زۆرترن. توندو تیژی بۆتە میکانیزمێکی بیرکردنەوەو رەفتار، کە بە ئاسانی جێ بۆ بیرکردنەوەی لەسەر بناخەی عەقڵ و زانست و شارستانییەت چۆڵ ناکات.

سەندنەوەو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، لە سەردەمی پێش ڕاپەرین زۆرترن. توندو تیژی بۆتە میکانیزمێکی بیرکردنەوەو رەفتار، کە بە ئاسانی جێ بۆ بیرکردنەوەی لەسەر بناخەی عەقڵ و زانست و شارستانییەت چۆڵ ناکات.

سەرچاوەکان:

-Egidius,H.Termlexikon,Psykologi,Pedagogik,Psgkoterapi.3ed upplagan,lund,1979.
2-Fhaner,S.Psykoanalgtisktlexikon ,Nordstedts,1989.
3- Miller,A.I begynnelsen va uppfostran.Wahlström.
4- Widstrand,Stokholm,1986.

# بۆ بە خوێنی سەری یەکتر شاگەشکەن؟

**کاروان عەبدوڵڵا**

وا پێدەچێ گرێ کوێرەی شەڕی نەگریسی منجڕ، هێندە ئاڵۆزو تێک ئاڵاو بێت، لە هەل و مەرجی ئەمڕۆی کوردستاندا، نەکرێتەوە. لە سادەترین مرۆڤی کورد بگرە تادەگاتە بەرچاوترین سیاسەتمەدار، نائومێدن لەوەی، ئاسۆی دامرکاندنەوەی گڕی شەڕەکە ببینن.

جارێ کوردە سادە زەرەرمەندەکە لە قۆناغێکدایە، جیاوازی لە نێوان شەڕو ئاشتیدا بەدی ناکات، چونکە بە سەلیقەی خۆی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە، کە لە پشت ڕاگەیاندنی هەر بانگەشەیەکی ئاشتی، شەڕێکی تاریکتر خۆی مەڵاس داوە. ئێستا باس لە هۆکارەکان و تاوانبارانی شەڕ ناکرێت، ئێستا (عەلی حەسۆ میرخان)و (ئیبراهیم خەلیل)و(هەولێر)و(مەسیف)هۆکاری شەڕ نین، ئێستا باعیسی شەڕ عێراق و ئێرانن، کەس باس لە تاوانی یەکەمین گوللەهاوێژ ناکات، تاوانبار بە قودرەتی شەیتان، وەک ئەختاپووس، کون بە کون سەربەماڵاندا دەکات، بە نوێژی نیوەرۆ، کفن دابەش دەکات، لە بڵندگۆی مزگەوتەکانی خوای شەڕبانگ ڕادەدێرێ، بۆ حەقانییەتی هەڵوێستەکانیش، ئۆردووی شەڕ، دەست وپێوەند، وەکو کاران، ئامادەن. زیاتر لە سێ ساڵە کرمی ڕق و کینە لە نێو جەستەی ئێمەدا زاوزێ دەکاو، بەشاخ، بەبەرد، بەدار، بەڕۆح هەڵدەگرێ، پێبزانین یان نەزانین هەریەکێکمان ئەهریمەنە بۆ ئەوی تر. هەموومان تاوانبارین، کەچی هەمووشمان لەسەر حەقین. چ نەتەوەیەک لەم دونیایە بەقەد نەتەوەی کورد خۆخۆرە؟

کێ دەتوانی سەرەداوی تەلیسمی ڕۆحی ئەم شەڕەی دەست کەوێت، ڕێ لە بەچکەشەڕخواز، حەزی تۆڵە، خوێن ڕشتن، هەناو ڕەشی بگرێت؟.

ئێمە لە سەردەمانێک دەژین شەڕمان کردۆتە ژیان، ژیانمان لێبۆتە شەڕ، لە ژێرکەوتن زوڕنای سەرکەوتن لێدەدەین، لەسەرکەوتن ئاڵای ئاشتی لەسەر تەرمی برا دوژمنەکانمان هەڵدەدەین.

هەموو لایەک شەڕی دەوێت، کەسیش نییە ئاشتی نەوێ، بەڵام کوا؟ ئێمە کاتێک باس لە ئاشتی دەکەین، کە گوللەیەک دڵی یەکێکمان ببڕێت. ئاشتی ئێمە بەدوای گوللەی مەرگ ڕادەکات!! تف لەوەی فێری کردین، چۆن چۆنی سواری ئەسپی شەڕ بین، ئاشتی بکەین بە زمانی شەڕ. بەچی بتوانین وەڵامێک بۆ شەڕ داهێنین؟ کاتێک شەڕو ئاشتی هاوڕێی یەک بن، چۆن بتوانین حەق و ناهەق لەیەکتری جوێ کەینەوە؟ ئێستا کورد هیچ وەڵامێکی پێ نییە بۆشەڕ، هیچ پەیامێکی پێ نییە بۆ ئاشتی، ئێمە شەڕمان بەزمانی ئاشتی هەڕاج کرد، ئاشتیمان کردە بازرگانی و لە بازاری شەڕفرۆشان، ئەم دەست و ئەو دەستی پێدەکەن. گڕی شەڕەکانمان ڕووەو ترۆپکەیەک برد، کە دراوسێ

و بیانییەکانیش لەبەر ڕۆشنایی ئەو گڕەدا، نەخشەی تاریک دادەڕێژن، سەری بەخوێنی کوردان دەکەن بە پەڕۆی سەرچۆپی شایی و گۆڤەندەکانیان، ئێستا ئەوان لە جیاتی ئێمە، دەپەیڤن، شمشێر لە کالآن دەردێنن. هەموویان بۆ خاتری خۆیان جلی ئێمەیان پۆشیوە. ئەمڕۆ لە جاران توندتر ئازایانەتر، فرەوانتر، هێرشی مەرگ، سنوورمان پێ دەبەزێنێ، خاکمان شەلآلی خوێن دەکا. ئەمڕۆ تەرمی براکانمان دەکەین بەپرد، مەرگی تری بەسەردا ئاودیو دەکەین، خوێنی کوژراوەکانیش دەکەین بە ڕووباری بەزم و ڕەزم، حەزەکان مەلەوانی تیادەکەن: ئێمە ئەوەین. ئێستا ئەوەی دەیکەین بۆ خۆمان نییە، ڕاناوەستین ئەسپی شێتی شەڕەکانمان تا ئەو سەرو بەندەبرد، کە لە وێدا جڵەویشمان لە دەست نەما. ئێستا ئەمریکا ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا، ئەم ئەسپە لێدەخوڕن، چەتری ئاشتیش بۆسەرسەری یەکتر هەڵدەدەن. کوردستان بۆ ئەمریکا پڕۆژەی پردێکی سێ سەرەیە، سەرێکی ڕووی لە ئێرانە، سەربازێکی بێ چەک، قیت وەستاوەو نەخشەی جوگرافیای ئەو وڵاتەی پێیە، سەرێکی تری ڕووی لەبەغدایە، چەکدارێک بە جل و بەرگی کوردی، لە کەمیندایە و پەنجەی لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەی داناوە. دواسەری ئەم پردەیە دەچێتەوە نێو تورکیا، لە وێدا لە تاریکی شەواندا هاتوچۆی بەسەردا دەکرێت. کوردستان بۆ ئێران، سەرەتای وەرچەرخانی مێژووی شوومی پڕ لەخوێناوی داگیرکردنە، زەنگی بێداربوونەوەی نەتەوایەتی و تێهەڵچوونەوەی ڕۆحی دابەشکراوی کوردە، زیندوبوونەوەی قازی محەمەد و ڕوخانی دیواری بەرلینی ئیمپراتۆری سوڵتان و شاهەنشا دەمدەم شکێنەکانە، باشوور شەپۆلی دەریای ئازادییەو سنووره بەربەستەکانی ڕۆژهەلآت ڕادەماڵێت. ئێران ئەمڕۆ لە باشووردا گورگێکی خۆماڵییەو بە کەڵبە خوێناوییەکانی لقە زەیتوونێکی هەڵگرتووە. کوردستان بۆ عێراق، چاوپێدا خشاندنەوەی سیڤەرە، زیندووبوونەوەی هەڵەبجەیەو، پێشێلکردنی سەروەرە. کوردستان پردی مەرگە بۆ عێراق، ڕێبوارانی چەرخی تاریک بەسەریدا تێدەپەڕن. باشوور بۆ تورکیا، کێوی پێدەشتی(پ ک ک)ەیە، مناڵێکی لاسارەو لە دەرگای باکوور دەداو کفنی بۆ مەرگی دوویارەی باوکی تورکەکان پێیە. باشوور لە دیدی سووریاشەوە، مینێکی میقاتکراوی دەستی بێگانەیە، هەرکاتێک بتەقێتەوە، چاوێکی ڕەشی عێراقی عەرەب کوێر دەکاو، سەروەری نیشتمانی نەتەوەی پیرۆز لە دەست دەدرێ.

لە نێو ئەو هەموو حەزو خولیاو تەماعی دراوسێ و بیانیەکان، کورد بەدەستی خۆی حەزەکانی، خەونەکانی، کەمترین دەستکەوتەکانی بەدیاری بەوان دەدا. ئێمە ئێستا خۆمان نین، شەڕ لەسەر ئەوە دەکەین پاشکۆو پابەندی کام پڕۆژەی بێگانە بین، گوێ ڕایەڵی قسەی کام دراوسێی"ئاشتیخواز"بین، هەموویان دوستن و هەموو دوژمن، لەنێو ئەو هەموو دۆستە دوژمنانەدا چەپڵە بۆ کێ لێبدەین و کڕنووش بۆ کامیان بەرین؟

دەرگای باشوور لە پێنج لاوە کلۆم دراوە کلیلەکانی لەدەست ئێمەدا نین، دەست بۆ کامیان درێژبکەین، کلیلی کۆمەکی لەعنەتی لە کامیان وەرگرین ؟!! کێ ئەو هەموو پڕۆژانەی داهێنا کێ سوودمەندە لە بازاری پڕ ئاژاوەی ئەم شەڕو ئاشتیەدا؟.

ئێمە کە گەمیەکی بێ سەوڵی نێو دەریای خوێنی خۆمان و حەزو خولیای ئەوان بین، چۆن بزانین بۆ کوێ دەچین، بۆچی بە خوێنی یەکتر حاڵ بگرین و پێبکەنین؟ لەئاست ئەو هەموو نەخشەو پڕۆژانە، چبکەین... پاشکۆ بین، یان بەیەکجاری دەست هەڵبڕین؟!.

# هۆکاره جوگرافیی و مێژوویی و دەروونییەکانی دروستبوونی نەتەوەی کوردستان

د.وەهبیە شەوکەت
وەرگێڕانی: مەهاباد کوردی

بێگومان هۆکارەکانی ئاووهەواوجوگرافیای خاک و هەبوونی زەوییەدەشتاییە بەرفراوانەکان وکەنارە دەریاییە درێژەکان و زەویە بیابانییە لماوییەکان و شاخە عاسێ و ئەستەمەکان کار دەکەنە سەرپێکهاتن و باری دەروونیی کۆمەڵگاکان، ئەمەش بەدەوری خۆی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەنجامە باش و خراپەکان لە رەوتی مێژووی گەلاندا. بۆ نموونە ئەو هۆکارە دەروونییە کاریگەرانەی سەر ئەو گەلانە ی کە لە زەوییە دەشتاییە درێژبووەکاندا دروست بوون، لەگەڵ ئەو هۆکارە دەروونییانەی کە کاریان کردۆتە سەر گەلانێک کە لە زەوییە شاخاوییە داخراوەکاندا دەژین، جیاوازە.هەمان ئەو هۆکارانە کارتێکردنیان بە جۆرێکی ترە لەسەر ئەو هۆزو ئێلانەی کە لە بیابانە لماوییەکاندا ژیان بەسەر دەبەن.هەروا باری دەروونیی گەلانی ناوچەکانی هێڵی یەکسان جیایە لە گەڵ باری دەروونیی گەلانی باکووری سارد.

دیسان خاکی ئەو گەلانەی کە لە رێگا سەرەکییەکانەوە دوورن یان پردێکی سروشتی نێوان خاکی وڵاتە جیاجیاکان دروست دەکەن و هەبوونی سامانی سەر عەردوبن عەردو دەوڵەمەندبوونی خاک و رادەی بە پیت بوونی هەبوونی ئاو، ئەمانە هەموویان بە شێوەیەکی گەورە کاریگەرییان لە سەر هۆکارە دەروونییەکانی ئەو گەلانە دەبێت و رەوتی مێژووییان دیاری دەکەن. ئەگەر لە دێرۆکی کوردستان وردبینەوەدەبینین کە:

١- گەلی کورد یەکێک لە چوار میللەتە سەرەکییەکەی ناوچەکە پێکدێنێت(عەرەب،فارس،تورک وکورد) .

٢- لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا(١٦١) دەوڵەت هەیە(جگە لەو کۆمارە ئەوروپییە رۆژهەلاتییانەی کە تازە سەربەخۆییان وەدەستهێناوە) لەناو هەموو ئەم دەوڵەتانەدا تەنیا(٣١)یان هەن کە ژمارەی دانیشتوانیان لە کوردستان زیاترە.

٣- دەوڵەتی سەربەخۆ هەیە کە ژمارەی دانیشتوانی تەنیا(٢١) هەزار کەسە.دەوڵەتی کوەیتیش کەزۆر نەما جەنگی سێیەمی جیهانیی لە پێناودا بقەومێ،دانیشتوانە رەسەنەکانی لە نیو ملیۆن کەس کەمترە.لە شەری کوەیتدا جگە لە کوشتارو پیسبوونی دەوروبەر،چەندان ملیار دۆلار زیان لە مرۆڤایەتی کەوت.

٤- رووبەری کوردستان (٥٠٠ تا ٥٥٠) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبێت،کەچی دەوڵەتی سەربەخۆ هەیە رووبەرەکەی ناگاتە شارێکی بچوکی کوردستان، برێ لە دەوڵەتە سەربەخۆیە ئەوروپییەکان بۆ نموونە ڤاتیکان نیوەشارێکە، یاخود مۆناکۆ شارێکی بچووکی شاخاویی و کەنارێکی بەردینی رەقە، لۆکسەمبۆرگ و هەندێ دەوڵەتی دیکەی کەنداو وەکو میرنشینەکان و قەتەرو بەحرەین و عومان و ....هیتر. ئەم دەوڵەتانە هەموویان بچوکن و پانتایی خاکەکانیان لە چەندین کیلۆ مەتر تێپەر ناکات،هەروا لە ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای

لاتینیشدا دەوڵەتی زۆر بچووک هەن.

٥- گەلی کوردستان لە هەموو پارچەکانی وڵاتەکەیدا بەیەک زمان قسان دەکات. لەبەرامبە ئەمەشدا نەتەوەی پێشکەوتوو هەن کە گەلەکانی بە چەند زمانێک دەپەیڤن.بۆ نموونە لە سویسرادا سویسرییەکان بە فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتالی و رۆمانی دەدوێن، کەنەدییەکانیش بەزمانی فەرەنسی و ئینگلیزی دەئاخفن.

٦- مێژووی هاوبەش، مێژووی کوردستان هەر لە چاخە بەردینە - برۆنزییەکانەوە تاکو ئێستا درێژبوونەوەیەکی سروشتیی گەلی کوردستان پێکدێنێت. گەلی کوردیش هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە تا ئەمرۆ،سەرەڕای هەموو ئەو رووداوانەی دووچاری بووە،ناسنامەو زمان و قەوارە نەتەوەییەکەی گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە.

٧- چارەنووسی هاوبەش، گەلی کوردستان لە گشت قۆناغەکانی دێرۆکی خۆیدا ، سەرەڕای پارچەپارچەبوونی خاکەکەیشی،چەندین جار لە مێژوودا پێکەوە گرێدراوو هاوبەش بووەو هێشتاش چارەنووسی هاوبەشی گەلی کوردستان یەکێ لە پایەکانی دروستبوونی کەسایەتییەکەی پێکدێنێت. لە کاتێکدا کە چەندین نەتەوەی جیاجیای وەک ئەمریکی و ئوسترالی و نیوزلەندی و کەنەدی و ئەمەریکای لاتین دەبینین کە لە گەلانی جیاجیای ئەوروپایی نەتەوەیان پێکهێناوە.

سەرەڕای ئەم هۆکارە باشانەش دەبینین کە گەلی کوردستان لە پێکهێنانی نەتەوەیەکی یەکگرتووی کوردستانیی و بنیاتنانی دەوڵەتێکی ئازاددا سەرکەوتوونەبووە. مەگەر تەنیا لەماوە جیاجیاو لەیەک دوورەکاندا کە کوردستانییەکان(خەڵک و گەلانی کوردستان)توانیویانە نیمچە ئیمپراتۆرییەتی وەکو میتانی و لرستان و لۆلۆ ئیمپراتۆرییەتی گەورەی میدیا دروست بکەن، ئەمە جگە لەو دەوڵەتۆکانەی کە لە مێژووی دێرینی کورددا سەریان هەڵداوە. بەڵام لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە، لێک پچڕاوو لە جیهان دابڕاو بوون:

### ئەلف- هۆکارە جوغرافییەکان

١- سروشتی خاکی کوردستان هەروەک مینۆرسکی دەڵێت لە شێوەی داسێک دەچێت، سەری داسەکە لە باشووری قونیا لەسەر دەریای سپی ناوەراست و کەنداوی ئەسکەندەروونەوە دەست پێدەکات و لە باکوورو رۆژهەلاتیش لەگەڵ زنجیرە چیاکانی تۆرۆس پاشان زنجیرە چیاکانی ئەرارات بەرز دەبێتەوە تاکو کەوانویەکی شێوەداس پێکدێنێت و بەرەو دەریای رەش درێژ دەبێتەوە، لە وێوەش رووەو رۆژهەلات و زنجیرە چیاکانی قەفقاس دەچێت، دوای چەند فەرسەخێش زنجیرە چیاکەی دەسکە داسەکە بە درێژایی چیاکانی زاگرۆس بەرەو باشوور بەلای کەنداوی عەرەبیدا دەکشێن. هەروەها زنجیرە چیاکانی حەمرین سنوورە سرووشتییەکانی خوارەوەی کەوانە داسەکە پێکدێنن.

٢- شوێنی ستراتیژیی ئەم درێژبوونەوە فراوانەی خاکە شاخاوییە ئەستەمەکان پردێکی سروشتی بەهێز دروست دەکات لە نێوان باکوورو باشوورو رۆژهەلات و رۆژئاوادا. خاکی کوردستان لە لایەک ئەوروپا بە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستەوە گرێ دەدات،لەلایەکی ترەوە حەوزی دەریای سپی ناوەراست و باکووری ئەفریقا(بەتایبەتی میسر)بە کیشوەری ئاسیا دەبەستێتەوە.

٣- تێپەڕینی هێزە داگیرکەرەکان. ئەم جوغرافیایە وای لە خاکی کوردستان کردووە ببێتە چەندین رێگای وشکی سەخت،بەڵام کورت(بەبەراورد لەگەڵ رێگا دەریاییەکانی ئەو سەردەمەدا )بۆ پەڕینەوەی لەشکری

داگیرکەران و ئیمپراتۆرییەکانی باکوورو باشوورو ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا ،هەروەک دەبینین سوپاکانی هانیپاڵ و ئەسکەندەری مەکەدۆنی و کۆرشی فارسی و هۆلاکۆو جەنگیزخانی مەنگۆلی تەتەریی،چەندین جار لە مێژوودا پێلاوی قورسی خۆیان خستۆتە سەر خاکی کوردستان.

٤- مانەوەی داگیرکەران. سەرەرای ئەو ڕاستییەی سەرەوەش،لەشکرە داگیرکەرەکان یاخود ڕاستتر(لەشکرە تێپەربووەکان) بەخاکی کوردستاندا ،کەم لەم وڵاتەدا ماونەتەوە لەوێندەرێ شارو شارستانییەتیان بنیات نەناوە،هەر بۆ نموونە خاکی کوردستان پردێک بووە بۆ پەرینەوەی هێزەکانی هانیپاڵ و ئەسکەندەری مەکەدۆنیش بەکوردستاندا بەرەو ڕۆژئاوا بۆ میسر،ورووەو ڕۆژهەلات بۆ وڵاتی فارس و هیندستان،بەرەو خوارەوەش بۆ بابل پەریوەتەوە. بەڵام ئەم هێزانە لە کوردستاندا نەگیرساونەتەوەو چ شارێکیشیان تێدا دانەمەزراندووە،کەچی لە هەمان کاتدا

گەلێ بازێریان بەنێوی ئەسکەندەرییە لە وڵاتانی ناویراوادادروست کردووە. هێزە ڕۆمانییەکانیش لە کوردستان گیرنەبوون و لە وڵاتانی وەکو میسرو سوریاو فەلەستین و لوبنان وئوردنیش چەندین شارو شارستانییەتیان دامەزراندووە،هەرچی کوردستانیشە ئەوە تاکە شارێک چییە تێیدا دروستیان نەکردووە،هەرچەندە مێژووش زۆر باسی چوونە ناوەوەی ئەم هێزانە بۆ خاکی کوردستان دەکات و باسی شەرو پێکدادانی هێزە ڕۆمانییەکان و ساسانییە داگیرکەرەکان لە کوردستان دەکات،بەتایبەتیش نموونەی ئەو شەروشۆرانەی نێوان فارس و ڕۆمانییەکان یا ڕۆمییەکان لەدەوروبەری شاری دێرینی هەولێر بە ئاشکرایی دیارو بەر چاوە.سەرەرای ئەمەش ڕۆمییەکان لە خاکی ڕۆم نیشتەجێ بوون و گیرساونەتەوە.

٥- پێکهێنانی دەوڵەتێکی گەورەو یەکگرتوو. هەر لەبەر هەمان هۆی جوغرافیی دەبینین کە سروشتی خاکی کوردستان و ناخۆشی ڕێگاوپانەکان و بەزەحمەت پەیوەندی دانان لە نێوان خودی گەلی کوردستان، هەروەها ساردی ئاووهەواو زۆری بەفر کە لە کۆنەوە تائێستاش زۆربەی مانگەکانی ساڵ چیاکانی کوردستان دادەپۆشێت. ئەمانە هەموویان وایان لە گەلی کوردستان کردووە گۆشەگیرو کەنارگیربێ و کێڵانی زەوییە ڕەقەن و بەرداوییەکانی لا باشتر بێ لە تێکەڵبوون دەگەڵ گەلانی دیکەو بازرگانی و ئاڵوگۆڕکردنی بەروبوومەکان و شتی تر،کە ئەمانەش بەدەوری خۆیان دەبنە هۆی لە دایکبوونی حەزوئارەزوو بۆ پێکهێنانی ڕێگای بازرگانی و پەیداکردنی بازار بۆ ساغکردنەوەی کەرەسەو بەرهەمەکان،هەڵبەت پاراستنی ئەم بەرژەوەندییانەش سوپاو دەوڵەتی بەهێزی پێویست دەبێ کە لەشکر دامەزرێنێ و بەرژەوەندییەکانیشی پەرش و بڵاودەبێتەوە ،وەک دامەزراندنی ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورانەی کە چاویان لە خاک و وڵاتی گەلانی ترە.

٦- نەبوونی کەنارە دەریاییەکان. خاکی کوردستان لە هەندێ شوێن بەسەر دەریادا دەروانێ و ڕووگەی دەریایی هەیە. بەڵام لە ڕووی کەنارە دەریاییە درێژبووەکانەوە هەژارە. ئەگەر مێژووی ئیمپراتۆریەتە کۆن و دەوڵەتە گەورەکان بەسەر بکەینەوە دەبینین لەسەر ئەو خاکانە دروست بوون کە بە سەدان کیلۆمەترکەناری دەریایی شک دەبەن،یاخود ئەو خاکانە بریتی بوون لە کۆمەڵە دوورگەی نێو دەریاکان.هەروەک ئاشکرایە ڕێگا دەریاییەکان پێشان و ئێستاش گرنگترین هۆکانی گواستنەوەبوون بۆ گوێزانەوەی کەرەسەو کاڵاو لەشکرو زەخیرەی جەنگیی و سازکردنی کەشتییە دەریاییەکان.هەروەها بۆ ئاڵوگۆرکردنی ئامانجی کولتوریی و شارستانیی لە نێوان ڕەگەزە مرۆییە جیاوازەکاندا. بە وردبوونەوە ئەوەمان بەرچاودەکەوێ کە گەلی کوردستان لەم بوارەدا لە ڕووی ئاڵوگۆری بازرگانیی و فەرهەنگیی و شارستانییەوە زۆر لە کاروانی ڕێپێوانی گەلە ڕەسەنە کۆنەکان دواکەوتووە.

بەمجۆرەش بە دوورەدەستی و گۆشەگیریی داخراو لە دەوروبەرە کشتوکاڵییەکەی خۆیدا ماوەتەوەو،بەشێوە ژیانی خۆی لە خاکە شاخاوییە سەختەکاندا قەناعەتی کردووەو دووربووە لە حەزو ئارەزوو پەرەسەندن، زەوییە دەشتایی و کەنارە دەریاییەکانیشی بۆ گەلانی تر جێهێشت تاکو تیایدا نیشتەجێ بن. بەمەش چیا سەرکەشەکان بوونەتە سنووری سرووشتیی خۆی و ئەو گەلانە و،دیوارێکی سرووشتی لەبەردەم ئەو پێشکەوتنەی کە لە گەلانی دیکەوە هاتووە.

**بێ- تایبەتمەندیی ئەنترۆپۆلۆژیی**

پەیدابوونی مرۆڤ لە سەر رووی زەوی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی یەک ملیۆن ساڵ لەمەوبەر ئەم مرۆڤەش لە شێوەی کۆمەڵە ئادەمیزاد لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەدوای خۆراک و خۆپاراستن لە ئاژەڵە دڕندەکان دەگەڕا. گومانی تیانییە کە یەکەمین هۆزو خێڵەکانی کوردستان،تایبەت بەیەکەمین شەپۆلی مرۆڤایەتی،لە خاکی مێزۆپۆتامیا نیشتەجێ بوون،دیرۆکیش چەندین سەرچاوەمان پیشان دەدات سەبارەت بە بنەچەی مرۆڤی کوردستان. سەرچاوەی یەکەم دەڵێت: کوردەکان هەر لە بناغەوە خەڵکی ئەم خاکە بوون و تیایشیدا ماونەتەوە. سەرچاوەی دووەمیش دەڵێت: کوردستان هۆزە ئارییەکانن ولە ئەورووپاوە هاتوون و سەر بە کۆمەڵە هۆزی هیندوئەوروپین. سەرچاوەیەکی تریش دەڵێت؛ کوردەکان لە ناوچەی دەورپشتی دەریاچەی ورمێ پەیدابوون. سەرەرای ئەم هەموو سەرچاوانەش ئێمە دەزانین کە کوردەکان لە ماوەی نێوان سەدەکانی بەردینی و سەدە برۆنزییەکاندالە خاکی کوردستان بە جێ بوون،هەتا ئەگەر لە ناوچەکانی دیکەشەوە هاتبن ئەوا چ گومانی تیانییە کە ئەوان بە یەکەمین گەلانی کۆچەرو نیشتەجێی سەر ئەم خاکانە دەژمێردرێن!!

هەرچی شەپۆلەکانی دووەمی مرۆڤایەتیشن،ئەوا بە شێوەیەکی دیکەن و دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای پێکهاتنی کۆمەڵگا کۆیلایەتییەکان و وازهێنانی مرۆڤ لە کۆمۆنە سەرەتاییەکان،ئەم شەپۆلانەش لە شێوەی شەڕوهەڵکوتانە سەر ئەم و ئەو بووە کە لە لایەن کۆمۆنە سەرەتاییە بە هێزەکانەوە ئەنجام دەدران،ئەم کۆمۆنانەش هەتا بڵێی سەرەتایی و کێوی باوون،دەشبێ ئەوە بڵێین لەو سەردەمەدا برێ لە هۆیەکانی بەرهەمهێنانی سەرەتایی کشتوکاڵ پەرەیان پێدراوە.

لێرەدا دەتوانین ناوی ئاشوورییەکان بهێنین وەک نموونەیەک کە دەستیان گرت بەسەر هەندێ لە کۆمۆنە سەرەتاییە نیشتەجێکانی خاکی مێزۆپۆتامیا کە کاریان بەسەر شتێکەوە نەبوو،یاخود ئیلامییەکان(ئیرامین)کە پاشان بەرەو ناوچەی(وان)کەوتنە جووڵەو هەندێ لە کۆمۆنە سەرەتاییە نیشتەجێکانی ئەوێندەریان داگیرکرد،یان شەپۆلەکانی یەکەمینی حیسییەکان لەباکوورو... یاخود برێ لە شەپۆلی ساسانییەکان کە لە رۆژهەلات کەوتنە جووڵەجووڵ و چەندین دەشتی فراوانیان بەرێکرد،کەلە رۆژهەلاتەوە لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوە درێژ دەبوونەوە،هەروەها نیشتەجێ بوونی گەلە دێرینەکانی وەکو سۆمەریی و بابیلی و ئەکەدییەکان لە ناوچە باشوورییەکانی مێزۆپۆتامیا لە شوێنی بەیەک گەیشتنی دووروویارەکە ،دیسانیش گەلانی ئیلامی و ئارامییەکان لە رۆژئاوا لە سوریاو فەلەستین و لوبنان بەجێ بوون،فیرعەونییەکانیش لەناوچەی(دەڵتای نیل)لە میسر،کوردەکان ئەم گەلانەیان بۆ ماوەیەکی درێژ وازلێهێناو بەئاشتی دەژیان،هەرچەندیش نیشانەکانی پەیدابوونی یەکەمین ناوکی دەوڵەت لای گۆتییەکان لە باکوورو لۆلۆ لە باشوور،لە کوردستان بەدیار کەوتبوون،بەر لەو گەلانەی کە پێشتر ناویان برا.

لەبەر ئەوەی ئەم گەلانە لە زەوی و زارەکانی دەورووبەری کوردستان گیرسابوونەوەو خاوەن کەناری دەریایی ورووگەی ئاوییش بوون،هەروەها ئەم زەوی و

زارانە ئاسانتریش بوون بۆ لێدانی کەناڵ و جۆگەلەی ئاوو کردنەوەی ڕێگاوبان و هاتوچۆکردن. لەم بارەشدا ئەم گەلە دراوسێیانە زیاتر لە نیشتەجێ بوونی خۆیان سوودیان بینی بەبەراوردکردن لەگەڵ کوردەکان کە لەخاکە چیایی وسەختەکاندا دەژیان وکشتوکاڵکردن و لێدانی کەناڵی ئاوو گواستنەوەش لەم ناوچانە زەحمەت بوون. بەمجۆرە ئەم گەلانە لە پاشاندا مەترسییەکی گەورەیان پیکهێنا بۆسەر گەلی کوردستان،هەڵبەت دوای ئەوەی دەستی خۆیان بینی و بوونە خاوەن شارستانییەت،هەروەک چۆن ئەمە لەسەرەتادا لەگەڵ حیسییەکان و ئیلامییەکان رووی دا،ئینجا ئاشوورییەکان و پاشانیش فارسە ساسانییەکان ...هەرچی شەپۆلەکانی سێیەمی مرۆڤایەتین لە شێوەی شالاوی لەشکرەکانی ئەو ئیمپراتۆریەتانەوە بووە کە لەسەر بناغەی کۆمەڵگای کۆیلایەتی دامەزراون،سوپاکانی گریکی و رۆمانەکان بەرەو رۆژهەلات و باشوورو باشووری رۆژئاوا دەیانکوتا بە مەبەستی بەدەست خستنی سامانی زۆرو فراوانکردنی جێ پێی خۆیان و چەسپاندنی شارستانییەتییەکانیان کەلەسەر بنچینەی سەردانەواندنی زۆربە بۆ کەمینە پێکهاتبوون،ئەم سوپایانە لەو ناوچانە گیرسانەوە کە هاوسێی خاکی کوردستان بوون،لە پاشانیش خێزانی سەربازان و هێزەکانی بە تەواوەتی نیشتەجێ بوون و وەک دوا ئەنجامیش چەندین شارو شارستانییەت و جێنشینگەی هێلینی-گریکی و بێزەنتی-رۆمانی لەو شوێنانە دروست بوون کە دراوسێی کوردستانن،ئەوان بە دەگمەن لە خاکی کوردستان بەجێبوون لەبەر سەختی ناوچەکەو نەبوونی کەنارە دەریاییەکان و بەزەحمەت خۆپاراستنی داگیرکەران لەهەمبەر هێرشی دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە کە دژی هەرجۆرە داگیرکردنێک بوون.

سەبارەت بەشەپۆلەکانی تر مەترسیکانیان زیاتر بوون لەسەر خاکی کوردستان، ئەم شەپۆلانەش لە هۆزو خێڵە ساسانییەکانەوە دەستی پێکرد کە وردەوردەخۆیان خزاندە نێو خاکی کوردستان و، لە دوایشدا بەسوودوەرگرتن لە زمان و ئاین وشارستانییەتی کوردەکان بەهێزبوون و هێرشیان بردە سەر ئیمپراتۆرییەتی کوردستان(میدیا)و رووخاندیان و لە کۆتایشدا هەموو میراتێکی ئەم ئیمپراتۆرییەتەیان بەساختە بە میراتێکی مێژوویی فارسەکان ناونا.

لەهەمان کاتدا هۆزە عەرەبەکانیش لەدوورگەی عەرەبییەوە دەستیان کرد بە جووڵەجووڵ بەرەو باکوورو رۆژهەلات،بەشێک لەم هۆزانە بوونە دراوسێی فارسەکان و لە خوارووی مێزۆپۆتامیا نیشتەجێ بوون،بەشێکی تریشیان بوونە هاوسێی بێزەنتییەکان لە سوریا،بەڵام تەنیا لەسەردەمەکانی فەتحی ئیسلامی نەبێ چ مەترسییەکیان پێک نەهێنا بۆ سەر خاکی کوردستان.

ترسناکترین و درندەترین شەپۆلەکانی مرۆڤ بۆ سەر خاکی کوردستان ئەو شەپۆلە مرۆڤە کێویانە بوون کە لە ناوەراستی ئاسیاوە،لەسەرەتادا بەکۆمەڵە خەڵکی گچکەگچکە دەهاتن بۆ گەران بەدوای ئاوو گژوگیا،تورکە سەلجووقییەکان(ئۆغوز)یەکەمین بەشی ئەم کۆمەڵە خەڵکانە بوون و لە ناوچەکانی نزیک بەکوردستان نیشتەجێ بوون، هاتنی ئەوانیش هاوکات بوو لەگەڵ بەموسڵمان بوونی کوردەکان و قەبووڵکردنی ئاینی ئیسلام،ئەمەش خۆی لەخۆیدا بووە هۆی ئەوەی کە ئەوان سوود لەم ئاینەو شارستانیەتی گەلانیش ببینن،ئەم هۆزانە هۆزگەلێکی بیابانیی و شوانەوێرەی دڵرەق و کێوی بوون و هەندێ نشینگەی بچووکیان لەتەک خەڵکانی کوردستان و ئەرمەنەکان پێکهێناو،هەرزووش خەسڵەتی سەرەتایی و چەوسێنەرانەیان بەدیارکەوت. لەناوەراستی سەدەی سێزدەدا ،بەکەڵک وەرگرتن لەئەزموونی کورەمامەکانی خۆیان،دواشەپۆلە درندەکانی هۆزە مەنگۆلی و تەتەرە وەحشییەکان بەسەرکردایەتی هۆلاکۆو جەنگیزخان بەرەو کوردستان دەستی پێکرد،ئەم شەپۆلە درندانە

لەناوەراستی ئاسیاوە دەستیان پێکردو وڵاتی ئەنادۆل(باکووری کوردستان)یان خستە ژێر چنگی خۆیان،لە پاشاندا رووەو رۆژئاوا هەنگاویان ناو سەراپا خاکی مێزۆپۆتامیاو رۆژهەڵاتی ناوەراستیان داگیرکردو،بەمەش کۆتایی بە خەلافەتی عەباسیی هێنراو دوای سەرپێنەوی کردنی گەلە ئیسلامیەکانیش کۆلۆنییەکی گەورە هاتە دامەزراندن.. سەرئەنجامیش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دایکبوو.

**جیم- گۆرانکارییە مەزنە دیرۆکییەکانی کوردستان و بۆشاییەکانی نێوان ئەم گۆرانکارییانە:**

یەکەمین نشینگەکان لە مێزۆپۆتامیا لە سەردەمەکانی نێوان چاخی بەردینی و برۆنزیدا سەریان هەڵدا کە ئەو کاتانە مرۆڤ لە نێو ئەشکەوتدا گوزەرانی دەکردو هەر لەوێش یەکەمین کۆمەڵگا سەرەتاییەکان پێکهات. لەگەڵ نەبوونی لێکۆڵینەوەو هەڵکۆڵینی پێویست لەو شوێنانەی کە شوێنەواری کۆنیان تێدایە لە کوردستاندا، هەڵبەت ئەمەش بە فیتی حکومەتە یەک بەدوای یەکەکانە و بە نیازی کۆلۆنیالکردنی کوردستان و نەدۆزینەوەی بەڵگە مێژووییەکانیش بوو لە مەر شارستانییەتی دێرینی کوردستان. بەڵام سەرەرای ئەمەش هەندێ لە هەڵکۆلینەکان بەشێوەیەکی کۆنکرێت هەبوونی نشینگەکانی ئادەمیزادو ناوی یەکەمین شارستانیەتە مرۆڤایەتییەکانی ئیسپات کردووە، چونکە لە ئەشکەوتەکانی شانەدەری و حەسارۆست و هەزارمێردو ئەشکەوتی قەشەکاندا هێڵە هەوەڵینەکانی شارستانیەتە سەرەتاییەکان دۆزراونەتەوە. هەروەها شوێنەوارە دۆزراوەکانی گوندی چەرموو لەبازیان(لەباشوور) و گوندو شوێنەوارەکانی دەوروبەری گۆلی وان و گۆلی ورمێ هەبوونی چەندین کۆمەڵگای مرۆڤایەتی-کشتوکالیی دەسەلمێنن کە چۆنیەتی داکردن و عەمبارکردنی هەندێ جۆرەکانی دانەوێڵەی وەکو گەنم و جۆو نیسک و بەخێوکردنی برێ لە ئاژەڵی خۆماڵی وەک بزنیان زانیووە،ئەمەش لەنێوان سەردەمەکانی(٤٥٠٠-٣٥٠)پ.ز،ئەم گوندانەش لە پاشاندا بوونە ناوکی یەکەمی کۆمەڵگاکشتوکاڵیە-شارستانیەکان . هەروەها گۆتییەکان(خەبین)یان دامەزراند کە بە ناوکی یەکەمی کۆمەڵگای بە دەوڵەت و بە شارستانیی بوون دەژمێردرێت لە باکووردا. ئینجا لۆلۆ لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوروپشتی دەشتی شارەزوور لە نزیک شاری هەڵەبجە بنکەی یەکەمی شارستانییەتیان دامەزراند. وەک درێژەپێدانێکی هەردوو شارستانییەتی ناوبراو میسانییەکان نیمچە ئیمپراتۆریەتێکیان پێکهێنا کە دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا رادەگەیشت و زمانی رەسمیشیان زمانی کەلهوری(زمانی پالەوانان) بوو، لەسەردەمی میسانییەکاندا شارستانییەت سەقامگیر دەبوو گەلە دراوسێکان چەندین رێککەوتننامەی بازرگانیی و سیاسییان لەگەڵ دەوڵەتی میسانییەکاندا مۆرکرد، هۆیەکیش بۆ ئەمە بەرپەرچدانەوەی هێرشی حیسییەکان لە باکوورو ئاشوورییەکان لە باشووری رۆژئاوابوو.

دەوڵەتی میسانی رێککەوتننامەیەکی لەگەڵ فیرعەونییەکانی میسر،هەروەها گەلێ رێککەوتننامەی لە گەڵ بابلییەکان و سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان لە خوارووی مێزۆپۆتامیادا مۆرکرد، ئەو دەم لەخاکی کوردستان وردەوردە پەرستگای گەورە گەورە پەیدادەبوون، بۆ نموونە پەرستگای عەشتار لە شاری دێرینی هەولێر بووە یەکێ لە پەرستگا گەورەکان کە مێرو پادشاکان لە وڵاتانی دراوسێوە روویان تێدەکرد، ئەمەو جگە لە پەرستگای (تیداهیبا) لە نزیک کرماشان و دامەزراندنی دەوڵەتی لورستان لە سەر زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لەدەوروبەری(١٧٠٠پ ز) . یەکەمین وەرچەرخان لە مێژووی گەلی کوردستاندا دەگەرێتەوە

بۆ دەست بەسەراگرتنی ئاشوورییەکان لە سەردەمی ئاشوور هانیپاڵ بەسەر خاکی کوردستان و زاڵبوونیان بەسەر هەموو وڵاتە دراوسێکان و خاکی مێزوپۆتامیاو لە رۆژئاواشەوە گەیشتنیان بە میسرو لەباکوورو رۆژهەڵاتیشەوە داگیرکردنی وڵاتی ئەرمەن و حیسییەکان و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی بەهەیبەت و درندەو بەهێز.لەگەڵ ئەمەشدا ئەم گەلانە هەروا بە ئاسانی سەریان بۆ ئاشوورییەکان شۆڕنەکردو بەرەبەرە کەوتنە خۆیان و لە هەمبەریان راپەرین ، بەکورتییەکەی هێرش و شاڵاوی بەردەوام بۆسەر دەوڵەتی ئاشووری دەهێنرا ، مێژوو ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەندێ لەم هێرشانە لە لایەن ژنانەوە رێبەرایەتیدەکرا، وەک بەڵگەی مێژوویش لەسەر رابەرایەتی کردنی ژنان بۆ ئەم هێرشانە کچێ هەیە بە(سەمیر ئەمیس) ناسراوە، گوایە ئەم کچە لە ناوچەی گۆلی وان شوان بووەو پاشان یەکێ لە میرە ئاشوورییەکان حەزی لێدەکات و دەیخوازێت،ئیدی ئەمجارە سەمیر ئەمیسی گۆڕین شاڵاوو هەڵمەت دەباتە سەر گەلانی کوردستان و ئارامییەکانیش کە لە ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکاندا بوون، راستی و ئەفسانەکانیش تێکەڵ بەیەک دەبن، وەک دەبینین گەلگامش کە لایەنی کوردستانی زۆرلێکراو نوێنەرایەتی دەکات لەچیاکانی کوردستان شەرو زۆرانبازی لەگەڵ شەمشوونی دڵرەق دەکات(پیرەمەگروونی نزیک سلێمانی) بە مەبەستی رازیکردنی عەشتاری دایک و ئافرەت(سەمبوولی خاک) وەک هەوڵدانێک بۆ رزگارکردنی خاکی کوردستان، لەهەمان کاتدا رووداوە مێژووییەکان باسی قەومانی شەرێکی دژوار دەکەن لەهەمان شوێن لەنێوان کوردەکان و سەرجۆنی ئەکەدیدا کە تیایدا کوردەکان سەرکەوتوون، ئەم شەرو شۆرانەش لەگەڵ هەوڵدانی ئاشوورییەکان بۆ دەست بەسەراگرتنی عێلامییەکان و خەڵکانی دیکەی کوردستان هاوکات بوون، بەڵام ئەمجارە بە رێگای جیاجیاو بەهۆی دانانی میرە نێوخۆییەکان بە پادشای گەلەکانیان . مێژوو ناوی یەکێک لەم پادشا بچوکانەی ئیلامییەکانی بۆمان تۆمار کردووەکە لەسەر کێلی قەبرە دۆزراوەکەی لە زمانی خۆیەوە وەها نووسراوە: شا ئاشوور شای رۆژهەڵات و رۆژئاوا(لەسەر کورسی باوکم دەچەمێتەوە) بە واتایەکی دیکە ئەو لەسەر تەختی باوکمی داناوم. وادیارە ئاشوورییەکان جاری یەکەم باوکیان کوشتووە پاشان پەروەردەیان کردووە، ئینجا وەک لایەنگری خۆیان کردوویانە بە پاشای گەلەکەی خۆی. ئاشوورییەکان هەر هەمان رەفتاریان لەگەڵ کوردەکاندا کردووە. یەکێکیان لە گەلی کوردستان هێناوەو بە پاشای ئەو گەلەیان داناوە. بەڵام ئەمەی دواییان لێیان راپەری و رووی کردە پایتەختی ئاشوورییەکان(نەینەوا) بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەیان، جاری یەکەم شکستی هێناو پەنای بۆ چیاکان برد تا یارمەتی لە هەموو شوێنێکی کوردستانەوە بۆ هات، ئینجا سوپایەکی گەورەی پێکەوەناو شاڵاوی بردەسەریان، لەم هێرشەیدا نوێترین چەکی ئەو کاتەی بەکارهێنا کە بریتی بوو لە چەورکردنی رم بەزەیت پاشان بەکیرۆسین و خزینیان لەسەر ژێی کەوانەکان بەلەسەرخۆییەکی توند، لە ئەنجامی لەیەک خشانیشدا ژێ ئاوریشمییەکان بارگەی کارەباییان دروستدەکردو بەمەش ماددەی کیرۆسین ئاگری دەگرت، بەم شێوەیە سوود لە ئاگرەکە دەبینرا.. گەلان ستەمی ئاشوورییەکانیان بینی بوو بەحەسرەتەوەش دەیانروانییە کۆتایی ئاشوورییەکان کاتێ کە میدییەکان خەڵکی کوردستان بەم چەکە ئاگرینە سەیرانە قەڵاکانی ئەوانیان دەکوتاو، رۆناکی ئاگرەکان لەسەر رووی ئاوی رووباری دیجلەش شەوقی دەدایەوە. میدییەکان دوای زاڵبوون بەسەر قەڵاکانی ئاشوورییەکاندا ئیمپراتۆرییەتێکی مەزنیان دروست کرد کە لە باشوورەوە بۆسەر رۆخەکانی ئاوی دیجلە درێژ دەبووەوەو رێککەوتننامەیەکی ئاشتیشیان لەگەڵ بابیلییەکاندا مۆرکردو هەر ئەوانیش بوون

بابلییەکانیان رزگارکرد، لەدوایشدا کچەکانی خۆیانیان دەدا بە بابلییەکان و پەیوەندی ژن و ژنخوازیی لە نێوان هەردوولادا دامەزرا. ئیمپراتورییەتی میدییەکان لە رۆژهەلاتەوە تاکو تارانی ئێستاو لە باکووری رۆژهەلاتیشەوە تاکو گورجستان و ئەرمەنستان و ناوچەکانی قەفقاس درێژ دەبووەوە، جگە لە چەندین خاکی فراوان لە رۆژئاوادا . هەروەها میدییەکان لە بواری ئەندازارێتی و سازکردنی کۆشک و قەلاکان و کردنەوەی کەنالی ئاو زۆردەست رەنگین بوون و گەلە دراوسێکانیش کەلکیان لەشارەزایی ئەوان وەردەگرت. لەنزیک شاری کرماشانی ئێستاش پایتەختی خۆیان شاری(ئەکباتان)یان دامەزراند.هەروەها زمانی کەلهوری-کوردی و نووسینی بزماری پێشکەوتن و زمانی کەلهوری بووە زمانی رەسمی و ئاڤێستاش بەکتێبی پیرۆز دادەنراو ئاینی زەردەشتیش بووە ئاینی رەسمیی ئیمپراتۆرییەت، لەگەڵ پاراستنی پەرستگاکان و بەردەوامبوونی ئاینی بتپەرستیی، پەرستگای(تیداهیبا) خواوەندی ژنە سکپڕەکان و منالان و مێردەکەیشی خواوەندی گەلان و باران و شینایی لە نزیک کرماشان بەیەکێ لە گەورەترین پەرستگاکانی رۆژهەلات دەژمێردراو، ئەم خواوەندە بەرەو رۆژهەلات جوولاو لای هیندییەکان بووە(میتدا) و عەشتاریش بەرەو باکوورو رۆژهەلات جوولاو بووە ئەفرۆدیت لە یۆنانستان و ڤینۆس لە رۆماو قەبیلیا لە ئەنادۆل.

هەل و دەرفەت بۆ خەلکانی کوردستان ئەوەندەدرێژەی نەکێشا، چونکە لەو کاتەدا هۆزە ساسانییەکان بەهێزبوون و لەباکوورو رۆژهەلاتەوە بەدرێژایی سنووری کوردستانی رۆژهەلات بەسەرکردایەتی کۆرش هاتنە خوارێ و ولاتی میدیایان دایە بەر شالاوی خۆیان و روخاندیان، ئیتر ئەوە بوو ئیمپراتۆرییەتی ساسانیی یەکەم دامەزرێنراو ئەم ئیمپراتۆرییەتەش بۆ چەندین سەدەی دوورودرێژ زمان و شارستانییەت و ئاینی میدییەکانی بەکارهێنا، پاشان وردەوردە زمانی خۆی لە بوارە رەسمییەکاندا پێشخست و دەستی کرد بە بەکارهێنانی زمانی تێکەلاوی خۆی لەگەل زمانی ئاڤێستا(کەلهوری) لەکۆشک و داموودەزگا رەسمییەکانداو، شێواندنی ئاینی زەردەشتی و گۆرینی بۆ ئاینی مەجووسیی، بەمجۆرە بەچەشنێکی زۆر فێلبازانە هەموو شارستانییەت و میرات و کەلەپوری ئیمپراتۆرییەتی میدیا بەدرۆ خرانە پال فارسە ساسانییەکان. ئەگەر بێت و لاپەرە بەلاپەرەی مەزنترین سەرچاوە دیرۆکییەکانی فارسان هەل دەینەوە کە کتێبی (شانامە)ی فیردۆسییە، دەبینین کەمێژووی کوردستان کراوەتە مێژووی فارسان و شوێنەوارە بەرچاوە کوردستانییەکان(میدییەکان) بەتەواوەتی کوێرکراونەتەوە . بۆشاییەکی زۆر لەم ماوەیەی دیرۆکی کوردستاندا بەدی دەکرێ. لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین : چۆن ساسانییەکان توانییان بەسەر میدییەکاندا زالبن . ئایا میدییەکان بەرهەلستییان کرد یان نا؟!!

مێژوونووسی گریکی هێرۆدیتس باسی هەندی نیشانەو بەسەرهاتی ئەو دەممان بۆ دەگێرێتەوە لەبارەی گەزنەفونی یۆنانی کە لە لای کیسرای فارس ماوەتەوە. بەلام یارمەتی ئەسکەندەری داوە لە هێرشەکەیدا بۆ سەر ئیمپراتۆرییەتی فارسی. هێرۆدیتس دەلێت: گوایە ئەم سەرکردەیە(گەزنەفون) چاوی بەکوردە گۆتییەکان کەوتووە، هەندێ لە زمانزانانیش بۆ نموونە پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ دەلێت: رێی تێدەچێت گەزنەفون زمانی کەلهوری (کوردی) زانیبێت ، چونکە ئەم زمانە رەسمیی بووەو زمانی ئەرستوکراتی نێو کۆشکی میرو پاشاکان بووە، لەبەر ئەوە گەزنەفون بەشێوەیەکی ئاسایی لەم زمانە گەیشتووەو قسەی پێ کردووە لەناو کۆشک و سەراکانی کیسرادا. هەروەها سوپاکانی کیسرا کاتێ کە لە ولاتی هیند بەدرێژایی کەناری دەریای عەرەب دەگەرانەوەو گەیشتنە خالێک، تووشیان بوو بە تووشی

چیای سەرکەش و گەلانێکی بەتەواوەتی جودا لە خۆیان کە ریگایان پێ نیشان دان، ئەم گەلانەش گەلانی کوردستان بوون لەناوچەی(لورستان) ئەمانەش هەموویان بەڵگەی ئەوەن کە شارستانییەت و زمانی میدییەکان لەکن یۆنانی و مەکەدۆنییەکان نوێ نەبوون، چونکە وڵاتی کوردستان تاماوەیەکی درێژیش لای یۆنانییەکان بە میدیا ناو دەبراو، لەسەرنەخشەش وڵاتی میدیا دەنووسرا.

وەرچەرخانێکی گەورەی دیکە لە مێژووی کوردستان روویدا کاتێک کە هێرش و هەڵمەتەکانی سەردەمی خەلافەتی راشدین لە زەمانی عومەری کوری خەتاب دووەمین خەلیفەی راشدییەکان، دەستی پێکرد، ئەم هێرشانەش بە جەنگی قادسیە لە دژی کیسرای فارس لە باشووری مێزۆپۆتامیا دەستیان پێکرا کە عومەری کوری عاس لەم جەنگەدا بەسەر لەشکرەکانی کیسرای نەوشیروان بەسەرکردایەتی رۆستەم سەرکەوت و رۆستەمیش لەلایەن یەکێ لەسەرکردە موسڵمانەکانەوە (قەعقاع) کوژرا، لە باکووریشەوە هێرشە ئیسلامییەکان بەرێبەرایەتی عوبەیدوولای کوری تەڵحە بەرەو باشووری کوردستان بەردەوام بوو لە باکووری کوردستانیش بەسەرکردایەتی عومەری کوری غەنیم پەرە بەم هێرشانە دەدرا. دیسان لێرەدا بۆشاییەکی دیکەی ئەم ماوەیە بەرچاودەکەوێ، ئایا کوردەکان بەرەنگاری ئەم ئاینە نوێیە بوونەوە یان نا؟چۆن وازیان لە ئاینی زەردەشتی ئاینی باب و باپیرانیان هێنا؟ لەم بوارەدا مێژوو ئەوەندە شتێکی زۆرمان بۆ باس ناکات تەنیا(چاکی ئەو شەخسانە) نەبێ کە یارمەتی سەرکردە موسڵمانەکانیان داوە لە هێرشەکانیاندا، خەڵک ئەم شەخس و پیاو چاکانە بە پیرۆزدەزانن، بەڵام رۆڵیان باشتر نەبووە لە رۆڵی سوارەی حەمیدییەو پارێزگارانی گوند لە ئەمرۆی باکووری کوردستاندا، لە هەمان کاتیشدا گڵکۆی کەسانێک دەبینین کە بەردباران کراون و لەژێر کۆمەڵە بەردا نێژراون، چونکە گرێدراوبوون بە ئاینی رەسەنی خۆیان و بەرهەڵستیی داگیرکارانیان کردووە.

مەترسیدارترین گۆرانکاریی و وەرچەرخان کەبەسەر کوردستاندا هاتبێ دەگەرێتەوە بۆسەدەی یازدەهەم کاتێ کە کۆمەڵی کچکەکچکەی تورکە سەلجوقییەکان(ئۆغۆزییەکان)لەناوەراستی ئاسیاوە هاتنە خوارێ و شالاویان هێنایە سەر کوردستان، ئەم عێل و عەشیرەتانە لەسەرەتادا نزیک بە خاکی کوردەکان نیشتەجێ بوون و هەوڵی ئەوەیان دا لە شارستانییەت و ئاینی ئەوان فێری شت بن، کاتێکیش کە بینیان کوردەکان تارادەیەک شارستانی و بێ دەردوبەلان، ئەوانیش ئاینی ئیسلامیان قۆستەوەو زیاترو زیاتریش دەهاتنە نێو خاکی کوردەکانەوە، بەڵام لە پاشاندا واروویدا یەکێ لە میرە کوردەکان کە لە باکووری رۆژهەلاتی کوردستانەوە هاتبوو، دەست بگرێ بەسەر کاروباری ئیسلام و دامەزراندنی خەلافەتی ئەمەویش لە میسرو شام و فەلەستین، هەرچی خەلافەتی عەباسیش بوو بەدەردی لاوازی و پارچەپارچە بوونەوە دەینالاند، لەو ماوەیەدا کوردستان گەشایەوەو قوتابخانە ئاینی و ناوەندی ئەدەبی و کولتورییەکان پێشکەوتن و هەندێ شاریش لە کوردستان بۆنموونە ئەفلات بنیات نران. کەمایەتییە ئاینییەکانی وەکو ئەرمەن و فەلەکانی دیکەش وردەوردە لەسایەی ئەم حکومەتەدا بەخۆشی هەناسەیان دەداو موسڵمانەکانیش لە هێرشەکانی زاڵمانەی خاچپەرستانی ئەوروپا رزگاریان بووبوو. لەو کاتانەشدا جەنگیزخان بەدوای زەوی بە پیت و سامانی زۆروزەبەندا دەگەرا، لە ئاسیای ناوەراستیش کە(تەتەرو مەنگۆلەکان)ی لێ نیشتەجێن، ئەمانەی چنگ نەدەکەوت، لەبەر ئەوە سوودی لە ئەزموونی کورەمامانی خۆی.تورکە سەلجووقییەکان وەرگرت و لە باکوورەوە خاکی کوردستانی داگیرکردو لە باشووریشەوە بەغدای رووخاندو کۆتایی بە خەلافەتی عەباسیی هێنا.

سەرئەنجامیش ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی دامەزرا کە نەک هەر بووە بەڵای سەری کوردەکان و خاکی کوردستان وبەس، بگرە بۆ هەموو گەلانی عەرەب و ئیسلام و دیانەکانیش. ئەستانە(ئەستەمبوڵ)ی پایتەختی بیزەنتییەکان بووە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیی و کڵێساکانیش بەزەبری کوتەک کرانە مزگەوت و گشت شوێنەوارە مەسیحی و ئەرمەنییەکانیش لەژێر ناوی ئیسلامدا رووخێنران.

لەساڵی ١٥١٤ لەژێر ناوی مەزهەبی سوننی عوسمانییەکان و مەزهەبی شیعی ئیرانییەکان، شەڕێکی گەورە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانیی و دەوڵەتی سەفەویی ئیرانی روویدا. کوردەکانیش لە هەردوولادا بوونە قۆچی قوربانیی ئەم شەڕەو، خاکەکەشیان بە گوێرەی پەیماننامەی قەسری شیرین بۆ یەکەمین جار دابەش کرا، هەروەها ئەو میرنشینانەی کە لە پاشاندا لەهەردوو پارچەی کوردستان دامەزران بریتی بوون لە میرنشین گەلێکی خۆجێیی خێڵەکیانە نەشیانتوانی وەکو گەلەکانی دیکە بۆ نموونە عەرەبەکان هەوڵ و تەقەلاکانی خۆیان لە جەنگێکی سەرانسەریی رزگاریخوازیدا یەکخەن. لە هەمان کاتدا گەلێ لە میرو سەرکردەکان دەرکەوتن بۆ نموونە شامحەممەد(پاشای کۆرە) لە میرنشینی سۆران کە مەیل و ئارەزووی یەکێتی و یەکگرتنەوەی کوردستانی هەبوو، هەروەها میرنشینی بابان گەشەی سەندو لە دوایشدا بزووتنەوەکانی بەدرخانییەکان و یەزدانشێرو عوبێدوڵڵای نەهریش لە ساڵی ١٨٨٠ بەرپابوون کەلە بزووتنەوە گەورەکان بوون و ئامانجیشیان یەکپارچەیی خاکی کوردستان بوو، ئەمانە بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانیی سەریان هەڵدا.

لەدوای یەکەمین جەنگی جیهانیش کوردستان بەگوێرەی پەیماننامەی لۆزان بۆ چوار پارچە لەت لەتکراو هەروەک مامۆستا ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت: خاکی کوردستان وای لێهات کەمتر بێت لە خاکی کۆلۆنی (موستەعمەرەیەک)و گەلی کوردستانیش کەمتر بێ لە گەلێکی کۆلۆنیالکراوو کوردستانیش ببێتە کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتان، کەنەک هەر تەنیا دەوڵەتێک بگرە چەندین دەوڵەت داگیری بکەن. هەرچەندیش بە پێی بەندەکانی ٦٣-٦٤ی پەیماننامەی سیڤەر کوردەکان مافی خۆیان بوو دەوڵەت دامەزرێنن، بەڵام سەرانی کورد لە لایەن ئەتاتورکەوە بە بیانووی ئاینی و سیاسی هەڵخەڵەتێنران و داگیرکەرانیش بەتایبەت ئینگلیزەکان بۆنی پاکی نەوتیان چووە کوونە لووتەوە، لەبەر ئەوە خاکی کوردستانیشیان هەروەک سامان و خێرو بێرو خاکی گەلانی دیکەش کە لەبەر دەستیاندا بوو دابەشکرد. هەڵبەت لەو ماوەیەدا چەندین بزووتنەوە روویاندا، بۆ نموونە بزووتنەوەکانی شێخ مەحموودی بەرزنجی لە ساڵی ١٩١٩و بزووتنەوەکانی بارزانییەکان لەساڵانی١٩٣٤-١٩٤٥و سمکۆو کۆماری کوردستان لە مەهابادو بزووتنەوەی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥و سەید رەزای دێرسیمی١٩٣٨، ئەم بزووتنەوانە هەرچەندە بوونە هۆیەک بۆ بەزیندوویی هێشتنەوەی کێشەی کورد لە ویژدانی مێژوو رای گشتیدا، بەڵام نەگەیشتن بە ئامانجە راستەقینەکانی خۆیان کە بریتی بوون لە رزگاربوون و سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کوردستان.

## دال: هۆکارە ئاینییەکان و ئاینی تاک یازدانی لە کوردستان

هۆکارە ئاینییەکان رۆڵێکی سەرەکییان گێڕاوەلە دیرۆکی کوردستانداو ئاینی بتپەرستیش لەسەرەتادا لە خاکی میزۆپۆتامیادا سەری هەڵداوە، وەک دەبینین عەشتاری خواوەندی سۆمۆرییەکان، بگرە یەکەمین خواوەند گەورەترین پەرستگای لە هەولێر هەبووە، ناوی شارەکە خۆیشی(ئەربائیلۆ) مانای هەبوونی چوار خواخوەنددەگەیەنێت، چونکە شاری هەولێر دەکەوێتە

ناوچەیەکی دەشتایی ڕێک و بەرفراوان تاکو ئێستا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە کۆنترین شار ماوەتەوە کە هەمیشە ئاوەدان بووەو خەڵکی تیادا ژیاوە، هەر لەبەر ئەوەشە بووەتە بارەگای خواوەند، وەک ئاشکراشە هێزی دەوڵەت و مەودای بڵاوبوونەوەی ڕەنگدانەوەی خۆیان دەبێت لەسەر بڵاوبوونەوەی ئاین و دواجاریش لە بڵاوبوونەوەی ئاینی بتپەرستیدا. لەبەر ئەوە دەبینین کە عەشتار لە ڕێگای دەریاوە لە ئەوروپا بڵاوبۆتەوەو لە یۆنان ئەفرۆدیت و لە ڕۆماش ڤینۆس بووە. هەرئەو خۆشی بوو کە دوێنێ ئەسیسی ژنی ئەسیرس و دایکی مۆرس و تیداهیبا بوولە ڕۆژهەڵاتیش بووە متیدای هیندییەکان. لە پاشانیش چەندین وشە پەیدابوون کە مانای ئەو خواوەندەیان دەبەخشی بۆ نموونە(ئافرەت)ی کوردی لە ڕەسەندا ئەفرۆدیتی خواوەندە، (ژن) کە لە زمانی کوردیدا زیاتر بە مانای ئافرەتی شووکردوودێت لە(زن)ی خواوەندی مانگ- ژنی خواوەندی ڕۆژ ئەمون وەرگیراوە، هەروەک دەبینین زن لە مێزۆپۆتامیایە بەڵام ئەمون خواوەندێکی میسرییە، ئەمەش مانای شووکردن و ژنهێنان دەگەیەنێت لەسەر ئاستی مرۆڤایەتیدا بۆ نموونە تارتا ئامای پاشای میسانییەکان کچەکەی خۆی دا بە ئەمۆن حەوتە بی سێیەم، کوڕی هەمان پاشای میسانییەکان جارێکی دیکە کچەکەی خۆی دەداتە هەمان فیرعەون، بەڵام ئەو دەمرێ، ئەمجارە ئەمۆن حەوتەبی چوارەم دەیخوازێت، لە ڕێگای ئەم کچەشەوە تەختی پاشایەتی بە میرات دەپارێزرێت، لە وڵاتی میسانییەکاندا یەکەمین ناوکی پەرستنی تاکە ئاینێک سەری هەڵدا کە لەسەرچاوەی ڕۆژ(هوو سۆریاخۆر) خۆی دەنواند، ئەمە لە سەرەتادا کوڕی زن و ئەمۆن بوو، بەڵام دوای گۆرانکاریی لە هەموو سیفاتێکی ماددی بەدەربوو هەروەک لە حالەتی تاکە خواوەندا، کە ئەم خواوەندە مۆرکێکی سەمبولیی و نموونەیی دەبێت و بە پێچەوانەی خواوەندەکانی دیکە لە ژیانی ئاسایی جیا دەبێتەوە، خواوەندەکانی سۆمەریی و بابیلیی و میسانیی و گریکی و میسریی و ڕۆمانییەکان هەموو سیفاتێکی ئادەمیزاد، خۆشەویستی و ڕق لێبوونەوەو ئێرەیی و شووکردن و ژنهێنان وهی دیکەیان دەگرتە خۆ، بەڵام هەموویان بەنەمریی دەمانەوە، هەر ئەمەش بوو لە ئادەمیزادی جیادەکردنەوە. هەرچی تاکە خواوەندی میسانییەکانە شێوەیەکی سەمبووڵیی وەرگرت لە دواجاریشدا نزیک بۆوە لە تاکە یەزدانی ئاینە ئاسمانییەکان. لەوانەیە ئەمەش بە هۆی پەیدابوون و دەرکەوتنی ئەو پێغەمبەرانەوە بووبێ کە ئەو کات داوای یەزدانی تاک و تەنیایان دەکرد هەر بۆ نموونە نوح پێغەمبەرو ئەفسانەی کەشتییەکەی کەلەسەر زنجیرە چیاکانی ئەرارات یان جودی گیرسایەوە، ئینجا دەرکەوتنی پێغەمبەران ئیدریس و یونس و ئیبراهیم لە خاکی کوردستاندا، ئەمانە هەموو بەڵگەی ئەوەن کە نوک و کرۆکی ئاینی یەک خودایی لە کوردستانەوە دەستی پێکردووەو بەرەو ڕۆژئاواو میسری فیرعەونییەکان پەل و پۆی هاویشتووە. فیرعەونییەکان لەبەر بیروباوەری ئاینی شەری کەسیان نەدەکرد، هەروەک دەبینین کاتێک کە شازادەی میسانی مێرد بە فیرعەونێک دەکات، فیرعەون ناوی خۆی لە ئەمۆن حەوتەب جێگری خواوەندی ڕۆژەوە دەگۆرێت بۆ ئەخناتون کوری خواوەندی چاوەی ڕۆژو ناوی ژنەکەشی لە تیداهیباوە دەکاتە نەفرتیتی، لە ئاکامیشدا کەشیش و قەشانی کەنیسای ئەموون- ڕەع لە هەمبەری رادەپەرن، بەمجۆرە یەکەمین شۆرشی ئاینیی یەکخودایی دروست دەبێ و لە خاکی کوردستانیشەوە سەرچاوەدەگرێت، بەڵام کوردستان خۆی بە دوورەپەرێزیی لەم ئاینە دەوەستێت کە لە دواییدا دنیای هەژاندو لەسەردەستی مووساش نوێ دەبێتەوە، هەروەها دەرچوونی مووسا لەمیسر لەگەڵ بەنی یەهودا، ئەمەش جاری یەکەم بووە کە کوردەکان واز لە ئاینەکانیان بێنن، هەرچی جاری دووەمیشە گرێ دراوە بە ئاینی زەردەشتی کە ئەم ئاینە لە شێوەی ئاینێکی

مژدەهێنەری نیمچە فەلسەفیی لەخاکی کوردستان سەری هەڵدا، کتێبی ئاڤێستاش بە زمانی خەڵکی کوردستان و پیتی بزماریی نووسرابوو، کە ئەوکات ئەم پیتانە بەکاردەهێنران، بەڵام فارسە ساسانییەکان کتێبی ناوبراویان زەوت کردو پاشانیش گۆڕییان بۆ ئاینی مەجووسیی، فارسەکان دوای مووسڵمان بوونیشیان بەچەندین سەدە لە ژێر کاریگەریی ئەم ئاینەدا هەر مابوون، هەرچی کوردەکانیشن بەپێچە

وانەوە دوای مووسڵمان بوونیان شێلگیرانە شەری ئەم ئاینەیان کرد. لێرەدا جێی خۆیەتی باسی دەرکەوتنی ئاینی یەزیدیش بکەین لە ناوچەکانی هۆرێن و شەنگارو شێخان، هەروەها بڵاوبوونەوەی ئەم ئاینە بۆ باکووری رۆژهەلاتی کوردستان و تا ئێستاش زۆر لە کوردەکانی سۆفییەتی جاران باوەریان پێی هەیە ، نوێژکردن و هەموو کەشە ئاینییەکانی تر بەکوردی ئەنجام دەدرێن.

**ها: ئیسلام:**

لەدواییدا لە ٩٥٪ی کوردەکان بە خۆشی بێ یان بە ناخۆشی باوەریان بە ئاینی ئیسلام هێناو چەندین قوتابخانەو تەریقەتی ئاینی دەرکەوتن، هەروەها زۆر لە زانایانی گەورەی ئاینی ناویان کەوتە ناو ناوانەوەو خەلافەتی عەباسیش لەسەر دەستی مووسڵمانێکی کوردستان بە ناوی ئەبوموسلیمی خۆراسانی هاتە دامەزراندن، کەچی دوای سەقامگیربوونی ئەم خەلافەتە دامەزرێنەرەکەی بە بیانووی مەجووسیەت و جووداخوازییەوە تاوانبارکرا. هەروەها جیهانی ئیسلامیش لە هێرشە بەردەوامەکانی خاچپەرستان رزگاری بوو، بەواتایەکی دیکە شەروشۆرەکانی نێوان ئەورویاو رۆژهەلاتی ناوەراست، لەسەر دەستی کەسێکی دیکە لە کوردستان ئەویش سەلاحەدینی ئەیووبی بوو کە لە باکووری رۆژهەلاتی کوردستانەوەرووی کردە باشوورو لەوێوەش چووە شام و میسرو دەوڵەتێکی ئیسلامیی بە ناوی دەوڵەتی ئەیوبیی دامەزراند، بە گشتی گەورەترین خزمەتی بە ئیسلام و بە تایبەتیش بە عەرەبەکان کرد. بەڵام بە داخەوە سەلاحەدینیش وەک ئەبوموسلیمی خۆراسانی نەیتوانی مۆرکێکی نەتەوایەتیی کوردستانیی لە ئیسلام بدات. لە پاشانیش قەومانی شەری چاڵدێران لە نێوان ئاینزای سوننی عوسمانییەکان و ئاینزای شیعی سەفەوییە ئیرانییەکان دەبێتە هۆیەک بۆ لەناوچوونی کوردان لەو نێوەدا، سوڵتان سەلیمی عوسمانیش توانی زانا سوننییەکانی کوردان والێبکات کە فەتوای ئاینی دەربکەن بۆ ئەوەی کوردەکانیش بەناوی مەزهەبی سوننییەوە داکۆکی لە دەوڵەتی عوسمانیی بکەن. لەم بوارەدا ئیدریسی بەتلیسی کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو. سەفەوییەکانیش کوردە لوورییەکانیان بەناوی مەزهەبی شیعییەوە هەڵخەڵەتاندوکە شەریش دەستی پێکرد هەر کوردەکان بوون دەبوونە سووتەمەنی ئەو شەرە. ئەوەی کوژرا کوژرا، کوردستانیش بۆ دوو پارچە لەتکرا. ئیتر کە کوردەکان شەری هەردوو دەوڵەتیان دەکرد، ئەمجارە لە پێناوی سەرسەختترین دوژمنی خۆیان دەجەنگان کە هەردوو دەوڵەتەکە بوون . مێژوو ئەوەمان بۆ دەگێرێتەوە کە عەباسی سەفەویی پێشبرکێیەکی خوێناوی کەم وێنەی لە دیرۆکی ئادەمیزاددائەنجام داوە، کاتێ کە فەرمانی داوە سەرکردە کوردەکان بهێنرێن و بەریزبوەستێنرێن ، ئینجا دەبوو هەر سەرکردەیەکی کوردلە لایەن ئەفسەرێکی سەفەوییەوە سەرببردرێن و دەشبوایە ئەم کارە بەپێوە ئەنجام بدرێ، سەری سەرکردە کوردەکان لە ناکاوێکدا بە شیر دەقرتێنران و ئەفسەرە سەفەوییەکانیش دەگەرانە دوواوە، نێچیری کامە ئەفسەر درەنگ بکەوتایەتە سەر زەوی، ئەوا ئەو ئەفسەرە خەلاتی لەدەستی سوڵتانی سەفەوییەوە پێ دەبرا، کێ هەیە مێژوویەکی وەها خوێناویی چاو پێکەوتبێ کە گەلێک لە گەلانی جیهان وەکو گەلی

کامه ئەفسەر درەنگ بکەوتایەتە سەر زەوی، ئەوا ئەو ئەفسەرە خەڵاتی لەدەستی سوڵتانی سەفەوییەوە پێ دەبڕا، کێ هەیە مێژوویەکی وەها خوێناویی چاو پێکەوتبێ کە گەلێک لە گەلانی جیهان وەکو گەلی کوردستان دووچاری هاتبێ.

بیروباوەڕو مەزهەبە ئاینییەکان ڕۆڵی خۆیان هەبووە لە بزووتنەوەکانی عوبەیدوولای نەهری و بەدرخانییەکان و بابانەکانیش. بزووتنەوە کوردستانییەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیش مۆرکێکی ئاینییان پێوەدیاربوو، کەسایەتییەکانیان یان شێخ بوون یان سەیدو مەلابوون ، شێخ مەحموودی بەرزنجی بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە لەدژی ئینگلیزەکان شەڕی دەکرد، شێخ سەعید شێخ و سەید ڕەزا سەیدبوون، بارزانیش باوکی ناوی شێخ عەبدولسەلامەو براکەشی شێخ ئەحمەدو خۆیشی مەلا مستەفا، هەمووشیان مۆرک و شەقڵی ئاینییان پێوە دیارە، سمکۆش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان موڵکداری خاوەن دێهات و دینداربوو، قازی محەممەدیش یەکێ لە زانا گەورە ئاینییەکان بوو، باوەڕیشی بە ئیسلام زۆر پتەوبوو، سەرەڕای ئەم ژمارە گەورەیەی ئاینداره پاکەکان ودڵسۆزەکانی ئاینی ئیسلامیی و هەبوونی گیانی نیشتمانیش کوردەکان بە پێچەوانەی میللەتەکانی ترەوەنەیانتوانی بزووتنەوەیەکی ئاینیی ئیسلامیی لە خزمەتی خۆیان بخولقێنن، عەرەبەکان حوکمرانێتی چارەکی جیهانیان کردو توانیشیان شارستانییەت و زمانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتەوە بگەیەننە هیندستان و چین و ئەندۆنیسیا و فلیپین، لە باکووریشەوە ئەسپانیاو، لە ڕۆژئاواو باشووریشەوە ئەفریقا، فارسەکانیش هەر لە هەوەڵین ڕۆژەکانەوە ئیسلامیان لە خزمەتی خۆیان بەکارهێناو مەزهەبی شیعیان گرتەبەرو بەرگێکی فارسیشیان لەبەر کردو هەر لە سەرەتای خەلافەتی عەباسییەکان و مووسڵمان بوونی زۆربەشیان لەسەر دەستی ئەوان، یاری خۆیان ئەنجام دا، تورکەکانیش ئەگەر لەسەر بنچینەیەکی ساختەش بێ هەر لە سەرەتای نیشتە جێ بوونیان لە کوردستاندا سوودیا ن لە ئیسلام وەرگرتووە، تا دامەزراندنی دەوڵەتەکەشیان (کۆماری تورکیا) توانیویانە سێ جاران لە مێژوودا کورد بە ناوی ئیسلام فریوبدەن. هەروەک پێشتر باسمان کرد لە شەڕی چالدێران و شەڕەکانی بەڵقان بە نێوی سوارەی حەمیدییە و لە پەیماننامەی لۆزانیشدا، بەڵام بەداخەوە ئیسلام هەرگیزاو هەرگیز نەبووەتە کوردایەتی ، هەر کوردایەتیش بووە کە هەمیشە لە خزمەتی ئیسلامەتیدا بووە!!

لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان وەکو گەلێکی جودا لەگەڵ هاوسێکانی خۆیان قەوارەو زمان و دێرۆکی خۆیان پاراستووەو خاکی خۆیان جێنەهێشتووە، لەبەر ئەوە بە دڵنیاییەوە ڕۆژێ هەردێ کە ئەوانیش وەک هەموو گەلە دراوسێکانی ناوچەکە بە ئازادی و ڕزگاری و یەکێتی نیشتمانیی و پێکهێنانی نەتەوەیەکی کوردستانیی یەکگرتوودا.

**دەقی ئەم وتارە بەزمانی عەرەبی لە ژمارەی ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٩٥ی گۆڤاری (صوت کردستان)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# مێژووی کورد یان تەنگەژەی بیرو مێژووی ڕواڵەت؟

نەجاتی عەبدوڵڵا

بەداخەوە تا ئێستا مێژووی کورد بە جۆرێکی زانست و وەک مێژوو نەنووسراوەتەوە. ئەو نووسینەی بەناوی مێژووەوە دەنووسرێن تاکوتەرایان لە چوارچێوەی زانستی مێژوودا نووسراونەتەوە. لەم دەساڵەی دواییدا مێژووی کورد لە هەموو بابەتێکی دیکە زیاتر بەرچاو کەوتووە و زۆری دەربارە نووسراوە، کە بەداخەوە زۆربەیان لە ژێر تائسیری «گرێی بێ دەوڵەتی و هەستی نیشتمانی و ئێگزیلدا، یا وەک کاردانەوەیەکی دەروونی دژ بە بندەستەیی فارس و تورک و عارەبدا نووسراونەتەوە. بۆیە دەبینین نووسینەکان زۆر شاعیرانە تێکەڵ بە هەست و نەستی عاتیفی بوون، تا وای لێهاتووە هێندە بە خۆماندا هەڵگوتووە کە بەرچاوی خۆمان ونکردووە. لەبەر جەوری ستەم و ملهوڕی داگیرکاران، خۆمان بە بەرز گرتووە و مێژوویەکی ناڕاستمان بۆ خۆمان نووسیوەتەوە، کە ئەگەر لە دوارۆژدا کورد ببێتە خاوەن دەوڵەت، دەبێت سەرلەبەری ئەم نووسینانە ڕاستبکرێنەوە، چونکە مێژوو دەبێت لە عاتیفەو سۆزو ئینتیمای نیشتیمانییەوە دوور بێت.

زۆر جاران هێندێک باسی مێژوویی دەبینم کە هیچ موخاتەبەیەکی ئەقڵی و هیچ لێکدانەوەیەکی زانستی تێدا نابینم. جگە لە سۆز و کەفوکوڵی بێدەوڵەتی و پیاهەڵدان و ستاییش و گەورەکردن شتێکی دی نین.

لە سەرێکی دیکەوە زۆر نووسەری کورد ڕاست وچەپ کەوتوونەتە نووسینەوەو دووبارەکردنەوەی شتەکان بێ ئەوەی شتێکی نوێ بڵێن.

لە ژمارە «١٦»ی ڕابووندا وتارێکی کاک کەریمی حسامی، بە نێوی «ڕوداوێکی گرینگ لە مێژووی نەتەوەکەماندا» بڵاوکراوەتەوە. وتارەکە جگە لە زمانێکی شاعرانە و هەست و کوڵێکی پڕ تاسە و نۆستالیژیا و گەڕانەوە بۆ دواوە هیچی دیکەم تێدا نەبینی. سەرەڕای ئەوە ڕاستییەکان زۆر گەورە کراون و، پێم وایە لە زۆر جێگەدا دروست مێژووی ڕواڵەتە تا مێژووی هەقیقەت.

لە سەرەتادا کاک کەریم دەنووسێت: لێرە پێویستە ئەمە ڕوون بکرێتەوە کە ئەم «دەوڵەتە بچووکە» لە ٢٢ی یانڤاری ١٩٤٦ دامەزراوە.

جارێ بەر لە هەر شتێک دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە کۆماری مەهاباد، یان کۆماری کوردستان هەرگیز دەوڵەت نەبووە بە مانای چەمکی زانستی دەوڵەت. ئەگەر بشێ بڵێین حکومەتێکی ناوخۆیی بووە و بەس، چونکە دیارە دەوڵەت و حکومەت دوو چەمکی جیاوازن و نابێت تێکەڵ بکرێن. لە لایەکی دیکەوە کۆماری مەهاباد لەلایەن هیچ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییەوە بە ڕەسمی ددانی پێدا نەنرابوو، تا هێزی یاسایی خۆی وەربگرێت و بە حکومەت بناسرێت. تەنیا ئەوە نەبێت کە لەئانجامی کۆمەڵێک ناکۆکی نێودەوڵەتی ، لاوازبوونی دەسەڵاتی شاهەنشاهی لە کوردستان، وەزعێک هاتە پێشەوە کە کورد بۆخۆی تەشکیلاتێکی ئیداری دامەزراند و ناوی نا کۆمار.

لە چەمکێکی دیکەدا کاک کەریم دەنووسێت: لە بارەی ناوی کۆمارەوە وشەی کۆماری «مەهاباد» بە هەڵە کراوەتە باو، کوردستانەکەیان لێ ئەستاندۆتەوە

مەهابادیان پێوە نووساندووە.

من پێم وایە راستییەکەی هەر کۆماری مەهابادە، چونکە لەخۆڕا نییە کە ئەم ناوەیان پێبڕیوە. دیارە کاک کەریم لەخۆی نەپرسیوە کە بۆچی ئەم ناوەیان پێبڕیوە. من پێم وایە خەڵک باشترین مێژوونووسن. کۆمارێک کە سنووری دەسەڵاتی تەنیا لە شاری مەهاباد گیربخوات و هەوڵێک نەدات تەنانەت ناوچەکانی نزیکی خۆیشی بخاتە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیەوە، بێگومان لەم نێوە زیاتر بە خۆیەوە هەڵناگرێت. ماوەی نزیک بە ساڵێک ئەو هەموو ناوچە زۆرو زەوەندەی کوردستانی خۆرهەڵاتی ناوای فەرامۆش کردبوو، کە ئەمە گەورەترین هەڵەی سیاسیی کۆماری مەهاباد بوو. بۆیە ئەگەر ناوی کۆماری کوردستانی گەورەش لە خۆی بنێت، هەر «کۆماری مەهاباد»ە. دیسان مەسەلەکە مەسەلەی نێوان رواڵەت و گەوهەرە!

کاک کەریم دەنووسێت: «هێزە بە رواڵەت دیموکرات و شۆڕشگێڕەکانی ئێرانیش کۆماری کوردستان بە (بزوتنەوەی خودموختاری) دەزانن و لەم چوارچێوەیەدا هەمیشە دیقاعیان لێکردووەو بۆچوونیان لەگەڵ کۆنەپەرستی ئێران لەم خاڵەدا لێک جیادەبێتەوە».

کۆماری مەهاباد، خۆیشی وەک ستراتیژ و بەرنامە، هیچ کاتێک دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی بەرز نەکردۆتەوە. من کارم بەسەر ئەوەوە نییە شاعیرێک، یان رووناکبیرێکی کورد لە رۆژنامەی کوردستان، یان لە گۆڤارێکدا، باسی سەربەخۆیی کوردستانی کردبێت. خۆ ئەگەر ئەدەبیاتی بزووتنەوەی کورد لەشاخ لە ساڵانی ١٩٧٦- ١٩٩١ تەماشابکەین دەیان وتار لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دەخوێنینەوە، لەکاتێکدا دروشمی بزوتنەوەکە «ئۆتۆنۆمی راستەقینە» بووە.

پێشەوا لە هەڤپەیڤینێکی رۆژنامەوانی لەگەڵ رۆژنامەی (لە رێگەی نیشتمان)ی تورکیدا،



رۆژنامەنووسەکە بە مەبەستی خوێندنەوەی بیری پێشەوا و ئاشنا بوون بە دیدو بۆچوونی سەرۆکی کۆمار لەمەڕ ستراتیژ و دوارۆژی ئەم کۆمارە لە پێشەوا دەپرسێت: ئایا ئێوە نیاز و مەرامتان چییە و دەکرێت خواستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانم بۆ روون بکەیتەوە؟

پێشەوا لە وەڵامدا دەڵێت: «نەتەوەی کورد دەیەوێت ئازاد و سەربەست بێ لە ئیدارەی کاروبارەکانی نێوخۆی خۆی و بە دەستی خۆی ئەو سەربەست بوونە لە چوارچێوەی مەرزە دەوڵەتییەکانی ئێراندا وەدەستبێنێ»١».

بە داخەوە ئەم چوارچێوەیە تا ئێستا لای سیاسەتوان و سەرانی کورد هێندە پیرۆزکراوە کە مەگەر لای کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان هێندە پیرۆز بێت.

رۆژنامەنووسەکە لە پێشەوا دەپرسێت.: ئایا ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ کوردەکانی دیکەدا هەیە؟ ئایا داوای یەکبوونیان ناکەن؟

پێشەوا لە وەڵامدا، بەبێ هیچ ئەملاو ئەولایەک بە کورتی دەڵێت: «نەخێر بە هیچ شێوەیەک». جا ئەگەر ئەمە وتەی سەرۆک کۆماری کورد بێت بۆ دەبێ ئێمە راستییەکان بە لایەکی دیکەدا ببەین. خۆ ئەگەر وادابندرێت کە ئەمە قسەی پێشەوا نین و رۆژنامە نووسەکە بۆی هەڵبەستوون، پێموایە سەرۆک کۆمار تورکی دەزانی و دەیتوانی دوای خوێندنەوەی هەڤپەیڤینەکە روونکردنەوەیەک بنووسێت.

کاک کەریم رەخنە لە هێزە بە رواڵەت دیموکرات و شۆڕشگێڕەکانی ئێران دەگرێت، کە لە ترسی شۆڤێنیزمی فارس مەبدەئی «دیاریکردنی مافی چارەنووسی میللەتان دەخەنە ژێر پێ و بە تەواوی خاکی ئێرانییەوە دەنووسێن». جا باشە بۆ گلەیی لەو هێزە ئێرانییانە بکرێت، چما هێزە بە گەوهەر دیموکرات و شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی رۆژهەلات تا ئێستا خەون بە خودموختارییەوە نابینن و داوای دیموکراتی بۆ ئێران ناکەن؟ ئەگەر حیزبە کوردییەکان خۆیان داوای خودموختاری نەگریس بکەن، ئیدی بۆ دەبێت گلەیی لە هێزە بە رواڵەت دیموکرات و شۆڕشگێڕەکانی ئێران بکەین؟!

کاک کەریم هەندێک شتی نووسیوە، کە بەڕاستی مرۆڤ سەرسام دەبێت و دەکەوێتە نێو سەرج و لێکدانەوە: «دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە شێوەی مۆدێرن دامەزراند و لەسەر شێوە و رێ و شوێنی دیموکراسیی نوێ کاروباری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەڕێوە دەبرد».

مرۆڤ کە ئەمە دەخوێنێتەوە لە مێژوو بێ ئومێد دەبێت. هەمووی پەنجا ساڵ بەسەر ئەم کۆمارەدا رەت نەبووە کەچی ئاوا باسدەکرێت! ئەی ئاخۆ دەبێت ئەو شتانەی دەربارەی لۆلۆ و گۆتییەکان و مێدییەکان و مێژووی کۆن نووسراون تا چەند لە راستییەوە نزیک بن؟. نازانم کاک کەریم مەبەستی لە «دەوڵەتێکی نەتەوەیی شێوەمۆدێرن»، یان لە «رێ و شوێنی دیموکراسی نوێ» چییە؟

کۆماری مەهاباد لە راستیدا بەدەست چەند سەرۆک خێڵ و هۆزێکەوە بوو. جووتیرەکان، کە نزیکەی ٩٠٪ی کۆمەڵگای ئەوسای کوردەوارییان پێکدەهێنا، بە شێوەیەکی دیکەو بە ناوێکی دیکەوە کەوتنە بندەستی هەمان ئەو ئاغایانەی لە سەردەمی پاشایەتییدا دەی چەوساندنەوە. کۆمار هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرت بۆ دابەشکردنی زەویو چارەسەری کێشەو گرفتی جووتیران، کە هێزی گەورەی کۆمار بوون. جگە لەوە هیچ گۆڕانێک بەسەر وەزعی کۆمەلایەتی چینە زەحمەتکێشەکان دانەهات، مەسەلەی ئافرەت هیچ هەنگاوێکی بۆ هەڵنەگیرا. خەڵک چەکدار نەکران و سوپایەکی بەهێز و یەکگرتوو پێک نەهات. جگە لەوەش سەرۆک هۆزەکان لە سەرەوە نمایندەی کۆمار بوون و، لە بنەوەش پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی کۆنەپەرستی

ئێراندا گرتبوو. قانیعی شاعیری چەوساوەکان، وەک چاوساغێک لەو دەورانە، لە گەرمەی ڕووداوەکاندا ژیاوە و هەستی کوردایەتی بەکێشی ناو کۆماری کردبوو. لە نامەیەکدا، کە لە مەهابادەوە، بۆ حەمەبۆری هاوڕێی نووسیوە حەسرەتی خۆی هەڵدەڕێژێت و دەڵێت: داخەکەم ئەوەی ئێمە لەوێ تێیگەیشتبووین لێرە وا نییە، ئەمن ژیانم لە خۆم تێکدا ئەتۆ وا مەکە، وابزانم زۆری پێناچێ و ڕێی گەڕانەوە بەر هەموومان دەکەوێ»٢»

جا بە ڕاستی هەروا دەرچوو و هێندەی پێنەچوو کۆمار بە چاوترکانێک ڕوخا. من پێم وایە ئەگەر سۆڤیەتیش خۆی نەکێشابایەوە، کۆماری مەهاباد لەناوخۆیدا هەرەسی دەهێناو دەڕوخا. چونکە هەموو سەرەتا بابەتییەکانی ئەم ڕوخانە لە ئارادابوون. کۆمارێک خاوەنی سوپایەکی نیزامی نەبێت، هیچ هەنگاوێک نەهاوێت بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵک و، هەموو حوکمڕانییەکە بەدەست ئاغاو سەرۆک عەشیرەتەکانەوە بێت، ئەوا چارەنووسی لەوە باشتر نابێت کە دیمان.

کاک کەریم خۆی دەنووسێت: «ئەوان کەرەسەی چەک و بەرگرییان داوە بە ئاغا و دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەتەکان و پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان هێزی بەرگری خەڵک و کۆماری کوردستان بەرقەرار نەبوو. دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەت بە دڵخوازی خۆیان ئەو چەک و کەرەسەیان داوە بەو کەسانەی کە جێگای متمانەی خۆیان و سەر بە خۆیان بوون». ئەمە باشترین بەڵگەیە کە کۆماری مەهاباد بەدەست سەرۆک عەشیرەت و سەرۆک خێڵەکانەوە بوو. دەپرسم ئەرێ ئەو «شێوە مۆدێرن» و «دیموکراسییە نوێیە»ی کە لە پێشدا باست کردن پێچەوانەی قسەکەی بەڕێزتان نابێتەوە؟

لە کۆتایی وتارەکەیدا، کاک کەریم دەنووسێت:

«پێشەوا هەر وەک لە سوێندەکەیدا گوتبووی بە فیداکردنە گیانی خۆی خەڵک و وڵاتەکەی لە دەستدرێژی خاینانی خۆی و کوشتاری لەشکری داگیرکەری دوژمن پاراست»، بە پێچەوانەوە من پێم وایە ئەمە گەورەترین هەڵەی سیاسیی پێشەوا بوو. ئەگەر سەرکۆمار لە شار دەرچووبایە مەسەلەکە باشتر دەشکایەوە، کێشەکە بەردەوامی پێوە دەما و زۆرانبازییەکە وا بە سووک و ئاسانی کۆتایی پێنەدەهات.

لە کۆتاییدا حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە با فێربین شتەکان وەکو خۆیان ببینین، وەکو گەوهەر، وەکو ڕواڵەت بەیەکەوە.

غۆیان-ئایاری ١٩٩٦

پەراوێزەکان:

١- پێشوا لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەوانیدا، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٠٩٥ ڕۆژی ٨-١٠-, ١٩٩٤.

٢-نووسەری کورد، خولی سێیەم، ژمارە ٥ ، ١٩٨٦

# یانزەمین کۆنفرانسی ناونەتەوەیی دەربارەی نەهێشتنی چەوساندنەوەو فەرامۆشکردنی منداڵ

د. عەبدولباقی ئەحمەد

لە رۆژانی ١٨-٢٢ی تەباخی- ئاگۆستۆسی ١٩٩٦ یانزەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەی سەبارەت بە نەهێلانی چەوساندنەوەو و فەرامۆشکردنی منال، لە پایتەختی ئیرلەندا – دوبلین بەسترا. لەو کۆنفرانسەدا زیاتر لە ١٤٠٠ کەس لە ٦٩ ولاتەوە بەشداربون. شایانی باسە لە هندێ ولات زیاتر لە بیست کەس لە کونفرەنسەکەدا ئامادەبیبون؛ وەکو ئەمریکا، ئەلمانیا، ئۆستراليا، سوید و نیوزیلەندا. کەچی لە هەموو ولاتە عەربیەکان تەنیا میسر، تونس و فەلەستین هەر یەکەیان بە یەک دوکتۆر بەشداربوون. هەرچەندە نوێنەری تۆنس پرۆفیسۆر "مونسف مەرزۆقی" بۆخۆی ئامادە نەبۆ چونکە دەسەلاتدارانی ولاتەکەی پاسپورتەکەیان لێ زەوتکردبوو، بۆ ئەوەی لە کونفرانسەکەدا بەشدارنەبێت. بەلام سەرۆکی کونفرانس "کاری کیللێن" نوسراوەکەی لەجیاتی ئەو خویندەوە و کچەکەی لە جیاتی ئەو خەلاتی بەشدارانی کونفرەنسی وەرگرت.

کاری کۆنفرانسەکە هەموی چوار رۆژی خایاند، رۆژی پێنجەم سێمینارێک دەربارەی لێدانی منال بەسترا.

لە چوار رۆژی کۆنفرانسەکەدا ٩١٣ وتار (ئەبسترەکت) پێشکەش کران و موناقەشە کران. جییا لە پۆستەر و فیلم. وتارەکان بەشێوەی سیمپۆسیوم لە ژێر ناونیشانی جییا دابەش کران. لە یەکێک لەو سیمپۆسانەدا بە ناوی "منداڵ لە شەڕ و کونفلیکتی چەکداریدا" پێنج وتار پێشکەش کران. پرۆفیسورێکی سویدی لێکۆلینێکی لەسەر گرتییەکانی ئافرەت و منالەکانیان لە سالانی شەڕی ناوخوی یۆنانستان پێشکەش کرد. زانایکی ئینگلیز لێکۆلینەوەیەکی لە سەر رەوشی منداڵ لە شەش ولاتی ئەفریقایی پێشکەش کرد. هەروەها لێکولینێک لەسەر مندالی مەکتەب لە ئەفریقیای باشوور پێشکەش کرا و یەکێکیش دەربارەی مندالانی بوسنیا. وتاری سێیەم لێکۆلینەکانی من بون لە سەر مندالانی کوردستان (کورتەیکی ناوەرۆکی ئەم لێکۆلینەوەیە لە خوارەوە دەبینی).

لە هەموو لێکۆلینەوە و وتارەکان هەندێک ئەنجامی هاوبەش هەبوو. لەوانە: منداڵ گەورەترین قوربانی هەموو شەڕێکە و زۆرترین لە دانیشتوانی ئەو ولاتانەی کە شەڕی لێ دەکرێ مدالن. کەچی لە هەمو شەڕێکیشدا منداڵ ئیهمال دەکرێ و مافەکانی ون دەکرێن. هەروەها وا دەردەکەوێ کە منال لە کاتی شەڕ و کارەساتدا زیاتر زەرەری دەروونی «نەفسی» پێ دەگات ئەگەر دایکو باوکی، یان گەورەکانی تر لە دەور و بەری، هەلویستێکی بەترس و لەرز پیشان بدەن. بەلام لەگەڵ ئەمەش هەمو منداڵ وەکو یەک نین. هندێکیان بە رووداوێکی بچوک گەلەک ئەزیەت دەبین و هندێکی تریش بەبێ هیچ زەرەرێکی بەرچاو لە کارەساتی گران دەرباز دەبن کە پێیان دەووترێ (منالانی جانومەرگ). ئەمەش بابەتێکی تری تاقیکردنەوەکەیە، کە زانست دەبێ لێی بکۆلیتەوە ئایا ئەم مندالانە چ جیاوازیێکیان هەیە.

لە سمیناری (لێدانی منداڵ)دا نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان (ن. ی.) دەربارەی یاسای مافی منداڵ (سیمۆن ئیک) لەسەرەتادا باسی بەکارهێنانی ئەم یاسایە لە عالەم کرد. لە کاتی دەرچوونی

ئەم یاسایە لەلایەن (ن. ی.) لە سالی ١٩٨٩ تا ئێستا ١٨٧ دەوڵەت ئیمزایان کردیە. لەو ولاتانەدا ٩٥٪ لە منالانی جیهان دەژین. لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان تەنها تورکیا ئەم یاسایەی ئیمزا کردوە.

شایانی باسە کۆمەلەی منالپارێزی کوردستان بە هاوکاری رێخراوی (یونیسێف) ئەم یاسایەی لە سالی١٩٩٢ بۆ زمانی کوردی وەرگیراوە.

هەر لەم سمینارەدا نوێنەری وەزارەتی تەندروستیی سوید تەنسیری یاسای قەدەغەکردنی لێدانی منال لە سوێد باسکرد. لە سالی دەرچونی یاسایەکە (سالی ١٩٧٩) ٥٣٪ لە خەڵکی سوید لێدانی منداڵی بە مەبەستی پەروەردەکرن بە باش دەزانی. کەچی لە سالی ١٩٩٥ تەنها ١١٪ بە باشی دەزانی. هەروەها بەدرێژی باسی زەرەری لێدانی منال کرا. لە ئەزیەتە دەرونییەکان ئەوەیە کە منال باوەڕی بە خوی و دەوروبەری کەم دەبیت، بەترس سەیری هەمو رۆداوێکی تازە دەکات و هەردەم بە زەبر و لێدان لەگەل دەوروبەری خوی موعامەلە دەکات..هەروەها لێکۆڵینەکان وادیاری دەکەن کە ئەو کەسەی بە منالّیی لێیدراوە ئەویش کە گەورەبوو هەر لە منداڵ دەدات.

چەند پسپۆرێک وەزعی پەروەردەکردنی منال لە ولاتەکانی خویان باسکرد. دیار بوو کە لێدان و ئەزیەتدانی منداڵ هێشتا وەسیلەیێکی پەرومردەکرنە لە هندێک ولا ت وەکو: بەرازیل، ئەثیوبیا، پاکستان، سلۆڤانیا و کەنەدا.

ئەم کۆنفرانسە لە لایەن (رێکخراوی نێونەتەوەیی بو نەهێلانی چەوساندنەوە و فەرامۆشکردنی منداڵ) بەسترا، لە ژێر ناوی "منال و خێزان - پێکهینانی (ئیستقرار) لە عالەمێکی نا (موستەقر)دا". ئەم رێکخراوە لە سالی ١٩٧٦ دامەزرا و هەر دوو سال جارێ کۆنفرانسێک دەبەستیت. شایانی باسە کونفرەنسەکەی ئەم جارە مەلیکەی ئیرلەندا بە ووتارێکی گرنک کردیەوە و وەزیری تەندروستی ئیرلەندا بەووتارێکی تر کونفرەنسەکەی دووایی پێهێنا.

وەکو سودی هەمو کونفرەنسێکی ناونەتەوەیی، لەناو ئەم کونفرەنسەشدا گەلەک مەجالی پەیوەندی و گفتوگو پەیابوو. لێکۆڵینەکەم لەسەر مندالانی کوردستان بایەخی (ئیهتیمام)ی زۆر لە بسپورانی پێدرا. لە سیریلانکا و کرواسیا و نیوزیلەندا و هۆڵەندا داوای پرۆژەی هاوبەش و پەیوەندی زانیستی لەگەل ئێمە کرا. هیوادارین بەم شێوەیە پێمان بکرێت زیاتر خومان بناسین و وەکو نەتەوەیێکی خاوەن کەسایەتیێکی تایبەت خومان بەخەلک بناسێنین و دەنگی مندالانی کوردستان بە شێوەیێکی زانستی لە جیهان بەلاو بکەینەوە.

ئەمەش کورتەیێکی لێکولینەکان:

**ئەزیەتی دەرونی و نەخۆشی (PTSD) لە ناو مندالانی کوردستان و سوید:**

ئەم پرۆگرامی لێکولینەوەیە (Research Program) لە دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم لە کوردستانی عیراق (تەنفیز) کراوە و بەشی دووەم لە سوید ئێستاش بەردەوامە.

**لە کوردستان:**

سێ جۆرە (کەتیگۆری cate-gory)ی منداڵ لە کوردستان فەحس کران:

١- یەکەم لێکوڵینەوە لە سەر (ڕەدفیعلی /ڕیئەکشونی) دەروونیی منالانی کوردستان دوو مانگ دوای کارەساتی کۆڕەو لە ناو کەمپەکانی سەر سنوری تورکیا-عیراق ئەنجام درا. دوو مانگ دوای ئەوە - لەکاتێکدا کە منداڵەکان لەگەل خێزانەکانی خویان بۆ هەرێمەکەی خویان گەڕابوونەوە - جارێکی تر ئەو مندالانە فەحس کرانەوە. ئەنجامی هەردوو تاقیکردنەوەکەلە کونفرەنسێکی ناو نەتەوەیی لە پایتەختی شیلی (سانتیاگو) پێشکەش کرا. دوای یەک سال و دوو سال منالەکان بو جاری سێیەم و جاری چوارەم فەحس کرانەوە. مندالەکانی ئێمە کەمتر لە خەلکی تر نسبەی نەخۆشی Post Tra Umat-ic Stress Disorder (PTSD) کە بەکوردی دەبیتە (تێکچونی توندیی پاش کارەسات) تێدا بەدی دەکرێت. منالەکان دوای گەڕانەوە بو هەرێمەکەی خۆیان گەلەک باشتر ببوون. بەلام دوای سالێک، هەروەها دوای دوو سالیش، نیشانە «ئەعراز»ی نەخۆشیی دەروونییان پێوە دیاربوو.

٢- مندالانی بێ دایکوباوک ئەوانەی خەلک بە پێی داب و تراديشونی میللی ناوخو بەخێویان دەکردن کەم تر لەوانەی کە لەسێوەخانە بەخێودەکران



نەخـــوشـــیی دەرونیی PTSD یان پێوەدیاربوو.

٢- منداڵانی ئەنفالی هەرێمەکانی سلێمانی و گەرمیان (کەمپی سمود) کـــەم تر لەوانەی هەولێـــر و دهۆک (کەمپی جەژنیکان) نەخوشیی PTSD یان هەبوو (*)

لە تابلوی خـوارەوە نیـسـبـەی نەخۆشیـەکە لە هەرسێک جوری منالەکان پیشان دەدات.

ئەگـەر کـومـەلگایێکی هێـمن و ساخلەممان لە کوردستان بوێت، دەبێ لە منال دەست پێـبکەین. بو ئەوەی بنیاتێک (ئەساسێک) بو سەرپەرشتی و ساخلەمیی دەرونیی (نەفسی) منال لە کـوردسـتـــان دابنرێت و منالانی کوردستان لە پێشکەوتنی زانستی لەم بارەدا بێ بار نەبن، لە مانگی تیرمەی (٧) ١٩٩٢ پرۆژێکمـــان بـەناوی (هاوار) بو لێکولین و موعالەجەکردنی نەخوشی دەرونی منال لە هەولێر و دهۆک دەست پێکرد. پروتوکولێک لەلایەن وەزیری تەندروستیی هەرێمی کـــوردســـتـــان و پروفـیـسـوری خـەسـتـەخـانەی دەرونیی منال لە شاری ئوپسالا لە سوید و سکرتێری پروژەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان (قەندیل) ئیمزا کران. دوو دکتور لە کوردستان بەرپسیاریی لێکولینەوە و موعالەجەکردن کرد. لە سەرەڕای ئاستـەنگ و گرفتاریەکانی باری سیاسیی کوردستان توانیمان هندێک لە زانستی پێگەیشتـوی ئەمـرو لەم بارەدا بە کـوردسـتـان بگەیەنین و منالانی کوردستان سودی لێ وەربگرن. ئێستاش ئەگەر باری سیاسی لە کوردستان دەرفەت بدات پروژەیەکمـان بەدەسـتـەوەیە کـە خـەسـتـەخـانەی دەرونیی منال لە زانکوی ئوپسـالا هاوکـاری بەشی دەروونی لە کولێژی دختوری (طبی) لــە زانــکــوی دهــوک دەربــارەی دەرسدان و لێکولین و فـێـرکـردن لە کوردستان و لە سوید بکات.

لەسوید:

جیاوازی رادەی PTSD لە بەینی ئەم هەرسـێک کـەتیگوریی مندال لە کـــوردســـتـــانی باشـــوورچەند پـسـیـارێکی خـسـتـە بەر چاو: ئایا منداڵانی پارچەکـــانی تری کوردستان و منداڵانی کوردستان کـــە لە ســـوید پەنابەرن چون لە کـــارەســـات و ترۆمـــا (Trauma) دەرباز دەبن و بۆچی هیندێک منال بەرامـبـەر بە ترۆمـای دەروونی لەوانی دی بـەهـێـــزترن. بو وەلامدانەوەی ئەم پسیارانە پرۆژەی تاقـیکردنەوەی منداڵانی کـورد و منداڵانی سویدی لە شاری ئوپسالا لە سالی ١٩٩٥ دا دەستی پێکرد. لە پاییـــزی ١٩٩٦دا پرۆژەکـــە کوتایی دێت و لە بەهاری ١٩٩٧ دا بەتەماین مەتریالەکە لە کومپیوتەر بدەین و دوایی ئەوە ئەنجامەکان بلاودەکەینەوە.

**(*) لایەنێکی تری تاقـیکردنەوەی ئەم منداڵانە بە درێژی لە نوسراوێک لە ژمـارە ١٥-١٩٩٥ ی گـوڤـاری رابوون دابلاو کراوەتە.**

# چەند زانیارییەک لە بارەی بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردەوە لە هەندەران

د. کەمال فوئاد

یەکەمین کۆبوونەوەی خوێندکارانی کورد لە ڕێکخراوێکی تایبەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دوای ئینقلابی عوسمانی(١٩٠٨) ، پێش ئینقلاب بە چەند ساڵێک گەلێک خوێندکاری کورد لە هەموو ناوچەکانی عوسمانییەوە ڕوویان کردبووە شاری ئەستەموول بۆ خوێندن.

تێکەڵبوونی ئەم خوێندکارانە لەگەڵ خوێندکارانی تورک و عەرەب و نەتەوەکانی تری ناو دەوڵەتی عوسمانی ، سەفەرکردنی هەندێکیان بۆ وڵاتانی ئەوروپا . ئەو جموجوڵەی کەوتبووە ناو ڕۆشنبیرانەوە دژی سوڵتان عەبدولحەمید(١٨٤٢-١٩٠٩)، بڵاوبوونەوەی بیروراکانی مەدحەت پاشا(١٨٢٢-١٨٨٣) بۆ سەپاندنی دەستوورێک کە سنوور بۆ دەسەڵاتەکانی سوڵتان دابنێت. خوێندکارانی کوردیشی هوشیارکردبۆوە. ئەوانیش لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیەدا بوون کە سوڵتان عەبدولحەمیدی لابردو شۆڕشی بەرپاکرد. بەڵام زوودەرکەوت کە ئەو شۆڕشە ئەوە نەبوو کە ڕۆشنبیرانی تورک و نەتەوە ژێر دەستەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی چاوەڕێیان دەکرد.

کار کەوتە دەست تورکە شۆڤینیستەکان کە ناسراوبوون بە"اتحادو ترقی" ئەمانە سیاسەتێکی تۆرانیی دژ بە نەتەوە ناتورکەکانیان بەکاردەهێنا .ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەو نەتەوانەش بجوڵێن و بیرێک لە دوارۆژی خۆیان بکەنەوە.کوردەکان دەست پێشخەربوون . لە پایتەخت و شوێنەکانی تر چەند کۆمەڵەیەکی کوردی دامەزران. لەوانە کۆمەڵەی سەرکەوتن و پێشکەوتنی کورد(١٩٠٨)، کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانستی لەناو کورددا(١٩٠٩)، کۆمەڵەی هێڤی(١٩١٠)( ئەمەیان کۆمەڵەیەکی خوێندکارانە بوو) . ئەم کۆمەڵانە تا دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهان(١٩١٤-١٩١٨) لە کاردابوون. یەکەم سکرتێری کۆمەڵەی هیڤی(مەمدوح سەلیم)بوو ، کە پاشان لە سییەکانەوە تاکۆچی دوایی لەساڵی ١٩٧٧دا لە شام نیشتەجێ بوو، تاکۆتایی پەنجاکانیش هەر لەوێ مامۆستای زمانی فەرەنسی بوو، لەو ساڵانەدا بە هاوکاری لەگەڵ حەسەنی حاجۆ، قەدری جەمیل پاشا، قەدری جان و هەندێکی تر کۆمەڵەیەکیان پێکهێنابوو. چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە زیاتر کۆمەڵایەتی بوو تاسیاسی، ئەم کۆمەڵەیە دەوریان هەبوولە دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکاراندا لە ئەوروپا، تاچەند ساڵێکیش یارمەتیی کۆمەڵەی خوێندکارانیان دەدا .

پاش کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانیی، بەتایبەتی لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکاندا گەلێک کۆمەڵەی خوێندکارانەی کوردی دامەزراوە بەزۆری لە ناوەوەی وڵات و لە پایتەختی ئەو دەوڵەتانەدا کە بەشێکی کوردستانیان داگیرکردووە. بەڵام زۆر بڕیان نەکردووە تادامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق(١٨-٢-١٩٥٣)دا(ئەمەیان باسێکی تایبەتییە و لەچوارچێوەی ئەم وتارەدا جێگای نابێتەوە.

پێش جەنگی دووەمی جیهانیی، بزووتنەوەی دیموکراتی لەناو بزووتنەوەی خوێندکاراندا لەسەرتاسەری جیهان بەشێوەیەکی تایبەتی پەرەی سەند. تاکۆتایی شەستەکانیش بزووتنەوەی خوێندکاران دەورێکی باڵای دەبینی لە خەباتی گەلاندا دژی داگیرکەران و کۆنەپەرستی، لە پێناوی ئاشتی و دیموکراسیدا . بەڵام لە ئەنجامی ئەو شکستەی تووشی بزووتنەوەی کوردایەتی هات دوای تێکچوونی کۆماری مەهاباد(١٩٤٦)و نەبوونی ژمارەیەکی ئەوتۆ لەخوێندکارانی کورد لەدەرەوەی وڵات کە یارمەتیی

دامەزراندنی ڕێکخراوێک بدات. پێکهاتنی کۆمەڵەیەکی خوێندکارانەی کوردی تا ساڵی ۱۹٤۹ دواکەوت.

لەم ساڵەدا چەند خوێندکارێکی دڵسۆزی کورد کە ئەو کاتە لە ئەوروپا دەیانخوێند، لەوانە: نورەددین زازا، عیسمەت شەریف وانلی، شەوکەت عەقراوی، عەبدوڵلا قادر ، بیریان لەوە کردەوە کە ڕێکخراوێک بۆ خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دابمەزرێنن، تا ئەمانیش بتوانن وەک خوێندکارانی وڵاتانی تر شان بەشانی خوێندکارانی جیهان تێبکۆشن و هەوڵ بدەن مەسەلەی گەل و نیشتمانەکەیان بە گەلانی جیهان بناسێنن. لەبەر کەمیی ژمارەی خوێندکارانی کورد لەوکاتەداو لەبەر ئەوەی ئەو سەردەمەئەو بیروباوەڕە زیاتر باوبوو کە خوێندکارانی هەر وڵاتێک دەبێ لەو ڕێکخراوانەدا کاربکەن کە بەناوی دەوڵەتەکانیانەوە ناونراون. ئەم کۆمەڵەیە ئەوەندە بڕی نەکردو پاش چەند ساڵێک لەناو چوو.

یەکێک لە چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەشداربوونیانە لە ڤیستیڤاڵی دووەمی خوێندکاران و لاوانی جیهاندا،کە لە هاوینی ۱۹٤۹دا لە بۆداپستی پایتەختی هەنگاریادا بەسترا. لەم ڤیستیڤاڵەدا نوێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە توانییان دۆخی نالەباری کوردستان وچەوساندنەوەی نەتەوەی کورد بخەنە ڕوو، دەنگی گەلی کورد بەلاوان وخوێندکارانی جیهان بگەیەنن. ئەگەرچی ئەم کۆمەڵەیە تەمەنی کورت و چالاکییەکانی کەم بوون، بەڵام وەک سەرەتایەک بۆ کۆکردنەوەی خوێندکارانی کورد و یەکخستنی تێکۆشانیان لەناو ڕێکخراوێکی تایبەتیدا، پێویستە لە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکارانی کورددا بایەخی پێبدرێت و لەبیر نەچێتەوە.

ئەوەی شایانی باسە نوێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە لە ڤیستیڤاڵی ناوبراودا لەژێر ئاڵای کوردستاندا چالاکییان دەنواند. پاش لەناوچوونی ئەم کۆمەڵەیە، خوێندکارانی کورد چەند ساڵێک بێ ڕێکخراو مانەوە، ئەویش وەک وتمان لەبەر کەمی ژمارەی خوێندکاران و لەبەر ئەو شکستییەی توشی بزووتنەوەی کوردایەتی هاتبوو، لەبەر ئەوەی بیروباوەڕێکی تر لەناو خوێندکاران و لاوانی ئەو سەردەمەدا باوبوو، بەڵام پاش تاقیکردنەوەی چەند ساڵێک ئەو ڕاستییە بۆ خوێندکارانی کورد دەرکەوت کە ناتوانن لەناو چوار چێوەی ڕێکخراوە ناکوردستانییەکاندا وەک پێویست بۆ مەسەلەی کورد کاربکەن، بەتایبەتی پاش ئەوەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوانە خۆیان وردەوردە لەو ڕێبازە کە بۆ خۆیانیان دانابوو لایانداو کەوتنە دامەزراندنی ڕێکخراوی ئەوتۆ کە بەناوی نەتەوەکانیانەوە ناونرابوون. لە ساڵی ۱۹٥٥و۱۹٥٦دا چەند ڕێکخراوێک بەناوی(رابطه الطلبه العرب)ەوە دامەزران. خوێندکارانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی لە عێراق و سوریاوە هاتبوون شوێنی خۆیان لەو ڕێکخراوانەدا نەدەبینی. ئەمەو بووژاندنەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی، ژمارەیەک لە خوێندکارانی کوردی لە ئەوروپا خستە سەر ئەو ڕایە کە ئەوانیش ڕێکخراوێکی خوێندکارانەی کوردستانیی دابمەزرێنن، کە چالاکییەکانی بۆ ناساندنی مەسەلەی نیشتمانیی کوردستان تەرخان بکات و پەیوەندی دۆستانەو هاوکاریی هەبێت لەگەڵ ڕێکخراوە خوێندکارییە دیموکراتییەکانی ناوچەکەو جیهاندا. ئەوەبوو حەڤدە خوێندکاری کوردکە ئەو کاتە لە ئەوروپا دەیانخوێند بە هاندان و دەست پێشخەریی دکتۆر نورەددین زازا لە ۱۰تا۱٦ی ئابی ۱۹٥٦ لەشاری ڤیزبادن لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کۆبوونەوەو بڕیاریان دا کە کۆمەڵەیەک بۆ خۆیان دامەزرێنن. بەڵام لەبەر ئەوەی بیروڕای هەموو بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لەسەر ئەوە یەک نەبوو کە خوێندکارانی کوردیش مافی ئەوەیان هەیە وەک خوێندکارانی هەموو وڵاتانی جیهان ڕێکخراوێکی تایبەتیی خۆیان هەبێت، پاش گێرمەوکێشەیەکی زۆر کە حەوت ڕۆژی خایاند، ئەمجار بڕیاریان دا کە ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری بۆ خوێندکارانی کورد دابمەزرێنن بەناوی (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا)کە تەنیا لەرووی ڕۆشنبیری و گۆڕینەوەی زانیارییەوە پەیوەندی نێوان خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ڕێک بخات و هەقی بەسەر سیاسەت و تێکۆشانی سیاسی و خەباتی نەتەوەی کوردەوە نەبێت!! لەبەر ئەوەی نۆ لەو حەڤدە ئەندامە کە بەشداری ئەو کۆنگرەیە بوون بیروڕایان وابوو کە کۆمەڵە دەبێ تەنیا کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیریی بێ و بەس. کاروباری کۆمەڵە لە سەرەتادا بە باشی نەڕۆیشت بەرێگاوە تا بەستنی کۆنگرەی دووەم لە لەندەن لە ۲تا٤ی کانوونی دووەمی ،۱۹٥۸ لەم کۆنگرەیەوە کە ۲۲خوێندکار تێدا بەشداربوون، کۆمەڵە

وردەوردە کەوتە چالاکی نواندن. بۆیەکەم جار ئۆرگانی کۆمەڵە گۆڤاری کوردستان بەکوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوکرایەوەوبریاردرا کە کۆنگرەی سێیەم لە هاوینی هەمان ساڵدا لە شاری مونیخ لە ئەڵمانیای رۆژئاوا ببەسترێت تائەوکاتەش ژمارەی دووەمی گۆڤاری کوردستان بڵاوکرایەوە.

کۆنگرەی سێیەم لەکات و شوێنی دیاریکراودا لە٤تا٨ی ئابی١٩٥٨ پێکهات، حەڤدە خوێندکار تێیدا ئامادەبوون، کە بە زۆری لە ئینگلستان و ئەڵمانیای رۆژئاواو سویسراوە هاتبوون. گرنگترین بریاری کۆنگرە ناوگۆرینی کۆمەڵەبوو. ناوی کۆمەڵە بووبە(کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) بەمە کۆمەڵە خۆی لەوە رزگارکرد کە تەنیا کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری بێت وبەس، رێگای بەخۆی دا کە ئەویش وەک هەموو کۆمەڵەیەکی خوێندکارانەی تێکۆشەرلە جیهاندا لە پێناوی چاکەو سوودی گەلدا تێبکۆشێت بەتایبەتی لەپێناوی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی گەلی کورددا، دژی رژێمە کۆنەپەرست و شۆڤینستە داگیرکەرەکانی کوردستان. کۆنگرەی سێیەم بەگەرمی پێشوازیی لە شۆرشی چواردەی تەمموزی عێراقی کردو برووسکەیەکی پیرۆزبایی و پشتیوانی بۆ کاربەدەستانی نوێی عێراق رەوانەکردو هیوای ئەوەی تێدا دەربری کە کۆماری عێراق ببێتە کۆماری راستەقینەی کوردو عەرەب.

دوابەدوای کۆنگرەی سێیەم، چالاکییەکانی کۆمەڵە بەشێوەیەکی فراوان پەرەی سەند. ژمارەی ئەندامان و لقەکانی کۆمەڵەرۆژ بەرۆژ روو لە زیادی بوون. کۆمەڵە بەتەواوی کەوتەسەر ئەو رێبازەی کە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لەو سەردەمەدا داوای دەکرد.

لەسەرەتای شەستەکاندا کۆمەڵە زۆر ناوبانگی دەرکرد، بەتایبەتی پاش بەشداربوونی لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی خوێندکارانی جیهانیدا(IUS)کە لە ١٠-١٩-١٠-١٩٦٠ لە بەغدا بەسترا. بەشداربوونی وەفدی کۆمەڵە لەو کۆنگرەیەدا بووە هۆی خۆپیشاندانی گەورەو چالاکی نواندن لەبەشی زۆری شارەکانی کوردستانی عێراقدا دژی ئەو دەست درێژییەی کە دەستی پێکردبوو بەرامبەر بە تێکۆشەرانی کورد و ئەو پروپاگەندە ژەهراوییانەی دەکران دژی نەتەوەی کوردو مافە رەواکانی.

لە هاوینی ساڵی ١٩٦٤دا پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر، کۆمەڵە بە ئەندام وەرگیرا لە یەکێتیی خوێندکارانی جیهانیدا(IUS). پێش ئەمەش پەیوەندی کۆمەڵە لە گەڵ ئەم رێکخراوە جیهانییەو لەگەڵ یەکێتیی لاوانی دیموکراتی جیهانیدا(WFDY) هەر باش بوو. لەو کۆنگرەو سمیناروڤیستیڤاڵانەداکە لە لایەن ئەم دوو رێکخراوە جیهانییەوە رێک دەخران، کۆمەڵە بە گەرمی بەشدار دەبوو. زۆر سوودیشی لەو هەلانە وەردەگرت بۆ زیاتر ناساندنی مەسەلەی نیشتمانیی گەلی کورد بەگەلانی جیهان. جگە لە کۆنگرەی بەغدا، کۆمەڵە بەگەرمی بەشداربوو لە کۆنگرەکانی(IUS) لە لینینگرادو(١٩٦٢)و سۆفیا(١٩٦٤) هەروەها لە ڤیستیڤاڵەکانی هیلسنکی(١٩٦٢) و سۆفیادا(١٩٦٨). شان بەشانی ئەم چالاکیانە کۆمەڵە گۆڤاری(کوردستان)ی بە ئینگلیزی دەردەکرد و بەگەلێک زمانبڵاوکراوەی لەبارەی کوردستان و چالاکییەکانی خۆیەوە بڵاودەکردەوە. کاروبارەکانی کۆمەڵە تا کۆنگرەی دەیەم(بەرلین ١٩٦٥) زۆر بەباشی دەرۆیشت. کۆنگرەی دەیەم گەورەترین و رێکوپێکترین کۆنگرەی کۆمەڵە بوو. ئەو ئاهەنگەی لە رۆژانی کۆنگرەدا سازکرا باشترین ئاهەنگی کولتووری و رۆشنبیریی بوو کە تا ئەو کاتە لە لایەن کۆمەڵەوە سازکرابێت.

ئەو ناکۆکییانەی لەناوەراستی شەستەکانەوە لە ولات سەریهەڵدا، کاریکی خراپی کردە سەر کۆمەڵە و چالاکییەکانی. بەڵام نەبووە هۆی کەرتکردنی. کۆمەڵە هەر بە یەکگرتوویی مایەوە تاکاتی بەستنی کۆنگرەی حەڤدەیەم لە هاوینی ١٩٧٥دا لەبەرلینی رۆژئاوا. لەو کۆنگرەیەدا سەرکردایەتیی ئەو کاتەی کۆمەڵە پاش بڵاوەپێکردنی شۆرشیش ، نەیویست کۆمەڵە وەک پێشان بەو سەرکردایەتییەوە ببەستێتەوە کە بڵاوەی بە شۆرش کرد. خوێندکاران بەمە رازیی نەبوون، ئەوسەرکردایەتییەیان بەجێهێشت و کۆمیتەیەکیان هەڵبژارد بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی حەڤدەیەم کەلە هاوینی ١٩٧٦دا لە شاری فرانکفۆرت لە ئەڵمانیای رۆژئاوا پێکهات. ئەم کۆنگرەیە ناوی کۆنگرەی گۆری بە (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی

ولات) کە ناسراوە بە(ئاکسا) ، کورتکراوەی ناوی کۆمەڵە بەئینگلیزی:ASSOCIATION OF KURDISTAN STUDENTS ABROAD (AKSA

ئەو کەرت و پەرتییەی لەو کاتەوە کەوتە ناو بزووتنەوەی خوێندکارانەوە بزووتنەوەکەیانی لاوازکردو چالاکییەکانی کەم کردەوە، هەوڵ و کۆششەکانیشیان لەناو بزووتنەوەی خوێندکارانی جیهاندا دەنگدانەوەی کزبوو. لەو کاتەوە تا هاوینی ١٩٨٨ لە تەنیشت ئەکساوە گەلێک کۆمەڵەی خوێندکاران دامەزران کە هەریەکەیان سەر بە لایەنێکی سیاسی بوو.

لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ئەو ساڵەدا، پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر نزیکەی ( ٦٠٠ )کەس لە نوێنەرانی ئەو ڕێکخراوانە لە شاری بەرلینی ڕۆژئاوا کۆبوونەوەو بڕیاریان دا کە هەموویان لە ناو چوارچێوەی یەک ڕێکخراوی خوێندکارانەدا کۆببنەوە لەژێر ناوی: کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا(KSSE

تائێستاش ئەم ڕێکخراوەیە ماوە، بەڵام هەر بەناو، وەک هەموو ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی تر لە جیهاندا چالاکییەکانی کزو لاوازبووە.

هەولێر ٢٧-٤-١٩٩٥

**بڕیارەکانی کۆبوونەوەی خوێندکارانی کورد لە ڤیزبادن**

**١٠-١٦-٨-١٩٥٦**

**(کۆبوونەوە بەگشتی بڕیاری لەسەردا)**

١- کۆبوونەوە لەو باوەڕەدایە کە کورد یەک نەتەوەیە، خاک و زمان و مێژوو پەیوەندیی ئابووری و نەریت وکولتوری نەتەوەیی تایبەتی خۆی هەیە و هەموو ئەو مەرجانەی تێدایە کە نەتەوە پێکدێنن.

٢- بەندی سەرەوە نەتەوەی کورد لەو ناوچانەدا دەگرێتەوە کەزۆربەی زۆری دانیشتوانی کوردن، واتە کوردستان کە پارچەیەکی جوگرافیی یەکگرتوو پێک دەهێنێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا .

٣- مافی نەتەوەی کورد لە دیاریکردنی دوارۆژی خۆیداSELFDETERMINATION مافێکی ڕەوایەو هیچ گومانی تێدانییە.

٤- باری ئیستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(١٩٥٦) ڕێگای بەکارهێنانی ئەم مافە نادات.

٥- دەسەڵاتی کۆلۆنیالی و دەرەبەگی و کۆنەپەرستی بەگشتی ئەو کۆسپانەن کە لە ڕێگای بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی دوارۆژدا وەستاون. بۆیە پێویستە خەبات بکرێت بۆ لە ناوبردنی ئەم کۆسپانەو بەدیهێنانی دیموکراسی ڕاستەقینە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٦- کۆبوونەوە لەو باوەڕەدایە کە دیموکراسی و خەبات دژی کۆلۆنیالیزم و ڕژێمی دەرەبەگی و کۆنەپەرستی هەر بۆ ئەوە نییە کە نەتەوەی کورد بگات بە هەقی دیاریکردنی دوارۆژی خۆی، بەڵکو باوەری وایە کە دیموکراسی ڕاستەقینە مەرجێکی سەرەکییە بۆ بەدیهێنانی بەختیاری بۆ گەلی کوردو هەر گەلێکی تر.

٧- بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانەی دژ بە کۆلۆنیالیزمە. لەم ڕووەوە بەستراوە بەهەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی ترەوە لە جیهاندا. بۆیە کۆبوونەوە پشتگیری تەواوی هەموو ئەو بزووتنەوانە و

خەباتی هەموو گەلان دەکا لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمانیدا بە تایبەتی هی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراست،

٨- هاوکاریکردنی گەلی کورد لەگەڵ گەلانی ئازادیخوازدا بەتایبەتی گەلانی عەرەب و فارس و تورک، ئەرکێکی پێویستە بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی، چونکە بەرژەوەندییان یەکە لە نەمانی کۆلۆنیالیزم و دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستی دا، لە کارکردندا بۆ بەدیهێنانی ئەم هاوکارییە پێویستە باری جیاوازی وڵاتەکان رەچاوبکرێت.

٩- ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆزە بە تایبەتی رۆشنبیران کە لە مەسەلەی کورد بکۆڵنەوەو روونی بکەنەوە بۆ رای گشتیی ناوچەیی و جیهانیی، بەتایبەتی بۆ گەلانی دراوسێ، وەک هەنگاوی یەکەم بۆ بەدیهێنانی هاوکاریی پێویست لە نێوان ئەم گەلانەدا، کۆبوونەوە لەو باوەرەدایە کە دەبێ بەرگری لەم مەسەلەیە بکرێ لە بەردەم دام ودەزگاکا جیهانییەکاندا.

١٠- هەوڵدان بۆ پێکهێنانی پەیوەندیی مەعنەوی و ئایدیۆلۆجی و رۆشنبیریی لە نێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا لە ئەرکە سەرەکییەکانی خوێندکاران و رۆشنبیرانی کوردە.

١١- پێویستە کولتوری نیشتمانیی کورد لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بڵاوبکرێتەوەو پەروەردەبکرێت و خەبات بکرێ بۆ بە رەسمیی ناسینی زمانی کوردی و بەدەست خستنی مافە رۆشنبیرییەکانی نەتەوەی کورد.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە کۆبوونەوە لەو باوەرەدایە کە ئەرکی سەر شانی هەموو کوردێکی دڵسۆزە بە تایبەتی رۆشنبیران کە خزمەتی کولتوری نیشتمانیی کورد بکەن و بە گەلانی تری بناسێنن و هەوڵ بدەن کۆمەڵەی پێکرایی لە گەڵیاندا پێک بێ بۆ هێنانەدی هاوکاریی کولتوری لە نێوانیاندا.

**ئەوانەی لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوون:**

١- دکتۆر نورەددین زاز(×)(تورکیا-سوریا)٢- عیسمەت شەریف وانلی(تورکیا-سوریا)٣- ئەحمەد رەسوول(سوریا)٤- ئەحمەد زەمجی(سوریا)٥- دانش عارف(×)(سوریا٦- سەعدی دزەیی(عێراق)٧- دارا تۆفیق(×)(عێراق)٨- یوسف ئەدیب(عێراق)٩- ظاهیر حسێن(عێراق)١٠- عومەر رەمزی(عێراق)١١- فوئاد رەشە(عێراق)١٢- تەحسین هەورامی(عێراق)١٣- تاهیر خەفاف(عێراق) ١٤- مەحموود کانەبی(عێراق)١٥- حەسەن زولفیقار(عێراق)١٦- بەدیع قوتب(عێراق)١٧- مستەفا قازی(ئێران).

---

×نەماون.

# سروشتی هونەری سینەما

" فیلم نووسینە بە وێنە" کۆکتۆ
کەواتە" وێنە زمانی سینەمایە"

سلاح مەزن



یەکێک لەو هونەرە هاوچەرخانەی کە میللەتی کوردو، بزاڤی رزگاریخوازیی نیشتمانی کوردستان، بە هۆی بندەستی و پاشکەوتوویی، لەچاو نەتەوە سەردەستەکاندا، لێی بێبەش بووە، هونەری سینەمایە، کەبە هونەری حەوتەم پۆلێن دەکرێت. دیارە بێبەشبوونی میللەتەکەمان لەم هونەرەکاریگەرە، بە چەندان هۆی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی وئاستی پێشکەوتنی کولتوورو شارستانی کوردەوە گرێدراوە. وێرای ئەمانەش دەبینرێ بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لەتەک خەباتی سیاسی و چەکداریدا، بەبەراوردکردن لەگەڵ بزووتنەوە رزگاریخوازییەکانی میللەتان، بۆ نموونە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی فەلەستین، ئەوە کورد بە گشتی بایەخێکی ئەوتۆی بە سینەماو میدیا نەداوە. تەنانەت سیاسەتمەدارو رۆشنبیرەکانیشمان ، خولیای سینەماو خۆرۆشنبیرکردی بوون، بە کولتووری سینەمایان بەهەند نەزانیووە، لەکاتێکدا سەرکردەی وەک لینین، هۆشی مینە، ئۆلف پالمێ ، هەروا نووسەرو روناکبیرانی وەک ئەندرێی جید، سارتەر، ئیتماتەف، نازم حیکمەت و فروغی فروخزادو نووسەرانی دیکەی میللەتان بە پەرۆشەوە سینەمایان خۆش ویستووە. ئەم تێروانینەمان شتێکی رەهایی نییە، چونکە رەنگە لێرەولەوێ، کەم تازۆر گرنگی بە سینەما دراوەو، ئەوەتانێ سینەمای کوردی لەسەر دەستی دەرهێنەری نەمر(یەڵماز گۆنای)و هاورێکانییەوە، شاکاری واداهێنەرانەی لێکەوتۆتەوە، کە جێگای شانازییە.

دیارە سەرهەڵدانی هونەری سینەما لە کوردستاندا، وەک هونەرو پیشەسازی، وەک کالایەکی بازرگانی، یان دۆشدامانی کەرتی گشتی دەوڵەت بەرامبەر بەم حاڵەتە، باس و لێکۆڵینەوەی فراوان هەڵدەگرێت.

بەڵام بە گشتی نەبوونی هونەرو پیشەسازی فیلمی سینەما لە کوردستاندا بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە:

١- کوردستان وەک خاک و گەل و کولتور داگیرکراوو شێوێندراوە.

٢- عەقلی سیاسی کورد تائێستا بەهونەری سینەما نائاشنایەو لە گرنگێکەی نەگەیشتووە.

٣- داهات و سامانی کوردستان لەلایەن داگیرکەرانەوە دزراوە، هەروا بۆرژوای کوردو حزبە دەسەڵاتدارەکان، سەرمایە کە هۆیەکی بنەرەتییە، لەم پێناوەدا بەکار ناخەن.

٤- نەبوونی بنەما تەکنەلۆژییەکانی پیشەسازی سینەما.

٥- کەمی کادیرو پسپۆری هونەری سینەماو لاوازی هوشیاری و رۆشنبیریی سینەما.

٦- نەبوونی کامیرای سینەما، ستۆدیۆی وێنەگرتن و، کەرەستەی خاوی بەرهەمهێنانی سینەما.

٧- بازرگانی فیلمی سینەماو بازاری فرۆشتنی فیلم لە کوردستاندا، نەک لاوازە، بەڵکو هەر نییە.

ئەمانەو چەندان هۆکاری دیکە، مەرج و بنەمای دروستبوونی هونەرو پیشەسازی سینەما لە کوردستان دیاری دەکەن.

ئەگەر بێت و ئەزمون و کارامەیی هونەرمەندو کادیرە کوردەکانی هەندەران، لە گەڵ ئامادەکاری و حەماسەت وپەرۆشیی دەستەو گروپە هونەرییەکانی ناوەوە، بەتایبەتیش باشووری کوردستان ئاوێتە بکرێت، ئەوە زەمینەو بونیادی لە دایکبوونی فیلمی سینەمای کوردی لە کوردستان لەئارادایە.

هەروا لە بەرایدا پێویستە ئەم هونەرە وەک کولتوری سینەما، لێتۆژینەوەی لەمەڕ بکرێ و، لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا، یان بڵاوکراوەی تایبەت بە سینەما، هوشیاری و رۆشنبیریی سینەمایی بڵاوبکرێتەوەو یانەو گروپە سینەماییەکان پێکبهێنرێن و ئەوانەی هەن یارمەتی و هاوکاری بکرێن. لە هەموو شتێ گرنگتر پێکهێنانی تیمی بەرهەمهێنانی بەکردەوەی سینەمایە، بەتایبەتیش بەرهەمهێنانی فیلمی کورت و دەکۆمێنتار، دیارە ڕووداوو تراژیدیایەکانی مێژووی گەلەکەمان و واقیعی تاڵ و چیرۆک ئامێزی ئەمڕۆ، دەیان بابەتی سینەماییان لێپێکدێت. بەڵام بەر لە هەموو ئەوانە، دەبێ هونەرمەندو سینەماکاران، لە وردەکارییەکانی سینەماو، جوانکارییەکانی هونەری حەوتەم و، پەیوەندی بە بابەتە ئەدەبی و هونەرییەکانی سەردەم، شارەزایی و لێتێگەیشتن پەیدا بکەن.

دیارە"تۆماس ئەدیسۆن" کە لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، شوێن پەنجەی دیاربووە، لە پێشخستنی میکانیزمی پیشەسازیی سینەمادا، زێدەڕۆیی نەکردووە کە گوتوویەتی:(ئەوەی سینەمای چنگ بکەوێت، کاریگەرترین هۆکاری کارتێکردنە سەرجەماوەری دەست دەکەوێت)(١).

ئەمڕۆ سینەما بە شێوەیەکی ئەوتۆ پێشکەوتووەو بڵاوبۆتەوە، بگرە لە هەر دوورگەو تەنانەت وڵاتێکدا، مۆرک و تایبەتمەندی خۆی هەڵگرتووەو، ڕێبازو تەوژم و قوتابخانەی جیاجیای سینەما سەریان هەڵداوەو، بەبەربڵاویی بەهەموو کونجێکی زەمیندا بڵاوبۆتەوە.

سینەما وێرای ئەوەی وەک فاکتەرێکی هونەریی لەبزاڤی کولتوری و میدیا پشکداریی هەیە، لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا هۆکارێکی بەدیمەنە، سینەمای هونەریی چەندان گرفت و گرێی دەروونی و رەوشتیی مرۆڤ و کێشەی خێزانداریی ئەمسەردەمە چارەسەردەکات.

سینەما هێندە لق و پۆی لێ بۆتەوە، بە پێی حەزو ئارەزووەکانی هەر بینەرێک، جۆرو رەنگی جیاجیای وەرگرتووە، وەک: فیلمی کاوبۆی، پۆلیسیی، کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، شیعریی، خەیاڵیی، زانستیی، ئەفسانەیی، جەنگ و....هتد. بۆیە ئەمڕۆ سینەما بە یەکێک لە ترسناکترین ئامرازی بەفشارو

ترسناکی جەماوەریی دەناسرێت.

شارەزاو سینەماکاران لەوە دەترسان، کە داهێنانی تەلەڤیزیۆن و ڤیدیۆ گرفت بۆ سینەما درووست بکەن، بەڵام بە پێچەوانەوەئەو دوو ئامێرە پتر برەویان بە سینەمادا. چونکە بەهۆی ئەوانەوە فیلمەکانی سینەما دەتوانن بگەنە هەموو ماڵێک و ئەرکی زەحمەتی خێزانەکانی بۆ بینینی فیلمی سینەمایی ئاسان کرد. بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە تۆڕەکانی کابڵ TV و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن و ساتەلایت بەفرەوانی و خێرایی بەرنامەکانی خۆیان بەخش دەکەن.

کاتی خۆی کە سینەماش هاتە سەرهەڵدان، پێشەنگەکانی شانۆ هەمان ترسیان لێنیشت و وایان زانی سینەما کۆتایی بە شانۆ دەهێنێت، بەڵام تەلەڤیزیۆن و سینەماو ڤیدیۆ نەیانتوانی لە گرنگی شانۆ کەم بکەنەوە، ئێستاش شانۆگەرییە ناودارەکانی شکسپیر لە لەندەن و پایتەختەکانی دیکەی جیهان بە درێژایی ساڵ پیشان دەدرێن و، شانۆی تازەو ئەزموونگەریی هەمیشە داهێنان و نوێ بوونەوە لە ئامێز دەگرێت.



سەبارەت بەم کێشەیە ئەندرێی بازان دەڵێت:(ئەرکی سینەما لەوەدایە کە تیشک بخاتە سەر هەندێ لایەن و گۆشەی دیاریکراو، کە شانۆ بە نیوەچڵی و بێ چارەسەر بەجێیان دەهێڵێت)(٢).

فەیلەسوفی گەورەی فەرەنسا جان پۆل سارتەر دەڵێت:(سینەما پێچەوانەی ئەوەی کەوا تێبگەن، کۆسپی بۆ شانۆ دروست کردبێت، نەخێر بەڵکو سینەما بەشێوەیەکی واقعی و وردبینتر رەفتار لەگەڵ مەسەلەکان دەکات)(٣).

کامە سینەما؟ بۆ ئەمەیان دەبێت هەڵوێستەیەک بکرێت، بەڵێ سینەما سەرجەم سینەما بە چاک و خراپییەوە، بەهونەری حەوتەم پێناسە دەکرێت، بەڵام بەسەرنجدانێکی وردبین و خێرا، دەبینین دوو جۆرە سینەمابەرچاودەکەون: یەکەمیان ئەو سینەمایەیە کە لە خزمەتی مرۆڤی سەردەم وبەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و شارستانی کۆمەڵدایە و، لە مەودای شتە جوانەکان و هەست و نەستی پاکژانە، ئاخافتن لە گەڵ پێداویستییە رۆحییەکانی مرۆڤدا دەکات، هەموو ئەو هۆکارە سوواوانە تێکدەشکێنێت کە سەروەریی مرۆڤ و پیرۆزیی بوونە ماددییەکەی دەسڕنەوە. بەرامبەر بەمە سینەمایەکی دیکەی ورووژێنەر، بەسوودوەرگرتن لە هەموو هۆکارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی و پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنەلۆژیا، جەخت لەسەر شێواندنی مرۆڤ و لەباربردنی راستی و هەقیقەتەکانی مێژوو دەکات.

کۆمەڵەی تازەگەریی سینەماکارانی ئەمریکا، لەکاتی خۆیدا، لە بەیاننامەیەکدا داوای سینەمایەکی بێ گەردو زیندوو، دروتوندیان دەکرد، کە رەنگ و بۆی خوێنی پێوەبێ، نەک سینەمایەک فیلمەکانی بە ئیقاعێکی نەرم و چیرۆکی تراژیدی و رۆمانتیکانەبن، کە مرۆڤ تووشی نوزانەوەو ئازاردانی ویژدان بکات. بەڵێ سینەمایەکیان دەویست کە گیانی رەتکردنەوەو

توندكارانەی تێدا ڕەچاوبكرێت.

لە ئێستادا سینەما پلەوپایەیەكی ئەوتۆی پەیداكردووە، كە بە تاوتر لەهەر شێوازێكی دیكەی ئەدەبی و هونەری لە هوشیاری و تەیاردانی خەڵك ڕۆڵێكی كاریگەر دەبینێت، جگەلەوەی ئامرازێكی زیندووی میدیاو گەیاندنە، زێدە لە هەر هۆكارێكی دیكەی میدیا كارتێكردن لەگەڵ وەرگرەكان دەكات و ، بەخێراییەكی ستانداردی بالادەستە لەگەیاندنی زانیاری و ڕووداوەكان.

ڕۆژ لەدوارۆژ، لەگـــەڵ پێـــشكەوتنی زانست و تەكنەلۆژیادا، سینەما خێراترو فرەوانتر بلاودەبێتەوە، ئەوەتانی خەونەكانی( گریفیت) هونەرمەندی بە ناوبانگی ئەمەریكی بەزیادەوە هاتۆتەدی، كەدەیان ساڵ بەر لە ئەمرۆ دەیگوت::(ڕۆژێک دێت، ڕەنگە ئەوە لە ســـاڵی ٢٠٢٤دا ڕوویدات، سینەما بەهەموو كونجێكی ئەم زەمینە بگات. بگرە لەسەر پشتی كەشتییەكان و لە نێو شەمەندەفەرو فرۆكەو ژووری پێشوازیكردنی میوانان‌دا، سەیربكرێت. ڕۆژێک دێت كە باوی ئەلبۆمی خێزان و وێنەی فۆتۆگرافی نامێنێت، بە كامیرادوا فیلمی خۆتان و خێزانەكانتان دەگرن و، دەمودەست دەتوانن بیاتبینن. هەروا چیتر فیلم لەسەر شارم(شاشە) هەڵبەزین و دابەزین ناكاو چاوتان تێكناچێ و سەریشتان نایەشێنێ)(٤). بەلام ئەم شۆرشە تەكنەلۆژییە بەر لە مێژووی مەزەندەكراوی (گریفیت) بەدیهات و، ئەمرۆ پێشكەوتووترین كامیراو، دەزگای ڤیدیۆ بچوک و وردەكار، كەناڵی فەزایی TV، مێشكی ئەلكترونی و كۆمـپیـوتەری هاتۆتە ئاراوە، بە چركەو دەماو دەم بەرنامەو زانیارییەكان وەردەگرن و پەخش دەكەن. كەناڵە فەزاییەكانیCNN, BBC, MBC دنیای میدیای هەژاندووە. كەواتە خەونەكەی(گریفیت)، زیاتر لە حەزو ویستەكانی ئەو هاتۆتەدی. پاشان هەر (گریفیت) لە درێژەی قسەكانیدا لەمـەر ئایندەی سینەما دەڵێت:( سینەما ڕووداوێكی دیكەشی بەسەردا دێت، كە ڕەنگە ئێستا لاتان سەیربێت، ئەویش ئەوەیە. كە سینەما بۆ ئەسڵی خۆی دەگەڕێتەوە!)(٥). واتە فیلمی بێدەنگ سەرهەڵدەداتەوە، چونكە ئەمە سروشتی ڕاستەقینەی هونەری سینەمایە. فیلم لە ڕاستی و واقیعدا، بریتی نییە لە هونەری ئاخافتن و قسەكردن) ، هەر سەبارەت بەم مەسەلەیە دەرهێنەری ناوداری ژاپۆنی(كیرووساوا) دەڵێت:(دەنگ لە فیلمدا، تەنیا پاشبەندییەكە، دووقات و سێ قات لە كاریگەرێتی و بەهای وێنە كەم دەكاتەوە)(٦).

بەڵێ زۆر ڕاوبۆچوونی واهەیە، جەخت لەسەر ئەوە دەكەن، كە ڕۆژێک بێت و، سینەمای بێدەنگ بژێتەوە، تۆ بڵێی هەر ئەم نهێنی و ڕاستییە نەبێت، كە فیلمە بێدەنگەكانی(شارلی شاپلن)، ساڵ بەدوای ساڵ، پتر بە بایەختر بكەونەوە.

چمكێک هەیە دەڵێت:(هەر میللەتێک سینەماو ڕۆمانی نەبێت، كەواتە شارستانییەتی نییە)(٧).دەكرێ ئەم چمكە بەئاسانی هەزم نەكرێ و قورس بێت، چونكە میللەت هەیە ڕەنگبێ خاوەنی شارستانییەتێكی مێژوویی و گەشەداربێ، بەلام لەیەكێک یان لەهەردووكیاندا(سینەماو ڕۆمان) دەست كورت بێت، یان بالادەست نەبێت. بۆ نموونە گەر بەراوردێک لە نێوان ولاتێكی وەک ئینگلستان و ئیتالیادا بكەین، دەبینین، هەردوو ولات خەسڵەتمەندی و شارستانی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەلام سینەمای ئینگلستان هەرگیز ناتوانێت خۆی لە شانی سینەمای ئیتالیا بدات. هەروا ولاتی وەک: فەرەنسا، ئەمریكاو میسر....هتد، دیارە بە پێی ئەم چمكەی سەرەوەمان خاوەنی شارستانین ، چونكە تیایاندا هونەری سینەما پەرەسەندوە. ئەمجار ولاتی وەک: كەنەدا، ئوسترالیا، دانمارک و...هتە، وێرای ئەوەی خاوەنی شارستانییەتی خۆیانن، بەلام ئەم جووتە هونەرە لایان دیارو پەرەسەندوو بلاونییە.

گەلی كوردیش گەر خاک و نیشتمانی لێ داگیر نەكرابایەو، لە پەرەسەندنی ئابووری و بووژاندنەوەی كولتوریی و پیشكەوتنی كۆمەلایەتی، لەچاو نەتەوە

سەردەست و داگیرکەرەکاندا گیری نەخواردبایە، ئەوە توخم و بنەماکانی زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی سینەما و ڕۆمانی لە ئارادابوون.

ئەگەر لەکوردستانی باکووردا، کورد بەزمانی خۆی ئاخافتنی بکردبایە و، ئازادی رادەربڕین دەستەبەر ببوایە، ئەوە(یەشار کەمال)ی نووسەر، لەجیاتی ئەوەی ڕۆمانەکانی بە تورکی بنووسێت، ئەو کاتە بە کوردی دەینووسین، ئەمە بەنسبەت نووسەرانی وەک:( محێدین زەنگەنە، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، بڵند حەیدەری و چەندان نووسەری کوردی دیکە) هەر بەم شێوەیەیە.

هەروا فیلمەکانی یەڵماز گۆنای، بەهونەرکارییەکی داهێنەرانە، کارەساتەکانی گەلی کورد پیشان دەدات، کە چۆن لە چنگ ڕژێمی عەسکەرتاریای تورکیا دەناڵێنێ وئازارو ئەشکەنجە دەبینێت. فیلمەکانی یەڵماز ریالیستین و لەناوجەرگەی ڕووداوەکانی ژیان، وێنەیان وەرگیراوە، تەنانەت زۆربەی لەقتەکان لە نێو شەقام و گەرەک و گوندو شەمەندەفەرو ژیانی خەڵک هەڵقولاون. بەمەش ڕاستەوخۆو ڕاستگۆیانە لەگەڵ واقیع قسەی کردووە. تەنانەت گۆڤاری (الهدف) ی فەلەستینی فیلمی یۆڵ بەئەلیادەی تورکی ناودەبات، بەڵام باشتر وایە بڵێین ئەلیادەی کورد. یەڵماز گۆنای خۆی لەمەر فیلمی مێگەل دەڵێت:(ئەمە مێژووی گەلی کوردە)(٨):

فیلمەکانی یەڵماز گۆنای هێندە ڕیالیستن، گەر کامیرا لەمە پتر بە ناخی ڕووداوە ڕاستەقینەکان و دیمەنە زیندووەکان ڕۆبچووبایە، هەروەک گۆنای خۆی دەڵێت:( شتێکی تەواو خەیاڵ دەکەوتەوە).

فیلمەکانی گۆنای و، دەرهێنەرەکانی دیکەی کورد، هەموو ئەو سینەماکارانەی کورد کەلەتەک بزاڤی سینەمای تورکی و عەرەبی و فارسی و.. هتد کاریان کردووە، لە چوارچێوەی ئەو هێرش وتاڵان و خستنە پاڵە خۆیان دەبیننەوە، کە پتر لە سەدەیەکە داگیرکەران وێڕای بواری کولتوری لەبوارەکانی تردا بەرامبەر گەلەکەمان ڕەچاویان کردووە.

بۆیە فیلمەکانی گۆنای بەهەموو پێوەرێکی سینەمایی، دەچنە نێو ئەرشیڤی کوردییەوە. چونکە سینەما هونەرو جووڵەو ئێستاتیکای وێنەیە، نەک ئاخاوتن ،ئەمجار کەسایەتی، مۆسیقاو ستران، دیمەن و بابەتی فیلمەکانی گۆنای هەمووی کوردەوارییەو، دەرهێنەر خۆیشی سینەمای وەک ئامرازێکی تێکۆشانی چینایەتی و نەتەوایەتی بەکارهێناوە.

سینەما ئەو هونەرەیە، کە لە جەوهەردا پشت بە واقیعی بینراوو هەستپێکراو دەبەستێت و، بوێرانە بە ناخی مرۆڤدا ڕۆدەچێت و، ڕاشکاوانە دیالۆگ لەگەڵ شتە ڕۆحی و مادییەکاندا دەکات. سینەمای ڕاستەقینە لەو مرۆڤانە ورد دەبێتەوە، کە لە بێ دەنگی و ڕامان، بەدەم شتە فەلسەفی و گەورەکانەوە کوڕدەبنەوەو، لەناخی خۆیاندا دەسووتێن و پرس لە ماهییەتی خود، کۆمەڵ، گەردوون و شتە نادیارەکان دەکەن، بەر لەوەی بە ڕاستییە ڕەهاکان و ئێستاتیکای بوون و نەبوون بگەن، گومان و دڕدۆنگی لە خۆیان وتەنیایی و ستروکتوری کۆمەڵ و بونیادە هەرەسهاتووەکان و ئایندەی نادیار پەیدادەکەن، جارێکی دیکە تەکان بە خۆدەدەن ، تا جارێکی تر بەناخی نهێنییەکاندا ڕۆچن و، تاڕاستییە ڕتووشکراوەکان، لە شارستانییەتی ئەم سەردەمە بەد ڕەوشت و بێ بەزەیی مرۆڤی دووڕوو، داموودەزگاکۆمەلایەتی و سیاسییە درۆزنەکان ئازاد بکەن.

سینەما بەهای مرۆڤ بەرز ڕادەگرێ و، هەوڵدەدات مرۆڤەکان لە ماندوویی، کەوتن و سیاچارەیی دەربازبکاو، ئازادانە تام و چێژ لەم گەردوون و سروشتە بەرفرەوانە، پڕ بەرو بووم و ئاوهەوای سازگارە وەربگرێت، کە سەرفرازانە کەسێتی خۆی دۆزیبێتەوەو خەونەکانی هاتبێتە دی و، توانای ئەوین و خۆشەویستیان مابێ و کارو داهێنان

و دوارۆژیان زامن و ڕوناک بێت.

سینەما چەکێکی کاریگەرو ترسناکە، لەسەر بناغەی ڕاستی دامەزراوە، ڕاستی و واقیع لە سینەمادا، ڕێک هاوجووتن، وێنە گرنگترین و ئاڵۆزترین پێکهاتی سینەمایە، ئەستاتیکای وێنە لە جوڵە بەرجەستە دەبێت، ئەمەیان بابەتێکی قووڵ و فرە لایەنە، جگە لە بابەتە تەکنیکیەکان، هەروا ئەدەب و هونەرەجوانەکان دەگرێتەوە. چونکە لە ڕێگای وێنەوە، واقیعی ئەوتۆ دەبینین، وەک بڵێی شتێکی وەهمی بێت، گوتمان سینەما مادەیەکی جوانکارانە فەراهەم دەکات و چمک و بیرورا دەردەبڕێت. جائەم دەربڕینە ڕەنگە ئاستێکی تەشکیلی یان حسی بەرجەستەبکات.

کە دەڵێن فلانە فیلم شاعیریەو، دیمەنەکانی جوانن، ئەوە مانای وایە ئاستێکی مەعریفی پیشان دەدات، کە خۆی لەخۆیدا، چێژێکی ئەستاتیکی بە بینەر دەبەخشێت. ئێوە خۆتان ئەو فیلمانە وەبیر خۆتان بهێننەوە، کەلەمەوبەر بینیوتانە،دیارە ئەمەش لە بینەرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، بەپێی زەوق و ئاستی ڕۆشنبیری و ژیاری دەگۆڕێت. واتە ڕادەی چێژ وەرگرتنی بینەرێکی ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاوایی، یان نێو ژیاری چیا، بیابان و، شاری گەورە جیاوازە.

هەندی پرسیاری گشتی هەن، کەهەر بینەرێک لە ئاکامی بینینی فیلمێکدادەیانکات، گشت ئەم پرسیارانەش، لە دوو تەوەردا کۆدەبنەوە؛ هەندێ لەو پرسیارانە وابەستەن بە سروشتی پەیوەندی سینەما بەواقیعەوە(بینەر، ڕووداوێک دەبینێ، جا ئەمە لەهەر فیلمێکدا بێت، گرنگ نییە، دەنگ هەڵدەبڕێ و، دەڵێت: ئەم ڕووداوەم نەبینیوە، کەی شتیوا ڕوویداوە؟ یان لە واقیعدا هەیە؟فلانە پاڵەوان درۆیە ولە واقیعدا بوونی وانییە....هتد).

هەر لەم میانەدا، هەندی پرسیاری هاوبەش هەن، کە لە سروشتی فکریانەی سینەما چێماوەو، ئێمەش لێی ڕاهاتووین، کە زیرەکانە لە هەر فیلمێکدا بێباکانە بپرسین: ئاخۆ دەرهێنەر لەم دیمەنەدا نیازی چی هەبێت؟ ئەمانەی تر چ ڕەمزێک دەردەبڕن؟ یان لە فلانە لەقتەدا بۆچی ڕەنگی سوور یان شین بەسەر پاڵەوانەکادا، یان باک ڕاوندەکەدا دەکشێ، بۆچی واڵە پڕ و لەناکاوادا ڕوناکایی دەخرێتە سەر دەموچاوی پاڵەوانەکە، لە کاتێکدا کە دەیەوێ کارێک یان تاوانێک ئەنجام بدات، یان ئیقاعی فیلمەکە بۆچی توندو خێرایە، کاتێ ئەکتەرێک یان پاڵەوانی فیلمەکە دەمرێت، بۆچ کپی و بێدەنگی هۆڵەکە دادەگرێت و، کامیرا بۆچ وا بە ئەسپایی یان پێچەوانە بۆ دواوە دەگەڕێتەوە. ئەمانەو دەیان پرسیاری دیکەی گرنگ هەن. هەندێک لەم پرسیارانەبەگشتی پەیوەندیان بە ئاستی ڕۆشنبیری و زانیاری و تێگەیشتنەوە هەیە لە هونەرو تەکنیکی سینەمادا.

ئەم پرسیارو تێرامان و مەنەلۆجانە پێویستن، چونکە لەوەمان حاڵی دەکات، کە سینەما هونەرو زمانێکە، وەک هەر زمانێکی دیکە، پێویستە فێری بین. ئەم پرسیارانەش مەرج نییە، تەنیا ڕووبەڕووی بەرهەمی دەرهێنەرێکی ئاڵۆزی وەک(برگمان، پازۆلینی، فلینی و یوسف شاهین...) بکرێتەوە، بەڵکو دەکرێت لە دیتنی هەر فیلمێکی دیکەدا دەربڕدرێت.

بەلام ئەو پرسیارانەی ڕۆشنبیرێکی سینەماکار یان خاوەن زەوقی سینەمایی، کە دەرهەق بۆ لایەنی هونەرو، چەمکە فەلسەفی و، جوانکارییەکان و، ئەبستمی شتەکان، دەیکات، جیاوازو پڕ ماناترە، لەو پرسیارانەی کە بینەرێک بۆ کات بەسەربردن و، خۆ لەبیر چوونەوە دەیکات، وەک ئەو بینەرەی کە ڕۆلان بارت لە(دەرچوون لە سینەما) باسی لێوەدەکات.

xxx

دەڵێن سینەما بەوە لە هونەرەکانی دیکە جیادەکرێتەوە، کاتێ لە واقیع دەدوێت، پشت بە ماددەیەک دەبەستێت، کە لە واقیعدا بوونی هەبێت(ناتوانری وێنەی ئەمامێک بدرێت، ئەگەر ئەو



ئەمامە لە واقیشدا نەبێت).

ئا لێرەدا گرنگی وێنەی سینەما دەردەکەوێت، با بزانین وێنە لە چی پەیدادەبێت، لە ئەنجامی تێپەڕبوونی تیشک بە نێو عەدەسەی کامیرەدا، ئەم تیشکە واقیعێکی زیندووی کتومت وەکو خۆی دەگوێزێتەوە بۆسەر شریتێکی ناسکی کیمیایی، چ بینراوە لەسەر ئەم فیلمە دەنگ دەدرێتەوە.

ئەم پرۆسەیە لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی میکانیزمییە، وەلی کۆمەڵێک مەسەلەی فیکری تیا کۆدەبێتەوە، کە سروشت و پێکهاتی وێنەی سینەمایی، لەئامێز دەگرێ. گرنگترینیان ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیە، بەبێ بوونی ماددەیەکی واقیعیی و هەستپێکراو ڕوونادات، چونکە سینەما بریتییە لە هونەرو واقیعێکی زیندوو، جائەم سینەمایە باسەر بە هەرچ ڕێبازو قوتابخانەیەک بێت.

ئەگەر هەموو هونەرەکانی دیکە رەمزیی بن، ئەوا سینەما ئەم سیفەتە وەرناگرێت، هونەری( شانۆ، رەسم، مۆسیقا، پەیکەرتاشی،پانتۆمایم و، شیعرو رۆمان و چیرۆک و...هتد) هەمووو ئەوانە لە ڕێگای رەمزو هێماکانەوە، بابەتێک پیشان دەدەن، کە سروشتی رەمزکاری پێوە دەبینرێ و، لەگەڵ واقیع ئاخافتن دەکەن. بەڵام سینەما تاقە هونەرێکە، کە لە ڕێگای واقیع خۆیەوە، لە واقیع دەدوێت.

جارێکیان جان دیفلۆ لە پازۆلینی دەپرسێت:( ویرای هەموو شتەکان تۆ بۆ ئەوەی شتەکان دەربڕیت، هەڵبەتە پێویستت بەوە دەبێت، پەنا ببەیتە بەر ئامرازە رەمزییەکان)(١٠). پازۆلینی دەڵێت: ئەگەر بمەوێت لە ڕێگای سینەماوە لە تۆ بدوێم، ئەوە پێویستە لە سەرم لە ڕێگای جەستەو کەسێتێکەتەوە لێت بدوێم، بەڵام بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر یان خراپتر کەسێتێکەت دەربڕم، ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیە و ، دەچێتەوە سەر چۆنییەتی رەچاوکردنی شێوازی هونەریی لە سینەمادا. هەروا دیفلۆ بەریەرچی دەداتەوەو دەڵێت:( بەڵام سینەما لە مێژوودا، چەند قۆناغێکی رەمزیی بریوە، لەوانە قۆناغی سریالیزم و قوتابخانەکانی تازەو

ئەزموونگەریی بینیــوە، کــە بە زاراوەی ئەندەرگــراوند - سینەمای ژێر زەمینیی)(١١) ناسراوە.

پازۆلینی دێتــــەوە وەڵام و دەڵێت:(ئـەمـــەیان هیچ لە مـــەبەست ناگــۆڕێت.چونکە ئەگـــەر بمەوێت لە ڕێگای ڕەمزێکەوە تۆ پیشان بدەم ، با ئەم ڕەمزە" فیل، جانتا" بەکاربهێنم . بافیلێک بێت، خۆلەم کاتەشدا، پێویست بەوەدەکات فیلێک یان سێوێکی ڕاستەقینە بەکاربهێنم، واتە هەمدیسان پێویست بەوە دەکات، کە لە ڕێگای شتە واقیع و بینراوەکان ئەم دەربڕینە پیشان بدەم.(١٢). لە ئاکامدا ئەو ڕاستییەمان پتر لا ڕوون دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە واقیعی زیندوو هیچ مانایەکی پێچەوانە بە خۆی هەڵناگرێ. تەنانەت هەر ماددەیەک قەوارەیەکی ماددی و مانایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، یان بە پێی ڕێساکانی چمک و هونەری سینەما ڕەمزێکە تەنیا خۆی دەردەبڕێت.

بەڵام سەبارەت بە جوانکارییەکانی هونەری سینەماوە، ئەوا هەر یەکێک بە پێی شێوازی هەڵبژاردەی خۆی، پێـــــڕەوی دەکـــــات. هەر بۆیە منیش لەبەر ئەوەی هونەرمەندێکم، دیارە شێوازی تایبەت بەخۆم هەیە، بۆیە بەم پێیە، دەتوانم بەرەو جیهانێکی تایبەت کێشتان بکەم.

دەرهێنەری فەرەنسی جۆن برال ، فیلمێک لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی وێنەکێشی بەتوانای فەرەنسا (ڕۆسۆ) دەردەهێنێت، وێنەی دیمەنەکانی فیلمەکە دەقاودەق وەک خۆی پیشان دەدات، بۆ نموونە کاتێ باس لە سروشتی: دارستان، باخچەوکێڵگەو لادێ...هتد دەکات، هاوکات دەنگی باڵندەو گیاندارەکان لەگەڵ سروشت و دەوروبەرەکە ئاوێتـــە دەکـــات. بەم کـــارەش گـــەورەترین زیان بەکـــارەکانی(ڕۆســۆ) دەگـەیەنێت، چونکە تەنیــا وەک وێنەگـــرێکی ئاســـایی دوور لە داهێنان و جـــوانکاریی هونەرییانە کارەکە ئەنجام دەدات. بۆ نموونە (شێر) لە لای (ڕۆســـۆ)ی وێنەکـــێـــشـــدا، مـــەودایەکی ڕەمـــزی وەردەگرێ.لەوانەشە ئیحایەک بێت بۆ ڕەخنەگرەکان و بەگەمژەیان بزانێ.کەچی (جۆن بال) هاتووە شێوە وەک خۆی پیشان دەدات و، تەنیا دەنگی نەڕەی شێری بۆ زیاد دەکات. ئالێرەدا جیاوازی لە نێوان ڕەسم و سینەمادا سەرهەڵدەدات، یان لەنێوان هونەرێک کە بە ڕەمز لە واقیع بدوێ و ، هونەری سینەماکە بە خودی واقیع لە واقیعەکە بدوێت.

بۆیە کە دەڵێین سینەما هونەرێکی واقعییە، ئەوە مانای ئەوە نییە، کە فیلمێکی نموونەیی ئەو فیلمە بێت، واقیع وەک خۆی بۆسەر شاشە بگوێزێتەوە، ئەوە هیچ پەیوەندییەکی نەبە هونەرو نەبە سینەماوە نییـە. تەنیـا هەمـوو ئەو بەرهەمـە هونەری و سینەمایانەی کەبەم پێودانگەیە هەڵس و کەوت دەکەن، نەمری بەدەست ناهێنن. بەڵکو ئەم پرۆسەیە پێویست بەوە دەکات، لە دیدو تێڕوانینێکی قوڵی مەعریفیانەی هونەری و فەلسەفی و، وردەکاری و کارامـەیی تەکنیکی و، ئەستـاتیکای داهێنانەوە، هەڵس و کەوت لەگەڵ دەق و بابەتەکان بکرێت.

هەر بۆیە دەرهێنەری داهێنەرو تازەخـواز(ئالان بارکـەر) دێت و لە فیلمی(دیوار)دا هەموو تەقلیدە سواوو ڕێساباوەکانی سینەما تێک و پێک دەشکێنێ و، بەسوود وەرگرتن لە نوێترین تەکنیکی ئەلکترۆنی و بەکـارهێنانی وردبینتـرین جـۆری عـەدەسـە، هەستیارترین ئامیری نەوارو، کۆکردنەوەو پەرش و بڵاوەپێکردنی ڕەنگە کاڵ و تێرەکان و، هارمۆنی و دژە کـاری ڕەنگ، تیـشک و جـوڵە، کــە دیمەنە تەشکیلییەکان، بەناخی واقیع و، سەروی سریالیزم تێکەڵ بە چمکە فەلسەفییەکان دەکەن... ئەمجار شتە تەباو ناتەباکان دەداتەبەر ئەشتەرگەرییانەی تیۆرە فیزیکی و ئەندازەییەکانی تاقیگەی مونتاژ. ئابەم شێوەیە پارکەر لە دیدگاو تێڕوانینی فەلسەفی و ستاتیکای هونەری سینەماوە، ڕۆح بەبەردارو بەردا دەکات و، جوڵەو دەنگەکان لەگەڵ هەناسەو حەزو گیـان ئاوێتـەو هاوئاهەنگ دەکـات. جوانتـرین و بەدیمەنتـرین حـەزو ئازاری مـرۆڤی کـەوتوو، هەرەسهـاتووی کۆمـەڵگای ئامێرکاری، لە ڕێگای

جوڵەدان و، هەڵچوون و داخوریانی وێنە تەشكیلییەكانەوە پیشان دەدات. ئەستاتیكای كەوتن و مەرگ، ئەستاتیكای هەڵچوون بۆ باوەشی گەردوون، ئای لەم زەمەنە بەدرەوشت و ئاییندە نادیارە، كە مرۆڤ هێندە سووك و بێ بەهاكەوتووە، دڵە گەورەكەی لە زەنگی كڵێسا، بانگی مزگەوت، لە پێنووسی دەستی وشكە سیاسییەك، لە فیتەی پۆلیسێك و سەگوەرێك بەخورپە كەوێ.

مرۆڤی گەورە لە بۆرسەی دۆلارو، كیلۆی تەرازووی سۆپەرماركێتداو، بگرە لە دیشلی ماشێن بێ قیمەتتر بكەوێتەوە؛ تلانەوە بەدەم قەیرانی سۆزو خۆشەویستی ، نەخۆشی و ، برسێتی ... ئێمە كە ئاوا كەم نرخ بكەوینەوەو، سەمای مەرگ ئاوا بمان رەتێنێ،خەڵكینە پیاوی چاك بن، ئاینده ونە چارەنووس نادیارە، بێ بەزەیەتی و تاوان ڕوو لە زیادبوونە، زوڵم وستەم زمانی سەردەمە، پیاوی چاك بن، بەرلەوەی گوناهەكان داوەشێنین و، راستییە ئەبەدییەكان بدۆزینەوە، زاوزێ بوون راگرن و ، پارانەوە لە پیاوچاكان، گوێگرتن لە زەنگی... دەنگی.... گوناهەكان ناشواتەوەو راستییەكان نادۆزێتەوە، پیاوی چاك بن، چونكە زاوزێ بوون جارێكی دیكە لە جەنگێكەوە بۆ مەرگێك و لە مەرگێكەوە بۆ جەنگێكی دیكەمان دەباتەوە.

هەروا پێچەوانەی كارە ساردو، تەقلیدییەكەی(جون برال). دەرهێنەری ناسراو(ئالان ڕینیە) چەند فیلمێك لەسەر ژیان و وێنەكانی(ڤان كوخ، گۆگان و پیكاسۆ) دەردێنێ، لە رێگای بەكارهێنانی داهێنەرانەی مۆنتاژەوە، داهێنانێكی دیكە دەخاتەپاڵ گەوهەرە هونەرییەكانی ئەو كەڵە هونەرمەندانە، بەتایبەتی لە فیلمی (گۆرنیكا) كە دەربارەی وێنەو تابلۆكانی پیكاسۆ بەرهەم هێنرابوو، سەركەوتنێكی هونەریی بێ وێنەبوو، ئەم فیلمە نەك تۆزقاڵێك لە بەهای هونەری و رەمزی تابلۆكانی پیكاسۆی كەم نەكردەوە، بەڵكو لە گۆشە نیگایەكی دیكەی سینەماوە، تێرامان و داهێنانی بەدەست هێنابوو، وێرای ئەمەش، فیلمەكە رەمزكارانە، لەگەڵ بابەتەكان هەڵس و كەوتی كردبوو، هەروا دیوی ناوەوەی شتەكانی ڕووبەڕووی پرسیارو لێوردبوونەوە كردبۆوە.

لەم فیلمەدا، (ڕێنیە) ویستویەتی بەئەمانەت و داهێنانەوە دەربڕین لە حاڵەتەكانی كارەساتەكەو، هەڵچوون وداچوون و خۆخواردنەوەی پیكاسۆبكات، كە چۆن لە كاتێكدا(گۆرنیكا) دەكەوێتەبەر بۆردوومانی ئەڵمانەكان و جینۆسایدەوە، هەروا چۆن پیكاسۆ لەكاتی ئیشكردن لەم تابلۆ مەزنەدا، نائارامیی دەروونی و ویژدانی، هەراسانی كردبوو. (ڕینیە) كارەسات و وەیشوومەی جەنگ بەبارتەقای هەموو ئێش و ئازاری دنیا، گەورەدەكاو، هەموو توانای خۆی، بۆ زیاتر دەربڕینی ڕوانینەكانی پیكاسۆ وەگەردەخات. فیلمێكی تا بڵێی پڕبایەخ و بەئاكام دەگەیەنێ، كە تیایدا تایبەتمەندی داهێنەرانەی مۆنتاژو جوڵانەوەی هونەرییانەی كامێراو مۆسیقای بە سۆزی هونەرمەندی گەورە(جێ بەرناد)و، ناڵەی سروشت و كارەساتەكەو، دەنگی پۆل ئیلوارو هۆنراوە بەجۆش و خرۆشەكەی، كە لەمەر ئەم كارەساتەو، تێروانین لەم تابلۆیە، ئیلهامی وەرگرتبوو، هەموو ئەم جوانكارییانە چوارچێوەی هونەریی و داهێنەرانەی فیلمەكەی(ڕینیە) دیاری دەكەن. بەڵێ(ڕینیە) نەهاتووە سینەما نزم بكاتەوەو، بەها هونەرییەكەی تێكبدات، بەڵام ئاخۆ گۆرنیكای(ڕینیە) چەند توانیویێتی راستگۆیانە، دەربڕین لە گۆرنیكای پیكاسۆ بكات، بۆ ئەمە دەبێ بگوترێ؛ پرۆسەی گۆڕین لە فۆرمێكی هونەرییەوە بۆ فۆرمێكی دیكەی هونەری، هەڵبەتە كارێكی تازە دەخوڵقێنێ، ئائەمەیە سروشتی داهێنەرانەو تازاكارانەی سینەما، كە سەرجەم هونەرەكانی دیكە لە باوەش دەگرێت، هەربۆیە نووسەری ئیتالی دانیشتووی فەرەنسا( ریتشۆ تۆ كانودو) بۆ یەكەم جار زاراوەی (هونەری حەوتەم) لە سینەما بەكاردێنێت، چونكە بە تێروانینی (كانود) و سینەما

دێته پاڵ هونەرە تەقلیدییەکانی (ئەندازە، مۆسیقا، ڕەسم، پەیکەرتاشی، شیعرو سەما) وەو، بەمەش هونەری تەشکیلی و هونەرە ئیقاعییەکان لە سینەما هارمۆنی و ئاوێتەی هونەرێکی دیکە دەبن. هەر لەم حاڵەتەشدا (کانود) بەرامبەر خنکاندن و خەملاندنی سینەما لە نێو مەراسیمەکانی ئەدەب و شانۆدا، داخ هەڵدەکێشێت.

هەڵەی هەرە دیار کە ڕەنگە زۆربەمان وای تێگەیشتبین و بەسەرماندا گوزەری کردبێ، بەستنەوەی سینەمایە بە شانۆ، چونکە تا ئێستاش وا باوە، گوایە سینەما ڕەگی خۆی لەسەر مێژووی شانۆ داکوتابێت، ئەم تێروانینە زۆر لە ڕاستی نزیک نابێتەوە، تەنانەت شارەزایانی سینەما لە تێروانینی خۆیاندا، پتر هیوایان بەو گەل و وڵاتانە هەیە، لە بواری سینەمادا پێشکەوتن بە خۆیانەوە ببینن،کە مێژوو کولتوری دەوڵەمەندیان لە بواری شانۆدانییە.بۆنموونە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، شارستانییەتی هیندەسوورەکانی لێبکەیتەوە، هێندە لە مێژنییە دامەزراوە، مێژوویەکی دیارو بەدیمەنی لەمەیدانی شانۆدانییە، بۆیە گەشەسەندنی پیشەسازی و هونەری سینەما لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕاستی و دروستی بۆچوونی(کانود و شارەزایانی دیکەی سینەما دەردەخات. کەوا ئیمرۆ ئەمریکا بۆتە شادەماری بەرهەمهێنانی سینەمای جیهان و، بەدیان و بگرە بەسەدان کۆمپانیاو ستدیۆو پەیمانگاو دامەزراوەی پیشەسازی و هونەری سینەما لە ئارادان و، ئەوەندە بەسە نیوەی شاری(هۆلیۆد)ی سینەمایی بهێنینەوە، کە بۆتە ئەفسانەی ئەم سەدەیەو بەرهەمەکانی تەواوی بازارەکانی سینەمای جیهانیان داپۆشیوەو، دەیان کەڵەدەرهێنەر، سیناریست، وێنەگر، مۆنتێرو، ئەکتەری ئەستێرە، لە ڕێگەی باڵادەستی و کاری داهێنەرانەیان خەڵاتی فیستیڤاڵە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانیان پێ دەبەخشرێت، ئەمەش بەپێی شێوازو ڕێبازە هونەرییەکانی سینەما بەسەر چەند قۆناغێکی مێژوویی دابەش دەکرێ و، لەهەر قۆناغێکدا نەوەیەکی خوێن گەرم جێ دەستی دیاربووە، تابەئەمرۆ دەگات، کەسینەمای ئەمریکی لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە، فیلم بەرهەم دەهێنێت. بەڵام ئەو خەونەی(کانود) خوازیاری بوو، ئەوەنەبوو، کەلە سینەمای ئەمریکی چاوەڕوانی دەکرد. ئەو دەیویست لەجیاتی بەرهەمی قەبەو وروژێنەر و داستان ئامێز، ئەوە هونەری حەوتەم شتێکی جیاواز لەوە بەرجەستە دەکات. بینینی ئەو بۆ سینەما هونەرێک بوو، سەرجەم ژیان تیایدا درەوشاوە بێت، هونەرێک لە باریدا هەبێت، هەمیشە بەدوای شتە شاراوەکانی و دۆزینەوە نوێیەکاندا وێڵ بێت و، مانایەکی ستاتیکی دیکە بە ژیان بدات. گیان و جەستە لە جوڵەیەکی بێ هاوتاو داهێنەرانە و گونجاوتردا خۆیان دەرخەن، زۆرجاریش ئەم دەربڕین یان پیشاندانە، لە جەوهەردا سۆفیگەرانە ڕەنگ دەداتەوە. چونکە سینەما بەشێوەیەک ناخی شتەکان دەردەبڕێت، کە پاکترین ڕاستگۆیی بەرجەستە دەکات؛ واتە ئەرکی سینەما تەنیا پیشاندان نییە، هەربۆیە(کانود دەڵێت:(دەبێ تیشکەکانی ڕوناکی بە جۆرێک بەکاربهێنرێ و یاری پێبکرێ، تەواو حاڵەتە ڕۆحییەکانی ناوەوە بوروژێنرێ، نەک تەنیا ڕووداوە دەرەکییەکان وێنە بگیرێن و بەس)(١٣).

لەم پێودانگەیەوە، (کانود) تەواو پاڵپشتی تێروانینی( ئابیل گانس) دەکات، ئەو ئەوا لە سینەما دەنۆڕێ وەک بڵێی سینەما بریتی بێت لە (مۆسیقای ڕوناکییەکان)، لەم تێگەیشتنەوە، (ئەبشتاین)، کانود بە (پێغەمبەری سینەمای شیعریی) بەراورد دەکات. ئەمەش یەکسەر بۆ بابەتێک کێشمان دەکات، کە دەبێ بەلانی کەمەوە، بڕێک لەسەری هەلوەستە بکەین، ئەویش پەیوەندی سینەمایە بە ڕەنگە ئەدەبییەکانەوە، بەتایبەتیش سینەماو(شیعرو ڕۆمان و شانۆو...هتد.

زاراوەی (سینەمای شیعریی) لەسەرەتای پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا، سەرەتا لەسەر دەستی

کۆمەڵەی (سینەما١٦) سەریهەڵدا، کە کۆمەڵەیەکی پێشرەوکاری سینەمای ئەمریکی بوو، داوای فیلمێکیان دەکرد، کەلەسەر هەرەمی پێکهاتەی شیعردا، بەهۆی ئاوێتەکردنی شیعرو سینەما، داهێنانێکی نوێ بەدەست بهێنێ. پرۆفیسۆر(بارکرتیلۆ) لەم بارەیەوە دەڵێت: شیعر ئۆتۆماتیکی دەچێتە سەر دوو بنەما:

١- شیعر وەک پرۆسەیەکی بینراو.

٢- شیعر وەک فۆنەتیک یان وەک پرۆسەیەکی بیستراو.

هەڵبەتە ئەمەش رۆڵی مۆسیقا دەردەخاو، راستەوخۆ فیلمی(خوێنی شاعیر) لەدەرهێنانی(کۆکتۆ)، یان فیلمی ( سەگی ئەندەلووسیی) دەرهێنەر(بۆنۆیل) مان بیردێنێتەوە، کە ئەمرۆ هەموو ئەو فیلمە نایابانە ، بە کلاسیکیاتی سینەما دەناسرێن، تەنانەت لێتێگەیشتنی سریالستانەی شیعر دەردەبڕن، بەتایبەتی لەسەر ئاستی(وێنەی سینەمایی)، ئەمجار ئەم فیلمانە هێندە ناسک و نەرم و مۆسیقا ئامێزن، زیاتر بە سینەمای بێگەرد ناودەبرێن، چونکە لە مۆسیقا بەدەر گوێت لە وشەیەکی ئاخافتن نابێت، ئەم فیلمانە بە پلەی یەکەم پشت بە ( هۆنراوەو پەخشانە شیعرو داستان و چامەی شیعریی) دەبەستن. تەنانەت پرۆسەی مۆنتاژ لە لای(ئەزنشتاین)، ئیقاعێکی شیعرئامێزە.

هەروا(وێنەی سینەمایی) وەک کاریگەرترین ئامرازی هونەری ئەم سەردەمە، بەناخی ستاتیکای شیعر ڕۆدەچێ و ، وردەکارانە رۆحی شتەکانت بۆ دەردێنێ و، مانایەکی دیکە بە فۆرمی نوێ دەبەخشێت، ئائەمەیە تایبەتمەندی و سروشتی وێنەی سینەما.

دەڵێن ، شیعر بەجۆرێک لە جۆرەکان لەناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەتایبەتیش لە لای مرۆڤی رۆژهەلاتی ، چونکە کەم کەس هەیە لە ژیانیدا ، شیعری دەرنەبریبێ، یان حەزی لێنەبووبێ، بەتایبەتیش نووسەرە گەورەکانی دنیای(ڕۆمان و شانۆنامە) وهونەرمەندە لێهاتووەکانی( نیگارکێشان و نواندنی شانۆو سینەماو....هتد) چونکە هەموو ئەوانە لە کارە داهێنەرەکانی خۆیاندا، خۆیان لەقەرەی عالەمی فانتازیاو ئەفسسوناوی شیعرداوە، جگە لەوەی زۆرجاران، فیلمێکی وەک(مردن لە ڤینسیا) ، یان (قەرەجەکان بە ئاسماندا هەڵدەچن)و دەیان فیلمی دیکە، کە هێندە مۆسیقاو سیمفۆنیا ئامێزن و، دیمەن و جوڵەی ئیقاعی فیلمەکە هێندە شیعرییانەن، یەکسەر دەڵێن ئەم فیلمانە چەند شیعرئامێزبوون، هەروەک ئەو تەوژمە فیلمانە کەلەسەرەتاو ناوەراستی هەشتاکانی ئەم سەدەیە لەنێو سینەمای سۆڤێتیدا بەرپابوو، هێندە خەیاڵی مۆسیقایی و سەمائامێزو، تەشکیلی و شیعرئاسابوو،بە سینەمای شیعریی دەناسرا.

×سینەماو ئەدەب بەچی لەیەکتر جیادەکرێنەو، دیارە بەهۆی ئامرازەکانی دەربڕین و شێوازەکانی دەربڕینی ئێستاتیکا، لەهەریەکێکیاندا، جیاوازیان لێوەدەردەکەوێت، بەوەی کە سینەما سەرلەنوێ و بەدیدگاو شێوازی دیکە، رۆح بەبەر دەقە ئەدەبییەکاندا دەکات، یان خاویان دەکاتەوە. ئەمەش لە رێگای چەند پرسیارێکەوە ڕوودەدات، کەلە سروشت و چلۆنایەتی ئەو هێڵە دیارانە دەپرسێ، کە نووسینی دەق و سینەما لەیەکتر جیادەکەنەوە.

×ئایا مەرامێکی جوانکاریی لە نێوان زمانی ئەدەب و زمانی سینەما بەدی دەکرێت؟ یان بەشێوەیەکی دیکە ، ئاخۆ تێروانینێکی تازەتر بۆ پەیوەندی سینەما بە ئەدەبەوە سەریهەڵداوە؟ سینەما زمانی تایبەتی خۆی هەیەو، بەهای جوانکاریشی لەوەوە دەردەکەوێت، کە گرنگی بە خوڵقاندنی (وێنە، کارو دەنگ) دەدات، لەرێگای شێوە هونەرێک پێی دەگوترێ(هونەری بووژاندنەوەو پێکهێنانەوەی جوڵە) کە دەربڕین لە فۆرمی دەرەوەی بیرۆکەیەکی ئەدەبی دەکات و، بە وێنە پیشانی دەدات، کە ناتوانێ راستەوخۆ بە ناخی بیرکردنەوەو قوڵایی نهێنییەکانی مرۆڤدابچێت. ئەگەر چی

سینەمای نوێ، بەسوودوەرگرتن لە وردەکارییەکانی تەکنیکی سینەماو رەنگە ئەدەبی و هونەرییەکانی دیکەو ، بەکارهێنانی داهێنەرانەی تیشک ، دەنگ و، رەنگەکان، هەروا جولەپێکردنی دینامیکی کامیرا، هەروەک(ئالان پارکەر) لە فیلمی(دیوار) دا ئەنجامی داو، بەسەر ئەم کۆسپەیەشدا زاڵبوو.

چونکە دەقێکی ئەدەبی بۆی هەیە لە ناساندنی دیوی ناوەوەی پاڵەوانەکان زیاتر بە ناخی شتە شاراوەکاندا رۆبچێت، بۆ نموونەرۆمانی(یولیس)ی نووسەری ناسراوی ئیرلاندیی (جیمس جۆیس) کە دەقێکە لە رووی پێکهاتەوە ئاڵۆزە، سینەما وەک ئەدەب دەرەقەتی شیکردنەوەکانی سایکۆلۆژی و زهنییەتی ناوەوەی دەقەکە نەهاتووە. هەروا ئەم گرفتە بەرامبەر دەقێکی وەک( العذراء والغجری)کە (کریستۆفەر مایلر) دەریهێناوە، هەمان کێشەی بۆ سینەما پێکهێناوە، چونکە(لۆرنس) لە رۆمانەکەی خۆیدا، توانیویتی بە نێو ناخی کەسەکاندا شۆربێتەوەو، پێناسەی ماهییەتی کەسایەتییان بکات. بەڵام ئەمە لە سینەمادا قورس کەوتووە، چونکە سینەما هونەرێکە زیاتر بەکات و شوێنەوە گرێدراوە، هەرجۆرە گۆڕانێک لە لەقتەیەکدا، پێویست بە گۆڕانی کات و شوێن دەکات، هەروا ئەدەب بەهۆی شەپۆلی هۆش لەگەڵ ناخ و رابردووی کەسەکان دەدوێت، بەڵام سینەما بۆ ئەم حاڵەتە پەنا بۆ بەر فلاش باک دەبات، بەمەش تەنیا لەرووی دەرەوەی رووداوەکان دەردەکەوێ.

هەروا پەیوەندی نێوان دەقی ئەدەبی و کاری سینەمایی زیاتر وەستاوەتەوە سەر رادەی لێهاتوویی و کارامەیی داهێنەر کە چەند دەرەقەتی دەقەکە هاتووەو، چەند راستگۆیانە پەیوەست بە تەوەرە گشتییەکانی دەقەکەو، ناوەرۆکەکەی بووەو، بەچ تێروانینێکی سینەمایی چارەسەری کردووە، بۆ نموونە دەقێکی وەک (شەروئاشتی)یەکەی(تۆلستۆی) کە دەبینین، دەرهێنەری بەناوبانگی رووسیی(سێرگێی بەندەرشۆک) رۆحێکی دیکەی بەم دەقەداوە. باشترین خزمەتی پێگەیاند. لەم فیلمەدا، ئەو قسە کۆنەی چینییەکان، تەواو بەرجەستە دەبێ، کە دەڵێت: (وێنەیەک بەرامبەر هەزار وشەیە)، بەڵام هەمان دەق کە لە ئەمریکا بە فیلم کرابوو، نەک خزمەتی دەقە ئەدەبییەکەی نەکردبوو، بەڵکو وەک کارێکی سینەماییش، هیچ داهێنانێکی پێوە دیار نەبوو.

دیارە ئەرکی سینەما لە چۆنییەتی هەڵس و کەوت لەگەڵ(دەقی ئەدەبی خوێنەران) کەپاشان دەبێتە (دانەی فیلم و بینەران) کارێکی ئاسان نییە، ئەمەش باشترین پارسەنگییە، کە رادەی سەرکەوتنی هونەریانەو ستاتیکانەی پرۆسەکە پیشان دەدات، چونکە بۆچوونێکی واهەیە، کە چارەسەری سینەما، بۆ دەقێکی ئەدەبی چیرۆک بێ یان رۆمان، زیاتر خوێنەری دەق لە رێگای بینینەوە، لە چوارچێوەی چارەسەرسازیی سینەماو وێنەو دیمەنە سەپێنراوەکان دەبەستێتەوە، بەمەش خەیاڵی خوێنەرو مەزەندەکانی بەرامبەر شکڵ و بیچمی کەسەکان و دیمەنی رووداوەکانی نێو دەقە ئەدەبییەکە ناهێڵێ.

دیارە سینەما پەیوەندییەکی زگماکیی لەگەڵ هونەری(فۆتۆگراف)داهەیە، هەروا پەیوەندی فۆتۆگراف بە هونەرەکانی شێوەکاری بەتایبەتی(رەسمی ئینتیباعی) لەرووی وردەکاری گوازتنەوەی واقیعی زیندوو، جوانکارییەکانی وێنەپێەو لەیەکتر نزیکە.

بارتملی ئامن گوال، دەڵێت:(ئەگەر سینەماو وێنەی فۆتۆگرافی بەیەکەوە گرێ بدەین، دەبینین سینەما، بۆی نییە هونەرێکی واقیعی بەدەر شتێکی دیکە بێت)(١٤). بەڵام سینەما هەروەک هونەرەکانی دیکە ، گیرۆدەی ململانێی نێوان واقیع و خەون بووە، بۆیە لەوە ترازا تەنیا وێنەیەکی رووتی واقیع تۆماربکات و، چەندان تەکنیکی تازەی هاتەپاڵ.... چونکە سینەما پێویستی بەوە هەبوو کە باشتر ببینێ

و، زیاتر ببینێ و، هەموو شتێ ببینێ. سینەماکاران دەرکیان بەوەکرد، کەدەبێ گواستنەوەی فتۆکۆپی ببەزێنرێ. هەروا پەیوەندی وێنەو لەقتەی سینەما بەهونەری تەشکیلی، لەڕووی پێکهات و ڕووبەری ستاتیکاوە، مەودایەکی شاعیریی و تەکنیکی بە خۆوە دەگرێ، زۆرجاران سینەماکاران لە تابلۆکانی پیکاسۆو سلڤادۆر دالی و رامبرانت و....هتدئیلهامی شاعیرانە وەردەگرن، لە پێکهاتی وێنەو(میزانسین) و گەرم وگوڕی ڕەنگەکان و، جوڵەی کەسەکان و، تیشک و ڕوناکی تابلۆکانی رامبرانت وئەندازەکاریی پیکاسۆ، وێنەی سینەمایی بنیات دەنێن، جگەلەوەی، لەنێوان سینەماکارو، هونەرمەندە نیگارکێشەکان، تێروانین و کاری هاوبەشی سینەمایی ئەنجام دراوە. بگرە هەندێ جار هونەرمەندە نیگارکێشەکان، کاری سینەماییان کردووە، بەتایبەتیش پیکاسۆو دالی. هەروا شاعیرانی وەک ئاراگۆن و ئیلوارو، نازم حیکمەت و فروغ، خەون و دیدگای شاعیرانەی خۆیان بە سینەما دەربڕیوە.

× سەبارەت بە پەیوەندی سینەماو شانۆ، ڕاوسەرنجی جیاجیا هەیە ، بەڵام (شارل فۆرد) لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕاپرسیدا، کەلەگەڵ کۆمەڵێک ئەکتەرو دەرهێنەرانی شانۆوئەدیبات، لەژێر ناوی(شانۆو سینەما، براو دوژمن) بڵاوی کردۆتەوە، سێ ڕێگاچارەی بۆ جۆری ئەم پەیوەندییە هەڵبژاردووە(دابڕانی تەواو، بەشانۆیی کردنی سینەما، ئاڵوگۆری هاوسەنگ). بەڵام ئەندرێ مالرۆ، ئەم گرفتەی بەڕونی دیارخستووە(گرفتی سەرەکی کە ڕووبەڕووی دانەری فیلم دەبێتەوە، ئەوەیە کە بزانێ(کەی) دەبێت کەسەکان بپەیڤن، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە ئەکتەر لە شانۆدا، بەردەوام قسەدەکات)(١٥).

رینییە کلیردەڵێت:(ئەوانەی واتێدەگەن سینەما شانۆی کوشتبێ، ئەوا هیچ لە سروشتی هونەرییانەی، هەر یەک لەم دوو هونەرە لەیەکتر جیاوازە نازانن، هەموو ئەو شت و ئامرازانەی، کە سینەما لە شانۆی خواستووەو، بە پێچەوانەش، لە قاڵبێکی جیاوازو، مەبەستێکی دیکەی هونەری بەکارهێنراوەتەوە. بۆ نموونە سینەمای دەنگدار، دەبێ بۆ خۆی ئامرازی دەربڕینی ئەوتۆ بدۆزێتەوە جیاوازبێت لەوەی لەسەر تەختەی شانۆ کەدەربڕین بەهۆی فۆنەتێکەوە، کار لە بینەرانی شانۆ دەکات و، جۆشیان دەداتێ، چونکە ئەوەی دەبینرێ لە چاو ئەوەی دەبیسترێ، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، گەر بەراورد بکرێ. بەڵام لە سینەمادابە پێچەوانەی ئەوەی دەبینرێ، گرنگەو، دەربڕین بە پلەی یەک لە ڕێگای وێنە ئەنجام دەدرێ، بەڵام لایەنی فۆنەتیک(ئاخاوتن) هەرگیز نابێ زاڵ بکرێ.

هەروا لەسەرێکی دیکەوە، فیلمەکانی بەرایی ئەوساکەبەرادەیەکی زۆر پشتیان بە شانۆگەرییەکان بەستبوو، تەنانەت چەندان بەهرەمەند لە جیهانی شانۆوە، خزانە نێو جیهانی سینەماوە، لەوانەش(ئۆرسن ویلز، لۆرنس ئۆلیڤییە، ئینگمار بیرگمان، پیتەر بۆکو مایک نیکلز)، بوڵام لایەنی خراپی ئەم پەیوەندییەی نێوان شانۆو سینەما، زاڵبوونی کاریگەری نەریتەکانی شانۆیە، بەسەر ئەم هونەرمەندانەدا، ئەمەش ماوەیەکی زۆری پێدەوێ، تا دەتوانرێ خۆ لەم نەریتانە بپارێزن و ، لەگەڵ پێداویستییەکانی هونەری نوێ خۆیان بگونجێنن. پێداویستی و شێوازی هونەری لەشانۆو سینەمادا، چەندان جیاوازی و لەگەڵ یەک نەگونجان بە خۆوەدەگرن، کە بەم شێوەیە کورت دەکرێتەوە:

×/نواندنی شانۆ لەگەڵ نواندن لە سینەمادا، وەک یەک نییە، بۆ نموونە لەقتەی نزیک جۆرە نواندنێکی پێویستە، جیاوازە لەوەی لەسەر شانۆ نمایش دەکرێ.

×هەروا هەندێ دیمەنی سینەما هەیە، وەک(گەمارۆدانی شەمەندەفەرێک لە کاتی ڕۆیشتندا، لەلایەن کۆمەڵێک سوار چاکەوە) و(پیشاندانی ژمارەیەک مەلەوان لە ناخی دەریایەک کەوا لە لایەن قرشەکان پەلاماردەدرێن)و (مێرولەیەک دەنکە

گەنمێک دەگوازێتەوە)یان(چاوێک فرمێسکی تیا قەتیس مابێ)و ئەمانەو چەندان دیمەنی دیکە، ناکرێ لەسەر شانۆ پیشان بدرێن. بەڵام سینەما دەتوانێ بەپێی پێداویستی هونەریی پیشانیان بدات.

× لەسەر شانۆدا، هەرچەندێک ڕوناکی و ڕەنگ، بخرێتە سەر ئەکتەری قسەکەر، بەڵام ناتوانرێ لە نێوان تێکرای(٤تاە) ئەکتەر، چاوی بینەر هەمیشە لەسەر ئەکتەری قسەکەر بێت، لە کاتێکدا لەسینەمادا، بەهۆی لەقتەی نزیک و گەورەکراو، ئەکتەری قسەکەر بینەر بۆ خۆی کێش دەکات.

× لە شانۆدابینەر بۆی هەیە، لە دیمەنێک نەڕوانێ، بەڵام لە سینەمادا، بەهۆی کەشی نێو هۆڵ و کۆنترۆڵ کردنی بینەر لەلایەن شاشەو، گۆڕانی یەک لەدوای یەکی لەقتەو دیمەنەکان، بینەر بۆی نییە لە شاشە دابڕێت.

× لەشانۆدا ئەکتەرەکان مرۆڤی ڕاستەقینە ڕۆڵ دەبینن، بەڵام لە سینەمادا وێنەی فۆتۆگرافی لەبری (ئەکتەری ڕاستەقینە) بەکار دەهێنرێت.

× کارتێکردنی ڕاستەوخۆو گەرماو گەرم، لەنێوان بینەران و شانۆ ڕوودەدات، بەڵام لە سینەمادا وانییە.

× ئەکتەر لە سینەمادا بینەران نابینێ و گوێی لێیان نابێت، هەروا بینەران تەنیا ئەکتەرەکان دەبینن و گوێیان بۆ هەڵدەخەن، ئەمەش لە سینەماو شانۆدا کار لە هەڵچوون و داچوونی ئەکتەر دەکات. تەنانەت لە هەندێ ڕێبازی شانۆگەریدا، ئەکتەر لەگەڵ بینەردا دەکەوێتە گفتوگۆکردن و، بگرە هەندێ جار بینەر بەشداری لە نواندندا دەکات.

× لە شانۆگەریدا بەهۆی پەردەو تاریک داهێنانی تەختەی شانۆ یان لەبەر چاوی بینەر ، دیمەنەکان بەیەکتر گرێ دەدرێن، بەڵام لە سینەمادا فیلمی خاو لە ڕێگای مۆنتاژەوە لەقتەو دیمەنەکان بەیەکترەوە گرێ دەدرێتێ.

× ئەکتەری شانۆگەریی دەبێ لە ڕووی فیزیکی لەش ولاری ڕێک و باڵا بەرزبێت و، توانای دەربڕینی فۆنەتیکی باش بێت و، دەنگی گەورەو بەهێز بێت، بەڵام لە سینەمادا زیاتر جەخت لەسەر دەموچاوی ئەکتەر دەکرێت.

ئەمانەو چەندان جیاوازی دیکەی نێوان شانۆو سینەما، کە لێتۆژینەوەی زیاتر هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، مەرج نییە هونەری سینەما، لەسەر کولتوروبنەماو نەریتەکانی شانۆ نەشونما بکات، تەنانەت ئەکتەری سینەما گەر ڕابردوویەکی کۆنی لە شانۆدا هەبێ و، دەقی پێوەگرتبێ، لە نواندنی سینەماو لە بەردەم کامیرادا جۆرێک لە گرژی وبەگران جوڵانەوەی لێ بەدی دەکرێ، بەمەش جوانکارییەکانی جوڵە ئاستی هونەریی تیا نابینرێت.

دیارە پەیوەندی سینەما بە ڕەنگە ئەدەبی و هونەرییەکانی دیکە، کە لێرەدا بە کورتی تەنیا هەندێکی باسکران، لێتۆژینەوەی زیاتر هەڵدەگرێ، بەو نیازەی لە دەرفەتێکی گونجاودا، ئەم پەیوەندییانە بەفرەوانیتر بەسەر بکرێنەوە.

سەرچاوەکان

١- گوڤاری الوطن العربي، العدد(١٤٣) .ت٢-.١٩٧٩
٣،٢- بحث عن السينما، عدنان مدانات، بيروت ١٩٧٥
٥،٤-(........)
٦- بحث عن السينما، عدنان مدانات.
٧- فهم السينما، ترجمه جعفر علي.
٨- الثقافه الجديده، العدد(٢٤٤) نيسان.١٩٩٣
٩- الثقافه الاجنبيه، العدد(٣) .١٩٨٠
١٠،١١،١٢- بحث عن السينما، عدنان مدانات.
١٣- علم جمال السينما، هنري آجيل، ترجمه ابراهيم العريس، دار الطليعه، بيروت.
١٤- السينما بين الوهم والواقع.
١٥- الثقافه الاجنبيه، العدد(٣).١٩٩٠


هەولێر ١٩٩٦

دیدارێک لەگەڵ:

# یۆران تونسترۆم

## *Göran Tunström*

حەسەن حەمەسەعید نور



یۆران تونسترۆم، یەکێکە لە ناودارترین شاعیرو نووسەرە سویدیەکان، ساڵی ١٩٢٧ لە شاریKarlstad کارلستاد هاتۆتە دنیاوە. باوکی باپای شاری سونێSunne× بووە. تەمەنی منداڵی و لاوێتی لەو شارەدا بەسەر بردووە. لەسەرەتای نۆ ساڵییەوە دەستی بە نووسین کردووە، زیاتر لە ٢٥ کتێبی هەیەو یەکەم کتێبی لەژێر سەردێری(Inringning گەمارۆدان ١٩٥٨) بەچاپ گەیاندووە.

Lena Kronqvist هاوسەری یۆرانەو کوڕێکیان هەیە ئەویش دەرهێنەری شانۆیە.

لەیەکێک لە گەڕەکە هەرە کۆنەکانی شاری ستۆکهۆلم(Södermalm)و لە خانویەکی بەرزی ڕەنگ بۆرو لەژورێک کە دیوارەکانی لە چەند ڕەفێک و سەدان کتێب پێکهاتووە، لەسەر کورسییەکی چەرمی پشت مێزی ژووری نوسینگەکەی دانیشتووەو وەڵامی پرسیارەکانم دەداتەوە.

لەم ژوورەدا سەدان هۆنراوەو دەیان چیرۆک و ڕۆمان لە دایکبوون، بابەتەکان تەنیا لەکەس و ناوچەیەکی جوگرافی تەسکدا ڕوونادەن، بەڵکو بەسەر پانتایی زەویدا بڵاودەبنەوەو لە سونێوە(زێدی شاعیر)، بەرەو نیوزیلاندو هیندوستان و قودس و وڵاتی چین دەخولێتەوە.

لە چاوەکانی یۆراندا حەزی داهێنان و کڵپەی

وزە دەدرەوشێنەوە، جارجار شادی و خۆشییەکی ئاشکرا بەسەر سیما هێمنەکەیدا دەردەکەوێت. زۆرجار کۆکەو قرخەقرخێک بەربینی دەگرێت و قسەی پێدەبڕێت.

چەند ساڵێک لەمەوبەر یۆران تووشی کارەساتێک دەبێت و ئۆتۆمبیلەکەی وەردەگەرێت و رۆح و تاقگەی بەرهەمهێنان دەوەستێت و باڵی مردن و تاریکی بەسەر چرای ژیانی یۆراندا دادێت. بەڵام خۆشەویستی ژیان لە دڵ و لاشە شەلاڵ خوێن بوومەکەی، هێندە بەهێز دەبێت، ژیانێکی نوێ بۆ یۆران دەنووسێتەوە.

یۆران پەرداخێک ئاو بەگەرویدا دەکات و قرخەقرخەکەی نامێنێت. لێنای هاوسەری دێت و بەخێرهاتنم دەکات و پاشان من و یۆران و دەزگا تۆمارکەرەکە بەجێدەهێڵێ و، دەچێتە لای تابلۆکانی خۆی.

**زیاتر لە بیست و پێنج کتێب، دیوانی شیعرو رۆمان. ئایا ئێوە شاعیرن، یاخود نووسەر؟**

من شاعیرم و نووسەر، من نووسەرێکی شاعیرم، دەمەوێ مێژوو بەچیرۆک بگێرمەوە.

**ئێوە دەربارەی مردنی باوکتان نووسیوتانە و دەڵێن لە ناوەراستی جیهاندا دڵی باوکم هەبوو، لە دڵی باوکیشمدا ترپەی دڵی ژیان لەهەموو شوێنێکدا دەبیسترا، رۆژێک دڵی لە لێدان کەوت، ئەو دەمە من تەنیا دوانزە ساڵان بووم.**

**پرسیارەکەم ئەوەیە، مردنی باوکتان چ کارێکی کردۆتە سەر ژیانتان؟**

من باوکێکی نایابم هەبوو، ئەو بەردەوام کتێبی منداڵانی بۆم دەخوێندەوە، لە نێوان من و باوکمدا گفتوگۆیەکی بەردەوام هەبوو، سەرەرای منداڵیم دەمتوانی باسی هەموو شتێکی لەگەڵدا بکەم و بیرو بۆچوونی خۆم سەبارەت هەموو شتێک دەربڕم، باوکم نەخۆشی دڵی هەبوو، زۆرجار باسی داهاتووی دەکردو دەیگوت"یۆران تۆ بەم زووانە دەبیتە بەرپرسیاری خێزانەکەمان و من دەرۆم و گەشتێکی دوورم لە رێیە" باوکم مەبەستی مردن بوو، ئەم باسە بۆ منێکی دوانزە ساڵە زۆر سەخت بوو، من لە وەڵامدا دەمگوت:"نابابە تۆ نامری" بەڵام لە پڕ گفتوگۆی نێوانمان پچرا. من ئێستاش هەست بەو پچران و بۆشاییە دەکەم. مردنی باوکم بووە برینێکی درێژخایەن لە ناخمدا، ئەو برینە بەردەوام دەکولێتەوەو هەرگیز تیمار ناکرێت. مردنی باوکم لە کۆمەڵە پرسیارو کێشەیەکی کاتیی دووری خستمەوەو هانی دام بەدوای دەسەڵات و بوونی(خۆم)دا بگەرێم.

**لەتەمەنی بیست و یەک ساڵیدا، ئێوە دوچاری کێشەیەکی دەروونی دەبن و بۆ ماوەیەک لە شێتخانەدا دەمێننەوە، ئێوە ئەو شوێنە بە پاڵاوتگەی نووسەر دادەنێن. تکایە بۆچی شێتخانە بە پاڵاوتگەی نووسەران دادەنێن؟**

من تا ئەو تەمەنە لە ژێر کاریگەریتی مردنی باوکمدا بووم:

ژیان چییە؟

مردن چییە؟

بۆ دەبێت باوکی من بمرێت؟

چ دەسەلاتێک سەرپەرشتی شتەکان دەکات؟

ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێک بوون لە مێشکمدا ململانێیان بوو . من هیچ وەڵامێکم بۆ ئەو پرسیارانە نەبوو، ئەو دەمانە لە گەشتێکی سەیرو سەمەرەی ناخمدا بووم، بەناخی خۆمدا دەچوومە خوارێ و لە وێدا لەنگەرم دەگرت. بۆیە من ئەو ماوەیە بە چاکترین ماوەو باشترین رووداو لە ژیانمدا دادەنێم، من ئەو دەمە خۆم داهێنا، جا بۆیە بە پاڵاوتگەی نووسەری دەزانم.

مەبەستی من ناچارکردنە لە روانگەی لێکدانەوەی دەروونییەوە، من لەو روانگەیەوە باسی ناچاریکردن دەکەم. باوکم بەردەوام باسی ئەو وڵاتە سەیروسەمەرانەی بۆ دەکردم و بایەخێکی زۆری دەدایە گەشتکردن و هەوڵی دەدا ئەو هەستەم بۆ روونبکاتەوە کە لە سەر لوتکەکانی هیمالایە و جەنگەڵەکانی ئەمازۆندا پڕ بە لاشەو دڵی مرۆڤ دەبێت.

**بە دوای چیدا دەگەڕان؟**

دەمویست ببم بە نووسەر، من بەدوای کەرەستەیەکدا دەگەرام مانای جیهانم بۆ روونبکاتەوە.

**ئێوە پێشتر بریارتان دابوو ببن بە نووسەر؟**

بەڵێ من لە سەرەتای لاوێتیمەوە دەستم بەنووسین کردووە، من دەفتەری بیرەوەرییەکانم بە شێوەی چیرۆک دەنووسی.

**ماوەیەکی تەمەنتان ، بە تایبەتی قۆناغی ئامادەیتان لە خوێندنگەیەکی تایبەت بە پاپا بردۆتەسەر، پاشان لەو ڕێگەیە لاتان داوە. دەکرێت بەکورتی باسی ئەو قۆناغە بکەن؟**

ئەو دەمانە خوێندنی پاپا بەخۆرایی بوو، من توانای ئابووریم نەبوو بچمە خوێندنگەیەکی تایبەت. لەو خوێندنگەیە فێری زمانی عیبری و گریکی و لاتینی بووم. من زۆرجار لە پۆلدا لەپەنجەرەی ژووری خوێندنەوە دەمروانییە دەرەوەو خەیاڵ دەیبردمەوەلای کیژێکی یۆنانی ئەو دەمانە خۆشم دەویست.

**لەنێوان ئەو کەسانەی کە باوکت خۆشی دەویستن و هاوڕێ و نزیکی بوون و لە خێزانەکەشتاندا پەیوەندییەکی سەرنج ڕاکێش بەدی دەکەم. ئێوە دەڵێن : باوکم دەیگوت درەختەکان لەدەرێ بە ئارەزووی خۆیان دەتوانن هەڵبکەن، شەپۆلەکان دەتوانن سەری شێتیان بە کەنارەکان بشکێنن. خەڵکیش دەتوانن بدوێن، بەهەرحاڵ ئەوان شتێکی گرنگ ناڵێن. ئەوکەسانەی کە گوتەکانیان پشتگوێ ناخرێن، کەسانێکی ئەکتەرو نیگارکێش و نووسەرن.**
**بۆیە ئێوە بوون بەنووسەرو ، هاوسەرەکەتان نیگارکێش و کورەکەشتان دەرهێنەری شانۆیە. ئەوکەسانە لەباوکتەوە نزیک بوون و ئەو خۆشی دەویستن، بۆیە ئێوە بوون بە نووسەرو نیگارکێشێکیش هاوسەرتان و بریارتان دا کورەکەشتان ببێ بە دەرهێنەر؟**

لەوانەیە ئەو شتە راست بێت ، لەوانەیە ئەوە هەستێکی هاندەربووبێت لەوەی بووم بە نووسەرو هەڵبژاردنی لینای هاوسەرم، بەڵام من هیچ دەستوەردانێکم لە ژیانی کورەکەمدا نەبووەو نابێت، هۆکاری بوونی بەدەرهێنەر بەبڕوای من بۆ ئەوەیە تابتوانێت هاوکۆفی و هاوساییەک لەگەڵ ئێمە(من و دایکی)دا بخوڵقێنێت. کوڕەکەم لەسەرەتادا ماوەیەک سەرگەرمی نوسین بوو، پاشان ڕێگای گۆڕی و هونەری دەرهێنانی هەڵبژارد.

**"هۆنراوە بۆ لینا" سەردێری یەکێک لە دیوانە شیعرییەکانتانە. ئایا ئەو هۆنراوانە تەنیا بۆ لینا نووسراون سەبارەت بەون، یاخود کەسانێکی تریش لەتوێی ئەو دیوانەتدا شاراونەتەوە؟**

"هۆنراوە بۆ لینا" گوڵبژێری دیوانە شیعرییەکانمە، لەوێدا تەنیا هۆنراوەی خۆشەویستیم کۆکردۆتەوە. من ناتوانم بڵێم سەرجەم هۆنراوەکانی ئەو گوڵبژێرە بۆ لینا نووسراون، بەڵام دەوێرم بڵێم سەردێری گوڵبژێرەکە چەتره مانایەکە بۆ ناوەرۆکی شیعرەکان.

× با شیعر وەلانێین و بچینە سەر ڕۆمانەکانتان، ئێوە کەسانی ڕۆمانەکانتان ناچاردەکەن بە تاقیگەی شێتخانەدا بڕۆن، یاخود بۆ ماوەیەک لەوێدا بمێننەوە. ئێوە دەڵێن" پێویستە مرۆڤەکان بۆ ماوەیەک لە شێتخانەدا بمێننەوە، بەسەر حاڵەتی شێتی و کێشە دەروونییەکاندابگوزەرێن... بۆچی ئەم کارەتان بەلاوە پێویستە؟
کەسانی ڕۆمانەکانم بەتایبەتی پاڵەوانەکان، ئەو کەسانەن کە لاڕێی ژیانیان گرتۆتەبەر. ئەوانەن کە دوچاری کارەساتی سەخت بوون. من سەرگەرمی ئەو کەسانەم کە ناتوانن نەخشەی ژیانی خۆیان دارێژن. ئەوکاتە خۆم لەدەرەوەی چوارچێوە ئاساییەکاندا دەبینمەوەو چیرۆکە هۆنراوەی سەرنج ڕاکێش لەدایک دەبن.

**ئێوە دەڵێن "من نووسەرێکی پەیکەرتاشم" لەسەرەتادا کەسانی ڕۆمانەکانم تاشەبەردن. من وەک پەیکەرتاش ماوەیەک دەروانمە بەردەکان پاشان لەتێک لێرەو دووولەت لەوێ لەو بەردە مەزنە دەتاشم ولەئەنجامدا کەسێک دەزێ. باشە ئێوە چۆن گیان وەبەر کەسەکانتان دەنێن؟**

کەسانی ڕۆمانەکانم بەیەک ناچن، ئەوان پەیکەری تۆمارکراوو نووسراوەن، هەریەک لەو مرۆڤانە جوڵەو بەسەرهاتی تایبەتی خۆی هەیە. من ئەو بەسەرهات و جوڵانە دەئاخنمە پەیکەرەکانەوە. دەنووسم، دەنووسم و بەردەوام دەنووسم، لە ئاکامی ئەو نووسراوانەدا، کۆمەڵێک وشە دەزێن پاشان من وەک پەیکەرتاش ، پەیکەرێکی باریکی خنجیلانە لەو تاشەبەردە ئەستوورانە دروست دەکەم.
من بە کەسانی ڕۆمانەکانم ناڵێم ئەم کارەبکەن یان ئەم شتە بڵێن یاخود بەم زاراوەیە بدوێن، من هەوڵدەدەم کەسەکان ئازادبن، ئازاد بدوێن، تاکو تۆ-وەکو خوێنەر- لەو کەسانەدا وێنەو کەسایەتی خۆت بەدیبکەیت.

**ئێوە دەڵێن"چیرۆکەکانی من هەموو ڕاستن". مەبەستت لە ڕاستی چیرۆکەکان چییە؟ ئایا ڕووداوەکان ڕاستەقینەن و ئێوە وەک ڕۆژنامەنووسێک تۆماریان دەکەن، یاخود کەسەکان زیندوون و مرۆڤی ڕاستەقینەن؟**

کاتێک لە نووسینی ڕۆمانێک دەبمەوە،بەمانا شتێک ،ڕۆمانێک لە دایک دەبێت. لەو ڕۆمانەدا خەونەکانی تۆو بیروبۆچونەکانی تۆ هەیە، بۆیە من دەڵێم ئەو چیرۆکانە ڕاستن. هەندێک لە شتەکان قەوارەی فیزیکییان هەیە و هەندێکی تر قەوارەی دەروونی. من ڕاستم لەگەڵ ناخی مرۆڤ لەگەڵ بیرە شاراوەکانی ناخی مرۆڤ و وێنەو خەونەکانی. کە دەڵێم ڕۆمانەکانم ڕاستن ، مەبەستم ڕاستی ئەو شتانەیە.

**گەر بڵێم سونێ، ئێوە چی دەڵێن؟**

من بۆیەکەم جار لە (سونێ)دا ناوم لەشتەکان نا ، لەوێ یەکەم کچم ماچ کردووە، بۆیەکەم جار ترس پەی بەدڵم بردووەویەکەم جاریش دڵم شکاوە، هەموو شتێکم لەوێیە. سونێ گرنگە بۆ بیرکردنەوەی منSunne چەقی بیرکردنەوەمە. زۆرکەسم لەزۆر شوێنی جیاوازدا دیوەو ناسیوەو لەڕۆمانەکانمدا نیشتەی شارۆچکەی سونێم کردوون. زۆر شتم خوڵقاندووەوداومەتە سونێ، بەڵام زۆر شتی ڕۆمانەکانیشم لە سونێدا هەن. من ئاگادارییەکی باشم سەبارەت بە باری ئابووری و رامیاری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت باری دەروونی کۆمەڵگای سونێ هەیە. زۆرجار کەسانی ڕۆمانەکانم ئاخنیوەتە ئەو کۆمەڵگایەوە، من دەزانم ماڵە هەژارەکان لەکام کەناری شاردان و دەوڵەمەندەکان لە کوێ دەژین. دەتوانم بە ڕاشکاوەیی بڵێم من سونێم خوڵقاندووەو من سونێم ئاوەدان کردۆتەوە.

**ئێوە بۆچی دەنووسن؟**

جگە لە نووسین شتێکی تر نازانم. من زمان و خامەی نووسینم لە باوکمەوە بۆ ماوەتەوە، زمانی گێرانەوەی

چیرۆک و خامەی نووسینی بەسەرهات. باوکم بەردەوام چیرۆکی بۆم دەگێرایەوە، چیرۆکەکانی باوکم جیهانی لە چاوانمدا گۆری، هەرلە منداڵییەوە هەستم بە گرنگی زمان کرد، هەستم کرد زمان مرۆڤ دەگۆرێت، زمان ئامرازێکی نایابە بۆ خوڵقاندنی جیهان، مرۆڤ دەتوانێت بەزمان جیهان بخوڵقێنێت.

بۆ نموونە گەر مرۆڤێک لە قۆناغی سەرەتاییەوە بێت، دەبینین ئەو مرۆڤە هیچ شتێک یاخود چیرۆکێکی نییە بیگێرێتەوە، هاوکات بیرکردنەوەی ئەو کەسە دەربارەی گێتی و ژیان زۆرجیاوازو نامۆ دەبێت. بروانە رەگەزپەرستەکان ئەوان هیچ زانیارییەکیان نییە، هیچ ناخوێننەوە تەنانەت هەستی هاوبەشیشیان نییە زۆرجیاوازو نامۆن.

کەواتە زمان ئەو شتە گرنگەیە کەمن باسی لێوەدەکەم. من ئەو زمانەم لە باوکمەوە بۆ ماوەتەوەو دەبێت سوودی لێوەربگرم.

**سەرچاوەی چیرۆک (بابەتەکانتان) چین. ئایا نووسەرو شاعیرانی هاورێتن، یاخود کەسانی ئاسایی و سادەی کۆمەڵن؟**

من ناتوانم چیرۆک و بابەتی هەڤاڵەکانم بدزم، بەدەگمەن سوود لەوان وەردەگرم. بەڵام هاوسێکانم ماسیگرەکانی کەناری دەریا، ئەو کەسانە بە جۆرێک رەفتار دەکەن و شتێک دەڵێن و بە زاراوەیەک دەدوێن راستەوخۆ دەبنە کەرەستەی بابەتەکەنم و سوودیان لێوەردەگرم. ئەو خەڵکە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان لەگەڵ زماندا هەیە، ئەو پەیوەندییە زۆر گرنگە. بۆ نموونە ماسیگرێک بە رواڵەت بەهۆی مەرجەکانی ژیانی مرۆڤێکی کەم دووە، دیالۆگی ئەو ماسیگرە لە چەند رستەیەکی زۆرکورت و کەم و پێویست پێکدێن، ئەو لە جیهانێکی بچوکتر دەژی و پەیوەندی بە خەڵکەوە کەمترە و پێویستی بە وشەی زۆر نییە، جا ئەو ماسیگرە و کەسانێکی تر لە شێوەو رەفتاری ئەو دەبنە بنەماو سەرچاوەی بیرۆکەیەک بۆ رۆمانەکانم.

**ئێوە زیاتر چی دەخوێننەوە؟**

پرسیارێکی سەختەو نازانم چۆن وەڵامی بدەمەوە. من زۆرم خوێندۆتەوە بەدرێژایی ژیانم بەرهەمی ئەدەبیم خوێندۆتەوە بەڵام ئێستا لەم تەمەنەدا و پاش ئەوەی خۆم بووم بە نووسەر توانام نەماوە بەرهەمی ئەدەبی قەوارە ئەستوری وەک رۆمانەکانی مارکیزو تۆلستۆی و دیستۆیۆفسکی بخوێنمەوە، من ئێستا شتێک دەخوێنمەوە کە خزمەتی بەرهەمەکانم بکات، شتێک کە پێویستم پێی دەبێت بۆ نووسینی رۆمانەکانم. بۆ نموونە ، کاتێک رۆمانی"پەیامی بیابان"م نووسی کە سەبارەت بەژیانی عیسایە من زۆر کتێب و سەرچاوەم دەربارەی ژیانی عیسا و ئیسرائیل و خەڵکی ئیسرائیل خوێندنەوە ماوەیەکی زۆریش لە ئیسرائیل ژیام ، هەروا کاتێک کتێبی (Skimner دەروشانەوە)م نووسی کە رووداوەکانی لە ئیسلاند روودەدات، زۆر سەرچاوەم دەربارەی ئیسلاندو خەڵکی ئەو وڵاتەو بارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیم خوێندنەوە.

ئیستا گومان دەکەم کە بتوانم رۆمانێکی قەوارە ئەستور بخوێنەوە، پێموایە گەر سەد لاپەرەیەک بخوێنمەوە ماندو دەبم.

ئێوە دەڵێن"من سۆسیالیست نیم، بەڵام بڕوام بە بیری سۆسیالیستی هەیە، من خاچ پەرست نیم و چیتر ناتوانم خاچ پەرست بم"
پاشان دەڵێن:"دەبێت کێشەو پرسیارەکان لە ناخمدا بەردەوام بژین، من لەگەڵ خودادا پەیمانێکم بەستووە کە چیتر بیر لە بوونی نەکەمەوە". پرسیارەکەم ئەوەیە ،من نازانم ئێوە سۆسیالیستن، یان سۆسیالیستێکی خاچ پەرست، یاخود خوانەناس(ملحد). گەر هیچیان نین ، تکایە ئێوە چین؟

منیش نازانم، ئەو پرسیارانەی ئاراستەم دەکرێن و ڕووبەڕووم دەبنەوە پەیوەندیان بە بوون و نەبوونی خوداوە هەیە ، من وشەی هاوکاری و هاریکاری لە جیاتی وشەی سۆسیالیست بەکاردەهێنم.

بەردەوام پرسیارێک لە مێشکمدا وڕەی دێت،ئەویش ئەوەیە: مرۆڤ چۆن دەتوانێت ئایدیۆلۆجیایەکی چەپی پۆزەتیڤ دابڕێژێت؟ لەجیاتی ئەوەی تۆ لە سیستەمی کۆمەڵایەتی خۆتدا بەندبیت و من لە سیستەمی کۆمەڵایەتی خۆمدا، باشتر وانییە من و تۆ بتوانین یارمەتی و هاریکاری یەکتر بکەین. من پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان مرۆڤەکاندا دەبینم، ئەو پەیوەندییە بە سینتالیتیای خۆشەویستی خاچپەرستەکان ناودەنێم.

**بەڵام ئێوە بڕواتان بە بوونی خودا هەیە ، دەنا پەیمانتان لە گەڵیدا نە دەبەست؟**

ڕاستە من پەیمانم لەگەڵ خودادا هەیە، بەڵام پەیمانەکەی من لەگەڵ خودایەکدایە، کە نیە.

## لە بڵاوکراوەکانی ڕابوون

١- خامۆشیی دەریا(ڕۆمان) نووسینی(ڤێرکۆر)، وەرگێڕانی هەژار قەسەب.
٢- ئۆقیانەو سێیە(شیعر) ڕەفیق سابیر.
٣- ئارمانی مێشکەر(چەند بەشێکی فکری)یە، هاشم کۆچانی.
٤- مرۆڤ و وڵات(هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی ڕەفیق سابیر).
ئامادەکردن و گۆڕینی بۆ پیتی لاتینی خەلیل دهۆکی.
دەتوانرێت بە ئەدرێسی ڕابوون داوای ئەم جۆرە کتێبانە بکرێت.

# حیکمەتەکانی مێینەیەکی پیرۆز

جەمال غەمبار

لە «کانی فریشتەوە» پاش ئەوەی ساڵە جێماوەکانی داهاتوومان
بە خاک سپارد
بە رێ کەوتین
عەشقمان لەوێ بەجێهێشت،
نەمانتوانی قسە خۆشەکان لەگەڵ خۆماندا بهێنین.
لە «کانی فریشتەوە» رێگا، خۆی دەلیلێکی تەنیا و ماندوو بوو
لەگەڵ بوونەوەرەکانی تردا، ئەوانەی ئاوڵەی جەنگ کوێری کردبوون
ئەوانەی ئینجیلەکانی مردنیان موتالا کردبوو
بە هەمووماندەمانویست؛
تەفسیرێک بۆ گەمارۆدانی نێرگزەکان
تەفسیرێک بۆ سەردانی هەمیشەیی شەڕەکان
بۆ میوانداریتیی فرمێسک بدۆزینەوە!
هەمووماندەگەڕاین و.. دەمانویست !
هەر ئێمە نەبووین، تەنیاییش وەک ئێمە دەرکرابوو
لە «کانی فریشتە»وە قەلەڕەشە بەدبەختەکان هاوڕێمان بوون،
کە برسیمان دەبوو گۆرانییە کۆنەکانیان بۆ دەوتین
کە دەگریاین جێگای ئەو کەمینانەیان نیشان دەدایین
کە پێکەنینیان تێدا سەربڕیبوون.
ئەو کاتە من پیاوێکی عادەتی بووم
تۆی نیشتمانیش لیمۆ گیان.. مێینەکی پیرۆز بوویت
وشە بێ ماناکانی منت دەژمارد
تۆ مێینەکی پیرۆز بوویت تازە گوڵی مەمکت دەگرت

تازه فێرببوویت عوزر بشۆیت
که بەلای گۆڕستانێکدا ڕەتدەبوویت بسمیللات دەکرد
جیا لە مێینەکانی تر دڵت بە باوکت نەدەکرایەوە
حەزەری ئەوەت دەکرد کچێنیت بکوژێت،
ئاخریەکەی کوشتیشی!
ئەو کاتە من پیاوێکی عادەتی بووم و
تۆی نیشتمانیش، لیمۆ گیان، مێینەکی پیرۆز و
باوکە ناحەزەکەشت چەشنی (کاسیۆس)
شیعری خۆش نەدەویست و
هەموو ڕۆژێ، ئاوێنەکانی منداڵیتی دەشکاند!
ئای لیمۆ گیان.. «کانی فریشتە» لە کوێ و.. تۆ لە کوێ!
تۆ دەهرێکە زەردەخەنە قەرز دەکەیت و
لە دوورەوە تەماشای پێکەنین دەکەیت
زەمبیلەکەت پڕە لە قارچکی برین
چارۆکە دڕاوەکەشت لە وەرەمی جێهێشتن.
کوڕەکانت گەورە دەکەیت و، بەر لەوەی شەیتانی ببن
دەبێت بچنە کۆرسی شەڕەوە،
چاوشارکێ لەگەڵ تارماییەکانی مەرگدا بکەن.
کچەکانت عازەب دەکەیت و
بەر لەوەی فێربن «نامە لە دڵەوە بۆ گوڵ بنووسن»
دەبێت خەریکی چنینەوەی لۆکەی تاریکی بن.
دەهرێکە لیمۆ گیان.. عاشقانت چوونە سەر (وەیس)یان بیرچۆتەوە
بە خۆڵەمێشی ڕەنگەکان خۆیان دەشۆن.
دەهرێکە «کانی فریشتە»مان جێهێشتووە و
هەر بەڕێوەین
نە چەرخە رووناکەکانی باران،
دەرگامان لێ دەکەنەوە
نە زێوانە ژیرەکان موناجات بۆ بوونمان دەکەن دەهرێکە.. دەهرێک
گەڕەک و شارەکانمان
ئەسپ و جلەو و ئیکلیلەکانمان

باڵندە و خەونە جوانەکانمان
هەموو شتەکانمان
ئێمەیان بزرکردووە!.
ئەی لیمۆ گیان!.. تۆ لەکوێ و «کانی فریشتە» لەکوێ!
«کانی فریشتە» ئێستا خەفەتی ئەوە دەخوات:
بەر لەوەی شورای یەقینێک بۆ درۆکان دروست بکرێت
بەر لە سوتان
قەسیدەیەک هەبوو، دەبوو بینووسێ، نەینووسی
هەرمێی دڵێک هەبوو، دەبوو ئاوی بدات، وشکی کرد
سەگەکانی ڕێزیان لە مانگەشەو دەگرت
پشیلەکانی وا ڕاهێنابوو
لە درزی بەردەکانەوە چاونەبڕنە کانی ژنان
درەختەکان عەورەتی خۆیان بە گوناه دانەپۆشن
لیمۆ گیان!.. مێینە پیرۆزەکەم!
دەهرێکە بەڕێوەین، بۆ دوو جێگا دەگەڕێین بۆ مردن
بۆ شەرابێک دەگەڕێین ئەم وەهمە بێنێتە قسە
بەشوێن بۆن و بەرامەی گڵێکدا وێڵین
چاڵی ئەم شەوەمان پڕکاتەوە.
دەهرێکە بە ناو خۆماندا سەفەر دەکەین و
ناتوانین هەنگاوێک، تەنیا هەنگاوێک
دوور لە مەتەرێزو سەنگەرەکان
پانتاییەک بۆ سەبووری، بۆ دڵدانەوەی دیوارە ڕوخاوەکان
دروست بکەین
هەر هیچ نەبێت بە شەمشەمە کوێرەکان بڵێین:
ببورن، تارکی هی ئێوە بوو
داگیرمان کرد!

١٩٩٥

# سیی و حەوت

ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

گەیشتە بەر کنایپە*کە و وەستا. پێش ئەوەی دابەزێ و هەواڵی داواکەری تاکسی بپرسێت، دەرگا تەختەکە کرایەوە. کابرایەکی کەتەی سوور و سپی بە لارەلار لە پێپیلکانەکانەوە هاتە خوارەوە. شۆفێرەکە سەرنجی دا و کەوتە بیرکردنەوە.

«ئایا ئەمە کەڵکی گواستنەوەی هەیە؟.. لە رێگا لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا نارشێتەوە؟ یان خەوی لێناکەوێت؟.. ئەگەر ئەو جۆرە بەدمەستانە خەویان لێبکەوێت بە ئاگاهێنانەوەیان گەلێک دژوارەو درێژە دەکێشێت. کات بەفیڕۆدانە! شۆفێری تاکسی بۆی نییە هەروا سووک و ئاسان بەدمەست فرێداتە سەرشەقام. دەبێت ناوەند «سەنتراڵ» ئاگاداربکرێتەوە.. بڕیاری ئەوانیش هەر یەک شتە، بانگی پۆلیس دەکرێت یاخود یارۆ تەسلیمی نزیکترین بنکەی پۆلیس دەکرێت. ئەی ئەوان چی دەکەن؟ بە دەستکێشی نایلۆنەوە پەلکێشی دەرەوەی دەکەن. لە جزدان، یان گیرفانی پارەی تاکسییەکە دەردێنن و دەتدەنێ.. ئیدی تۆ ماڵئاوا».

هێشتا بڕیاری تەواوی نەدابوو کابرا دەرگای پشتەوەی کردەوە و خۆی بەسەر کورسییەکەدا کێشا وبە دەنگی نزم وتی:

-رۆژباش هەڤاڵ!

شۆفێرەکە زۆر بە نابەدڵ وەڵامی دایەوە.. بۆنی کەسکونی بیرە و جگەرە هەواکەی پڕکردەوە.

-فەرموو، بۆ کوێ؟

ئەوجا پەنجەشی بە ژمێرەر «عەداد»ە ئۆتۆماتیکیەکە دانا. کابرا قەدەرێک سەرنجی شۆفێرەکەی دا و بە خاویی وتی:

-تکایە بۆ گارات**

لە رێگا، وەک هەمیشەو، بۆ ئەوەی کات بەسەر بەرێت لێی پرسی

-ئەمشەوت خۆش بەسەربرد؟

کابرا هەردوو دەستەکانی بە روخسارە سورە گۆشتنەکەیدا هێنا، پوفێکی درێژی کردو وەڵامیدایەوە

- سیی و حەت بیرەم خواردۆتەوە.. بڕوانە ورگم دەڵێی تانکی لۆرییو..

شۆفێرەکە سەرنجی دا، بەدەم پێکەنینێکی نەرمەوە پرسییەوە

- سیی و حەوت بیرە؟ ئەوە بە راستتە؟!

- ئەوجا چ مەجبوورم درۆ بکەم

- لە شەوێوە؟

کابرا روخساری گرژ کرد و روانییە کاتژمێرەکەی مەچەکی دەستی راستی. ئینجا خاو پرسی

- سەعات چەندە هەڤاڵ؟

- بەڵێ، سوپاس.

هیپێکی کرد و قرقێنەیەکی دایەوە

- بمبوورە

- مەسەلەیەک نییە

- تۆ شۆفێرێکی میهرەبان و مرۆڤدۆستیت

- چۆن؟

- چونکە زۆر لە لێخوڕانی تاکسی خەڵکانێک لەگەڵ خۆیان هەڵناگرن کە بەدمەستییان کردبێت

- باوەڕ ناکەم بەدمەستیت کردبێت.. لە شەوێوە هەتا ئێستایش...

کابرا سەری هێنایە پێشتر و پرسی

- وتت چی؟.. لە شەوێوە؟!.. نەء نەء هەڤاڵ لە سەعاتی دەو نیوی ئەم بەیانییەوە..

- لە پێنج سەعاتدا سیی و حەوت بیرە؟!

- ئەها..

- بۆچی بەو خێراییە؟.. پێشبڕکێی خواردنەوە بوو؟

پوفێکی درێژی کرد، بۆنی کەسکون و جگەرە و ئەلکهول هەواکەیان قورستر کرد. شۆفێرەکە پەنجەی بە دوگمەیەکدا ناو هەوایەکی سارد هاتە ژوورەوە.

- بەڵێ هەڤاڵ.. بەبێ پێشبڕکێ من دۆڕاوم.. بۆ ئەوەی لە خەم و نیگەرانی دووربکەومەوە.

-شۆفێرەکە سەری لەقاند و (خەم و نیگەرانی) وتەوە. هەردووکیان ماوەیەک بێدەنگ بوون. تەنیا گڤەی هەوایەکە و ورەی مۆتۆڕ و ویزەی تایەکان دەبیستران. لە پڕێکدا:

-تۆ شیتی هەڤاڵ؟

- چی.. من چیم؟!

بە پێکەنینێکی نەرمەوە وتی

- دەزانم تۆ مرۆڤیت.. مەبەستم ئەوەیە سەر بە چ گەل و نەتەوەیەکیت؟

-من کوردم.

سەری لەقاند و چەند جارێک «ئەها»ی وتەوە.

- هیچ لەبارەی کوردەوە دەزانیت؟

- بەڵێ.. بەڵێ، بەدبەختترین گەلن..

دەستی خستە سەر دەستی شۆفێرەکە کە بەسەر گێڕەکەوە بوو، ئەوجا پچڕ پچڕ وتی

-هەڤاڵ! ئەی کورد.. باوەڕ بکە هیچ دژی بیانی نیم.. خۆیشم زۆر لەدەرەوە کارم کردووە.. ئەوانەی دژی بیانین.. بێ زانیاری و کورتبینن.. زەوی و مرۆڤ تەواوکەری یەکترین.. سروشت بەرهەم دەدات.. ئیتر ئاگای لە رەش و سپی و زەرد و جولەکە و ئیسلام و مەسیحی و ئەو شتانە نییە.. من باوەڕم وایە لە هەرکوێ کار و نان هەبێت، با خەڵکی رووی تێکەن.

هیپێکی کرد و قرقێنەیەکی درێژی دایەوە

- ببورە هەڤاڵ!

- بەڵێ، قەیناکات.

پاش کەمێک بێدەنگی درێژەی پێدایەوە

- دەبا ئێوەش هیچ نەبێت ئەو مافەتان هەبێت کە کرێکاری میوان لێرە هەیانە.

-وایە.. ئەها..

گەیشتنە گارات، شۆفێرەکە رووی تێکرد:

- فەرموو بڵێ، بۆ چ شەقامێک؟

- ئەها.. بەڵێ.. راست، چەپ، ئەوجا راستە و راست.. ئالەوێکانە راوەستە.

-زۆر حەزدەکەم میوانم بیت

- زۆر سوپاس، دەبێت کار بکەم.. دەتوانیت لەگەڵ ژن و منداڵەکانتدا رۆژێکی خۆش بەسەر بەریت...

لە کاتێکدا پارەی تاکسییەکەی دەدا لیچەکانی هێنایەوە یەک، سەرنجی لەسەر چاوی شۆفێرەکە راگرت، هەناسەیەکی قووڵی دایەوە و بە نیگەرانییەوە وتی:

- هەمووی تێپەڕی!..

- چی تێپەڕی؟

- ژیانی خێزانیم، تەنانەت حەوتی نەفرەتیشم*** تەواو نەکرد!

- بۆ؟

- لە دەستم هەڵهاتن..

- لە دەستت هەڵهاتن.. یانی چی؟!

- هەروایە

- بە داخەوەم..

دەرگاکەی کردەوە، هەوایەکی فێنک هرووژمی کردە ژوورەوە. قاچی راستی لە دەرەوە بوو، دەستی راستیشی بەسەر دەرگاکەوە. بە دەستەکەی تری، کە جزدانی پارەکەی تێدابوو، سووک بە شانی شۆفێرەکەیدا کێشا:

- ئای لە منی بەراز، ئێستەش ژنەکەمم خۆش دەوێت.. دوو منداڵەکەم ئەوە هەر باسیان مەکە! نابووت بووم.. ئای لە منی بەراز!.. شەوگەڕی و قومار و بەدمەستی نوقمی زەلکاویان کردم.. باوەڕت بێت ئەو کەسانە دەماخسزن کە وادەزانن سەرکردنە سەر خواردنەوە چارەسەرە..

ئاوڕی لە دوو کەس دایەوە کە بەلایاندا تێپەڕین.. سەری بردەوە پێشتر و نزم وتی:

- وادەزانیت ئەوەندە گەلحۆ و نەزانم هەستم بەوە نەکردبێت؟ ئۆو.. ئەوەی دەبوو رووی نەدایە رووی دا.. لەو باوەڕەدایت کە ئەو بۆ ژنەکەم پیاوێکی باشتر دەبێت؟

- چی بڵێم..

- تۆ بڵێیت بگەڕێتەوە لام؟

- چی بڵێم..

-ئاخر چەند جاری تریش بەڵێنی باشبوونم داو..

تەپ دەرگایەکەی داخست. شۆفێرەکە ئۆتۆمبێلەکەی خستەوە کار و پێچی کردەوە. کابرا وەرچەرخایەوە و بە لارە لار چووە لای دەرگای لای شۆفێرەکە.. سەری بردە ژوورەوەو بە پچڕ پچڕ وتی:

- هەڤاڵ.. ئەمڕۆ رۆژی لەدایکبوونمە.. ئەگەرچی شەویش لە دایکبووم.. ئەمڕۆ بوومە سیی و حەوت ساڵ!

شۆفێرەکە دەستی خستە ناو دەستی پیرۆزبایی لێکرد. درێژەی پێدایەوە:

– حەتمەن ئێوارە ژن و منداڵەکانم.. بە گوڵەوە دێن.. وانییە؟!

– ئای کە خۆش دەبێت!
کابرا وەرچەرخایەوە، بە لارە لار بە چەند پلیکانەدا سەرکەوت، خۆی بە دەرگا ئاسنەکەدا کرد. شۆفێرەکە بە مێشکی جەنجاڵ و بیرکردنەوە کەوتەوە رێ. چەندین سەعات هەر بیری لەم کابرایە دەکردەوە. ئەگەر چی ئەوە یەکێکە لەو سەدان و هەزاران باسە سەیر و سەرسوڕهێنەرانەی کە بیستوونی.

سەرنجی کەوتە سەر کاتژمێری پشتی سوکانەکە.. زانی کاتی دەنگوباسە. میلەکەی بادا. کە دەنگوباسی دەرەوە دوایی هات، لە بەشی دەنگوباسی ناوچەییدا ئەمەی بیست: (ڤۆلفانگ زایەل، کە ئەمڕۆکە ببوە سیی و حەوت ساڵ، لە قاتی حەوتەمی بیناکەوە خۆی فڕێداوەتە خوارەوە. دێڕێکی خوار و خێچی لەسەر لاپەڕەیەکی ژاکاو نووسیوە و جێی هێشتووە: ئیتر توانای ژیانم نەماوە!. ئەو دەستە گوڵانەی کە ژن و دوو منداڵەکەی دەیانویست پێشکەشی بکەن.. دەخرێتە ناو گۆڕەکەی..
– .... !!
-----
پەراوێزەکان:
* کنایپە: بار، مەیخانە
** گارات: شارۆچکەیەکی نزیک بە «دوسلدۆف»ە
*** حەوتی نەفرەتی: قسەیەکی کولتووری ئەڵمانییە، باوەڕیان وایە کە ئەو ژن و مێردەی حەوت ساڵان پێکەوە هەڵبکەن ئیدی جیابوونەوەیان دەگمەنە.

**ڕاستکردنەوە**

لە وتاری (پەیدابوون و بناخەی ئاسیونالیزمی کورد لە ئێران)، کە لە ژمارە(١٧)ی ڕابووندا بڵاوکراوەتەوە هەڵەیەکی زەقی تێکەوتبوو، وا لێرەدا ڕاستی دەکەینەوە لە لاپەرە(٤١)، ستوونی(١)، دێری(٩)دا وشەی (مەشروعە) بۆتە(مەشروطە)
شایانی باسە لە شۆڕشی مەشروطەی ئێراندا(١٩٠٥-٧)، مەشروعەخوازان بە تاقمێک مەلا دەگوترا، کە بەناوی شەرعی ئیسلامەوە، دژ بە بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی مەشروطە وەستابوون و ئالای (مەشروع)یان هەڵگرتبوو
لە کاک ئەنوەری سوڵتانی، نووسەری بابەتەکە و لە خوێنەرانی ڕابوون، داوای لێبوردن دەکەین.

# کۆڵانەکانی رۆژهەڵات

سەباح رەنجدەر

بیرکردنەوە بازرگانییەکی بەهاتە کاتژمێر دەخاتە دەستی درەختەکانی ئەم بەر و
ئەوبەری شەقام
پانتۆڵێکی ئاوریشمینم لەبەردا بوو لەناو باخچە دەرۆیشتم باخچەش خەونیدەبینی
ملپێچە خورییەکەم لەسەر لکەکان دانا جگەرەیەکی زۆرم کێشا
پەنجەکانم بە دوکەڵ زەرد بوون
لە کاتی نانخواردن ژن ومنداڵەکانم ئارەزوویانە دوور لەمن دانیشن
ئەم نهێنییەم بۆ ئاشکرا نەبوو
بەڵام چڵکی دوکەڵ لە پەنجەکانم نیشتوون
من ئەمە دەزانم منداڵەکانیش
گۆڕەپانێک پرد دروستی کردووە کۆمەڵێک لاشەی ددانگری کۆکردونەتەوە
تەرمە بەدو بڵحەکان بە کارە بەد و بێهوودەکانیان بێزاریان کردووم
سندووقی تەرمەکان لە ئێسکی پشتی کیسەڵ دروستکراون
ئەو کاتژمێرەی کاتی چێشتلێنانیان پێدەزانی زیاتر پێویستیان پێنەبوو چاوی
ترساندم
تەسلیمی هەستێ دەکەم
شتێک لە رۆحم روودەدات
مادام مەحکومم بەوەی بچمە باخچەی حەوشەو لەسەر کورسی حەیزەران دانیشم
یاداشتی ئەو ماسییە بخوێنمەوە لە کتێبی زیندەوەران ئاشنای بووم
خۆیشی لە جۆگەلەی شەقامەکان بووە برادەرم
رێنومایيم کرد لەگەڵم بێتە گەرەکەکانی دۆزەخ زمانی تەنکی کەڵەبابە لەخەوماوەکان
داخبکەین
بەڵکو بفرین
گریا
فرمێسکی بەچڕی سڕی
ئەی پرچی تەڕ ببە باڵ دەتوانم بفڕم

خانمی ساڵە تێپەڕیوەکان جانتا پێست تیمساحەکانیان لەسەر مێزەکەم دادەنێن
بە دەم بۆڵەوە دێنە ناو ساڵەکانم
لاپەڕەیەک خۆی کردەوە
بۆم نەخوێندرایەوە بە ناڕازیبوون خۆی سڕییەوە
دیواری گەراجەکان رووخانە دەروونم
بەهانەیە بۆ ئامادەنەبوونم بۆ گەشت
تابلۆی ژوورەکەم گوتی ئێمە بە درێژایی ژیان ڕێکەوتنێکی دەروونین
دایک بە عەلاگەی پڕ بەفر بە تەنیشتماندا تێدەپەڕێت شانەیەک لە پرچمان نادات
کێشمە کێشمی شەپۆلی سپی لەناو ئاوی شین هەناری سوورکرد
دەنکەکانی بدەینە دەریا کەنارەکانی دەبنە پیاومان و پاسەوانیمان دەکەن
ئەسپی ئاوی لە شەڕێکی لە داخورپانی دڵ کورتتر دەریای دادەست
مێشکی گوشی و چاوەکانی بچووک بوونەوە سەرکز ئەوناوەی جێهێڵا
ئەسپی ئاوی بە تووکی خورمایی داپۆشراوە
شەمشەمەکوێرە داوای لێکرد تووکەکانی بداتێ
دەیەوێت بچێتە گەشت و باڵەکانی نەپەنمێت
پشیلەیەک خاوەنی ناوماڵێکی ساکار بوو بەسەر پردی شووشەدا پەڕییەوە
لەگەڵ تارمایی خۆی ڕێکەوتنی دەروونییان مۆرکردبوو
لە وەهمێک خرۆشا بێباکانە دەمی لەبنزگی خۆی ناو فڕی
تارمایی بەزاندی ئەمیش سەرکز ئەم ناوەی جێهێڵا
شەرم گەرمایی خستە سەر دەموچاویان
کورسییەک بە هەڵاوگێری لەناو باخچەی حەوشە کەوتووە
وەریدەگێڕم و دادەنیشم
یاداشتی ماسییە برادەرەکەم دەخوێنمەوە
دواتریش یاداشتی خۆم دەنووسمەوە
باڵندەیەکی قوڵبڕ بە ئاسمانی ئێرەدا تێپەڕی
سێبەری خۆی لای ئێمە دانا
هەموومان سێبەرەکەمان بە ماڵی پشوودان زانی
پەنجەرەیەکی پان و بەرینمان بۆ کردەوە
لە پشت ئەم سێبەرو پەنجەرەیە چیمان پێدەکرێت
دەتوانین پەیوەندی بەکێوە بکەین
ئێمە لەناو نوێنی سروشت بە نارێکی و خوارو خێچی ڕاکشاوین
لە ئاوێنەی ژووری بەکرێ بخەوین ناتوانین خەونببینین
کرم
بەڵگەنامەو ناونیشان و

دەفتەری تەلەفۆن و
یاداشت و
نامەی برادەرەکانی خوارد
دایکمان شمشێری باوکە چەتەوڵەکانمانی لە پەڕۆی مەلۆتکەییمان پێچا
لەناو ئەو مەمانەی پاراست کە بە منداڵی شیری پێدەدا ئێمە
بایەکی خۆش گەمە بە میلی قیبلەنوما دەکات
پاش کەمێکی تر دەگەینە ئەو روبارەی نەهەنگی خەواڵووە بە تەماینە ئاوی لێ بخۆینەوە
پێیەکان لە کەنارەکان دەپارێزین
کەنار راپۆرت لە پێیەکان دەدات
ئەو نەخشەیەی بۆ دروستکردنی خانوو کێشابووم
لەسەر گەڵای پانی قامیشە پاسەوانەکان رایدەخەم
بیردەکەمەوە
مۆزەخانەیەک بۆ پەڕۆی مەلۆتکەیی و مەمکەکان
بوار رەخساندنێک بۆ دزینی ئەو شمشێرانەی دایکمان بە پیرۆزی پاراستوونی
باخچەی ماڵەکەم چوارگۆشییەکی گەورەیە
شوێنێک بۆ رووەکی دڵخۆشی سبەی خۆشدەکەم
ئەو سبەینێیەی بازرگانەکە کری و بە ئەمانەت لای ئێمەی دانا پێشی گوتین دەستکاری مەکەن
لەناو کونی دەرزی کفندروو دادەنیشم
غەڵبە غەڵبی شەقامەکان دەکەمە خوێنی خەوتوو خەیاڵی تێدا کۆدەکەمەوە
دڵی ئەو ئاوە پەستانە دەدەمەوە کە بە پێستی شەقامدا دەڕۆن و دڵگرانن زەوی نایانپارێزێت
ئەی هێزەکانی دۆزەخ
ئەو ئاگرە خۆشکەن چاوەکانی هەڵۆ لە تەنیشتی دادەنیشێت و گلەیی لە باڵەکانی دەکات
شەمێی باڵەکان تاوانەوە
کونەکانی جوانیی لە ئاسمان کرد بوونی پڕی کردنەوە

بەو پەلکەدارانە گەمەمان دەکرد لە پەلکەزێڕینە بەرببوونەوە
پێستی ئاگرمان دەکردە قوماش و حیکمەتی گەر بڕۆین دەگەین بە کوێمان لێدەنووسی

وەفادارتم ئەی کۆچی بێسەروشوێن
لەم ئارەزووکردنە هەمووومان بێدەنگدەبین

ژیان تاوانباره بیردەکاتەوە
بەردی پرسیار لەژێر بالیفەکانمان دادەنێت
ئێمە هەموومان وەکو بەردی پرسیار پڕین لە
سکێچی واقوڕمان
ڕێگای پێچاوپێچ
خرۆشانی پڵینگ
گوڵی گۆشەگیر
کەمانچەی وتووێژ
تەنیایی وێنەدار
چرای باخچەکان ئاوێکی ئەفسانەیی دروستدەکەن و دەیکەنە پاسەوانی گەنجینەکان،
ئەو گەنجینەیەی لە خولێکی یاری پێشبڕکێ دۆڕاندمانە یاریزانێکی مەنگۆلی. ئاوی
ڕژاوو خوێنی ڕژاو شەڕی چارەنووسیان تێدا مەییوە،
با ناوبژیوانییان دەکات
تاوانبارە ئێمەی لەبیرنەکردووە
دەتوانێت بەو پیتانە بماننووسێتەوە کە ژیانی لێپێکناوە
کەسوکارمان باڵندەو ئاژەڵە شیردەرەکانن
لەژێر ئەو بنەدارەی نازمان دەکێشی باڵندەکان کردوویانەتە ماڵ قەپێلکە هێلکەی
ترووکاو بوونەتە پاشماوە
پێشانگایەک دەکەمەوە پاشماوەکانی تێدا پێشکەش دەکەم
سێبووریم پێدێن
بیرەوەری یارمەتیمان نادات
کەسوکارمان هۆڵێکی گەورە لەو بەردانە دروستدەکەن کە هاویشتییانە باڵندەکان
میوانیان دێت
لە خانوویەکی پشتگوێخراو گاڵتەوگەپ دەکەن
ئەو دەریاوانەی ڕەوشت فێری ماسییەکان دەکات ئامۆژگاری کردم
قفڵی کۆتایی ئاوەکان پەستت دەکەن
پرسیارت بۆ لەناو پەرداخێک ئاو ناکەن
بیخۆیتەوە شووشەی پەنجەرەکان ترسناکترین لە ئاسنەکان
ئاو سزادەدرێت
تیشک پێیەکانی شکاندم
ئاوێنەی مەلعوون چاوی هەڵخەڵەتاندم
پرۆژە تەواونەکراوەکان داوێمە بیر، یوسف تەواویان دەکات
ئەو جوانییانەی من نەمتوانی لەناویان دانیشم
باخچەیەک بوون لەو خانووەی قەرەوێلەو

مێژو
کورسی و
تابلۆ و
تاخمی چا و
سێبووریت لەناو دانان
گیای گومڕای نەمری، ئاگردزی فریو دا
قیامەتناسەکان ویژدانی زەوین
بە نهێنی پەنجەرە سەرگەردان بوون
پەنجەرە بەردەوام بە دەنگێکی ئارامەوە بانگمان دەکات دۆست!
خوا گرشەگرشی ئەستێرەکانی بە منی جوانیویست فرۆشت
غەڵبەغەڵبی گەواڵە بروسک ئامادەیی تەواوی ئاوازەکانن
باران گۆرانی من
ئاو لەناو هەناوی هەوردا بە شکۆمەندییەکی میهرەبان خرۆشاوە
بەهار لێفە ئەستوورەکانی لە هاووڵاتییان وەرگرتووەو بەتانی تەنکی دانێ
زەوی باڵقبوو
ستایشی دارو پەرووی ئاسمان و گەرمبوونی خوێنی ناوڕانی دەکات
گیای ئەزەلیبوون تێکسمرا
چەقۆیەکی دایە برادەرەکەی پێی گوت: دەتوانی لەم چاڵە بچووکەی جەستەمدا ئاسمان بنێژیت
ئێمە هەمووومان بە فرمانی سروشت تێکەلی خوێنی رژاوبووین
بە پیسبوونی جلەکانمان زانیمان زەرەرمان لێکەوتووە
ئاو بشۆینەوە جلەکانمانی پێ لەکەشۆرکەین
با بتەکێنین ئەمجا رێگای بدەین جلەکانمان وشک کاتەوە

پشیلەی چاوڕەنگاوڕەنگ
ئێستا دەتوانین لە شەقامێکی بە ئاسایشی خەیاڵ سپێردراو
رابردوویەکی دوور بکەینە قسەو لە بازنەی قەلا پیاسەبکەین
نەمتوانی لە سپیاتی ئێوارانی ناو هەولێر جێنەمێنم
نامەیەکی دڵتەنگ بۆ ئەو دۆستانە بنووسین
کە بە درۆی پتەو هەقیقەتەکان لە گەرووی باڵندە دەنێن
باڵندەکانیش لە جامخانە
نهێنییەکانیش لە جامخانەکان بێباک دادەپلۆسین
بەو میهرەبانییەی یەکتر رازین

هەولێر

کورتەچیرۆک

# خۆڵەمێش

## پێشکەشە بە گیانی (م ک)

### کاکە وەیس

هەوڵی لەناوبردنی مەترسی، هەر لە مار و دووپشک و حەزیا و دوژمنی حیزبییەوە بگرە تا دەگاتە پەرژینکردنی دەوری گۆمێکی قووڵ، خۆی لە خۆیدا، وەک ترسی مردن و لەناوچوون و هەوڵی خۆبواردن لە مەترسی، هەڵپەی مانەوە و بەردەوامبوونی ژیانە و ئارەزووی مەحفکردنەوەی ئەو هەڕەشانەیە کە لە ژیان دەکرێن. لابردن یا لاکەوتنی یەک مەترسی لە سەر ژیان، ئاسوودەیی و تەزووی جووتبوونی تێدان.. ئەویان بۆ مانەوە و ئەمیان بۆ بەردەوامبوون. دەڵێن ئەوەی هەوڵی لابردنی مەترسی دەدا ئازایە.. ئەوەی خۆی لێ لادەدا ترسنۆکە. شای ئازایان ئەوەیە لە کاتی هەوڵی لابردنی مەترسیدا بکوژرێ. ئێ خۆ هەردوو کارەکە بۆ یەک مەبەستن... من ترسی مردنم هەیە بۆیە دەمەوێ هیچ هەڕەشەیەک لە سەر ژیانی خۆم نەهێڵم. نامەوێ هەڕەشەی مردن لە کەسە نزیکەکانیشم بکرێ. دەزانم بە هۆی ئەو هەوڵەمەوە دەکوژرێم. ئەمڕۆ دەکوژرێم. بەردێ لەو عاسمانەوە دێ و بەر کەللەی سەرم دەکەوێ.. گوللەیەکی شێت و هێڕ و کۆنەپەرست و نەخوێندەوار و دز دێ و بەناوی هۆش و ژیریی و پێشکەوتنخوازی و ڕوناکبیری و دەسپاکییەوە نووکی دڵم دەسمێ.. ئەمڕۆ پێم لە کەللەسەرێکی (باج)ی ١٩٦٤ هەڵدەکەوێ و بە هەڵدێرێکی هەزاربەهەزاردا گلۆر دەبمەوە و هەپروون بە هەپروون دەبم و دەبم بە (باج)ی ١٩٦٤. دەکوژرێم و بە کوشتنم چڵەدارێ دەخرێتە سەر ئاگری شەڕ، داری ژەقنەبووت گوڵ دەکا، ژنێکی دی بێوەژن دەبێ، منداڵێکی دی هەتیودەکەوێ، خوشکێکی تر براڕۆ دەکا، برایەکی تر پشتی دەشکێ، دۆستێکی تر خەم دەخوا، بەیانێکی تری ئاگرخۆشکردن بڵاو دەکرێتەوە، ئەوەندەی دی کوێرایی بە سەر خۆری ئازادیدا دێ، لە پرسەمدا کێشە دەقەومێ. چما هەر ئەمجارە منداڵ هەتیو کەوتووە؟. بۆ هەر ئەمجارە ژن بێوەژن بووە؟. بۆ ئەوە یەکەم بەیانی شەڕ دەبێ؟. نا... ئەم چەرخ و دۆڵابە دەسووڕێ... تا ئەملا هەبێ دەبێ ئەولا هەبێ و تا ئەولا هەبێ دەبێ ئەملاش هەر هەبێ.. تا ئەم نەفەوتێ ئەو نافەوتێ و تا ئەو نەفەوتێ ئەمیش نافەوتێ. کە بە گوللە سەد لەو دەکوژی، بە شەق و برسیکردن دووسەدی بۆ زیاد دەکەی. ئەوانیش کە بە گوللە سەدلەم دەکوژن بە شەق و تۆقاندن دووسەدی بۆ زیاد دەکەن. ئەمانە، ئەگەرچی هەڕەشەی سەر بوونی یەکترن، تەواوکەر و هۆی مانەوەی یەکتریشن. بەرداشە و دەگەڕێ. بۆ ئەوەی نەهاڕدرێم بووم بەشێکی بەرداشەکە و تا ئێستا دەمهاڕی.. کەچی ئەمڕۆ بەخۆم دەهاڕدرێم. بەردە و بەرد دەهاڕێ. دوو مارن، ئەمانە دوو ئەژدیهان و قەپیان بە کلکی یەکدا کردوە. کلکی یەک دەخۆن و ئەو بازنەیەی کە پێکیان

هێناوە تەنگی دەکەنەوە. بازنەکە تەنگ دەبێ، تەنگ دەبێ تا کەڵبەی ئەم لە پشتەملی ئەو قایم دەبێ و کەڵبەی ئەو لە پشتە ملی ئەم دەچەقێ. ئەی کوا کلکی درێژیان؟. نازانم. خەڵک پێیان دەڵێن شەهید!... شەهیدی کوردایەتی!"

وەک پیشەی گەلێ جاری، هەردوو دەستی لە پشتەوە تێکپەڕاندبوون. سەری بڵند ڕاگرتبوو و سینگی دەرپەڕاندبوو. بە بەر سێبەرەکەدا دەهات و دەچوو. من دەڵێم سەد جار هات و چوو تۆ بلێ هەزار جار. جاروبارێ، بە تووڕەیی تفێکی ڕۆ دەکرد، جاروبارێ بزەی دەکرد وخێرا خێرا چاوەکانی دەتروکاندن. هێندێ جاریش لە بەر خۆیەوە دەدوا:

" ئازایەتیم لەو ساتەوە دەست پێ دەکا کە کۆتایی بە هەوڵی نەهێشتنی مەترسی سەر ژیانم دێنم. دەگەڕێ. بەرداشە و شالاوی خوێن دەیگێڕێ، داری ژەقنەبوتە و بە خوێن چرۆ و گەڵا و گوڵ دەکا. بە ژێردەستی و زەلیلکردنی خەڵک گەشە دەکا. بە خۆرگیران ڕوناک دەبێ. ئەمڕۆ دەکوژرێم. منداڵێ هەتیو دەکەوێ، ژنێ بێوەژن دەبێ.. خەمی ژن و منداڵ و خوشکم نییە، خەمم نییە لە بری بەیان چ گەردەلوولێ بۆ خۆشکردنی ئاگر بەرپا دەکەن. خەمم نییە بکوژەکانم چ ئاهەنگێ دەگێڕن. خەمی ئەو کەسەمە کە بە چاوی تەڕەوە سەرچۆپی هەڵپەرکێی ئاهەنگی کوشتنم دەگرێ. هەڵدەپەڕێ چونکەحیزبەکەی قەڵایەکی قایمی دوژمنەکەی ڕماندووە. ئەشکیش دەوەرێنێ چونکە قەڵایەکی قایمی خۆی ڕووخا. خەمی ئەو کەسەمە کە دوای مایەی خۆی دەکەوێ و وەک هەزاران مایەپووچ سەنگەری تۆڵە دەگرێ... دەکوژرێم. بەردێ لەو عاسمانەوە دێ و بەر کەڵڵەی سەرم دەکەوێ. گوللەیەکی کوێری ژەهراوی کە لە ١٩٦٤ ەوە بۆم لە بۆسەدایە دێت و نووکی دڵم دەسمێ. پێم لە کەللەسەرێکی (باج)ی ١٩٦٤ هەڵدەکەوێ و بە هەزاربەهازارێکدا گلۆر دەبمەوە و ورد و خاش دەبم..» دوو ڕۆژ بوو کە دەستی لە شەڕ بەردەبوو، خەیاڵی وەک فلیمی بەرەواژ بەرەو دواوەی دەبرد. هەموو زامێکی بەسەر کردنەوە و بە هەموو بزە و خوریە و هیوا و کۆستکەوتنێکی ڕابردووی خۆیدا چووەوە. دوو ڕۆژ بوو کە بیری لەو ڕۆژە دەکردەوە ڕیخەڵۆکی هەڵڕژا و بەملا و ئەولای دەستیدا دەخزا، خۆشییەکی سەیری پێدا دەهات. بە خرووی برینی خۆشەوەبوو دەچوو. دوو ڕۆژ بوو کە چاوی دەچوونە خەو، دەستێ بەر شانی دەکەوت: "هەستە.. هەستە!. خەوتنێ دەخەوی بەخەبەر نایەیتەوە." جارێ، باریکەلەیەکی کەڵەگەتی چاوسەوزی بە بزە، بە نەرمی دەستی بە شانیدا دەهێنا و ئەوەی دەگوت و بە کاوەخۆ لێی دوور دەکەوتەوە. دەڕۆیشت و جاروبار ئاوڕێکی لێ دەدایەوە. چی دەویست؟. گەردنئازایی دەویست یا گلەیی هەبوو؟!. نەیدەزانی. چاوی دەچوونەوە خەو. پێڵۆکانی لێ دەبون بە دوو خشت و بۆی هەڵنەدەبڕان. دەستێکی تر شانی دەبزواند. ئەمەیان کوڕێکی لاوی چاو بە دیققەت بوو. بزەی نەدەکرد. چاوی پڕ بوون لە گلەیی. لاونیو بە دیاریەوە دەوێستا و دەیگوت: لە جیهانێکی خۆڵەمێشیدا یەک دەبینین. تێکەڵاوی مشکی و جامانەی ڕزیو دەبیت. هەر کەرتێکت بە کەرتە مەندیلێک و لەتە خەنجەرێکەوە دەلکێ. لە سەر سنوور، لەگەڵ ئاڵای سەر بارەگاکەتدا، گەردەلوول دەتبات و دەتهێنێ... زۆرت نەماوە بە مراد بگەی.

" ئەم خەونە ئاجرۆباجڕانە چین دەیانبینم؟!. دەزانم ئەوەیان کێ بوو. بەڵام ئەمیان لە یەک کاتدا چەند کەسێ بوو: شەوقی، شێرکۆ، حەمە، فەرهاد، بارزان... کێی تریش بوو؟. زۆر کەس بوو. هەموو مردوو و نیوەمردوو مردووی بەشی زیندووخۆر بوون و هەموو هەر گلەیان هەبوو!. دەکوژرێم. ئەمڕۆ دەکوژرێم.

بەردێ لە حەواوە دێ و بەر کەللەی سەرم دەکەوێ. گوللەیەکی بە شیرپەنجە ئاودراو دێ و نووکی دڵم دەسمێ. ئیدی خەونی ناخۆش نابینم. خەونەکانم بۆ زیندووەکان و نیوە زیندووەکان جێ دەهێڵم. ئەدی ئەو هەمو هەرایەی کەساڵەهای ساڵە لە ناو مۆخەسەرمدا تۆمار دەکرێن چییان لێ دێ؟!. چۆن دەسڕدرێنەوە؟! هیواکانم، تووڕەبوون و هەڵچوون و پێکەنینەکانم، بەڵێن و دۆستایەتی و خورپە و سۆز و ئەوین و هەستی تازە و سەیری باوکایەتیم چییان لێ دێ و چۆن لە ناو دەچن؟!. خۆ شتێ بوونی هەبێ نافەوتێ بەڵکو دەگۆڕێ. ئەم تۆمارکراوانە بە چی دەگۆڕێن و دەبنەوە بە چی؟!. ئاخر دەبنەوە بە چی؟!. دەبێ کەس هەبێ کەڵکیان لێ وەرگرێ؟!. ئەمڕۆ ڕۆمانی ژیانم کۆتایی دێ. تێکەڵاوی مشکی و جامانە و خەنجەر و مەندیل دەبم. ئەمڕۆ نوختە بۆ ڕستەی ژیانم دادەنرێ."

گەڕایەوە سەردەمێکی ونبوو. منداڵیی بوو یا هەرزەکاریی؟. بەیانییەکی سەرەتای بەهار بوو. عاسمان وەک حاجەتی ماڵەهەژار لێسرابۆوە. زەوی، نمە شەونم دایپۆشیبوو. خۆر، بە نازەوە سەری لە کەل دەردەهێنا، گیا و قەرسیلی تەڕ و پاراو قرچەقرچی گەشەکردنیان لێوە دەهات و تێکەڵاوی جریوەی چۆلەکەی هاروهاجی لە ترسی منداڵ زیرەکردوو دەبوو. خۆزگەی دەخواست ئەو خۆرە دوا خۆر بێ کە دەیبینێ. پێی خۆش بوو ئەو هەوا کەمێ سارد و هەست بزوێنە قەت نە یەک پلە گەرمتر بێ نە ساردتر بێ. بۆنی شەوبۆ تێکەڵاوی بۆنی خاکی تەڕ و بۆنی قەرسیلی لاسکخوراو دەبوو و لە گەڵ هەوای شێداردا خۆی دەکرد بە سییەکانیدا. چ دەبوو ئەوە دوا هەناسەبوایە و تا ئێستا پێی بژیایە و چ هەناسەی تری بە دوودا نەهاتبایە؟. بەیانییەک بوو و جارێکی دی نەهاتەوە. خۆزگەی دەخواست هەموو شتێ وەک کاتژمێری شکاو لە جێی خۆیدا بوەستێ: خۆر یەک بستی دی بەرز نەبێتەوە، شەونم نەبێتەوە هەڵم، باران نەبێ، چۆلەکەکان تا ماون لە ترسی منداڵ فرکەفرک بکەن و بجریوێن، یەک هەناسەی ئەو بەیانییە هەڵمژێ و تا هەتایە پێی بژێ. بەخۆشی، لەوە تێرتر نەبێ، برسیتر نەبێ، سەرماتری نەبێ، گەرماتری نەبێ. دەبێ یونس پێغەمبەر، بەیانییەکی وای لە ورگی نەهەنگدا بۆ ڕەخسا بێ و چەند سەد ساڵ درێژەی بوویێ بۆیە ئەو ماوەیە خۆی گرت.

"دەکوژرێم. ئەو سنوورە دەبڕم کە هەموو زیروحێ لێی تۆقیوە. چۆنە پێش کوژرانم وەسێتی خۆم بنووسم؟!. نا.. یەک وشە بنووسم، بە لێکدانەوە و شیکردنەوە، سەد لاق و باسک و باڵی لێ عیجاد دەکرێ و سەد وەسێتم بە دەمەوە دەکرێ. زۆرن ئەوانەی وەستای درۆی دوای مردوون بەڵام ئەوانەی وەسێت بە دەم مردووەوە دەکەن، چەند کەمیش بن، چەند بچووکیش بن، هەن. نایکەم. وەسێت ناکەم. وەسێتی من بە کەڵکی مردوو دێ. جیهانی مردوو کێشەی تێدا هەشبێ کەمن. بەڵام لە جیهانی زیندەوەری ئەم مەڵبەندەدا، دەردەدەروون گەیشتۆتە ناو مۆخی گچکەترین ئێسقان. شێتخانەیەکە و ڕۆڵی ساغی تێدا دەبیندرێ: منداڵەوردکەی ڕدێن سپی و چاویلکە لە چاو و عەسا بەدەست و مێزەرلەسەر، خوێندەواری سەر لە گێزەر دەرنەکردوو، دز و درۆزن و حیزفرسەتی کرێکار، کرێکاری ئاغا و سەرمایەدار، ڕق و قین و ململانێی نێرەکەرانەش، جێیان بە هۆش و سۆز و خۆشەویستی چۆڵ کردووە. جێگۆڕکێ بە هەمووشتێ کراوە... پشتەوقیبلە نوێژ بکە سەد موسوڵمانی هێرت بۆ دەبنە مورید. بەرداشە و دەگەڕێ و دەهاڕێ. ئەمڕۆ منیش دەهاڕدرێم. چەند چرای هیوا لە دڵمدا خامۆش دەبێ؟!. هیوای چی! کوا هیوای ژیان لە گۆڕپستاندا هەیە؟. ئێمە دوای ڕێباز نەکەوتین، دوای دارەمەیت کەوتین و دواقۆناغمان گۆڕستانە. ئەوان دوای درۆ کەوتن و جاشایەتییان حەڵاڵ کرد و بە ئاگر پاراومان دەکەن. چاکترین ڕووداوێ لە دوو

کەڵەکێوی ڕوو بدا کە لە شەڕدا شاخیان تێک گیراوە تفەنگی ڕاوچییە کە لێکیان دەکاتەوە. دەنا بە جووتە هەڵدەدێرێن. با هەڵدێرێن. خەلقەندەی وردی دز و پیاوخۆر و نەخۆش لە سەر ئەم گۆی زەوییە گەورە و گرانەدا هەبێ چییە نەبێ چییە؟!. من چی دەگۆڕم و بەرەو کوێ دەیبەم؟. پیاوکوژی لە پەیکەردا، لە تابلۆدا، لە گۆرانی و مۆسیقادا، لە شیعردا، لە چیرۆکدا، لەحیزبایەتی و بە ناوە کوردایەتیدا، لە عیبادەتی خودادا، لە مزگەوت و باڕ و ماڵدا ڕەنگ دەداتەوە و سەدای هەیە. خوێنڕشتن بووە بە پیشە و خوێننەڕشتن دەسبەتاڵی و نەدارییە. ئاخر چ دەبێ مرۆ خۆی دادگایی خۆی بکا و خۆی شایەدیی لە سەر خۆی بدا و لە ئەنجامیشدا خۆی سزای خۆی بدا؟. دەبێ کام دەسەڵاتداری ئەم وڵاتە سەد جار خۆی هەڵنەواسێ؟!. ئەوەی لە ماڵی خۆی دانیشتووە و دەترسێ و برسییەتی خۆی هەڵناواسێ، منداڵان خۆیان هەڵناواسن، پیرەژنە نەخوێندەوارەکان خۆیان هەڵناواسن، کوڕیژگە و کیژۆڵەی هەرزەکار کە بۆ یەک سوێیان دەبێتەوە و ئەترەشیان لە یەکتریش چووە خۆیان هەڵناواسن. سەرجەمی ئەندامانی پێشکەوتووی ئێرە و ئەوێ خۆیان هەڵدەواسن. کادیرەکان بە دەرزەن خۆیان هەڵدەواسن. ئەوەی وەزیانی دەوڵەتی بۆ دادەمەزرێ خۆی هەڵناواسێ. دوو پیاوە هەرە گەورەکان و یەک دوویەکی دەوریان، وا خۆیان هەڵدەواسن: سنگێ بە دیوارێکەوە دادەکوتن کە بستێ لە بالایان بەرزتر بێ. پەتێکی لووس، ئاوریشم، ناسک - ڕەنگە بۆینباغ یا بابەتە قەیتانێ بێ - بە سنگەکەوەی دەکەن. لە سەرخۆ بە دەوری ملیاندا پێچی پێ دەکەنەوە. بە هەردوو پەنجە کەڵە، فشار دەخەنە سەر هەردوو شادەماری لاملیان کە خوێن دەگەیەننە سەریان. فشار دەدەن... فشار دەدەن تا تووشی سەرەگێژکە دەبن. ئیدی پەتەکە جێی پەنجەکەڵەیان دەگرێ و فشار دەدا. چۆکیان شل دەبێ و دوای تۆزێ، زمانیان مۆر هەڵدەگەڕێ و بستێ شۆڕ دەبێتەوە و لە درۆ دەکەوێ. بەرداشیش لە گەڕ دەکەوێ و لافاوی خوێن دەنیشێتەوە و ماڵی دزراو بەسەر دەکرێتەوە.

پەلەپیتکەی تفەنگەکانیان، نووکی قەڵەمیان، خانووبەرەیان، ئۆتۆمبیلەکانیان، ژمارەی شەریکی نوێنیان، ئاودیوکردنیان، ملیۆنە دۆلارەکانیان، شیعریان، ڕۆژنامەیان... هەموو شایەدییان لێ دەدەن و پەنجە بۆ چاویان دەبەن. ئەندازیاری پاکەتفرۆش، فەرمانبەری بۆیاغچی و هێندێ لە ژنە بێ نانە و نەوا ناچارەکان کە لە بەر سێبەریاندا لەشی خۆیان دەفرۆشن شایەدن. هێندێ مەلا و شێخیش خۆیان هەڵدەواسن. هێندێ لە کەسوکاری شەهیدانیش خۆیان هەڵدەواسن. من بارەگای سەر بە ئالام هەبوو و دامخست. بۆ داینەخەم، ها؟!. کۆمەڵێ بوین سەرجەمی میللەتەکەی خۆمان خۆش دەویست بەڵام تا ڕقدان بگرێ ڕقمان لە تاکەتاکەی میللەتەکەمان بوو!. ڕقمان لە خۆمان بوو!. جیهانێک، بە لەپیاوەتیخستنی خەڵکەوە پیاوی تێدا ببێ بە پیاو، هەر بۆ داخستن چاکە. ئەستێرەکان بە دەوری خۆر و خۆیاندا دەخولێنەوە و بەردەوامبوون بە بوون دەدەن. ئێمە، ڕقمان بە دەوری خۆمان و تاکەتاکەی میللەتەکەماندا دەخولاندەوە و بەردەوامبوونمان بە عیللەت دەدا. دوانمان نەما ڕق لە ڕقدانی سەر نەکا. سەرجەمی میللەتەکەمان خۆش دەویست و ڕقمان لە تاکەکانی بوو. میللەتەکەمان کیژۆڵەیەکی نازدار بوو و ئێمە شەیدای بووین. نازدار بوو بەڵام چاوی، برۆی، گۆنا و سینگ و مل و گەردنی، باڵای، پرچی، دەستوپلی، سەروملێ... یەکەیەکە ناشرین بوو. ئەی کوێی جوان بوو؟!. ئەمە چییە سەری پێیە و پێی سەرە؟. لە کاتی منداڵیمدا دەمگوت (کەپەک)ە. ئێستا دەڵێم کوردە. نا... نا... کورد نییە. یەکێتییە، پارتییە... چەکداری کوردە. بەرداشە و دەگەڕێ. ئەوەی سەیری ئەمڕۆمان بکا نابێ لە مێژووی ڕەشمان سەرسام بێ. ئەوەی سەیری مێژوومان بکا نابێ لە ڕەفتاری ئێستامان سەرسام بێ. ئەوەی سەیری

ئێستامان و مێژوومان بکا ناشێ قوڕ بۆ چارەنووسمان بپێوێ، مشتێ عەقڵین لە بەردڵاندا ڕواوین.

یاخوا حەمە گۆڕت پڕ بێ لەنوور. خۆزگەت دەخواست بۆ ئەوەی مرۆ بتوانێ وەک دەستنوێژ، ڕۆژی چەند جارێکیش دەروون و ویژدانی خۆی بشواتەوە. بەڵام لە بیری خۆت دەبردەوە کە ویژدانیش دەغارێ... وەک پێستە دەغارێ و وەک بنی پێی حوشترەوان قایم دەبێ. گڵاو دەبێ و زێی بادینان و سیروان گڵاوییان دەر ناکا. ئەمرۆ دوارۆژمە. خۆزگە بەیانییە ئەمرەکە دوارۆژم دەبوو و بۆم دەبوو بە ورگی نەهەنگ. ئەمرۆ دەکوژرێم. بەردێ لە حەواوە دێ و بەر کەللەی سەرم دەکەوێ. گوللەیەکی تووڕەی هێڕی بێ عەقڵ و بێ ویژدان و نەفام و کۆنە پەرست، بە ناوی هێمنی و ژیری و عەقڵ و ویژدان و فام و پێشکەوتنخوازییەوە دێ و نووکی دڵم دەسمێ. پێم لە کەللەسەری..."

کسپەیەک لە سەری هەستا. بیرکردنەوەی بچڕا. جەستەی، بە سەر یەکدا هەرەسی هێنا. دەستە تێکپەڕاوەکانی لێک ترازان. کەوتە جیهانێکەوە، لە هەموو لاوە خۆڵەمێش دەباری. هەور خۆڵەمێش بوو، زەوی خۆڵەمێش بوو، تەم خۆڵەمێش بوو، باران خۆڵەمێش بوو. بایەکی سارد هەڵی کرد و گەردەلوولی خۆڵەمێش بەرپا بوو. گەردەلوول لوولی دا. خۆڵەمێشی ڕچیو نەبێ شتێ نەبوو دەستی پێوە بگرێ. گەردەلوول بردی... شاخی بری، دۆڵی بری، تەختاییەکانی گەرمیانی بری. گەردەلوولی خۆڵەمێش بردی و بردی تا گەیاندییە زنجیرە شاخەکانی حەمرین. جەستە سارد و سڕەکەی کێشا بە تاشەبەردەکاندا: چ جادوییەک بە چاوتروکانێک گەیانتییە حەمرین؟. خۆ جارێ حەمرینتان ڕزگار نەکردووە!. چاو داخە و بیکەرەوە، دەگەیتە جێ مرادی خۆت. دەی کوێت دەوێ شەڕی تێدا دامەزرێنی؟. خانەقی؟! کەرکووک؟! دوز؟! پردێ؟!. کەس وەکی تۆ بە مراد نەگەیشتووە. دەی کوێت دەوێ؟ بارەگایەک ئاڵای وڵاتەکەتی لە سەر بشەکێتەوە یا پەتێکی قەنارەی سەوز یا زەرد؟!. چت دەوێ؟!. تۆش وەک ئەو لەتە خەنجەرە و ئەو مشکی وجامانە تێکئاڵاوانە، وەک ئەو مەندیلە سپییە لێرە دەبیتە یادگار و مێژوو دەتجوێ و دەتجوێتەوە. چت دەوێ؟. تەنها بیری لێ بکەیتەوە دێتە دی. چت دەوێ؟.

لە جیهانە خۆڵەمێشییەکەوە بیری بەرەو خێزانەکەی فڕی. بە چاوی خۆی دیتی: کۆمەڵە خەڵکێک، مشتێ لە میللەتەکەی، نموونەی سەرلەبەری میللەتەکەی بە هەموو سۆز و ڕق و دووبەرکی و خوێن بە فیرۆدان لە یەکماڵدا کۆببوونەوە. بزەی غەرەز، هەڵقرچان لە ناخەوە؛ تاڵاوی خەم؛ شیرینی هەواڵ؛ گەشبوونەوە و کوژاندنەوە، تاریکستان و خۆرهەڵات لە یەک ماڵدا، لە یەک ژووردا و بگرە لە یەک سیمادا دەبیندرا.

هەر باوەڕنەکردنی بەس بوو بۆ ئەوەی بێتەوە ماڵە باوانی خۆڵەمێشیی. ئای هەش بباری!. چما نازانن کەللە سەری (باج) لە تاشە بەردزۆرترە؟!.


لە پەنا بەردێکی حەمرین بوو.

دەی چت دەوێ؟!

- ماندووم. ماندووی سەفەرێکی دوورم. دەمەوێ خەوێ بخەوم خەوبینینی تێدا نەبێ. نامەوێ کەس، بە تایبەتی لاوە چاو بە دیقەتەکە خەبەرم کاتەوە. دەمەوێ بەلای مشکی و جامانەکەی شێخەوە بخەوم... بەلای ئەم خەنجەر ومەندیلەوە دەنووم.

گەڕایەوە سەردەمێکی ونبوو. منداڵیی بوو یا هەرزەکاریی؟. بەیانییەکی سەرەتای بەهار بوو. عاسمان وەک حاجەتی ماڵە هەژار لێسرابۆوە. گیا و قەرسیل، نمە شەونم داپۆشیبوون. خۆر، بە نازەوە سەری لە کەل دەردەهێنا، گیا و قەرسیلی تەڕ و پاراو قرچەقرچی گەشەکردنیان لێوە دەهات و تیکەڵاوی جریوەی چۆلەکەی هاروهاجی لە ترسی مندال زیرەکردوو دەبو. ئەو هەوا کەمێ سارد و هەست بزوێنە، قەت نە یەک پلە گەرمتر دەبوو نە ساردتر. بۆنی شەوبۆ تێکەڵاوی بۆنی خاکی تەڕ و بۆنی قەرسیلی لاسکخوراو دەبوو و لە گەڵ هەوای شیداردا خۆی دەکرد بە سییەکانیدا. ئەوە دوا هەناسە بوو و لەو ساتە بە دواوە پێی دەژیا و هەناسەی تری بە دوودا نەدەهات. بەیانییەک بوو، وەک کاتژمێری شکاو هەموو شتێکی لە جێی خۆیدا وێستا: خۆر یەک بستی دی بەرز نەبوەوە، شەونم نەبووەوە هەڵم، باران نەبوو، چۆلەکەکان لە ترسی مندال فڕکەفڕکیان دەکرد و دەیانجریواند... لە جێیەکی دووری ئەو بەیانییە نەمرەشدا، دوو بەرداش بە سەر یەکدا دەگەڕان... دەگەڕان و دەیانهاڕی...

---



# دوای ڕەو لەلای من نیشتەجێن!

مارف عومەر گوڵ

هێشتا تاریک و لێڵی بەربەیانە،
ژوورێکی پڕ شەونمی گریانە خاکی من
سەرم دەوەنێکی پیرە ساڵە،
هەزاران باڵندەی لانە وێران،
کردوویانە بە هێلانە،
تەمەن بە پێوەی ڕاگرتووم.
گۆلاوێکی بەرگیراوە وڵاتەکەم !
ماسیگران بە دیاریەوە نامورادن،
هەر بە تەنیا درەختی ژەهرگرتوو دەیلاوێنێ.
درەخت ئەوکاتە دڵگیرە دەست نەگاتە چڵە پۆپەی
هەموو مەیلێکم دامرکا، تەنیا ئارەزووی خۆب دەمسوتێنێ،
نمە بارانێک بەسەر ئەو کڵپەیەمدا داناکات !
هەر بە فرمێسکی خۆم ماوم،
ڕەوی مرۆڤە، ڕەوی ئاژەڵ، ڕەوی کۆتر،
ڕەوی باڵندە، ڕەوی هەموو شتێک.
دایک لە بەفرا دەنێژین،
کۆرپەی بەستوو دەکەینە کێلەکەی .
ڕەوی مردووشە..
ئەو ڕەوە بە زیندوو مردووەوە،
بە کۆڵەپشت و قاپ وقاچاغەوە،
بە قریشکەو پێکەنینەوە
ئەو ڕەوە بە دەستی بەتاڵ و هەناسەی ساردەوە،
ئەو ڕەوە بە لاوک و شینەوە
ئەو ڕەوە پێخاوسی سەر بەفرە،
شاشەی زەمانێکە سات بەساتی مێژوویەکی جەنجاڵە !

نازانم !
نەهەناسە بڕدەکات لەم ڕێگە دوورە،
نەهێزی ئەژنۆ
نابڕێتەوە،
گرێ کوێرەی ئازارێکە نەلە مەرگ دەچێ،
نە لەساڵی لە دایکبوون،
ڕۆح بەدەم ڕەشەباوە لە پێچی گەردەلوولێکدایە،
دەیداتە دەم پێچێکی تر...
ڕۆژگارێکی بە گۆبەندە،
جەرگی یەکدیمان هەڵکۆڵی...
هەموو ئاقارێکمان گۆرستانی بێ گڵکۆیە،
فریای کێلەبەردینەش ناکەوین
شار ئاوەدانییەکی بە ژاوەژاوە،
سەگوەری ئەنجومەنی وەزیران دێ بەربوونەتە کەوڵی زەوی !
پایزێکی دەردەدارە،
باوەش بە درەختێکا دەکەم، گەڵا دەمدوێنێ،
چۆراوگەی خوێنێک بەسەرمدا دەڕژێ،
باخی گوڵاڵە سوورەیەدارستانی قژ هەڵوەریو،
چیمەنێکی تێر خوێنە دەشت و دەر،
تەلیسمێکی نوشتاوەیە زاری قسە
شووشەبەندێکی درزبردووە ئەو دڵەم،
ئەگەرو نەگەر هەناسە سواریان کردووم
شەو بێداریی چەپۆکانی هەژدیهایەکە،
لەترسی منداڵانەی سامی گۆرستان دەچێ
مانگەشەوێکی خەمناکە،
هێشتا بەسەر هەرزاڵەی خەونەوە،
وەنەوز دەمگرێ
کوللە لە بەر بەروبوومی ڕەنجی داوم !
ڕەنج بێوەرێکم کەوتوومەتە داوی ژیانەوە
ڕەشەبایەکی چەتوون لوولی داوم سەردەنێمە سەر ئەژنۆ... ڕاست دەبمەوە
چاوم کزە چرای ژێر ڕەشماڵی ماڵە ئاوارەیەکە
پەروانەی خۆشەویستی دەورەی داوە
تەدارەکی بووکی ئازادیی تەواو نابێت،

هەر تێهەڵچوون و چاوەڕوانییە تەمەن !
بەدیار زرەخەونی شیرینمەوە،
ئێشکچییەکی دێرینەم،
پیربووم و هەرزەکاریشم
هەر وەنەوز گرتمی:
ڕووت و عوریان لەبەر کوانوویەکی پڕ پشکۆدا،
لەگەڵ بووکی ئازادیدا، تریقەو ماچ و مووچمانە.
ئیتر گەواڵەیەک دەمشواتەوە !
ئەوساکە دیلێکی دەست و پێ پێوەندکراوبووم،
ئەوەندە ئازادیم هەبوو بڵێم:
بەرەڵلام کەن،
ئێستا ڕەهایەکی دەست بەسەرم،
گوێ لە شکاتنامەم ناگرن،
تووڕەبوونێک لەم ئاشی زەمانەگرتوومێتی،
ئەسپێکی سەرشێتەو جڵەو ناکرێ.
کەدایکم مرد !
نیشتمان ئاوەدانییەکی پۆشتەو پەرداخ،
نەهەوری ژەهراویی هەبوو،
نەدووکەڵی مەرگباران.
مەلۆتکەبووم،
بەڕووی گوڵە خوریی زەردو سوورو زەنگیانەی
سەر لانکەمەوە پێدەکەنیم
ئەوا تەمەنێکی ئەنگوستەچاوە،
ئەو هەموو زامی ئاڵ ئاڵ
پشکۆی بەفرستانێکی نەهاتن
بەڕووی تارمایی مەرگەوە،
ڕۆشنایی هەردوو گلێنەی بەفر بردوون،
دەورویەر هەراسانێکە،
ناوچەوان کەوتۆتە بەر تیغی سەرمایەکی ڕچیو.
چەترەکەیان زەوت کردم !
تەرزە دایکوتام،
ئەم ڕێچکەیەش دەچێتەوە سەر هەڵدێر
هێشوویەکی هەڵوەریوە ئەو کۆرپەی ئومێدی منە،

بەسەر درەختی جەستەما شۆڕ بۆتەوە.
دەست بە چاوتانەوە مەگرن،
تیشکی چاومە تروسکایی سەر هەواری چرا دزراو...
وێڵێکی بە هەڵپە،
ڕۆژ تا ئێوارێ هەرزە گەردێکم،
هەندێ جار دیمەنێکی لێڵە سەرنجم
گەلی ڕەوکردوو لەو هەڵچوون و داچوونی لوتکەو بنارەدا،
لە گریانیکما نیشتەجێ دەبێ.
خواستم،
هێلانەی زەڕنەقووتەی ئاواتێکە،
لە تاریک و ڕوونی بەرەبەیانی مرۆڤەوە هەر باڵەفرێیەتی
دەستم،
کەپری سەر کێڵگەی ڕەنجێکە،
توێشووی ڕۆژی وەیشوومەیە،
هەناوم ڕەش داگەرا،
بەدوای کارێزی کوێرەوەبوودا وێڵ بوومە
هێشتا سەرگەرمێکی دانەکەساوم،
هەر خۆزگەو هارەهارمە...
بە ئاگری دەروونەوە لە ڕووباری خوێنینمدا،
جەستەشم گری گرت،
ئیتر خوێن سووتان تەنیەوە !
دەوروبەر سامدارتربوو،
بۆنی خوێن دێ، هەر دەسووتێ...
بۆنی خوێنە، بۆنی خوێن
مرۆڤ دەسووتێ، شاخ دەسووتێ
ئاژەڵ دەسووتێ،
پەلەوەر دەسووتێ،
باخ دەسووتێ
هەموو شتێ دەسووتێ...
دوژمنان حەپەساون،
ئەم میللەتە تەواو نابێ

!ئۆکراین - کییف
١٩٩٢-٣ - ١٩٩١-١١

# ئینجانە

ڕێواس ئەحمەد

چەند ڕۆژێکە لێرە، گوێ بۆ یەکتری هەڵدەخەین، هەریەکەمان داستانێکی پێیە... گۆڕستان ئازادترین وڵاتە، بۆکەسانێک لە ژیاندا نەیانتوانیووە ڕاستی بدرکێنن، یان بەر لە سزادان ڕاستییەکان ڕوون بکەنەوە.

نازانم دەتوانم ئەم توونێلە ببڕم یان نە؟ بڵێی بەر لەگەڕانەوەی ئاراس بگەمەوە سەر زەوی... خوا دەزانێ دایک و باوکی ئەوو خەڵکی گەڕەک، چ زبڵدانێکی بووختانیان بەسەرمەوە کەڵەک کردووە. دڵنیام ئەوەی نەشێ پێم دەڵێن. بەڵام گەر ئەو منی خۆش بوێ دەتوانێ بەو ڕاستییە بگات کە منی بەم چارەنووسە گەیاند، چونکە تەنیا خۆشەویستییە کە ڕۆحی مرۆڤ بە زیندوویەتی دەهێڵێتەوە.

ئەوە ترپە ترپی دڵی دایکمە یان ترپەی پێی ئاراسە؟ ئای لەو بۆنە خۆشە، دەبێ ئاراس بێ ، چەپکە گوڵێکی بۆ هێنابم، هەر ئەوە ئەگینا ئەوانی تر تفێک دەکەنە گۆڕەکەم ودەڵێن:(کچی دایکی خۆیەتی). ئاراسە.. ئا خۆیەتی دڵنیام خۆیەتی .

شیرین گیان چۆن بەجێت هێشتم... چۆن دڵت هات؟ تۆ تەواوی ژیانی منت گۆڕی. . من بەڵێنم پێت دابوو پاش چەند مانگێک دەگەڕێمەوە ، من کە پانزە ساڵە لەو وڵاتە نامۆیەدا دەژیم هەرگیز وەک ئەمجارە هەستم بە غەریبی نەکردووە..سەفەری پێشوو شۆڕشێکی دەروونی بوو، کەسایەتی منی سەرەوژێرکرد. زیاتر لە دەساڵ لەگەڵ ژنێکی ئەوروپاییدا دەژیام لە ئاووهەواو کەلتووری ئەوانەوە نزیک ببوومەوە، کەچی کە تۆ هاتیتە ژیانمەوە هەموو شتێکم لا گۆڕا، ئەو لەژیانمدا ئاوابوو... هەستم بە نامۆیی دەورووبەرم دەکرد، تەنیا نەشئەی ناسکی تۆ دەروونی دەبزواندم و دەمووچاوی خڕین و ئێسک سووکیی تۆ وەک مانگ لە تاریکی ژوورەکەمدا هەڵدەهات. دەمزانی تۆ زۆر لەمن منداڵتری گەر لە کاتی خۆیدا ژنم بهێنایە ئێستا کچی لە تۆ گەورەترم هەبوو. بەڵام ئەو سۆزەی لە دەروونمدا دروست بوو سنووری تەمەنی سڕییەوە، خۆشەویستییەک لە ناو بەزەیی و لەودیو خواست و لەناو فەزای خەونی گەنجێتیدا سەری هەڵدا. چاوەکانت، نیگای پڕ بەرائەت و شەرمنی هەنگاوەکانت ڕۆمانسیێتی ڕۆحت، ئەمانە هەموو منیان بەتۆوە بەستەوە، هەر لەو کاتەوە لە هەڵپەی ئەوەدابووم چۆن ڕزگارت کەم، شیرینەکەم ئەو ئێوارەیەت لەیادە بەراکردن هاتیتە سەرم و گوتت:

– کاک ئاراس تکا دەکەم بە دایکت بڵێ با ئەمشەو لێرە نەمێنمەوە.

– بۆ شیرین بۆ .. بۆ خۆت پێی ناڵێیت؟

– پێم گوت ... دەست و پێم ماچ کرد ... کەچی گوتی باوکت میوانی دێ ، ئەو ئێوارەیە بوو کە تۆ لە شپرزەییدا کەوتی و منیش دانەویمەوە هەڵتگرم دەمووچاوت کەوتە ناو لەپمەوە، موچرکەیەکم پیاهات و خەریک بوو دەم بخەمە ناو دەمتەوەو شانە هەنگوینی لێوە ئاڵە نووقڵییەکەت بمژم... کەچی تۆ ڕاچڵەکیت و پشتاو پشت کشایتەوە..

نازانم چۆن لەسەرەتاوە ئەوەندە بێ هەست بووم کە ڕاستییەکانم نەدەبینی و نەمدەزانی بۆ ناتەوێ شەوان بمێنیتەوە... لەبەر تەنیایی نەورۆزو گوڵاڵە بوو یان شتی تر... ببوورە لێم دەبەنگ بووم ... کوێرایم داتێ ئەو لێشاوە خۆشەویستییەم نەدەبینی کە لەناو جەستەتدا خۆی حەشار دابوو، هەموو ڕۆژێک ژوورەکەت بۆ پاک دەکردەوەو جلت بۆ دەشۆردم و زۆرجاریش چەپکێک گوڵەباخت لە باخچەکە دەکردەوەوبۆت دادەنام لە ژوورەکە. تۆ منداڵ بووی بەڵام دەتزانی گوڵ نیشانەی خۆشەویستییە، ببوورە لێم .

ئەو رۆژەم لە یادە کە لە دایکمم پرسی: ئەم کیژۆڵە نەشمیلانەیە کێیە ، گوتی:(کوڕم بیرت نەماوە، شیرینی کچی حەسەنی مەلا برایمە ، کە پێشمەرگەی باوکت بوو، پیاوێکی پیاوانە بوو ، ئەو دووجار باوکتی لەمردن رزگارکرد).

– ئەی دایکی کەی مردووە؟

– مردنی چی...؟ بۆ شیرین درۆی واشی کردووە . کووشتیان کووشت.

بۆ رۆژی دوایی گەڕامەوە ماڵەوە، بانگم کردیتە ژوورەکەی خۆمەوەو دەرگاکەم لەسەر داخستی، بەدەنگی کلیلەکە راچڵەکای، رەنگت زەردبوو هەموو گیانت دەلەرزیی و زمانت لە گۆ کەوت.

– مەترسە... دڵت خەتەرە نەکات .. هیچت لێناکەم حاشابێت من نەکوڕی باوکمم و نە میوانی ئەوم. مەترسە شیرین تەنیا پێم بڵێ دایکت شەوان لێرە دەمایەوە؟

چاوەکانت پڕبوون لە فرمێسک هەناسەیەکی قووڵت هەڵکێشاو وەک ماوەیەک بووبێ چاوەڕوانی ئەو پرسیارەم لێبکەیت یان دەمێک بوو ئەو وەڵامە لەدەروونتا پەنگی خواردبۆوەو دەتویست دەریببڕی، بۆیە خێراو بێ هیچ زۆرلەخۆکردنێک گوتت:

– کە باوکم شەهید بوو... یارمەتی شۆڕشمان لێبڕا ئیتر دایکم هانای بۆ باوکت هێناو... لە بەیانییەوە دەهات تا ئێوارە، هەرچی کاری ماڵی ئێوەیە لەسەر شانی ئەو بوو، منیش لە ماڵەوە ئاگام لە منداڵەکان دەبوو. پاشان باوکت داوای لێکرد ئێوارانیش لەوێ بمێنێتەوە لەبەر ئەوەی میوانەکانی ئێواران دێن..ئیتر وای لێهات شەوان درەنگ دەهاتەوە. هەتا ئەو نەهاتایەتەوە من خەوم لێنەدەکەوت و ترس و نیگەرانی دایدەگرتم، زۆر لەوە دەترسام کە دایکم شتێکی لێبێ، ئەو ترسە وەک مۆتەکە وابوو، من چیبکەم چۆن ژیانی گوڵاڵەو نەورۆز دابین بکەم. دایکیشم تادەهات وەزعی خراپتر دەبوو، شەوان کە دەهاتەوە تابەیانی لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، ئیتر نەمـدەزانی خەوتووەو ورێنە دەکات یان... رۆژێک پێم گوت دایە گیان تۆ زۆر ماندوو دیاریت وادیارە نەخۆشیشیت، جابۆیە لە ئەمڕۆوە من دەڕۆم... قسەکەی پێ بڕیم و بەگڕما هات و گوتی:نا هەرگیز پێت نانەیتە ئەو ماڵە.

پاش ئەو بە چەند رۆژێک شەوێکیان دایکم نەهاتەوە، بۆرۆژی دواتریش پەیدانەبوو... پاش چەند رۆژێک لاشەکەیان دۆزییەوە.

ئەوکاتە تێگەیشتم بۆ دەترسای شەوان بمێنیتەوە، بۆ قەت چاوت بەرز نەیدەڕوانی، هەمیشە دڵە خورپەت بوو، ترس وەک چەترێک بەسەرتەوە بوو هەرچەند دەکەم بڕواناکەم ..... دەمزانی تۆ چەند منت خۆش دەوێت، چۆن بە تەنگی گوڵاڵەو نەورۆزەوەبوویت، چۆن ئەم بڕیارەتدا؟! من بەڵێنم پێدایت کە دەگەڕێمەوە بۆڵات گوڵاڵەو نەورۆزیش لەگەڵ خۆماندا دەبەین و حاشا لە وڵاتێک دەکەین کە پیاوی وەک باوکی من و هاوەڵەکانی بەڕێوەی بەرن.

###

خەم و غەزەب لە دەم و چاوی ئاراس دەباری ، چووە ژوورەکەی و دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست، پەردەکەی لاداو پەنجەرەکەی کردەوە، شنە بایەک کەبۆنی شیرینی لێدەهات هێدی کردەوە. چاوێکی گێڕا بە ژوورەکەیدا چۆنی بەجێهێشتبوو هەروا مابۆوە. ئەو چەپکە گوڵەی کە دواجار شیرین لە ئینجانەیەکدا بۆی دانابوو وشک ببووەوە.بەسەردەمدا پاڵ کەوت و تاوێک خۆی دایە دەست خەڵوەتی گریانەوە. بیری لەوە دەکردەوە چۆن لەم ماڵە دەرچێ و جارێکی تر نەیانبینێتەوە، دەیزانی هەر ئەمانن هۆی کارەساتەکە. بەنیازبوو بگەڕێتەوە شیرین لە ئامێز بگرێ و لێی دوورنەکەوێتەوە. کەچی بەهەزار حاڵ گۆڕەکەی دۆزییەوە، ئەوە کەی گۆڕبوو دەبێ کێ بەدزی و سەرشۆڕییەوە ناشتبێتی.

لەپڕ جەستەیەکی فێنکی نەرم بەرگیانی کەوت، کە سەری بەرزکردەوە بینی شیرینە ... راچڵەکی و لەسەر جێگاکە هەڵبەزییەوە.

شیرین تۆی... وەرە ئامێزم شەرم مەکە پاش چەند رۆژێک دەبی بە هاوسەرم، دەزانی چەند دووربکەومەوە لێت هێندە زیاتر عاشقت دەبم. نەمدەزانی ئەوە چیبوو من هەستم پێدەکرد، خۆشەویستی بوو، بەزەیی بوو، شەرمەزاریی، یان مەترسیی لەناوبردنی تۆبوو؟لەهەڵپەی دەرکردنی تۆدابووم لەو زەلکاوە، نازانم چیبوو... لەوانەیە هەر هەمووی بووبێ. زۆرجار دەمگوت شیرین زۆر منداڵەو بۆ من ناشێت، بەڵام خۆشەویستی حوکمی دڵمی دەکرد. وەرە با تێکەڵاوی یەکتر بین،ئێمە دەمێکە رۆحمان تێکەڵاو بووە، لێرە جەستەو رۆح لەیەک دادەبڕێن، ئێمەش هەر وامان لێهات رۆحمان لەیەک ئالابوو، کەچی بۆجارێکیش چییە لە ئامێزم نەگرتیت، ماچێکم نەکردیت، خەتای خۆت بوو هەرکە بای هەناسەم تێکەڵ بە پرچت دەبوو خۆت دوور دەخستەوەو دەترسای لەوەی باوشی منیش تەنووری رۆح سووتان بێت. دەمزانی چەند جار جلەکانمت ماچ دەکرد هەمووجارێک کە دەهاتمەوە چەپکە بۆنی ماچەکانی تۆم کۆدەکردەوەو لە ئینجانەی رۆحمدا دامدەنان. ئای چەند جوانی کەوا بە شەرمەوە پێدەکەنیت، گۆناکانت چاڵ دەبن... نا هەناسەکەم بۆ وا راچڵەکیت.

– لە باوکت دەترسم.

– دەرگام داخستووە.

– لەدەرگاوە دێتە ژوورەوە.

– نامەترسە منت لە گەڵم .

– ئەی ئەگەر رۆیشتیت و بە جێت هێشتم .

– نا هەرگیز بە جێت ناهێڵم ، من بەڵێنم پێت دا کە دەگەڕێمەوە. بەڵام تۆ منت بە جێهێڵا..... بەڵێنت ئەدا کە هەر بۆ من بیت؟

– ئاخر بەڵێنەکەی تۆم بەجێهێنا...بۆ تۆ نەبووم بۆ باوکت بووم. پاش رۆیشتنی تۆ نەگەڕامەوە ماڵی باوکت ، هیوام بەهاتنەوەی تۆ هەبوو ، ئەو پارەیەی تۆ بۆت بەجێهێشتین بەشی ماوەیەکی دەکردین ، دەمزانی تۆش هەردێیتەوە .... بەڵام لە شەوێکی شووم باوکت و شۆفێرەکەی خۆیان کرد بەژووردا ، ویستیان بەزۆر بمبەن ، نەرۆیشتم ، پەلیان گرتم ... پرچیان بەسەرمەوە نەهێلا... دەبینی .. سەیری گیانم بکە ... رۆح و جەستەم دەبینی چۆن ژانیان لێ دەروا ... لەکاتێکا باوکت جلەکانی لەبەردەکرد ، فرسەتم هێناو بەدەمانچەکەی ئەو گولەیەکم نا بەدڵی خۆمەوە .

گرمەی باوکی لەقاتی یەکەمەوە دەهات .

–کوڕم ئاراس گیان ئەوە کەی گەیشتی ؟

لەچاو تروکانێکا شیرین ونبوو.

–نا....نا نەڕۆی .

ئاراس خۆی هەڵدا رەدووی بکەوێ ، بەسەر چەپکە گوڵەباغە وشکبووەکەدا کەوت و ئینجانەکە شکا.

حوزەیرانی١٩٩٦



بەهرۆز حەویزی

## شارەکەم

لە رۆح بەدەر چی شکببەم!
جەستەم مەملەکەتی برینە
سەراب زەمانی زەوتکراومە
بەسەر بەردەنووسی دڵیشدا
چاوەکانم رژاون..
بە لێواری یەکشەوەتدا
تیشک و سەفات هەڵگرتووە
هەتا ماون دروود دەدەن
گوڵە سوسنی سەرگەرمی هەتاون
وەک سێوی خەون لە بەهەشدا رواون
خەمەکانی دەستەکانمە لە ئامێزم گەورەتری
چڵێ نێرگز
دێڕێ شیعر
چنگێ میهر
دوای بوونم چاوەڕێتن
ئەی سەرەتاو کۆتاییە شینەکانی نیشتمانم

## چاو

رەنگەکان لەوێ دادەمرکێن
شەپۆلەکان
ماچە نەمرەکان و
لێوە نەرمەکان
لەوێ کەنارەکان ئارامن
تا ئەبەد
دەستوپەنجە کرنۆشبەرن
پەیڤ و چرپەی بەر کزەباش دەچەنگن
لەوێوە جوانییەکانی تۆ
رۆحیان وەک خۆر و
بۆمنی دەروێش
سەرابن یان گۆڕ!!

# چۆنی..!

عەباس عەبدوڵلا یوسف

پێشبینی ئەمەم نەدەکرد، بەڵام توش هاتم. سەرقاڵی توندکردنی قۆپچەکانی پانتۆڵەکەم بووم، بۆ زێدە هێنانە بەرچاویش پانتۆڵەکەم نە زۆر ئەستوورو نە زۆر تەنک، نە زستانی و نەهاوینی، نە کورت و نە درێژ و نە عەسکەرییە. بۆ جاری نەوەتەمین لەبەرمە و هیوادارم وەک جانتاکەی پێشوو نەدڕێت. ئێ.. ئێ.. بە کورتی لە ئەدەبخانە دەهاوێمە دەرێ، خەریک بووم، هاوکاتیش بیرم لە ئاودەستخانەی شاسکل دەکردەوە، پێویستە پاک و خاوێن بن. با چێشتخانە پیس و خەلیس و نگریسبن. چنگێک مێوژی دا بەمن. من سەیری سمێڵە تاشراوەکەیم کرد، بێگومان ئەمڕۆ تاشیویەتی. هەنیەک دەبریسکایەوە. هۆچ شوێنێکی رووی جنجرۆکی پێنەکەوتبوو. تەنانەت درهەمێکی تێبگری ترینگەی دێ و دەکەوێتە ناو پەرداخە شیری هەڵبزرکاوەوە. کە بکەوێت ئیتر دەبێت سلیگی لێدەیت و لێنەگەڕێیت پشکاوێکی بڕژێتە سەر بەروانکەکەی، خۆ چا نییە لەسەری ببێتە ماک.

– چۆنی..!

ئەم چۆنییە هەتیوەی کە لەدەم دەرچوو، نە پرسیارە و نە کلیلە، بەڵام سەدادارە. چووە بن هەیوانەکە، ئەو رووە پڕ پێکەنینەی بنە مێویان دەبرییەوە. خپڵی سوور و پەردەی رەش. ئێستا ئەگەر گەڕۆکێکی بیانی بێت و بڕوانێتە ئەم خاولییە ئاوێنەبەندە، یەکسەر ستۆپ دەکات و بە ئیسپانە تەلیسمەکان دەکاتەوە.

– چۆنی..!

واش بڵێت هەقمان نییە. نەبێتە غەیبەت، بنێشتەخۆشەی دەمێتی.، با نەبێتە مێمڵ، ناکەوێتە ناو ئاڵۆزی وایەر و چەقچەقۆک. گەفلێکراو پڕ بە سەبەتەیەک دەیقیژاند:

– زەلام.. هۆ زەلام.. کۆرەی...

کابراش وەک ئاسنگەرێکی بێ هاوتا وەڵامی دەدایەوە و سەری لەسەر دەزگایەکەی هەڵنەدەگرت، وا پێدەچوو گاڵتەی بە هەموو جۆرە داوەمووی ردێن بکات. چۆن ئاوا بە شانتەکاندن، یان هەر ئەندامێکی تری لەشی ئەلفوبێ سازدەکات.

– کوا بزانم چیت دەوێت.. دەبڵێ؟!

ئەویش نەیدەوێرا ئاش و دینگەکە بەجێ بێڵێت، چونکە ئەسپی دینگ بەرەڵای ناو ژنان دەبوو. وتی داڵغەیە و بە کەس ناگەڕێتەوە. تێکڕای ژۆژکەکان رقیان لە جاجم دەبۆوە. با زەرەر بکات، با دەفن بێت، پێداگرێت و وێنجە لەسەر ئارد شێن بکات.، ئەوەندە هەیە کیژە مەتەڵاوییەکە، ئەوەی کراسی چەمچەمی لەبەرە، جەنگزادەیە، حەزی لە بزاڤی سێبەر و شکڵە ناقۆڵاکانی سێبەرە، باس لە هەوەس و زەوق دەکات.

کتێب قەیناغە و بێ قەیماغە، جەنگزادە پێکەنی. پێکەنینەکەشی بە مەبەستی کوشتاری لەشرووتان بوو. حاڵی

حازر ئێمە خۆمان بە خوشک و برای دەژمێرین و ناومان لەخۆ ناوە «هاورێ». زانیمان لەبەر ئەوەی دەنگە زوڵاڵەکەی مەیی و بووە هەنارێکی ئاوس پێکرا وتمان:

– نا، نەختێر باجی ئەم کتێبە ئی هەوەسبازی نییە، باس لە ئافرەت و چۆنیەتی زنجیرپساندن دەکات. دیوار بە دیواردا هەڵگەڕێت کەس هەقی بەسەرەوە نییە، بەم پێودانگە جومجومەی کەمتیار دۆزرایەوە و جۆرک پڕ کەشیدە کرا. یەخەی کراسییەچڵک بوو، نیشانەی بێکەسی کوڕەتیو بوو

– چۆنی..!

حەزم دەکرد چەهرەو دەمامکی لاستیکی لەناو گۆمی ئۆردی رابکردایە هیچ کارێکی وای نەبوو، لە سەدا سەد دەمزانی کابرا شێت نەبوو، کەشیشیش نەبێت سمێڵە هەرە تەماوییەکەی وەک دەرزی چ مانایەک نابەخشێت، پێم ناخۆش بوو ئاوا سڵاوم لێبکات. تۆش پێت ناخۆشە ئاوا بە بەلاش ژمارەی ئەو کەسانەی بتناسن زیادبکەیت. ئحمە ئحمێکی کرد، ئەوەی کە پێوەی خەریک بوو جێبەجێکرا. واتا شەرواڵەکەم توند کرد، پێم پێوەنا تا بڕۆم. چەند پارچە دینارێکم لە گیرفانی شاراوەی بن کەمەر هەبوو دەرم هێنان، نەمدەتوانی دیقەتی خەت و نەخشیان نەکەم. ئێستا وردیان دەکەمەوە و وەک کەشتی دەکەونە ناو نوێنەوە، شەپۆل شانازی بەوەوە دەکات. راستە ئێمە لە هەندێ شتدا زانیاریمان نییە، بەربووک و ئۆیەدروو و گیشەکەر و بەربەر و گوورێژ و مردوخۆر و پشت ئوتولێدراو و.. ئەمانە گشتیان نهێنی ناسن، خۆ بەدەست ئێمە نییە، بە گوریس لەمسەر بۆ ئەوسەر خانووی سەدنهۆم دەبڕین و گرەوی ملیۆنێری لە کارگەی چیمەنتۆ دەبەینەوە. چوومە دەرەوە، پاش ئەوەی تێر تێر پەنجەگەورەی پێی لە کونەلووتی وەردا، هیچ شتێک نەما بیکەم، تۆزێک رۆژنامە، ناوەڵڵا تەواوی قەمە لە خوێن و خوێ وەردرابوو، جا من هەستام بە قوم و کا سڕیمەوە و لەبن کەندوویەک شاردمەوە، تا ئەگەر گەڕان نەیبیننەوە. بۆی گەڕامەوە ئەوکاتە تازە دەیویست لەسەر حەسیرە پڕ پندەکە راکشێت، بە بایەخ پێم گوت:

– ئەرێ تۆ دەمناسی؟

بۆیە وا بە نەرمی و بێ بزمار و دەمار قسەم لەگەڵ کرد، چونکە لەوە دەترسام نەوەک کابرا شێتێکی دەستوەشێن بێت، یان زارم پڕ لە کاردو بکات.

– چۆنی..!

– دەمناسی..؟!

– چۆنی..!

کە زانیم شل و ئیسفنجییە و زرێپۆش نییە، وەک کەڵەبابێکی پۆپیتە زەنگوڵەدار بە سەریدا قیژاندم:

– سندان و ژەهرەمار.. هەی شێتو وێت..

ئەو دیسان بە ئاشتی و هێمنی خەنی، پاکنیاز و بێ خوتورمە بوو، وتی:

چۆنی..!

٧-١١-١٩٨٠

* ئەم چیرۆکە بۆ یادی ئازاد حەسەن ە لە کوردستان و گۆمستاندا

# هەڵنانی سروشت و تراژیدیای ناوەوە

خوێندنەوەی: عبدالمطلب عبدالله

دەق: گۆران

١- عاسمانی شین و ئەستێرەکانی

٢- پێدەکەنین بۆ بەری بەیانی

٣- گڵۆپەکانی سەرجادەو کۆڵان

٤- زەرد هەڵگەڕابوون کز کز ئەسوتان

٥- دەرژا لەسەر کزەبای بەیان

٦- ئەیلەرانەوە کولەو پەردەکان

٧- شاری پەنجەرەو دەرگا داخستوو

٨- وەک یەک گیاندارو بێ گیان تیانوستوو

٩- ئا لەم کاتەدا کەخەو زۆر خۆشە

١٠- هەستەو بەرگی ڕێ خێرا بپۆشە

١١- کۆڵانەو کۆڵان برۆ بەرەو خوار

١٢- بگەرە شوێن کۆمەڵێ ڕێبوار.

دەق وەک فەزایەکی ئازاد، دوور لەدەسەڵاتی نوسەر خۆی دەنوێنێ؛ ئەو خۆ نمایش کردنەش خولانەوەیەکی نامۆیانەیەو ئەسڵەن وجودی نی یە، کەواتە دەبێ بڵێین دەق وجودی نی یە، یان بەشێوەیەکی دی دەق دوورە لەدەسەڵات. لێرەدا کاتێک لەکارکەوتنی دەسەڵاتی نوسەرو دەسەڵاتی دەق ڕادەگەیەنین، ئەو فەزایە بەرجەستە دەکەین کەئازادی لێوە دەتکێ، بەڵام چۆن دەکرێ دەست بۆ ئەو ئازادیە بەرین، بێگومان خودی ئەو کارە دەکەوێتە سەر خوێندنەوە، خوێنەری بەتوانا دەکرێت جوڵەیەک بخاتە ئەو فەزا ئازادە، ئەو جوڵەیەش خولانەوە نامۆکە بەرجەستەدەکات، هەروەها دەشکرێ دوور لەو حاڵەتە لەمیانی درک پێکردنی خۆی فەزای دیکەو خولانەوەی دیکە بۆ دەق بخولقێنێ.

ئەگەر خوێندنەوە بونیاتنانێکی دیکەی دەق نەبێت لەدەرەوەی دەق، حەتمەن هەر لەدووتوێی دەق دەتوانێ دووبارە خۆی وەک دەقێکی دی بنوسێتەوە، بێ ئەوەی نوسەر وەسیلەیەک بێ بۆ ئەو نوسینەوەیە، یان بێ ئەوەی یەکێک هەبێت بینوسێتەوە. کەواتە خوێندنەوە وەک کیانێکی سەربەخۆ لەناو دەق کاری خۆی ئەنجام دەدات و لەمیانی کارکردنیش دا دەتوانێت دەست بۆ ئەو فەزا ئازادە درێژبکات کەدەقی وەبەرهەم هێناوە. بەوپێ یە خوێنەری بەتوانا جیهانبینی خۆی دەخاتە

پاڵ جیهانبینی دەق یاخود جیهانبینیەک لەنێو جیهانبینی دەق بۆخۆی دەدۆزێتەوەو دوور لەنوسەر کیانێکی جیا بۆخۆی دەخولقێنێ، ئەو کیانەش لەماوەی خوێندنەوەدا بەدیار دەکەوێت، جانەگەر ئەو خوێندنەوەیە بەفیعلی نەچێتە خانەی نوسین هەردوای فەترەی زەمەنی خوێندنەوە وندەبێ، بەلام کاتێک چووە خانەی نوسین ئەوکاتە دەبێتە بەخششێکی دیکەی دەق، یاخود دەبێتە خولاندنەوەیەکی دیکەو لەکاتی دەستبردن دەکرێ ئەو جولەیەش بچێتە ناو هەمان فەزاو بەردەوامیەت بەخولانەوە نامۆکەی دەق بدات،خودی ئەو خولانەوەیەش هەمیشە لەناوەوە، دونیای ناوەوەی دەق دەگرێتەوە، نەک بەروکەشی لەدەرەوە پاشکۆیەتی بکات، هەمیشە خوێندنەوەی جدی خۆی دەخزێنێتە دووتوێی دەق، هەرگیز پاشکۆیەتی قبوڵ نی یە . هەموو ئەوانەش ئەگەر لەلایەک پابەندبن بەتوانای خوێنەر ئەوە لەلاکەی دی پابەندن بەئازادی دەق، ئازادیش مەجبوری پاشکۆیەتی نی یە، نەک هەرئەوەندەش بەڵکو بەهەموو شێوەیەک ڕەفزی دەکاتەوە. ئازادی ئەو فەزایەی کەدەق نومایشتی خۆی تیادەکات، هەرگیز بەخوێندنەوەیەک یان چەند خوێندنەوەیەکی جیاجیا ملکەچی خۆی بۆ ماناکانی خوێنەر نیشان نادات بەڵکو هەمیشە لەخۆنزیک کردنەوەدا دەبێ، یاخود هەمیشە داوای خوێندنەوەی بەردەوام و جیاجیا دەکات بێ ئەوەی ئازادی لەدەست بدات.

(١)

خوێندنەوە بۆ دەقی (گۆران) دوور لەخودی (گۆران) دەکرێ خوێندنەوەی ئەو جیهانبینی یە سەرەتایی یەبێ کەلەدووتوێی دەق دایە، یاخود وەک لەشوێنێکی دی گوتومانە خوێندنەوەی جیهانبینی کۆیە نەک تاک، بەم شێوەیە تازە گەرێتی (گۆران) لەشیعری کوردی دا کوودەتایەک بوو بەسەر عروزی شیعرو هێنانەدی ئەو



کێشە گونجاوە بووکەلەگەڵ فۆنەتیکی زمانی کوردی و تایبەتمەندێتی ئەو زمانە لەبارو شیاو بوو، بێگومان ئەو کودەتایە هەروا بەزووەکی سەیر ناکرێت. چونکە لادانێکی گەورەی بۆ شیعری کوردی وەدەست هێناو هێزو گورێکی دیکەی بەزمان بەخشی و توانی گۆمە مەنگەکە بشلەقێنێ.

بەلام بەنیسبەت جیهانبینی، ئەگەر ڕاستەوخۆش هەمان کردار پێش خۆی دووبارە نەکردبێتەوە ئەوە بەشێوەیەکەی ناڕاستەوخۆ بۆ هەمان میتافیزیک گەڕاوەتەوە، بەجۆرێکی دیکە ئەگەر (گۆران) ڕاستەوخۆ لەچەند دەقێک دا بۆ دەسەلاتی سروشت نەگەڕابێتەوە - ململانێ ی سروشت و مرۆڤ - ئەوە زۆر سەرەتایانەتر گەڕاوەتەوە کۆمەڵگای بەرایی و لەدووتوێی جیهانبینی کۆدا تاکێتی خۆی خنکاندووە بۆ ئەوەی بەوردی ئەو چەند وشەیەمان بۆ بسەلمێنێ، ئەگەڕێینەوە بۆ دەقە شیعری - گەشت لەقەرەداغ - و پارچەی یەکەمی ئەو دەقە دەخەینە بەر لێدوان پێموایە تەنها پارچەی یەکەمی بەسە چونکە ئیدی دەقەکە

خۆی لەپاشاندا بەتەواوی ڕوونی تەباییەکەی خۆی ڕادەگەیەنێت، زۆر بەساکاریش خوێنەر لەتوێی گەشتەکە هەستی پێدەکات.

(٢)

(گۆران) بۆئەوەی لەکێشمەکێشی واقیع دوورکەوێتەوە پەنا بۆ سروشت و جوانی دەبات، گەڕانەوە بۆ سروشت سەیر کردنی بەو هەموو قورساییە (پێکەنین) لەلایەک دەلالەت لەدەسەلاتێکی گەورەو ئەزەلی دەکات، دەسەلاتێک کەگاڵتەی بە بەرامبەردێ و زۆر بێ باکانەو بێ ئەوەی تۆزقاڵێک سڵی لێبکاتەوە پێی(پێدەکەنێ).

خودی ئەو دەسەلاتە گەورەیەی کەپێکەنین دەگرێتە بەرامبەر، لەڕووی دا توشی ون بوون و توانەوە دێ، بەمجۆرە پێکەنین بە بەرامبەر دەلالەت لەمردنی غەریزەکانی ناوەوە(مرۆڤ) بەهەموو ماناکانیەوە دەکات، دەلالەت لەهەرەس هێنانی ژیانی تاک (داهاتوو)، داپڵۆسینی جوڵە داهێنەرو ئارەزووە سەرکێش و چالاکەکان دەکات.

ئەو ئارەزووە سەرکێش و چالاکانەی کەیاخی بوونی (تاک) دەنوێنن ـ لەدەقەکەدا زۆر بێ هێزانە لەدووتوێی ئەو (هەستە) دا خۆیان نومایشت دەکەن. لەو دەقەدا بەزاڵبونی دەرەوە (پێکەنین) هەڵبژاردنی ئەزەلیەت بۆ دەسەلاتی سروشت، ڕاستەوخۆ بێ هێزی و تەبایی و ونبون و ڕەشکردنەوەی ناوەوە دێتەدی.

لێرەدا کێشەی دەق ململانێی ناوەوە و دەرەوەیە، بەجۆرێکی دی خودی ئەو کێشەیە دەکەوێتە نێوان ئازادی و نائازادی. ناوەوە وەک یاخییەک (تاک) لەدەسەلات هەوڵی ئازادی خۆی دەدات بەلام دەرەوە وەک دەسەلاتێکی خۆی بۆ ئەو پەڕی باڵا بەرز دەکاتەوە. بەم جۆرە لەو دەقەدا وونبون و کوشتنی ناوەوە ئەزەلیەت بۆ دەرەوە مەیسەردەکات، ئەزەلی بوونی دەرەوەشی هەڵنانی سروشت دەگەیەنێت چونکە دەرەوە تەبایە لەگەڵ سروشت، کەواتە ئەگەر تەبایی دەق لەگەڵ سروشت (ئەوی دی) دەلالەت لەبەرزکردنەوەی ئەوی دی ( سروشت) بکات، ئەوە لەلایەکی دیکەو ونبون و کوشتنی منی (گۆران)ە بەدەستی ئەوی دی (سروشت).

لەم تراژیدیەدا، یان لەپرۆسەی مردن دا ، دوو لایەن بەشداری جدییان هەیە، واقیع وەک پانتاییەکی شانۆی و ناوەوە وەک ئەکتەر، یاخود ژیان وەک شانۆ و غەریزە خەفەکراوەکانی تاک وەک ئەکتەر، ئەو ئەکتەرەش لەسەر شانۆ بەنمایشتێکی مۆنۆدرامی خۆیمان پێ دەناسێنێ، ئیدی هەموو هەوڵ و کاردانەوەکانی خۆی لەسەر پانتایی ئەو شانۆیە دەخاتە کار، بەلام کەدەبینێ سەیرکەرێ لەوناوە وجودی نی یە، گوێ گرێک نی یە، ئەو ساتە لەوشەو کردارەکانی نائومێد دەبێ، توشی سایکۆپیتیەت دێ، ئینجا بەرەبەرە هەڵچونەکان و بوغزو کینەی خۆی دەگرێتە پانتاییەکەی شانۆ و هیچ ئیحساسێکی بەرامبەر ئەو پانتاییە نامێنێ، پانتایی شانۆ و ئەکتەر زۆر بەتوندی دەکەونە کێشەو ململانێ و هیچ ڕێزێک بۆ یەکتری ناهێڵنەوە، لەکۆتایشدا شانۆ وەک زیندان هێدی هێدی ئازاری دەدات، تالەناو ئەو هەموو ئازارەدا دەکەوێ و ووندەبێ، یان ڕەشدەبێتەوە و ئەو ونبونە بەردەوامی بەسروشت دەبەخشێ.

لەدەقی (گەشت لەقەرەداغ) دەکرێ هەر لەدێڕی (٦١) حاڵەتەکە بەپێچەوانەوە لەمیانی سروشت و دەرەوە خۆیان پێشکەش بکەن، لەبری دەرەوەو ناوەوە؛ بەلام پێش ئەوەی بگەینە ئەنجام، یان پێش ئەوەی بگەینە خاڵ بەندو کۆتایی فرمانی (هەستە) لەدێڕی (١٠)دا یاخی بوونی نیشان دەدات، یان دەلالەت لەکودەتایەک دەکات کەهەموو شتەکانی ناو دەق قلْپ دەکاتەوە، بەلام وەک دیارە ئەو هێزە یاخییە ناتوانێ

بەردەوامیەت بەخۆی بدا، یاخود لەڕووی دەسەڵاتی دەرەوە خۆی زۆر بە بچوک دێتە بەرچاو کوشتنی دەرەوەی لامەحاڵە، یاخود کاتێک مردنی دەرەوە (سروشت) فەراهەم نابێ، ئەوکاتە بەتەواوی دەکەوینە ناو هەمان ململانێ ی ئەکتەرو شانۆ. و تراژیدیای (پرۆسەی مردن).

فەرمانی (هەستە) لەدەرەوە ڕاستەو خۆ ڕوبەڕووی تاک دەبێتەوە، تاکو تێکەڵی کۆمەڵی بکات، (بگەرە شوێنی کۆمەڵێ ڕێبوار) دێڕی(١٢).

ئەگەر بونیادی (پێکەنین) دەلالەت لەدەسەڵاتی سروشت بکات، ئەوا لێرە فرمانی (هەستە) وەک بونیادێکی دیار ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی تاک دەبێتەوە، بەڵام نەک لەپێناو چەسپاندن و پراکتیک کردنی خودی تاک یاخود جیهانبینی خودی (گۆران)، بەڵکو لەپێناو پێشوازی کردنی تاک لەکۆمەڵ و تەبا بوونی جیهانبینی هەردولا، خودی ئەو تەبا بوونەش وەکو گوتمان هێزێکی لاوازەو دەچێتە پاڵ دەسەڵاتە گەورەکەی سروشت، بەجۆرێکی دی کوشتنی ناوەوەی(کۆ) هەڵنانی سروشت دەگەیەنێت بەدەستە جەمعی.

(٣)

دەقی (گەشت لەقەرەداغ) تێڕوانینێکی ئێستاتیکانە لەخۆ دەگرێت (تراژیدیای مردنی ناوەوە) دەکرێ ئەو فەزایە، ئەو جوانی و سحرەی کەچاوی خوێنەر مۆڵەق دەکا، یان ئەو دەسەڵاتەی کەبەجۆرێکی دی خوێنەر دەخرۆشێنێ، وەک مادەیەکی سڕکەر دێتە گۆ، لەلایەکی تریش ناڕاستەوخۆ کاری نهێنی خۆی ئەنجام دەدا، کەواتە ئەو فەزاو جوانی و سحرەی کەنیشان دەدرێت ناڕاستەوخۆ هێدی هێدی بەنهێنی هێڵکاری پرۆسەی مردن (ئازادی) دەکێشێ بەمجۆرە تراژیدیای ناوەوە لەم دەقەدا بەشێوەیەکی سحری ئەنجام دراوە، ئەو لەهۆشخۆبردن و خرۆشانە زۆر بەجوانی لەتوێ ی (پێکەنین) ێکی پشت ئەستور بەدەسەڵات ڕوبەڕووی داهاتوو (ژیان ئازادی) دەبێتەوە بڕوانە دێڕی (٢).

سروشت پێدەکەنێ، سروشت بەتەواوی داهاتوو ڕوناکی و جوڵە و بەتەنها پێکەنینێک بەنج دەکات، هەر بەهۆی ئەو بەنج کردنەش دەتوانێ زۆر سیحربازانە بەنهێنی پرۆسەی کوشتن بەئەنجام بگەیەنێت، بڕوانە دێڕی (١-٦) و ئەو هێڵکاریە:

ڕوناکی

پێکەنین ـ داهاتوو

جوڵە

بەمجۆرە بونیادی پێکەنین وەک هێزێکی لەبن نەهاتوو، هەم گاڵتە بەداهاتو و ڕوناکی و جوڵە دەکات، هەم وەک هێزێکی سیحراوی و کاریگەر نومایشتی دەسەڵات و نهێنیەکانی دەکا، دیارە لەم دەقەدا زاڵبونی سروشت و گوشارەکانی بۆ ناوەوەی دەق بۆشاییەک دەخولقێنێ یان دەبێتە هۆ بۆ خەڵق بوونی بۆشاییەک، ئەو بۆشاییەش بێ دەنگی (ناوەوەی دەق) لەخۆ دەگرێت، خودی ئەو بێدەنگیەش دەلالەت لەونبوون و ڕەشبونەوەی ناوەوە دەکا، دەکرێ لەو حاڵەتەدا لەدێڕی (٨-٧) بەتەواوی هەست پێ بکەین وجودێک بێجگە لەسروشت ئەسڵەن نی یەو نابینرێت. بەجۆرێکی دیش ئەو بۆشاییە دەلالەت لەچاوەڕوانکردنێکی بێ هودەیانەی سەیرکەرو گوێگر دەکا.

(٣)

بێگومان ناوەوەو بێدەنگی، یان حاڵەتە سایکۆپیتیەکەی ئەکتەر هەروا بەسانای لەزیندانەکەدا دەستبەرداری خۆی نابێ، بەڵکو زۆر سەرکێشانە هەوڵی قۆستنەوە دەدا یاخود سەرەڕای ئازاردان و

ونبون لەبەرامبەر پانتایی شانۆ لەدیوێکی دیکەوە هەوڵی بێ وچان بۆ وەقسە هێنان دەدا، لەچاوەڕوانی ناکەوێت، یان هەمیشە لەودیوو مردنیشەوە چاوەڕوانە چرکەیەک برەخسێ تا ئاگایی(شعور) دوچاری لێڵی بکا، بەهەر شێوەیەک ئەگەر لەدەرفەتێکی زۆر کەم خایەنیش بێ منی دەق (کەیەکسانە بەسروشت) ڕابچڵەکێنێ. حەتمەن ئەو ڕاچڵەکاندنەش دەق (سروشت) دوچاری ئاوڕدانەوەیەکی گەورە دەکات، بەمجۆرە هەمومان لەگەڵ سروشت بۆ ماوەیەکی زۆر کورت لەخودی (گەشت لەقەرەداغ) هەست بەو ئەکتەرە دەکەین، هەست بەڕاچڵەکینەکە دەکەین یان هەست بەجوڵەی ئەو بۆشای یەو سەدای ئەو بێ دەنگیە دەکەین هەرچەندە لەسەرەتادا دیار نەبوو، بەڵام کەدەگەینە کرداری (هەستە) بەتەواوی شتێکمان لەو جۆرە لادروست دەکات، بڕوانە لاپەڕە(١٠)

پێکەنین

هەستە ـــ سوتان

نوستن

ئەکتەر (ناوەوە) بەکردارێک هەڵدەسێ لەبەرامبەر سروشت، ئەو کردارە یاخی بوونی تاکی لێوە دەتکێ (هەستان) دەلالەت لەوجودێک دەکات کەدەکرێ ئەو وجودە بێتە هێزێک ڕووبەڕووی گاڵتە جاڕی سروشت، ڕووبەڕووی سوتان و مردن (نوستن) بەمجۆرە کردار (هەستان) تەواو پێچەوانەی (پێکەنین) کار دەکات، ئەگەر (پێکەنین) وەک ڕونمان کردەوە دەلالەت لەبەنج کردن بکات بۆ بەنهێنی کردنی پرۆسەی کوشتن، ئەوە (هەستان) دەلالەت لەبێدار کردنەوەی دەکات، کرداری (هەستان) دەبێتە هێزێک بۆ ئەکتەر، دووبارە ئەکتەر زیندوو دەکاتەوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی سروشت، بەڵام دیارە ئەو هێزە کەمخایەنەو لەماوەیەکی کورت دا دەکوژێتەوەو تێکەڵ بەهێزی دەستەجەمعی دەبێ بڕوانە دێڕی (١١ـ١٢)

ئەو هێزەش کاتێک دەگاتە کۆمەڵ بەبەرژەوەندی دەسەڵات (سروشت) کۆتای بەخۆی دەهێنێ و لەوێدا حەلدەبێت.

خۆدانەپاڵ کۆمەڵ و تەبابونیش دەلالەت لەبێ هێزی تاک (ناوەوە) دەکات. خودی ئەو حاڵەتەش توانەوەیە لەناو جیهانبینی گشتی دا، لێرەدا دەکرێ بڵێین کەدەقی (گەشت لەقەرەداغ) نەیتوانیوە جیهانبینی خۆی وەک دەقێکی یاخی نیشان بدات، منی دەق ئازادی خۆی لەدەست داوەو خۆ دەخاتەپاڵ کۆمەڵ و لەوێشەوە بۆ پاڵ سروشت دەگەڕێتەوە، ئەم غەریزەی دروستکردن دەبینین، نەهیچ سەرکێشی و یاخی بوونێک لەپێناو ئازادی دا.

سروشت ـ تاک ـ کۆمەڵ

وەک لەو هێڵکاریەدا دەبینین گەڕانەوەی دەق بۆ جیهانبینی کۆمەڵ، یان گەڕانەوەی کۆمەڵ بۆ جیهانبینی دەق ناڕاستەوخۆ لەگەڵ تاکە بۆ کۆمەڵ لەوێشەوە بۆ سروشت، کەواتە جیهانبینی خودی (گۆران) لەو حەلقەیەدا دەجوڵێتەوە.

١٠ ـ ١١ ـ ١٩٩٥
هەولێـــــر

# دەنگی پێی وەرگێڕان

## چاو خشاندنێکی خێرا بەسەر «دەنگی پێی ئاو» وەرگێڕانی «ڕێبوار سیوەیلی»دا

**بەڕۆژ ئاکرەیی**

گوتەیەک هەیە کە بە کورتی دەڵێ: «ئەگەر وەرگێڕان خیانەت بێ؛ ئەوە وەرگێڕانی شیعر خیانەتی خیانەتەکانە!» لێرەدا کارمان بە ڕاست و دروست بوونی ئەم گوتەیە نییە. هەروەکو دەبینین ڕۆژانە لە هەموو دەڤەرێکی دنیادا و لە گۆڕەپانی ئەدەبدا هەوڵی وەرگێڕان لە ئارادایە و شیعریش وەک بەشەکانی تری ئەدەب وەردەگێڕدرێتە سەر زمانە جۆراوجۆرەکان. قسە لەسەر گەیاندنی باری ئەمانەت و چێژی دەق لە وەرگێڕاندا و (لێرەدا بەتایبەت) شیعرە. بەداخەوە ئەدەبی ئێمە پڕاوپڕی ئەو شیعرە وەرگێڕدراوانەیە کە ئەمانەتداری تیایاندا قاتە. کەچی دیسان بەداخەوە! شیعری وەرگێڕدراوی بێ هەڵە و ئەمانەتدار بە دەقی ڕەسەن؛ تەنانەت بە پەنجەی دەستێکیش نازمێردرێن. هۆ و هۆکاری ئەم حاڵەتە هەرچییەک بێ، مانای داخستنی دەرگای ڕەخنە لە سەر بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان نییە. من پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە کە لە ئاست دەقەکاندا لەگەڵ یەکتر دڵ ڕەق بین و بە پێچەوانەوە، کاتێ دەرگای ڕەخنەکەمان داخست، میهرەبان. هەر لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی کاک «ناسری حیسامی» بکەم بۆ ئەو ڕەخنەیەی کە لە کتێبی «لەودیوەوەی ڕەنگ و پەردە. چاپی ١٩٩٦»دا سێ هەڵەی لە وەرگێڕانی شیعرەکانی شاملو بە پێنووسی من دەست نیشان کردووە. هەروەکو کاک ناسر خۆیشی ئاماژەی پێکردووە؛ لە ژمارە (٦ی گۆڤاری وان ساڵی ١٩٩٤) دا تەرجەمەی شیعرەکانی شاملوو، چاپ کراون. کاک ناسر دوو هەڵەی زەقی لە وەرگێڕانەکەی مندا خستۆتە بەرچاو: ١ـ هەڵترووشکان (کە من نووسیومە و کاک ناسر پێی وایە دەبێ «نیشتۆتەوە» بەکار هاتبا و ڕاستیش دەکا) ٢ـ «قەتماغە» (کە دیسان من نووسیومە و کاک ناسر پێی وایە دەبا «چڵک کردن» بەکار هاتبا و دیسان ڕاست دەکا!). لەمەڕ ئەم دەست نیشانکردنە سوپاسی دەکەم بەڵام بەداخەوە لەمەڕ ڕەخنەی سێهەم، کە لەژێر سەردێڕی «سەمای ئاو لەسەربان» دا نووسیویەتی؛ سەیری ژمارە ٧ی گۆڤاری وان ساڵی ١٩٩٤ لاپەڕە ٣٦ی نەکردووە کە نەک تەنیا ئەم هەڵەیە بەڵکو چەند دانەیەکی تریش لەلایەن خودی خۆمەوە ڕاست کراونەتەوە. جارێکی تر پڕ بەدڵ سوپاسی ئەم برایەم دەکەم.

وێدەچێ پێویست بە نووسین نەکا کە بڵێم من نەک لەم ڕەخنەیەدا و نە ئەوانی بەر لە ئێستا و چەند دانەیەکی تر کە لە داهاتوودا هیوادارم شوێنێک بۆ بڵاوبوونەوەیان بدۆزرێتەوە؛ مەبەستم کەمکردنەوەی زەحمەتی برادەرە وەرگێڕەکان نەبووە و نییە و نابێ!

بەداخەوە وەرگێڕانەکەی کاک «ڕێبوار سیوەیلی»ش وەک زۆربەی ئەو وەرگێڕدراوانەی لە فارسییەوە کراون بە کوردی پڕن لە هەڵەی زەق و کوشەندە. من پێم وایە ئەگەر بمویستبا دێڕ بە دێڕ بە هەموو کتێبەکەی کاک ڕێبوار [دەنگی پێی ئاو ـ چاپی دوەم ـ کۆتایی ١٩٩٠، کۆپنهاگن.]دا بچووبامەوە، دەبوایە هەموویم لەسەرڕا نووسیبایەوە. ئەم کارەم نەکردووە. هۆی نەکردنی ئەم کارەش، پێویستی بە نووسین نییە. کەواتە بە پێی (مشت نموونەی خەروارە) دێم و لەم ڕەخنەیەدا تەنیا

شیعری یەکەمیان (دەنگی پێی ئاو) بەسەر دەکەمەوە.
واتە: هەر بە راگوزاری لاپەڕەیەک دەکەمەوە و لە هەر لاپەڕەیەکدا چەند هەڵەیەک دەخەمە بەرچاو. لە هەندێک شوێندا ئەگەر پێویست بێ کەوانەیەک دەکەمەوەو بۆ روونکردنەوەی مانای پەیڤ یاخود رستەیەک بە کورتی سەرنجێ دەخەمە بەرچاو. هیوادارم دوور لە بریندارکردنی هیچ کەس (لێرەدا بەتایبەت کاک رێبوار) بەرگری لە بریندار بوونی شیعر و سوهراب و شیعری سوهراب بکەم.

(لاپەڕە ٢٠):
مادری دارم بهتر از برگ درخت
دوستانی بهتر از آب روان
واتە: دایکێکم هەیە چاکتر لە گەڵای درەخت و
هەڤاڵانێ باشتر لە ئاوی رەوان
نەک: *دایکێکیشم هەیە لە گەڵای درەخت میهرەبانترە*
*هاوڕێکانیشم لە ئاوی سازگار پاکترن*
(سازگار لەگەڵ رەوان جیاوازییەکی زۆری هەیە. ١ـ رەوان: هەرچییەک لە رۆیشتندا کە ناگا، وێستانی نییە، «ئەسپی رەوان»، «ئاوی رەوان». ٢ـ سازگار: بە ئارەزووی مزاج «ئاوێکی سازگارە. هەوایەکی زۆر سازگارە». هەژار)

لاپەڕە (٢١):
**روی قانون گیاه**
واتە: لەسەر یاسای گیا
نەک: *لە یاسای سەوزی گیادا*

**جانمازم چشمه، مهرم نور، دشت سجاده من**
واتە: نوێژگەم کانی، بەردەمۆرم تیشک، دەشت دوگردی من
نەک: مزگەوتم *کانی*، میحرابم رۆشنایی، *سارا* فەرشی *راخراوی* منە.

**من وضو با تپش پنجرەها میگیرم**
واتە: من بە ترپەی پەنجەرەکانەوە دەست نوێژ دەشۆم
نەک: من دەست نوێژ بە *هەڵمی* پەنجەرەکان دەشۆم

**جریان دارد ماه، جریان دارد طیف**
واتە: رەوتی هەیە مانگ، رەوتی هەیە «طیف»
نەک: *مانگ سەما دەکات، خەیاڵ دەمباتەوە*

**سنگ از پشت نمازم پیداست**
واتە: لەپشت نوێژمەوە، سەنگ دەبینرێ
نەک: *لەودیو نوێژەکانمەوە سەختی دەبینرێ*

**همه ذرات نمازم متبلور شدەاست**
واتە: هەموو گەردیلەکانی نوێژم بوونەتە بللور
نەک: هەموو *زەڕڕاتی نوێژەکانم دەبریقێنەوە*

**که باد اذانش را گفته باشد سر گلدسته سرو**
واتە: کە با لەسەر منارەی دار سەروەوە بانگەکەی دابێ
نەک: کە سروەی *شەماڵ* بەسەر درەختی *سەروەکانەوە* بانگی *دابێت*

**پی «قدقامت» موج**
واتە: بەدوای «قدقامت»ی شەپۆڵەوە
نەک: *لە پشت باڵای شەپۆڵەکانەوە*
(مەبەستی شاعیر لە «قدقامت» هەمان قدقامتی عەرەبییە کە لە بانگداندا دەگوترێ. کەچی بەداخەوە کاک رێبوار بە قەد و قامەت (واتە بەژن و باڵا لێی کەیشتووە)
**کعبەام زیر اقاقیهاست**
واتە: کەعبەکەم لەژێر ئەکاکیەکانە.
نەک: کەعبەی من *ئەوەتا لەژێر* درەختی بەرزی *ئەکاکیادا*
(ئێمە نازانین «ئەوەتا» و سیفەتی بەرز بۆ درەخت (؟)ی ئەکاکیا لەکوێوە هاتوون؟)

(لاپەڕە ٢٢):
**تا به آواز شقایق که در آن زندانی است**
واتە: تاکو بە ئاوازی خاشخاشک کە تێیدا زیندانییە.
نەک: *تا* بەهۆی *گوڵاڵەسوورە زیندانییەکەی*

ئەم دێڕەی خوارەوەی لە لاپەڕە ٢٢ی وەرگێڕانەکەدا نییە:
**میدانم پردەام بیجان است**

**خوب میدانم حوض نقاشی من بی ماهی است**
واتە: چاک دەزانم ئەستێرکی نیگارکێشانی من بێ

ماسییه
نەک: *باش دەزانم ئەستێرکی وێنەکانی من بێ ماسین!*

پدرم پشت دوبار آمدن چلچلەها
پشت دو برف
پشت دو خوابیدن در مهتابی
پدرم پشت زمانها مردەاست
واتە: باوکم دوای دووجار هاتنی پەرەسێلکەکان
دوای دوو بەفر
دوای دوو خەوتن لە هەیواندا
باوکم لە پشت زەمانەکان مردووە
نەک: *باوکم لەپێش زیندووبوونەوەی پەرەسێلکەکان*
*لە پێش دوو بەفرە زۆرەکەوە*
*لەپێش دوو خەوتنمان لەبەر هەتاودا...*
*باوکم لەمێژە مردووە.*
(بەداخەوە لێرەدا سەجەمی کۆپلەکە تووشی هەڵەیەکی کوشندە بووە. شاعیر دەیەوێ باسی مەرگی باوکی خۆی بکا. ئەو مەرگە دووساڵ لەمەوبەر روویداوە. هەروەک دەبینین شاعیر لەجیاتی دەربڕینی راستەوخۆی دووساڵ کەڵک لە وێنەی شعیری وەردەگرێ: (بەهار) هاتنەوەی پەرەسێلکەکان. (زستان) دوو بەفر (هاوین) خەوتن لە هەیواندا. بەڵام بەداخەوە کاک رێبوار هەموو پاشەکانی کردۆتە پێش و هەیوانی بە «هەتاو» وەرگێڕاوە و... هتد!

(لاپەرە ۲۳):
جای گرمخوردن احساس و گیاه
واتە: شوێنی پێکەوە بەسترانی هەست و گیا
نەک: *ژوانگەی سەوزایی و هەستکردن بوو*

توت بی دانش میچیدم
واتە: بەبێ زانست تووم دەتەکاند
نەک: *بێ ئەوەی زانابم، توم دەوەراند*

تا اناری ترکی بر میداشت
دست فوارە خواهش میشد
واتە: تا هەنارێ قڵیشی تێدەکەوت
دەست دەبوو بە فوارەی تکا
نەک: تا هەنارێک دەگەیی دەستم دەبووە فوارەی

پارانەوە
(مەبەستی شاعیر لە قڵیش تێکەوتن هەمان گەیینە، بەڵام ویستوویەتی بە کەڵک وەرگرتن لە وێنەی گەیشتنەوە گەیینی هەنارمان پێ رابگەیێنێ. کەچی...)
تا چلویی میخواند
سینە از ذوق شنیدن میسوخت
واتە:هەر کە پەرەسێلکەیەک دەیجریواند
سینە لە خۆشیی بیستندا دەسووتا
نەک: *تا چۆلەکەیەک دەیجریواند*
وەخت بوو *گیانم لە زەوقی گوێگرتن بسووتێ*

یک چنار پر سار
واتە: چنارێکی پڕ لە سێروو
نەک: *چنارێکی سەرقژن*

حوض موسیقی بود
واتە: ئەستێرکی مۆسیقا بوو
نەک: *دەریایەک مۆسیقا* بوو

(لاپەرە ۲٤):
من بە دشت اندوە
من بە باغ عرفان
واتە: من بەرەو دەشتی خەفەت
من بەرەو باخی عیرفان
نەک: *بەرەو خەم بەرەو باخی عیرفان*
(بەرەو کوێی خەم؟)

رفتم از پلەی مذهب بالا
تا تە کوچە شک
واتە: بە پلەی مەزهەبدا هەڵگەڕام
تا بنی کۆڵانی گومان
نەک: بە *پلەی مەزهەبدا* چوومە سەرێ
*تا کۆتایی گومان*

ئەم دێڕە لە لاپەرە ۲٤ی وەرگێڕانەکەدا پەڕیوە: تا سکوت خواهش

بام ملکوت
واتە: بانی مەلەکووت
نەک: *سەربانی خودایی*

(مەلەکووت واتە: مەزنێتی پەروەردگار، یانژی: جیهانی غەیب، یاخود: جیهانی «عقول و نفوس» کە «جبروت و ناسووت» لەژێریدان و «لاهوت» کە لە سەرەوەیەتی. (فەرهەنگی «معین»)

ظهر در سفره آنان نان بود، سبزی بود، دوری شبنم بود
کاسەی داغ محبت بود
واتە: لە سەر سفرەی فراوینیان نان هەبوو، سەوزی هەبوو، قاپێک شەونم هەبوو
کاسەی گەرمی خۆشەویستی هەبوو.
نەک: نیوەڕۆش سفرەکەیان *نانی لەسەر* بوو
دەوریەک *شەونم* و *رەیحانە* و *قاپێکی گەرم* خۆشەویستی *لەسەر بوو*
(بێجگە لەشێوەی داڕشتن ئێمە نازانین ئەم «رەیحانە»یە لە کوێوە هاتووە؟)

(لاپەڕە ٢٥):
موزەای دیدم دور از سبزه
واتە: مۆزەیەکم بینی دوور لە سەوزایی
نەک: مۆزەیەکم *دی* دوور *لە هەناسەی زیندووی شار*
(پێویست بە کەوانە کردنەوە دەکا؟)

ئەم دێڕە لە لاپەڕە ٢٥ی وەرگێڕانەکەدا پەڕیوە: عارفی دیدم تنناها یاهو

(لاپەڕە ٢٦):
پلەهایی کە بە گلخانەی شهوت میرفت
واتە: ئەو پلیکانانەی بەرەو گوڵخانەی شەهوەت دەچوون
نەک: ئەو *پێ* پلیکانانەی دەچوونە سەر *گوڵزاری* شەهوەت
(گوڵزار واتە: گوڵستان. بەڵام گوڵخانە: ژوورێکە کە دیوار و بانەکەی لە شووشە (بەم دواییانە بە نایلۆن) دروست دەکرێ و و لە وەرزی سەرمادا چەندین چەشنە گوڵی تێدا پەروەردە دەکرێ «فەرهەنگی موعین»)

استکانها را در خاطره شط میشست
واتە: پیاڵەکانی لە بیرەوەری زیدا دەشووشت
نەک: *پیاڵەکانی* بە *بیرەوەری دەریا* دەشتن

روی سجاده بیرنگ پدر تف میکرد
واتە: تف دەکردە سەر بەرماڵە بێ رەنگەکەی باوکی
نەک: تف دەکردە *سەر بەرماڵی باوکی*

(لاپەڕە ٢٧):
سایەی خنک یاختەها در تف خون
واتە: سێبەری فێنکی خانەکان لە گەرمایی خوێندا
نەک: *سێبەری فێنکی خڕۆکەکان لە کەفی خوێندا*

سمت مرطوب حیات
واتە: لایەنی شێداری ژیان
نەک: بەشی *تەڕوبڕی ژیان*
(شێدار: نمدار ، تەڕوبڕ: زۆر تەڕ. ـ هەنبانە بۆرینە)

شرق اندوه نهاد بشری
واتە: خۆرهالاتی خەمی زاتی مرۆڤ
نەک: خۆرهەڵات،
*کانگای ئازارەکانی* مرۆڤ

فصل ولگردی در کوچه زن
واتە: وەرزی بەرەڵلایی لە کۆڵانی ژندا
نەک: *وەرزی سەرگەردانی بە کۆڵانی ئافرەتدا*

(لاپەڕە ٢٨):
سفر ماه به حوض
واتە: سەفەری مانگ بەرەو ئەستێرک
نەک: *سەفەری مانگ بەرەو کانی*

بارش شبنم روی پل خواب
واتە: داباریني شەونم بەسەر پردی خەودا
نەک: *بارینی* شەونم بەسەر *رووخساری پردێکی خەولێکەوتودا*
(من نازانم ئەم «رووخسار»ە لەکوێ هاتووە؟.. بەڵام وابزانم بەکار هێنانی «پردی خەو لێکەوتوو» لەجیاتی «پردی خەو» نیشانەی نەختێ بەدحاڵیبوونە لە شیعر)

گذر حادثه از پشت کلام

واته: تێپەڕینی ڕووداو بە پشت پەیڤدا
نەک: تێپەڕینی ڕووداو بەدوای قسەدا ...

جنگ یک پله با پای بلند خورشید
واته: شەڕی پلەیەک لەگەڵ پێی بەرزی خۆرە
نەک: شەڕی پێپلکەیەک لەگەڵ باڵای بەرزی خۆردا

حمله باد به معراج حباب صابون
واته: هێرشی با بۆسەر میعراجی بڵقی سابوون
نەک: هێرشی با بۆ سەر کەفی سابوندان
(مخابن کە «معراج» فەرامۆش کراوە و بڵق بۆتە کەف و سابوونیش بۆتە سابووندان!)

قتل یک جغجغه روی تشک ظهر
واته: کوژرانی شەقشەقەیەک لەسەر دۆشەگی نیوەڕۆ
نەک: کوژرانی سیسرکێک لەسەر دۆشەکی پاشنیوەڕۆ

(لاپەڕە ٢٩):
قتل یک غصه به دستور سرود
واته: کوژرانی خەمێک بەفەرمانی سروود
نەک: کوژرانی ئازارێک بە فەرمانی سرود

از گردنه‌ی خیبر
واته: واته لە دەربەندی خەیبەرەوە
نەک: لە لوتکەی خەیبەرەوە

روی دریاچه آرام نگین
قایقی گل میبرد
واته: لە سەر دەریاچەی ئارامی ناگین
قایەخێک گوڵی دەبرد
نەک: بەلەمێک بەسەر دەریاچەی ئارامی یاقوتیدا
گوڵاڵەی دەپەڕاندەوە
(لە کتێبەکانی جوگرافیدا ناوی شارێک بەناوی ناگینە Naginaهەیە کە لە ویلایەتی بیجنور Bijnor ی هیند دا هەڵکەوتووە و یەکێکە لە ناوەندەکانی چەکسازی. ئەم شارە لە نزیک ریزە چیاکانی هیمالیایە و رووباری ناگینە کە دەڕژێتە نێو «گێنگ» بەوێدا تێدەپەڕێ. بەم پێیە لەوانەیە مەبەستی [شاعیر] رووبار یاخود دەریاچەی شاری ناگینە بێ. {د. سیروس شمیسا. نقد شعر سهراب سپهری. لاپەڕە ٧٥}}

(لاپەڕە ٣٠):
دێڕی ١٤: (من به عشق، من به خاک) لەم لاپەڕەیەدا زیادەیە و لە دەقی شیعری سپێهری دا نییە.

خانه‌ای در طرف دیگر شب ساخته‌ام
واته: ماڵێکم لەودیوی شەو دروست کردوە
نەک: خانوییەکم لەلایەکی دیکەی شەوگارەوە دروست کردوە
(شەوگار: سەرانسەری شەو، شەوانە. ـ هەنبانە بۆرینە)

چک چک چلچله از سقف بهار
واته: چکانی پەرەسێلکە لە بنمیچی بەهار
نەک: دەنگی دڵۆپەی سەقفی بەهار

صدای صاف باز و بسته شدن پنجره تنهایی
واته: دەنگی زوڵاڵی کرانەوە و داخرانی پەنجەرەی تەنیایی
نەک: دەنگی بەگوێ ئاشنای کردنەوە و پێوەدانی پەنجەرەی خامۆشی

(لاپەڕە ٣١):
پوست انداختن مبهم عشق
واته: توێژبەردانی نائاشکرای ئەڤین
نەک: داماڵرانی توێژی ئاڵۆزکاوی خۆشەویستی

متراکم شدن ذوق پریدن در بال
واته: کەڵەکە بوونی زەوقی فڕین لە باڵدا
نەک: کەڵەکەبوونی زەوقی فڕین لای باڵ

من صدای وزش ماده را میشنوم
واته: من دەنگی هەڵکردنی ماددە دەبیسم
نەک: من دەنگی مادە دەبیسم

صدای باران را روی پلک تر عشق
واته: دەنگی باران لەسەر پێڵووی تەڕی ئەڤین
نەک: دەنگی دڵۆپی باران لەسەر برژانگی تەڕی عەشق

پارەپارە شدن کاغذ زیبایی
واتە: شەقارشەقار بوونی کاغەزی جوانیی
نەک: دڕاندنی کاغەزێکی جوان

روح من در جهت تازە اشیا جاریست
واتە: ریحی من بەرەو لایەنی تازەی شتەکان لە ڕژاندایە
نەک: ڕۆحی من بە قوژبنی تازەی شتەکاندا دەڕوات

درز آجرها را میشمارد
واتە: درزی خشتەکان دەژمێرێ
نەک: خشتە کاڵەکان دەژمێرێ

مثل بال حشره وزن سحر را میدانم
واتە: وەک باڵی مێروو هەست بە قورسایی سپێدە دەکەم
نەک: وەک باڵی مێرووله هەست بە سێبەری بەیانیان دەکەم

(لاپەرە ٢٣):
به بوییدن یک بوته بابونه
واتە: بە بۆنکردنی بنچکی بەیبوونێک
نەک: بە بۆنکردنی پنچی گوڵە زەردەکان

من صدای پر بلدرچین را میشناسم
واتە: من دەنگی پەڕی هەوێردە دەناسم
نەک: من دەنگی باڵی سوێسکە دەناسمەوە

رنگهای شکم هوبره
واتە: رەنگەکانی سکی چرگ
نەک: رەنگی ژێر سکی داڵە کەرخۆرەکان

سار کی می آید، کبک کی میخواند
واتە: سێروو کەی دێ، کەو کەی دەخوێنێ
نەک: رەشیشەکان کەی دێن، کەو لەکوێ دەخوێنێ

زندگی رسم خوش آیندی است
واتە: ژیان نەریتێکی پەسەند کراوە
نەک: ژیان عادەتێکی خۆشە

زندگی نوبر انجیر سیاه در دهان گس تابستان است
واتە: ژیان نۆبەرەی هەنجیری رەشە لە زاری تفتی هاویندا
نەک: ژیان بەری هەنجیرە رەشەیە لەزاری ترشاوی هاویندا

زندگی بعد درخت است به چشم حشره
واتە: ژیان «بوعد»ی درەختە لە چاوی مێرووەوە
نەک: ژیان بەرزی درەختە لەچاوی مێروولەوە

(لاپەرە ٢٤):
زندگی بوق قطاری است که در خواب پلی میپیچد
واتە: ژیان فیکەی قەتارێکە، کە لە خەونی پردێکدا دەزرنگێتەوە
نەک: ژیان بۆقی قەتارێکە، کاتێک خۆی لە خەونی پردێکەوە دەناڵێنێ..

(لاپەرە ٢٥):
چە اهمیت دارد
گاه اگر میرویند قارچهای غربت
واتە: چ گرنگییەکی هەیە
گەر هەندێ جار کوارگی نامۆیی هەڵدەتۆقێن
نەک: چمداوە لەوەی گەر جارجار
غوربەت چەکەرە دەکات؟

چرا در قفس هیچکس کرکس نیست
واتە: چما لە قەفەسی هیچ کەسدا داڵەکەرخۆرەیەک نابینم
نەک: بۆچی لە قەفەسی کەسێکدا هەڵۆیەک نابینم؟

شب یک دهکده را وزن کنیم، خواب یک آهو را
واتە: شەوی گوندێک هەڵسەنگێنین، هەروەسا خەوی ئاسکێک
نەک: هەست بە سەنگینی شەوگاری گوندێک بکەین، خەونی ئاسکێک..

(لاپەرە ٢٦):
در موستان گره ذائقه را باز کنیم

واته: له ڕەزدا گرێی چێژ بکەینەوە
نەک: *له ڕەزدا* گرێی تەنگانەکان چێشتەکەین

صبحها نان و پنیرک بخوریم
واته: بەیانیان نان و تۆڵکە بخۆین
نەک: *بەیانیان نان* و پەنیرێک بخۆین

کتابی که در آن پوست شبنم تر نیست
واته: کتێبێک که تیایدا پێستی شەونم تەڕ نییە
نەک: کتێبێک که *تیایدا* ڕووخساری شەونم تەڕ نیە

کتابی که در آن یاختەها بی بعدند
واته: کتێبێک که تیایدا خانەکان بێ «بوعد»ن
نەک: کتێبێک که *تیایدا* خڕۆکەکان مردوون

نخواهیم که پلنگ از در خلقت برود بیرون
واته: بەخوازین که پڵێنگ له دەرگای ئافران بچێته دەر
نەک: خۆزگە بۆ مەرگی *پڵنگ هەڵنەخوازین*

اگر مرگ نبود، دست ما در پی چیزی میگشت
واته: ئەگەر مەرگ نەبوایە، دەستمان بەدوای شتێکدا دەگەڕا
نەک: گەر مەرگ نەبایە، ئێمە بەدوی *شتێکدا* وێڵ دەبووین

(لاپەڕە ۳۷):
بدانیم که پیش از مرجان، خلائی بود در اندیشه دریاها

واته: بزانین کە بەر له بەرجان، بۆشاییەک هەبوو له ئەندێشەی دەریاکاندا
نەک: *بڕوا* بکەین، بەر *له* پەیدابوونی یاقوت
بۆشایی له بیرکردنەوەی *دەریادا* دەبینرا

چرا قلب حقیقت آبی است
واته: چما دڵی حەقیقەت شینە
نەک: بۆچی *کانگای* حەقیقەت شین باوە

نپرسیم پدرهای پدرها چه نسیمی، چه شبی داشتەاند
واته: نەپرسین باوکی باوکەکان چ نەسیمێ، چ شەوێکیان هەبووە
نەک: نەپرسین *باپیری باپیرانمان*
بۆنیان بە چ نەسیمێکەوە کردووە و *لەکام شەودا* ژیاون.

پشت سر نیست فضای زنده
واته: لەپشت سەرەوە فەزای زیندوو لەئارادا نییە
نەک: *له ڕابردوودا* دنیای زیندوو *بەدی ناکرێ*

روی همه فرفرەها خاک نشسته است
واته: هەموو فرفرەکان تۆزیان لەسەر هەڵنیشتووە
نەک: *سەراپای* بەردە مەرمەریەکان *گڵ داپۆشیون*

(لاپەڕە ۳۸):
دیدەام گاهی در تب، ماه می‌آید پائین
میرسد دست به سقف ملکوت
واته: بینیومە هەندێ جار لە - تا- دا، مانگ دێتە خوارەوە
دەست دەگاتە بنمیچی مەلەکووت
نەک: زۆرجاران دیومە مانگ *له گەرماندا هاتۆتەخوارێ*
دەست گەیشتۆتە *سەقفی ئاسمان*

مرگ در ذات شب دهکده از صبح سخن میگوید
واته: مەرگ له زاتی شەوی لادێدا لەمەڕ سپێدەوە دەدوێ
نەک: مەرگ *له* قووڵایی شەوگاری *گوندا* باسی سپێدە دەکا

مرگ مسئول پر شاپرک است
واته: مەرگ بەرپرسی باڵی پەپوولەیە
نەک: مەرگ بەرپرسیارە *له* جوانی شاپەڕ

(لاپەڕە ۳۹):
ریەهای لذت پر اکسیژن مرگ است
واته: سییەکانی چێژ پڕن له ئۆکسیژینی مەرگ
نەک: سییە*کانی* خۆشەویستی پڕن *له* ئۆکسجینی مەرگ
پی آواز حقیقت بدویم
واته: بەدوای ئاوازی حەقیقەتدا ڕاکەین
نەک: بەدوای حەقیقە*تدا* غار بدەین
هەروەها .. هتد... ماندوو نەبن!

شانۆنامەی:

# ئەو شەیتان دەردەکات

## بیرتۆلد برێشت

### سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم و فاخر حەمدی لە ئەڵمانییەوە کردوویانە بە کوردی

کەسەکان:

کچ، دایک، باوک، قەشە، پاسەوان، مامۆستا، کوڕ، موختار.

ماڵە جووتیارێکی یەک قاتی کە سەربانەکەی زۆر گەورەیە و لە خشتی سوور دروست کراوە. لەبەر دەرگای ماڵەکەدا سەکۆیەکی دانیشتن هەیە. ئێوارەیەکی مانگی ئابە.

—١—

کوڕو کچەکە لەسەر سەکۆکە دانیشتوون.

کوڕ : ئێوارەیەکی خۆشە.

کچ : ئەمڕۆکە لە(ڕۆتن ئۆکتسن)سەما دەکرێت. گوێت لە مۆسیقاکەیە؟

کوڕ : بەڵێ ئەوە دوو بلوێر ژەنن!

کچ : دایکم ناهێڵێ بڕۆم بۆ ئەوێ.

کوڕ : بۆچی ناهێڵێ؟

کچ : دەڵێ خەتەرناکە.

کوڕ : بەڵێ مرۆڤ دەبێ وریا بێت.

کچ : ئێستاکە وا دەنگی مۆسیقاکە لێرەشەوە دەبیسترێت، بایەکە دەیگێنێت.

کوڕ : لەوانەیە ڕێژنە بارانێک دابگرێ، ئەمڕۆکە گەرم بوو.

کچ : وابزانم تۆزێکی تر ئەستێرەکان دەردەکەون، ئەو کاتە دەبێ سەرێکی مانگاکان بدەم.

کوڕ : خۆزگەم بە خۆیان.

کچ : بۆچی؟

کوڕ : چونکە تۆ دەچیتە لایان.

کچ : ئەوان شتێکیان پێیە.

کوڕ : تۆ قەت نایەیت بۆ لای من.

کچ : چونکە مەجبوور نیم.

کوڕ : چونکە حەز ناکەیت.

کچ : باوڕناکەم باران ببارێت.

کوڕ : ئەگینا دەبێ دەرپەڕی لەناو جێگا.

کچ : بۆ ژووری دانیشتن، دایکم لە وێ نوێژ دەکات.

کوڕ : لە بری ئەوەی مرۆڤ لە ناو جێگا نوێژ بکات.

کچ : ئێستاکە دەبێ بچمە لای مانگاکان.

کوڕ : جارێ هێشتا هیچ ئەستێرەیەک نابینم.

کچ : من هەستی پێدەکەم.

(پشوو)

کوڕ : یانی چی؟

کچ : یانی شتێک.

کوڕ : دەبێ بیڵێی.

کچ : پێکەنینم دێت.

کوڕ : دەیڵێی؟

کچ : گەر وا گەوج بیت، نەخێر.

کوڕ : کەواتە سزات دەدەم.

کچ : پێکەنینم دێت.

کوڕ : (هەوڵ دەدات ماچی بکات) ئەوها، ئێستاکە پێبکەنە!

کچ : نەتوانی ماچی لێوم بکەیت.

کوڕ : خەوی پێوە دەبینی.

کچ : تۆ خەوی پێوە دەبینی، دەتویست.

کوڕ : ئەمە خۆت دەیزانی.

کچ : ئایا بۆ تۆ زۆر تاریک نەبووە؟

کوڕ : بەڵێ دەترسم.

کچ : دەستت لابە لە وێ! شەرم دەکەم !

کوڕ : ئەوە دەستی تۆیە!

کچ : مەبەستم ئەو دەستەیە!

کوڕ : بەڵێ پێشکەشی تۆی دەکەم!

کچ : ئێستاکە دەڕۆم بۆ لای مانگاکان.

کوڕ : قاچت لە شوێنت دێت؟

کچ : پاشان دەڕۆم دەخەوم.

کوڕ : بەپێ دەڕۆیت؟

کچ : ئەمە مانای چییە؟

کوڕ : چی؟

کچ : ئەم قسە بەتاڵانەی تۆ دەیکەیت.

کوڕ : چیتر ئەوەندە بیری لێ ناکەمەوە. ئێستاکە وا ئەستێرەکان دەردەکەون.

کچ : ئایا تۆش بەبەردەوامی دەچیتە لای مانگاکان؟

کوڕ : وابزانم دەتەوێ توندترم بکەیت؟

کچ : پێت وایە تەنیا ئەو کاتە ئاوازی مۆسیقات لێوە دێت کە وەتەرەکانت توند کرێن؟

کوڕ : ئەمرۆ کە بەتەواوی لەمە تێناگام.

کچ : تۆ بەتەواوی لە مەوزووعەکە دەرچوویت.

کوڕ : بۆچی من لەناویدا بووم؟

کچ : تۆ هەموو ئیشەکەت تێکدا.

کوڕ : خۆ من هیچم نەگوتووە.

کچ : پێت وایە ئەمە زیرەکی بوو؟

کوڕ : ئێستاکە وەتەری تریش توند دەکەم.

کچ : باشتر، چونکە ئێستاکە دایکم دێت.

**-۲-**

(دایکەکە دێت)

دایک: سلاوت لێ بێت یاکوب.

کوڕ : ئێوارە باش.

دایک: ئایا چوویتە لای مانگاکان؟

کچ : جارێ زووە.

دایک: کەواتە هێشتا نەڕۆیشتووی.

کچ : ئۆی، ئەوە بۆچی نەڕۆیشتووم؟ (ڕادەبێتە سەرپێ).

کوڕ : ئێمە بەردەوام باسی مانگاکانمان دەکرد.

دایک: بەڵێ چونکە بە دڵ خۆشتان دەوێن.

کوڕ : ئەڵێ دەبێ بچمە لای مانگاکان.

دایک: بەلام ناڕوات.

کوڕ : کچان هەمیشە وان.

کچ : ئەی تۆ ئەزموونێکی گەلێک زۆرت هەیە.

کوڕ : بەڵێ دەیبینین.

دایک: کەس تا ئێستا لەدەرەوە نامێنێتەوە.

کچ : من بەدرێژایی ڕۆژەکە خەریکی کارکردن بووم.

کوڕ : بەڵێ ڕاست دەکات.

دایک: چاک پشتگیری لەیەک دەکەن.

کوڕ : چونکە هەق لە لای ئەوە.

دایک: نەختێکی دی دەبێ زەنگی نوێژ لێبدات.

کچ : بۆم هەیە تا ئەو کاتە لە دەرەوە بمێنمەوە.

دایک: نەخێر، تائەو کاتە مرۆ دەبێت لە ماڵەوە بێت.

کوڕ : ئەمەیان بۆچی؟

دایک: چونکە دەبێت وابێت.

کوڕ : ئەی ئەگەر دەرەوە خۆشتر بوو؟!

دایک: هەر بۆیەش دەبێ بچینە ماڵەوە.

کچ : بەڵێ دەرەوە ترسناکە!

دایک: تۆ چی دەزانی؟! بەم شێوەیە مەدوێ! تۆ لە هیچ نازانیت.

کوڕ : بەڵام هەق لە لای ئەوە.

دایک: هەمدیسان جارێکی تر؟

کوڕ : هەندێ جار دێتە ڕێ.

دایک: نەخێر هیچ نایەتە ڕێ، دەی هەستە بڕۆرە لای مانگاکان.

کچ : ئاخر جارێ زووە.

دایک: زووی چییە؟ ئەوا بە تەواوی تاریکی کرد.

کوڕ : بەڵام هێشتا هەندێک دەبینرێت.

دایک: بەڵام مانگاکان نابینرێن.

کچ : نەخێر گاکانیش دەبینرێن.

دایک: یاکوب تۆ نابێ ڕێگا بەمە بدەیت، جارێ هێشتا پێنەگەیشتووە.

کوڕ : لەم تەمەنەدا وان.

کچ : بەڵێ وایە. تۆ چەند زیرەکیت.

دەنگی باوک دێت: ئافرەت!!

دایک: بانگم دەکات! دەبێ ئێستاکە بڕۆینەوە، یاکوب شەوباش!

کوڕ : شەوباش! مۆڵەتی نادەیتێ تۆزێکی کەش بمێنێتەوە؟

کچ : نەخێر من ئێستاکە دەڕۆم.

کوڕ : هەتا ئەستێرەکان دەردەکەون؟

دایک: بۆ لای مانگاکان!

(دەچێتە ژوورەوە)

کوڕ : بۆچی ناتەوێ بمێنێتەوە؟

کچ : چونکە نامەوێ.

کوڕ : دایکت قبووڵی دەکرد.

کچ : تەنیا لەبە ئەوەی من وتم نامەوێت.

کوڕ : بۆیە نەتدەویست!

کچ : تۆ ئەمە مەبەستتە!

کوڕ : من بەشێوەیەک مەبەستم نییە!

کچ : ئێستاکە دەڕۆم.

کوڕ : ئەگینا لێدان دەخۆیت!

کچ : تۆش گوێ لە لێدانەکەم دەگریت.

کوڕ : بەڵێ، بزانم چۆن شەقەی دێت.

کچ : داوەشێیت، شەرم بکە لەخۆت.

کوڕ : بەدڵ و بە گیان.

کچ – تۆ هەر خەریکی گەمەو گاڵتەی.

کوڕ : بەڵام تۆش پێت خۆشە کە وام.

کچ : چەند بەخۆت دەنازیت!

کوڕ : ئەوان هەمیشە شتێکیان لە دژی هەیە!

کچ : دژ بەچی؟

کوڕ : دژی پێکەوەبوون.

کچ : خۆت وا بەگەوجی پیشان مەدە!

کوڕ : تۆ هیچ هەڵەیەکی تیادا دەبینی؟

کچ : من؟ نەخێر!

کوڕ : خۆ دەیبینیت!

کچ : بەڵام دایک و باوکم.

کوڕ : بۆچی؟

کچ : کەس ناناسن.

کوڕ : بەڵام تۆ خۆت دەناسیت؟

کچ : بەڵێ، تۆش دەناسم.

کوڕ : ئاشنایەکی بەرێزت هەیە.

کچ : ئێستا دەڕۆمە ژوورەوە!

کوڕ : ماندویت؟

کچ : وای دانێ!

کوڕ : کەواتە بە باوەش دەتبەمە ژوورەوە!

کچ : دەکەویت.

کوڕ : (دەستێک بە دەموچاویدادەهێنێت) من دەکەوم؟

کچ : نەء، وازبێنە نەوەکو کەسێک بمانبینێ.

کوڕ : وایە، لێرە خەڵک دەمانبینێ.

کچ : دە بەرمدە!

کوڕ : ئەگەر ماچێکم بدەیتێ بەرتدەدەم !

کچ : ئەوە دایکم هات!

کوڕ : ماچم ناداتێ(لێی دەگەرێ).

کچ : ئەمە جوان نییە، لە تۆ نایەت.

کوڕ : نەخێر جوان بوو، تۆ ماچی جوان دەکەیت.

کچ : هەر بۆیەش ئێستا دەڕۆم.

کوڕ : ئێستا بۆ خۆت بڕۆ.

کچ : ئێستا، پاش ئەوەی برسێتیت نەما!

کوڕ : کەواتە بمێنمەوە!

کچ : من پێم نەوتووی بمێنەوە!

کوڕ : ئێستا ئەستێرەکان دەبینرێن!

کچ : ئێستا منیش دەڕۆم بۆ لای مانگاکان.

کوڕ : ئەمڕۆ باران نابارێت.

کچ : پێت ناخۆشە؟

کوڕ : بەڵێ، چونکە دیواری ماڵەکەتان درزی تیایە؟!

کچ : چاچی تیایە؟

کوڕ : هیچی تیا نییە بە پێچەوانەوە!

کچ : تۆ لەو بارەوە دەدوێی!

کوڕ : ئەگەر ڕێژنەی بارانی لێوە بێت.

کچ : ئەمجار چی تیایە؟

کوڕ : ئەمجار دەتوانم بتبینم.

کچ : بۆ ئێستا نامبینی؟

کوڕ : بەڵێ دەتبینم، بەڵام بەبێ ژێر کراسەوە!

کچ : لەکاتی ڕێژنەی باران دەبینرێت!

کوڕ : بەڵێ لە کاتی نوێژکردندا!

کچ : بەو شێوەیە تەماشات کردووم؟

کوڕ : دەتەوێ ئەمەیان بزانیت؟

کچ : تۆ هیچت نەدیووە!

کوڕ : نەخێر نەمبینیوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە ژێر کراسەکەت لەسەرەوە لەلای ڕاستەوە پینە کراوە.

کچ : وانییە.

کوڕ : نیشانتی بدەم؟

کچ : بێجگە لەوە چیتر دەزانیت؟

کوڕ : هیچی تر لەسەربانی تەویلەی مانگاکان ناخەویت!

کچ : ئایا ئەمەشت لە درزی دیوارەکەوە بینیوە؟

کوڕ : ماوەیەکی زۆر نییە کەلە ژووری ژێریان دەخەویت!

کچ : ئەمەیان چۆن دەزانیت؟

کوڕ : شتی ناشیرینتریشم بینیوە.

کچ : قسەی قۆڕ مەکە!

کوڕ : بەڕاستی ناشیرینتر!

کچ : تۆش چاوت پێی کەوتووە؟

کوڕ : تۆ ناشیرینتر نیت!

کچ : تۆش فشەکەریت!

کوڕ : وایە، من فشەکەرم، بەڵام تۆش مەمکەکانت زلن.

کچ : شەرمەزاربە، بەڕاستی تۆ کابرایەکی بێ ئابروویت.

کوڕ : ئایا ئەوە بێ ئابڕووییە ئەگەر ئافرەتێک مەمکی زل بێت ، نەک وەک تەختەی ساف؟

باوکی کچەکە(لە ماڵەوە هاوار دەکات): ئاننا!

کچ : (لەترسانا دادەچڵەکێت)

کوڕ : (دەیگرێتە باوەش؛ پێکەوە گوێ هەڵدەخەن)

کچ : بەرمدە من تۆقیم.

کوڕ : دەبا جارێکی کەش داچڵەکێی.

کچ : ئێستا دەبێت بگەڕێمەوە ماڵەوە، چونکە چیتر بیانووم نەماوە!

کوڕ : ئایا لەبەر ئەوەی ئەستێرەکان دەرکەوتوون؟

کچ : وایە، هەروا لەبەر ئەوەی باوکم بانگم دەکات.

کوڕ : ئەگەر سەرت بخەیتە سەر ئێرە ئیتر ناتوانی ئەستێرەکان ببینی.

کچ : بەڵام من سەرم نانێمە ئەوێ.

کوڕ : بۆ؟ خۆ گازت لێناگرێت!

کچ : بەڵام سەرم خێرا لادەبەم.

کوڕ : باشە.

کچ : بێگومان دەمانبینن.

کوڕ : تەواو تاریکە.

کچ : بەڵام دەبێت دەستت لابدەی.

کوڕ : کامیان؟

کچ : ئەمەو ئەوە. نەخێر نابێت.

کوڕ : خۆت دەیبینی وادەبێت.

کچ : نەء، دەبێت ئیستا بڕۆم.

کوڕ : لەشێکی نەرم و نۆڵت هەیە.

کچ : تۆ ئازارم دەدەیت.

کوڕ : دەمبینی؟

کچ : ئەگەر تەماشات بکەم!

کوڕ : کەواتە چاوت قوچاندووە؟

کچ : وازم لێبێنە!

کوڕ : ئاواش هەر ئازارت پێدەگات؟

کچ : هەتیو، لێم گەڕێ بابڕۆم، مەکە!

کوڕ : چەند گەرمیت.

کچ : تۆش دەستەکانت ساردن.

کوڕ : تۆزێکی تر گەرم دەبن.

کچ : وریابە!

(لەیەکتری دوور دەکەونەوە)

کوڕ : ئاخ نەگبەتی! (بەرەو پشتی ماڵەکە دەڕوات تا خۆی بشارێتەوە).

—٣—

(باوکی کچەکە دێت)

باوک: ئێستا ئەمە تۆ بۆچی وادەکەی، ئاننا؟

کچ : باوکە ئەوە تۆی؟

باوک: ئەوە چی دەکەیت لە وێ؟

کچ : هیچ ناکەم، نەختێ لێرە بۆ خۆم دانیشتووم.

باوک: ئاوا نەختێ لەوێ دانیشتووی.

کچ : بەڵێ، ماندووم.

باوک: هەروا بەتەنها؟

کچ : بەڵێ، کەس ڕوومان لێناکات.

باوک: ئەها، کەس ڕوومان لێناکات؟

کچ : ئایا ئێستا بڕۆم بۆ لای مانگاکان؟

باوک: بەڵێ، هەی خوامەرگ، دەبێ هەر ئێستا بڕۆیت بۆلای مانگاکان!(لێی دەدات)، ئەمەوێت فێرت کەم شەوان لە گەڵ گەنجەکان دڵداریی نەکەیت و خۆت بەدناوبکەیت!

کچ : (بەگریانەوە دەکشێتە دواوە).

باوک: (دوای دەکەوێت).

کوڕ : ئەوها، ئەمەچینێ لێدانی خوارد، وا گەیشتە ئەم حەددە، ئەمجارەیان نۆرەی شتی ترە.

(دەنگی زەنگۆڵی بانگدان).

—٤—

(لە ژوورێکی ماڵەکەوە ڕۆشنایی مۆم بەدیار دەکەوێت).

دایک: (لەپەنجەرەوە سەر دەردێنێت): ئێوارەیەکی خۆشە، بۆنی دەغڵ و دانی بوزقالد هەتا ئێرە دێت، بایەکەش فێنکە.(نەختێک بەرەو دوا دەکشێتەوە) ڕۆژێکی وا بەئاسانی دەست ناکەوێت، دڵم بەم شەوە گەلێک خۆشە(ڕوخساری دایک ون دەبێت، ڕۆشناییەکەش کز دەبێت).

(لە سەربانەوە ئەستێرەی سیومیل دەبینرێت)

—٥—

(کوڕەکە دێت و پاچینەیەک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بە خشکەییەوە پیایدا سەر دەکەوێت).

کوڕ : ڕۆشنایی لەو ناوە نەماوە، دەڕۆمە لای و دڵی دەدەمەوە، زۆر جوانە کە لە کاتی فرمێسک ڕشتنی دڵی بدەمەوە. چونکە هێزی دێنێتەوە بەر. پێشینان ڕاستیان گوتووە.

(پاچینەکە دەخاتە پاڵ دیواری دیوی چەپی خانوەکە، لە پەنایەک کە بەر چاو نەکەوێت) بەڵام لە دیوی دەرەوەڕا دەبینرێت، کەواتە پێویست بەترس ناکات.

(سەردەکەوێت. لەسەرەوە): کچێ! چی ڕوویداوە؟

کچ : بۆ خاتری خوا! ئەگەر کەسێک چاوی لێوە بوو؟!

کوڕ : لەبەر ئەوە پەنجەرەکە بەتەواوی بکەرەوە!
کچ : بۆت نییە پێت بنێت بەم ناوەدا!
کوڕ : دایک و باوکت وایان گوت؟
کچ : چەند زمان درێژیت.
کوڕ : ئەوها، ئێستا کەس ناتوانی بمبینێت.
(بێ دەنگی، با، جیرەی قەروێلە دێت)

—٦—

(باوکی کچەکە بەلای راستدا دێتە خوارەوەو گوێ دەگرێت)
باوک: چ بەسەرهاتێکی بێفەرە! لە نیوەی شەودا.
(چاوی بە پاچینەکە دەکەوێت)
ئەها ، نۆش!
(پاچینەکە لادەبات)
هێشتا باشە.
(دەروات کوتەکێک دێنێت و بە دیوی لای راستدا سەردەکەوێت، لەکاتی سەرکەوتن بەسەر پاچینەکەدا، ترپەیەک دەبیسترێت، دەنگی هاوارێکی بەتین و تەپەیەکی بەهێز)
باوک: دەرگا بکەنەوە هەی خواگیرەکان، بەرازەکان.

—٧—

(کچ و کوڕەکە لە کەلێنێکی ماڵەکەوە دێنە خوارەوەو پەنجەرەکەش دادەخەنەوە)
کوڕ : وس بە!
کچ : بە لێدان دەمکوژێت.
کوڕ : دەمت داخە.

(پشوو)

کچ : دەماندۆزێتەوە!
کوڕ : هەڵبەتە، ئەگەر تۆ بێ دەنگ نەبیت!

(دەنگی شکاندنی دەرگایەک دێت)
کچ : وا دەرگاکە دەشکێنێت!
کوڕ : هەرواش گوێی لە دەنگمانە، لەعنەت لە شەیتان.
کچ : ئێستا وا بەدوامانداً دەگەڕێت، ئەوە دەرواتە خوارەوە. دەبێت ئێستاکە بیر لە چی بکاتەوە؟
کوڕ : ئەوا جارێکی تر دەچێت بنوێتەوە.
کچ : پاچینەکەی لابرد. نەخێر ناچێت بنوێتەوە.
کوڕ : هەر بەدواتدا دەگەڕێت.
کچ : ئەرێ من بۆچی لەگەڵتدا هاتم!
کوڕ : تۆ دەبوایە دانت بە خۆتدا بگرتایە.
کچ : ئەو کاتە هیچ رووی نەدەدا!
کوڕ : چۆن تووشی ئەم گیروگرفتە بووین.
کچ : برۆمە خوارەوە؟
کوڕ : تەنهایی بێ تاقەتیی دەبەخشێت.
کچ : ئەی ئەگەر لێمی پرسی، لە کوێ بوویت؟
کوڕ : بڵێ لە ئاودەست بووم!
کچ : نەدەبوایە رێگات پێبدەم بۆ ئێرە بێیت.
کوڕ : دە بیبڕەوە ئیترا تازە کار لە کار ترازا. پێش ئێستا خۆش بوو.
کچ : لەماڵ دەرم دەکات.
کوڕ : کاری واناکات، چونکە ئابرووی پێ دەچێت، بەڵام من ریسوا دەکرێم!
کچ : تۆ تەنیا بیر لە خۆت دەکەیتەوە!
کوڕ : نەدەبوایە کراسەکەت لەحەوشە هەڵبخەیت بۆ وشک کردنەوە!
کچ : کەواتە تۆ منت لە درزی دیوارەکەوە نەبینیوە؟
کوڕ : ناتەوێ ئێستا بچیتە خوارەوە؟
کچ : دەتەوێ لە کۆڵت ببمەوە؟ من دەترسم.
کوڕ : بەڵێ، لێرەشەوە دەتوانیت تەماشایئەستێرەکان

بکەیت، بێ دەنگ!

-٨-

(باوکی کچەکە بە بۆڵەبۆڵ دێت، لە پێشەوە تەماشای دیوی چەپ دەکات)

باوک: ئاننا! ئەگەر ئافرەتەکەم ئاگادارکەمەوەئەوا هەموو خەڵکی دێیەکە ئاگادار دەبنەوە.

باوەرناکەم ماڵەوەی جێهێشتبێ. لەعنەتی، باشە ئەو هەتیوە بۆچی سەرکەوتوە؟ لە کاتێکدا کە منیش لەسەر پێپیلکەکان بووم!

(بە بۆڵە بۆڵ دەچێتە دیوی راستی ماڵەکە)

کوڕ : دەدەی برۆ!

کچ : ئێستا چیتر لەشم نەرم نییە!

کوڕ : چاکتر وایە بیر لەوە بکەیتەوە چۆن برۆیتە خوارەوە، ئەگینا قەلارت دەکات بە لێدان!

کچ : خۆزگە سەرنەکەوتبایام!

کوڕ : منیش ئێستا ئەو خۆزگەیە دەخوازم!

کچ : (هەوڵ دەدات بە کونی تاقەکەدا بچێتە خوارێ)

کوڕ : بوەستە ئەوا کەسێک بەرەو ئێرە دێت! ئەگەر بێ دەنگ نەبیت ددانەکانت دەشکێنم!

کچ : قەشەکەیە!

-٩-

قەشەو حەسحەس

قەشە: کێت بینی ئەمشەو؟

حەسحەس: تا ئێستا هیچ کەس. کەسیش بۆی نییە تەماشای ناو ماڵەکان بکات.

قەشە: راست دەکەیت، هەر بۆیەش ئەم جۆرە شوێنانە بۆتە گۆرەپانی کاری حەرام!

حەسحەس: بەڵێ لەم جۆرە شوێنانە، لە شوێنی دی زیاتر منداڵ دەخرێتەوە.

قەشە: شەوێکی خۆشە، ئێستاکە پیاسەیەکم کردوە، دەرەوە زۆر خۆشترە، ناوماڵ گەرمایە.

حەسحەس: یەکەم جار وام دەزانی رێژنەی بارانی لێوە دێت، بەڵام ئێستا زۆر خۆشتر بووە.

قەشە: بایەکە هەورەکانی لابرد، هەروا رۆشناییە!

حەسحەس: لە گەڵ هەر دەقەیەکدا رۆشناتر دەبێت، ئەمە کارتێکردنی ئەستێرەکانە.

قەشە: ئەوە ئەستێرەی سیوەیلە، هەر بەشێوەی پەنجەکانی دەست دەدرەوشێنەوە. چاوت لێیەتی؟

حەسحەس: بەڵێ زۆر زۆر جوانە.

قەشە : تۆ تەماشای کوێ دەکەیت، ئەوە لەو لایەیە!

حەسحەس: قەشەی بەرێز تکات لێدەکەم!

قەشە: باشە، چییە؟

حەسحەس: ئەوە کەسێکە لەو سەربانە دانیشتووە!

قەشە: کامە سەربان؟

حەسحەس: سەربانی ماڵی فریک.

قەشە: راستە! دووکەسن!

(دەچێتە پێشەوە)

قەشە: دوو جنسی جیاوازن، چی ئابرووچوونێکە!

حەسحەس: ئەم کارە زۆر تازەیە!

قەشە: تەنانەت ئێستا گەیشتۆتە ئەوەی بچنە سەربانانیش!

حەسحەس: رەنگە لەبەر ئەوە بێت ژوورەوە گەرم بێت بۆیان!

قەشە: ئەوە ئاننایە!

حەسحەس: لەواتەیە بیانەوێت ئەستێرەی سیوەیل ببینن!

قەشە: قسەی نەستەق مەکە! ئەوە کارێکی زۆر ترسناکە! ئەرێ ئەوە کێیە لەو سەربانە؟

(بێ دەنگیی)

حەسحەس: وادەزانن ئەگەر وەڵام نەدەنەوە، کەس

نایانبینێت! ڕەنگە هیچ بە خەیاڵیاندا نەیەت.
قەشە: خۆ ئەوە ئاننایە!نامانبیستن! لەگەڵ ئێوەمە،
لەگەڵ ئێوەمە ئەی ئەوانەی لە سەربانی خانوەکە دانیشتوون!
دەنگی مامۆستا دێت: ئەوە چی ڕوویداوە؟
قەشە: وەرە بۆ ئێرە، ببینە چ ئابڕووچوونێکە!
(مامۆستا لە گەڵ موختارەکە دەڕۆن بۆ لایان)
مامۆستا: ئەوە چیتانە؟ یاری کاغەزمان لەگەڵ دەکەن؟
قەشە: بنوارە ئەو سەربانە!
مامۆستا: هەی لەعنەت! بەراستی بەئاشکرا دەبینرێن.
موختار: ئێستا ئەمە بەزمە! باشە ئەوانە چی دەکەن لەوسەربانە؟
حەسحەس: ڕەنگە چاوەڕوانی ئێمەیان کردبێت. هەر بەجارێک خۆیانیان کڕ کردووە!
قەشە: با فریک بێدار کەین!
مامۆستا: تا ئەویش شتێک ببینێت!
موختار: بەڵێ کەڵەشێری نوێ بەسەربانەوە.
حەسحەس: لانەی حاجی لەقلەق.
(بەدار لە عەرز دەدات)
جووتیارەکان(دێن): سڵاوتان لێبێت مام قەشە!
لەسەربانی ماڵی فریک ! ئای لەم بەزمە! گوێیان لە هیچ نییە! لەو بەرزاییەن!

(قاقای پێکەنین)

باوک: (دێتە دەرەوە): چی ڕوویداوە؟ شوێنێک سووتاوە؟
جووتیارەکان(دەدەنە قاقای پێکەنین)
مامۆستا: نەخێر، سووتانی چی.

(قاقای پێکەنین)

موختار: هیچ ڕووینەداوە، تەنیا بۆ خۆمان ڕادەبوێرین.
باوک: هەی نەعلەتتان لێبێت! دەقسەبکەن!

(قاقای پێکەنین)

قەشە: ئەوەی لە ماڵی ئێوەدا ڕوودەدات سزای خوای لە سەرە!
باوک: لە ئێوە تێناگەم!

(قاقای پێکەنین)

حەسحەس: شەیتان کچەکەتانی بردووە!
باوک: باشە سوێندتان دەدەم بە شەیتان، ئێستا کچەکەم لە کوێیە؟
حەسحەس: ئەوا لەگەڵ کچەکەت لە سەربانی ماڵەکەت دانیشتوون.

(پێکەنینێکی نەبڕاوە)

-تەواوبوو-

١٩٩٤-١٢-٢٩
گوندی دیپۆلدسهاوزن - ئەڵمانیا

# ڕاپەرینی "جوانڕۆ"

## لە ئاوێنەی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا

ئەنوەر سوڵتانی

(۱)

هاوینی سالی ۱۹۵۰، ناوچەی جوانڕۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان، ڕاپەرینێکی چەکدارانەی بەخۆیەوەدی کە دەست و برد کەوتە بەر پەلاماری دڕندانەی ئەرتەشی حەمە ڕەزاشای پەهلەوی و تێک شکێندرا.

لە کاتێکدا دۆستانی گەلی کورد ڕووداوەکە بە ئالقەیەک لە زنجیرەی یەککرتووی ڕاپەرینەکانی گەلی کورد لە قەڵەم دەدەن، دوژمنان، بەقیتی بێگانە یا خود ڕووداوێکی خۆڕستی دادەنێن کە خاوەنی بنچینەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی نەبووە.

ڕەنگدانەوەی مەسەلەکە لە میدیای جیهانیدا، ئامادەیی بەر فراوانی ئەرتەشی شا و هەروەها خەباتی کامەران عالی بەدرخان و "وەفدی کورد" لە پاریس بۆ وەستاندنی هێرشی ئەرتەش، نیشاندەری گرینگایەتی ئەم ڕاپەرینەن- ڕاپەرینێک کە پێویستە بەهەمەیتی ڕۆشنبیرانی گەلی کورد، بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوەی بابەتیانەو هۆکەلی سەر هەڵدان و تێک شکانی ڕوون بکرێتەوە.

من ژمارەیەک لەو بەلگەنامانەم وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و وا بلاویان دەکەمەوە. بەشی یەکەمیان بۆ چوونی ئێرانییەکان وتەفسیری باڵوێزخانەو کۆنسولیەتی بەریتانیا لەتاران و کرماشان دەردەخات و بەشی دووەهەم تەرخانی ژمارەیەک نامە دەکرێ کە کامەران عالی بەدرخان و "وەفدی کورد" لە پاریس ئاراستەی ڕێکخراوەی نەتەویەککرتووەکان، دەوڵەتی بەریتانیاو ئەندامانی دایمی شۆڕای ئاسایشیان کردووە. تەنانەت، دەقی توند و تیژی بەیاننامەکانی ئەرتەشی ئێران و تەفسیری یەک لایەنی ئینگلیزییەکان ئەو ڕاستییە زەقە ناشارێتەوە کە ڕاپەریوەکان، چەوتەوڕێگرنەبوون و سەرەڕای خدەوخیسلەتی عەشیرەیی و بێ بەرنامەیی و ڕوون نەبوونی ئامانجەکانیان، دژ بە ملهوریی ڕژێمی شاو زولم و زۆرداری کار بەدەستان و ئەرتەشی زۆرکاری ئێران وەستاون و تەنانەت چاوەڕوانی پشتیوانی کردنی هەندێ لایەنی ئەرتەش و هەروەها عەناسوری پێشکەوتنخوازی تاران بون کە ڕاگەیاندنەکان بە "خراپەکار" دەیان ناسێنێ.

لەبیرمان نەچێت ڕاپەرینەکە تەنیا چوار سال دوای ڕوخانی "کۆماری کوردستان" و ئیعدامی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، ڕویداوە.

بەیاننامەی ئەرتەش، هەموو هۆزی جوانڕۆ منەتباری ئەوە دەکات کە ڕژێمی شا، دوو کەس لە بەگزادەکانی کردۆتە ئەفسەر و وەکیل! کاک محمد عەلی سولتانی لە تاریخ مفصل کرمانشاهان دا دەنووسی ئەرتەش، پلەی "کۆلۆنێلی افتخاری" یە "حوسەین بەگی وەکیلی"- نوێنەری عەشایری جوانڕۆ بەخشی. حوسەین بەگ لە ژێر حوکمەکەدا نووسی:

"سەرم لە عەقلی ئێوە سوڕماوە، من شای وولاتەکەی خۆمم ئێستادەتانەوی بە کۆلۆنێلی هەڵمفریوێنن!"ی

(بڕوانە: محمد عەلی سلطانی، جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان، ج ۲/۱ ایلات و طوایف کرمانشاهان، صص ۱۹۷ تا۲۲۷)

**FO.371/82000/XC/132947**

حەوتەمی سێتەمبەری ۱۹۸۰

لەوەزارەتی دەرەوە (ی بەریتانیاوە) بۆ (باڵوێزخانەی بەریتانیا لە) تاران

ڕۆژنامەکانی ئێرە، شەوق و عەلاقەیەکی زۆر بەنیسبەت کاروباری کوردستانی ئێرانەوە لە خۆیان نیشان دەدەن. تکایە هەواڵی هەل و مەرجەکەم بەتێلگەراف بۆ بنێرە و لەزانیاریدا ڕام بگرە.

**F.371/82000/XC/132947**

باڵوێزخانەی بەریتانیا- تاران

نۆهەمی سێتەمبەری ۱۹۵۰

ئیدارەی بەڕێز،

تکایە بگەڕێنەوە سەر تێلگەرافی ژمارە ۲۸۰ی، حەوتەمی سێتەمبەری خۆتان سەبارەت بەشەڕ لە کوردستان.

لە کاتێکدا چاوەڕوانی ڕاپۆرتێکی هەمەلایەنی لە لایەن کۆنسوولی "ئەعلا-حەزرەت" (شای بەریتانیا) لە کرماشانەوەین، لەگەڵ ئەم نامەیەدا دەقی دوو ڕاگەیاندنی ڕەسمی ستادی ئەرتەشی ئێرانتان سەبارەت بەو عەمەلیاتەی وا دژ بە جوانرۆییەکان بەڕێوە چووە، بۆ دەنێرین ئەوان (جوانرۆییەکان)، نیشتەجێی خاکی کوردستان لەناوچەی نێوان کرماشان و سنووری عیراقن.

سەرەرای هەندێ ڕاپۆرتی ناو ڕۆژنامەکان لە حاڵی حازردا، وا دەرناکەوێ ڕووداوەکان گرینگیایەتی سیاسییان هەبێت.

ئێمە کۆپی ئەم نامەیە بۆ بەغدا واشەنگتون، مۆسکۆ و دەفتەری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی بەریتانیا دەنێرین.

دۆستداری هەمیشەییتان ئیدارەی سیاسی
بۆ ئیدارەی ڕۆژهەڵات
لەوەزارەتی دەرەوە، لەندەن.

## FO. 371/82000/XC/132947

لە تارانەوە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە[ی بەریتانیا]
سێرف. شێپێرد
ژمارە ٤٢٥
١١ی سپتەمبەری ١٩٥٠

[سەبارەت بە] تێلگەڕافی ژمارە ٣٨١ی ئێوە لەمەڕ کوردستان میدیای رەسمی ئێرە دەڵێن هێزی جوانڕۆ، داوا کاریی ئەرتەشی ناوچەکەی بۆ بەدەستەوەدانی تفەنگەکانیان داوەتە دواوەو لە ڕۆژی دووهەمی سپتەمبەردا، هێرشیان بردۆتە سەر بنکەیەکی ئەرتەش لە ٦٠ مایلی باکووری ڕۆژئاوای کرماشان، ئینجا بریگادی کرماشان کە فرۆکەی هۆریکان" پشتیوانیان بوە، بە گژ جوانڕۆییەکاندا چووە، مەتەرێزەکانیان لێ گرتوون و بەرەو چیا کشاندوویاندنەتەوە. ئەرتەش لەلایەن ئەو هۆزە دراوسێیانەوە کە دوژمنی جوانڕۆییەکانن، یارمەتی دەدرێن.

"ئەتاشە"ی عەسکەری (بەریتانیا) ئاگادارکراوە کە بەتالیۆنێکی پارمەتیدەر لە تارانەوە نێردراوە بەلام هێشتا نەگەیشتوونەتە جێ. دەقی هەموو نامەو راستپێرییەکان لە جانتاکەدایە. پێکدادان درێژەی هەیە.

٢)جوانڕۆییەکان ماوەیەکی درێژە سەرچاوەی ژانەسەرن و ئەم عەمەلیاتەش کارێکی ئاساییە بۆ پۆلیس. ئەم ڕاپەرینە (کە لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە گەورەکراوەتەوە)، وێ ناچێ لە پەرەسەندندا بێت. هیچ نیشانەیەکی ئیلهام وەرگرتن لە سۆڤیەتی پێوە دیار نییە.

## FO.371/82000/XC/132947

باڵوێزخانەی بەریتانیا، تاران
٢٢ی سپتەمبەری ١٩٥٠
نهێنی
ژمارە ٢٧٢

جەناب،

بە گەڕانەوە بۆ تێلگەرامی ژمارە ٤٢٥ ی ١١ی سپتەمبەر، شانازیم هەیە لێردەانوسخەیەک لەو ڕاپۆرتەتان بۆ بنێرم وا لەلایەن جەنابی جێگری کۆنسول Roper-Carzon لە کرماشانەوە سەبارەت بە عەمەلیاتی دەسەڵاتداریەتی عەسکەریی ئێران، دژ بە هۆزی جوانڕۆ نووسراوە. کارێکی بەجێیە ئەگەر لەم کاتەدا، چاوێک بە بارو دۆخی عەشیرەیی کوردستاندا بخشێندرێتەوە تا بزانرێ مەترسی جیددی بۆ ئاسایشی دەوڵەتی ئێران لەناوچەکە، تا چ رادەیەکە.

١) راستەقینەی بناغەیی سەبارەت بە هۆزە کوردەکان ئەوە یە تفەنگیان بەدەستەوەیەو هەروەها بەهۆی دوژمنایەتی عەشیرەیی و بنەماڵەییەوە، گەلێک دابەشکراو و لێک دابڕاون، بۆ دەست تێوەردانی حوکمی مەرکەزی لە شێوەی ژیانی خۆیان بێزاریی دەنوێنن، هیچ شتێک سەبارەت بە شێوە گەلی ڕێکخراوەیی- جیا لە شێوازی عەشیرەتی، نازانن، وا دیارە حکوومەتی ئێران دان بەوەدابنێ لەم کاتەدا، شتێکی نەگونجاوە هەموو هۆزەکان چەک بکات بەلام خەیاڵی وایە بەهۆی دانانی بنکەی عەسکەریی لە شوێنە کلیلییەکان و چاوەدێری کردنی ئەوتفەنگانەی وابەدستیانەوەیە، پێشی کوردان بگرێ و نەهێڵێ خەریکی چەتەیی و ڕووتاندنەوە بن و هەروەها سەربەستییان لە شەڕو کێشەی ناوخۆییدا یاساخ بکات. هەر هۆزێک پیشەی چەتەیی ڕەچاو بکات، یا لەگەڵ دراوسێکانیدا بکەوێتە شەڕەوە، مەترسی ئەوەی دەبێت داوای لێبکرێ تفەنگ دابنێ یا ڕووبەڕووی عەمەلیاتی عەسکەری ببێتەوە. ئەوەش لە راستیدا، هەر ئەوشتە بوو بۆ جوانڕۆ ییەکان هاتە پێشێ.

٢) ئەوە رەسمی " رادیوی ئازاد"ی ئازەربایجانی کۆمۆنیستە، کە نوینەرایەتی کوردان بۆ یەکگرتنیان لە پێناو خەباتی دژ بە حوکمی مەرکەزی و دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بکات. بە کورتی، شەڕی ئەم جارە، کاتێ هەڵگیرساوە کە هۆزە دراوسێکانی جوانڕۆ یارمەتی ئەرتەشی ئێران دژ بە جوانڕۆییەکان دەدەن تا بتوانن تۆڵەی کۆنی خۆیان لێ بکەنەوە لە راستیدا ئەو ڕاپۆرتانەی وا گەیشتوونەتە دەستم، دەری دەخەن

پڕۆپاگەندەی ڕادیۆیی، شوێنێکی کەمی داناوەو هیچ بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو لە پێناو سەر بەخۆیی کوردستان لەناوچەکەدا نابینرێ. بێگومان ئەگەر هێرشێکی ڕووس بۆ سەر ئێران لەگۆڕێدا بوایە، هەندێ ڕێبەری هۆزەکان بەخێرایی لەگەڵ ئەرتەشی سوور دەکەوتن ئەویش بەو هیوایەی شوێن و جێگەی خۆیان لەناوچەکەدا بچەسپێنن. بەڵام ئەم ڕووداوە شتێکی تەواو جیاواز لەبزووتنەوەیەکی ڕاستەقینەی سەربەخۆیی دەنوێنێ، دوورنییە، خەباتی دژ بە حکوومەتی ئێران هەنگاوێکی هاوکات لەلایەن حوکوومەتەوە بێت بۆ ئەوەی هەموویان پێکەوە چەک بکات، ئەوەش لەگەڵ ئەو سیاسەتەی ئێران وا لەسەرەوە باسم کرد، یەک ناگرێتەوە و من هیچ ئاسۆیەکی ئەو تۆ بەدی ناکەم حکوومەتی ئێران دەست بداتە عەمەلیاتێکی مەترسیدار لەوشێوەیە.

٤) حوکوومەتی ئێران خۆی لەم دواییەدا فاکتەرێکی دیکەی بۆ ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی خۆی و ناوچە هۆزنشینەکان پێک هێناوە ئەویش بەو ناوەوەی کە ئەگەر هات و ڕووسەکان هێرشیان کردە{سەر ئێران}، لە هێزی چەکداری چریکی عەشیرەتەکان کەڵک وەربگرێ. ئەم ئیمکانە، بۆ سەرۆکی ستادی ئەرتەش زۆر سەرنج ڕاکێش دەنوێنێ کە چەندین جار و لە چەندەها شوێن چەکی بەو هۆزانە داوە وا جێگەی متمانەی بوون.

هیچ لەوەناچێ سیاسەتێکی گشتی {چەک کردن} بۆ هەموو وڵات هەبێت، لەکاتێکدا چەک لە هۆزێک و لەناوچەیەک وەردەگیرێتەوە، دەدرێتە دەستی هۆزێکی دیکە، ئەوەش هەندێ جار لەناوچەیێک دا، دەبێتە هۆی سەرلێ شێواوی هەرچۆنێک بێت ، وا دەردەکەوێ تا ئێستا لە کوردستان چەک بە هیچ هۆزێک بۆعەمەلیاتی چریکی نەدرا بێت.

٥)هەر بەم بۆنەیەوە، من دەگەمە ئەو ئاکامەی کە حوکوومەتی ئێران زۆر وا هەیە سیاسەتی ئێستای خۆی لەمەڕ هاوسەنگ ڕاگرتنی پێویستیەکانی ئاسایشی گشتی و مەترسی دەست درێژی بەربڵاوی هۆزەکان بەڕێوەبەرێ. وەک ئاکامێک ، تا ئەو کاتەی سنوورەکانی ئێران دەستیان لێ نەدرێت (نەکەونە بەر هێرشی ڕووس) ئیمکانێکی کەم بۆ پێکهاتنی بزووتنەوەیەکی بەهێز بۆ کوردستانی سەربەخۆ بەرچاودەکەوێت.

٦)من نوسخەی ئەم نامەیە بۆ نوێنەرانی ئەعلاحەزرەت لە واشنگتۆن، مۆسکۆ، بەغدا، ئانکارا و کاربەدەستانی کۆنسوولیەتی ئەعلا حەزرەت لەکرماشان و تەورێز، هەروەها بۆ سەرۆکی دەفتەری بەریتانیایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قاهیرە، دەنێرم.

به شانازییەوە،

لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزمدا

خزمەتکار زۆر بەئیتاعەی ئێوە

بۆ جەنابی پایە بەرز Clement R. Attlee وەزارەتی دەرەوە.

## پەشکۆی یەکەم

"تەرجەمەی (ئینگلیزی) بەیانی کۆلۆنێل "فوولادوەند" بۆ ڕۆژنامەکان، لەدەهەمی سپتەمبەری ١٩٥٠دا:

نزیکەی ١٠ بەگزادەی جوانڕۆ، بەناوی سەرێچی و سەربزێوییەوە تا مانگی سپتەمبەری ١٩٤١دەست بەسەرکرابوون. ناوچەی جوانڕۆ- وەک ناوچە هۆزنشینەکانی دیکە، لە ئاشتی و ئاسایشدا دەژیان. کێشرانی جادە لەنێوان کرماشان و ئەوسوود، بوو بەهۆی ئەوەی وەرزێرانی ناوچەکە زیاتر ئاگاداری ژیانی ژیواری بن. نازانرێ لەبەر چ هۆیەکی خەیانەتکارانە بوو، تاقمێکی جینایەتکار و دز، بە ناوی زیندانیی سیاسییەوە لە زیندان ئازادکران و چۆن ئەم بەگزادە سەربزێوانە، گەڕانەوە جوانڕۆ و نزیکەی ٢٠٠٠ خێزانی هەژاریان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوەو سەر لەنوێ بەر بوونەوە ڕێگری و تاڵان و هێرشکاریی. بەگزادەی جوانڕۆ لەساڵانی نێوان ١٩٤١ و ١٩٤٨دا، نەک هەر خوێنی وەرزێرانی هەژاری ناوچەکەیان دەمژی، بەڵکوو بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەسەر ڕێگای نێوان عێراق و کرماشان و دۆڵی "پڵێنگانە"، ترومبیلیان دەوەستاند و باجی ئەو کەل و پەلەیان وەردەگرت کە لە وڵات دەچوونە دەرەوە یا دەهاتنە ژوور، لەوەش زیاتر، تاڵانی ئەو گوندانەیان دەکرد، وا کەوتبوونە دراوسێیەتییانەوە.

شەڕی جیهانی و حوزووری هێزی بێگانە [لە ئێران]، هەلو مەرجی هەڵخلێنەرو ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ئازەربایجان و کوردستان، بوونە هۆی ئەوەی حوکوومەت [ی ئێران] بەهێمنی لەگەڵیاندا ببزوێتەوەو نەسیحەتی ئەم تاقمە بکات، بەڵام دوای هەموو ئەوانە، چارەیەک جگە لەوە نەماوە هێزوو دەسەڵات بەوتاڵانکەرو خائینانە، نیشان بدرێت.

لە ساڵی ١٩٤٨دا، بەگزادەی جوانڕۆ ڕێگای پڵێنگانە"یان بەست و بۆ ماوەیەکی زۆر، پەیوەندیی نێوان ئیداراتی ناوەندی وە بەشێکی ناوچەی سەر سنووریان هەڵبڕی، بێ ئەوەی گوێ بدەنە نەسیحەتی دەوڵەت. بریگادی کرماشان بڕیاری دا تەمێیان بکات بەڵام حوکوومەت لەبەر هەندێ هۆی خێرخوازانە، خۆی

لەبنەبڕکردنی بەگزادەکان پاراست و کەرەکی بوو تەنیا بەشێک لەتفەنگی بەگزادەکان وەربگرێتەوە لەوە بە دواوە، کاربەدەستانی ئەرتەشی، پارمەتیدەری هەمیشەی جوانڕۆییەکان بوو بۆ نموونە، دوو بەگزادە، پلەی شانازییانەی ئەفسەرانی ئەرتەشیان پی دراوە، چواریان وەک ئەفسەری وەکیل و گروهبان وەرگیراون و مانگانەیان پی دەدرێت. دوو مانگ لەمەوپێش، بریگادی کرماشان ۱۵ تەن گەنمی لە ئیدارەی "غەلله" بۆ وەرگرتن تا ناتەواویی خواردەمەنییان بۆ قەرە بوو بکاتەوە. هەنگاو بۆ باشترکردنی هەل و مەرجی ساغیەتی گشتی و خوێندن و پەروەردە هەڵگیراوە، شانازیی ئەوەیان پێ درا لە مەراسیمی ناشتنی تەرمی شای پێشوودا، بەشداری بکەن. بۆ ئەوەی ڕێز لە شارستانیەتی وولاتەکە و هێزو توانای دەوڵەت بگرن. بانگهێشتنی تارانکران وئیجازەیان پێدرا چاویان بە تەعلا حەزرەتی شا بکەوێت و ئەویش میهرەبانی لەگەڵ کردن و ڕێگای نیشان دان، بەداخەوە، بەگزادەکان نەیانتوانی دەست لەزاتی خراپەکارو سەربزێوی خۆیان هەڵبگرن ، دیسانەکە لە چەند مانگی ڕابووردوودا، دزێژەیان بەدزینی مەڕو مالاتی مەزرای هۆزی "ئەلاهیاری" داوە و لە "ڕوانسەر" قەندی قاچاخیان بەزۆر لەکاربەدەستانی گومرگ سەندوە و هەروەها هێرشیان بردۆتەسەر ملکی "محمد تاهیربەگی باوەجانی" وحاسڵی وەرزێرەکانیان ڕفاندوە.

بریگادی کرماشان، لەماوەی دوو مانگی ڕابوردوودا، دەست بەکاربوە تاملک و ماڵی محمد تاهیر بەگ وەربگرێتەوە، هەموو هۆزەکانی دراوسێ، چەک کراون و تفەنگێکی کەمیان بۆ بەجێ هێشترا، داوا لە جوانڕۆییەکانیش کرا، بەشێک لە تفەنگەکانیان ڕابگرن (و وادیارە هەر ئەوە بووبێتە هۆی کاری ناژیرانەیان)، بەلام ئەوان سەریان دانەنەواند هێمنی بریگاد و ڕینۆێنی کردنیان بەلاواز بوونی حکوومەت دانا و لە نێوە ڕۆێ ڕۆژی دووهەمی سپتەمبەردا، لەناکاو هێرشیان هێنایە سەرهێزەکانی کۆلۆنێل "جەوانشیر" لەبەرزاییەکانی "پلینگانە" و لەوکاتەدا، تاقمەکە، لەحالی حەسانەوەدا بوو، گروهبانێک کوژرا، نۆ سەرباز و ئەفسەرێکی وارانش بریندار بوون کە ئەمەیان دوای چەند ڕۆژێک لەنەخۆشخانەی کرماشان مرد. لە دووهەم تا چوارەمی سپتەمبەردا، جوانڕۆییەکان دژ بە ئەرتەش جەنگین و شەڕێکی قورس لەسەنگەرەکانیاندا بەڕێوە چوو. بنکەکان {ی ئەرتەش} - بەتایبەت لەتاریکایی شەودا، جێگای شەڕی دەست بەیەخەیان زۆرە. هێرشی هەوایی، تایبەت بەناوچە دارستانی و شاخاوییەکان کراوە جوانڕۆییەکان کەوایان دەزانی دەتوانن بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، خۆڕابگرن، لە ڕۆژی سێهەمی سپتەمبەردا، کەوتنە بەر بۆمباردمانێکی قورس و زەختیان خرایە سەر، تا شوێنەکانیان لەبەر "شاهکۆه" بەجێ بهێڵن و بەرەو لووتکەی چیاکان هەڵێن، بەلام لەکاتی شەودا گەڕانەوە شوێنەکانی پێشووی خۆیان و شەڕێکی قورسیان درێژە پێدا.

لە بەرە بەیانی ڕۆژی چوارەمی سپتەمبەردا، هۆزەکانی هەورامی (لهۆنی) - بەڕێبەرایەتی کاپیتەن "موعاوەنی" و کاپیتەن "محەمەد ئەمین بەگی لهۆنی" کە لەلای پاوەوە بەرەو "پلینگانە" چووبوون، گەیشتنە "شاهکۆە". جوانڕۆییەکان کەزانییان لە دوو لاوە هێرشیان کراوەتە سەر، بەرەو ڕۆژئاوا هەلاتن. مەیجەر "کامیاب" بەعەشیرەتی ژێرفەرمانی خۆیەوە گوندەکانی بەری ڕۆژئاوای قەلای جوانڕۆ و کۆلۆنێل "کەبیری" قەلاکەی گرت-شوێنێک کە بۆ ماوەی دەساڵی ڕابوردوو، سەرچاوەی سەریادانەوەو هەڵخلاندن بووە.

بەگزادەکانی جوانڕۆ-کە ئاکامی هەڵەو خەتای خۆیان چاوپێکەوتووە، ئێستا لەهەوای ئەوەدان گوندی هەورامییەکان تالان کەن، ئەو هەژارانەی وا کەوتوونەتە شوێنیان و فریوی بەگزادەکانیان خواردوە، چاوەڕوانی هێمن بونەوەی باروەزخەکەن، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ناوگوندەکانیان. لەهەموولایەکەوە، عەشیرەت کەوتوونەتە ڕێ تاوەکوو پاشماوەی جوانڕۆییەکان بگرن، هەموو لایەنگرانی ئەو ۱۰ بەگزادەیەی (وا هەلاتوونەتە سەر سنوور)، لە "وەلەد بەگی قوبادی"، کە لەهەمان چین و هەمان زمانی جوانڕۆییەکانن، هاوکاریی کردنی خالیسانەیان لەگەڵ هێزی عەسکەریی، نیشانەی ئەو ڕاستیەکە هەموو هۆزەکان لە کردەوەی وەحشیانەی جوانڕۆییەکان وەڕەزبوون، ئەم هۆزانە، ئیتاعەی حکوومەت دەکەن، ڕێزی دەگرن و دەزانن خزمەتکردنیان بەحکوومەت، لەبەرژەوەندیی خۆیاندایە.

{بەداخەوە هەموو ئەفسەرانی ئەرتەشی شا، کەلەو شەڕەدا دژ بە جوانڕۆییەکان جەنگیون، هەروەها فەرماندەی سەرەکی شەڕەکە (سەرهەنگ چەمەن زیبایی)، کوردو تەنانەت خەڵکی هەمان ناوچە بوون! من ئەم زانیارییەم لە کاک ئەسعەدی سراج الدینی وەرگرت، هیوادارم کاک ئەسعەد و ئەو کەسانەی وا لە نزیکەوە ئاگاداری کارەساتەکەی جوانڕۆبوون ، بیرویۆچوون و بیرەوەری خۆیان بێننە سەر کاغەزو، مەیدان بە کەسانی وەک " سرهنگ عیسا پژمان" نەدەن مێژووی گەلەکەمان بگۆڕن و ئەوەکانی داهاتوو تووشی چەواشە بکەن." سەرهەنگ"، بەناو کوردێکی ساواکی ئێرانە، پێش ساڵی ۱۹۷۵ و هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد، بۆ ماوەیەک مەئمووری ساواکی ئێران لە بارەگای خوالێخۆش بوو مەلا مستەفای بارزانی بوەو ئێستا لەدەرەوەی ولات خەریکی نووسینی کتێب لەسەر ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیەو بە هەموو تواناوە هەوڵی ناوەژوونیشاندانی

ڕووداوەکان دەدات. دوا کتێبی "پژمان" ناوی "جوانمردی ارتشیان و ناجوانمردی جوانرودیان"ە و تیایا پاکانەی بۆ پیاوکوژانی ئەرتەشی حەمەرەزاشا کردوە. وەرگێڕ )

**FO.371/82000/XC/132947**

پاشکۆی ژمارە ٢

تەرجەمەی بڵاوەی کۆلۆنێل "فولادوەند" بۆ جوانڕۆ {بیەکان}

چوارەمی ئاگۆستی ١٩٥٠

وەزارەتی جەنگ

بریگادی سەربەخۆی کرماشان

ڕاگەیاندنێک بۆ هەموو بەگزادەو دانیشتوانی جوانڕۆ:

به هۆی ئەو ڕاستیەوە کە ژمارەیەک بەگزادەی جوانڕۆیی هەندێ هەڵەیان کردوە و دژ بە ئاسایشی ناوچەکە جووڵاونەتەوە، سەریان لە ئیتاعەت باداوەتەوەو دژ بە هێزەکانی حکوومەت وەستاون، بەم بریاگادە مەئمووریەت دراوە لەبەر خاتری هێمنایەتی ناوچەو ئاسایشی گشتی ، بکەوێتە شوێن تاقمی تاوانبارو بیانگرێ، بەم هۆیەوە، بە هەموو کەس ڕادەگەیێندرێ، هەر وەرزێر یا بەگزادەیەک، بە هەر چەشنە هاوکاریەکی ئەوتاوانبارانە بکات، بەشداری چارەنووسی ئەوان دەبێت، ئەوکەسانە، پێویستە دەست لەهەوڵی دولایەنەیان هەڵبگرن و بچنە "روانسەر" و دەورو بەرەکەی، لەوێ گەیشتنی خۆیان بەشەهادەتی خاوەن مڵکەکان، بەبریگادی ئێمە ڕابگەیێنن، چەکەکانیان لەبەرانبەر " ڕەسید"دا بدەن بە نزیکترین بنکەی عەسکەری. بێگومان ئەگەر بریگاد بزانی ئەوان بۆ پاراستنی ماڵو ماڵ پێویستیان بە چەک هەیە، تفەنگ بە ئیجازەی ڕەسمییەوە بەکەسانی وەفادار دەدرێت.

(ئیمزا) کۆلۆنێل فولادوەند

ئەفسەری فەرماندەی بریگادی کرماشان.

## پاشکۆی ژمارە٣

تەرجەمەی نامەیەک بۆ "حوسەین بەگی وەکیلی" لەلایەن کۆلنێل جەوانشیرەوە.

ژمارە ٦٣٢–حەوتەمی ئاگۆستی ١٩٥٠

فەوری

بۆ حوسەین بەگی وەکیلی

بە گوێرەی ڕاپۆرتی بریگادی خۆم، تۆ لەم دواییانەدا تەحریکاتی زۆرت دژبە ئاسایشی ناوچەکە کردوە و سەرت لەو فەرمانانەی پێت دراوەن، وەرگێڕاوە، ئێستاش ژمارەیەک چەکدارت بۆ ڕووبادانەوە لە فەرمانی حوکوومەت وەکۆ کردوە. ئەوا پێت ڕادەگەیێندرێ هەموو چەکەکانتان لەماوەی حەوتوویەکدا بدەن بە بنکەی ئەرتەش لە "سەریاس" دوای ئەو تاریخە هەموو مەزارا (و گوندەکان)ت بەبێ سێ و دوو بۆمباردمان دەکرێت، ئەوەش دوابڕیارە.

(ئیمزا) کۆلۆنێل جەوانشیر

فەرماندەی هێزەکانی "سەریاس"

**FO.371/82000/XC/132947**

باڵویزخانەی بەریتانیا

١٦ ئوکتوبەیر ١٩٥٠

ژمارە ٣٠٤

یاساخ کراو

جەناب،

لەگەڵ گەڕانەوەم بۆ نامەی ژمارە ٣٧٢ی ٢٢ی سپتەمبەر، شانازیم هەیە پێتانی ڕاگەیێنم شەڕی ئەرتەشی ئێران دژ بە هۆزی جوانڕۆی کوردستان، ئێستا گەیشتۆتە کۆتایی.

٢)بەگوێرەی ڕاپۆرتێک کە جێگری کۆنسوولی تەعلا حەزرەت لەکرماشان بۆی ناردووین، سەرەک هۆزەکانی جوانڕۆ، دوای هەوڵی بێسوودیان لە پێناوی ڕاکیشانی پشتیوانی ئەفسەرانی ئێران دژ بە کۆلۆنێل "فوولادوەند" ی فەرماندەی پێگەی نیزامیی کرماشان و هەر وەها عەناسوری خراپەکار لەتاران، دەستیان کرد بەووت و وێژ لەسەر باروددۆخ لەگەڵ کۆلۆنێل فوولادەوەند"دا،

ناوبراو، دریژەی دابە جەخت کردن لەسەر تەحویل دانەوەی تفەنگ وەک شەرتی کۆتایی هێنان بەشەڕ، هۆزەکانیش لەڕۆژی یەکەمی ئۆکتۆبەرەوە دەستیان کرد بە تەحویل دانەوەی تفەنگەکانیان، لای کەم ٨٠ تفەنگ تا ڕۆژی ١١ی ئۆکتۆبەر وەکۆ کراون، هێزەکان (ی دەوڵەتی) و عەشیرەت کەدەست بەیەخەی ئەم شەڕە بوون، ئێستا گەڕاونەتەوە سەربازخانەکانی خۆیان.

٣)من کۆپی ئەم نامەیە بۆ باڵویزی ئەعلا حەزرەت لەواشەنگتون ، مۆسکۆ، بەغداو هەروەها بۆ دەفتەری بەریتانیایی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەنێرم.

شانازیی ئەوەم هەیە ئەوپەری ڕێزم بۆتان هەبێت

خزمەتکاری یەکجار گوێ ڕایەڵتان (ئیمزا).

بۆ بەڕێز **Ernest Beven**..............سکرتێری کاروباری دەرەوە لەندەن.

**مۆلێتی**

رانانی کتێبان

مەهاباد قەرەداغی

# ژن ومێردایەتی کاتیی

## (سیغە) لە ئێراندا

(رابواردن - ژن و مێردایەتی کاتیی لە لای شیعە ، حاڵەتی ئێران ١٩٧٨-١٩٨٢) ناوی کتێبێکە لە نووسینی(د. شەهلا حایری) ،کە نامەی دکتۆرای لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە (لوس ئەنجلوس) پێشکەش کردووە، لە بابەتی ئەنترۆپۆلۆژیای فەرهەنگی دا.

کتێبەکە ٣٣٩ لاپەڕەی قەوارە گەورەیە و لە سێ بەش پێک هاتووە و پێشەکی و دێماهی و بیبلۆگرافیایەکیشی گرتۆتە خۆی. یاسای ژن ومێردایەتی و جۆرەکانی بەڵێننامەی ژن و مێردایەتی کە بەڵێنی ژنومێردایەتی هەمیشەیی(مارەبڕین) ، و بەڵێنی ژنومێردایەتی کاتیی(بۆ رابواردن) بابەتی بەشی یەکەمی کتێبەکەن. لە بەشی دووەمدا هەمەجۆریی بۆچوونی کۆمەڵگە لەسەر ژنومێردایەتی کاتیی باس دەکات، هەروەها یاسا لە میانەی تێگەیشتنی ناوخۆییەوە. لە سێیەمین بەشدا لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کەسانەی بە بەستنی بەڵێننامەی کاتیی(رابواردن) هەڵساون، دەکات.

د.شەهلا حایری کە لە سەرەتای کتێبەکەدا پێناسەیەکی لێکۆڵینەوەکەی دەکات، دەڵێ ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر دامەزراوی ژن ومێردایەتی کاتیی( رابواردن) کە لە زمانی فارسیدا بە (سیغە) ناودەبرێ و لە ئێرانی هاوچەرخدا پیادە دەکرێ، هەروەها لەسەر یاسا و داب و نەریتی ئایینی و رەوشت و بەڵێننامەکانی ژن و مێردایەتی چ تایبەت و چ گشتی، هەروەها ئیرۆتیکا (شەهوەتی سێکسی) و ئارەزووی سێکسی. بەشێکی گرنگیشی تەرخانکراوە بۆ زانستی ئایینی شیعە و پرۆسەی دۆزینەوەی لۆژیک و گریمانە کۆوەبووەکان لە پشت ئەو بۆچوونانەوە کە بۆ ژنان و پیاوان و ژن و مێردایەتی و سێکس تەرخانکراون.

هەرچەندە رۆژهەڵاتناسان بایەخێکی زۆریان داوەتە لێکۆڵینەوە لەمەڕ شەریعەتی ئیسلامی، بەڵام سەبارەت بە زانستی ئایینی تایبەت بە مەزهەبی شیعە شتێکی ئەوتۆ نەخراوەتە روو، بەڵکە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان دەربارەی مەزهەبی (سوونی)بوون. بەڵام شۆڕشی ئیسلامی ئێران ساڵی ١٩٧٩ سەرنجی جیهانی بەرەو لێکۆڵینەوە لە مەزهەبی شیعە راکێشا ، لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوەی لەو بابەتە زۆر کەمە کە گرنگی دابێ بە تێڕوانینی شیعە سەبارەت بە یاساکانی ژن ومێردایەتی و بەڵێننامەکانی ژن و مێردایەتی هەمیشەیی و کاتیی و ژیانی سێکسی. هەندێک دەڵێن بۆ تێگەیشتن لە هەر کۆمەڵگایەکی ئیسلامی دەبێ نهێنی ئەو سیمبولانە بدۆزینەوە کە تایبەتە بە ژن. بۆ هاوڕایی لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا توێژینەوەی دامەزراوی ژن و مێردایەتی کاتیی(سیغی) و، چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ شیکردنەوەی ئەو سیمبوڵە ئاڵۆزانەی کە ژیانی ژنی موسڵمانی گرتۆتە خۆی مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

شیعە وا پێناسەی ژن و مێردایەتی سیغی دەکات کە ( بەڵێننامەی ئاڵوگۆڕکردنە)، جۆرێکە لە موڵکدارێتی، واتە گۆڕینەوەی سێکس بە پارە و خشڵی گرانبەها.

لەبارەی فۆرمی بەڵێننامەی ئیسلامییەوە زۆر وتراوە و نوسراوە، بەڵام نووسراو سەبارەت بە لۆژیکی کۆوەبوو لە پشت ئەو بەڵێننامەیەوە زۆر کەمە. دۆزینەوەی ئەو لۆژیکە و کاریگەرییەکانی لەسەر پەیوەندییەکانی

سێکس له کۆمەڵگادا، ئامانجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە و ئەم پرسیارانەشی تیا ئاراستە کراوە:

– مەبەست چییە لەوەی کە بەڵێننامەی ژن و مێردایەتی بە بەڵێننامەی ئاڵوگۆڕ دابنرێ؟

– ئەی ئەم چەمکە لە لایەن گریمانەکانی یاساوە سەبارەت بە ژن و پیاو و پەیوەندییەکانی نێوانیان چی دەردەخات؟

– ئەی ئەو لکانەی لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی ئەم بەڵێننامە بازرگانییەوە دروست دەبن چین؟

– کاریگەری ئەم لۆژیکە یان ئەو سیستەمە هێمایی یە لەسەر هەستکردنی هەردوو رەگەز ی ژن و پیاو لەگەڵ خود و لەگەڵ یەکتردا چییە؟

لەپێش شۆڕشی ئێرانی ساڵی ١٩٧٩ چینە ناوەندییە نائایینییەکانی ئێران ئەم جۆرە ژن ومێردایەتییە(رابواردن)یان رەت دەکردەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکانی سۆزانێتی دادەنرا کە دامەزراوی ئایینی شەرعییەتیان پێ داوە. واتە سۆزانێتی بە مێزەرێکی دینییەوە وەک فارسەکان ناوی دەبەن. بەرامبەر بەو دەنگی نارەزاییەی کە بەرامبەر رژێمی پەهلەوی بەرز بووەوە بە تایبەت لە رووی رێگەدانی بە ئازادی ژنان، دامەزراوە ئایینییەکان داکۆکییان لەسیغە( رابواردنی شەرعی) دەکرد بەو سیغەتەی کە رەحمەتێکە لە خواوە بۆ مرۆڤایەتی و پێویستییەکە بۆ تەندروستی تاک و پارێزگاری لە رژێمی کۆمەڵایەتی دەکات.

هەندێ جار دەوڵەت ئەم شێوازە ژن و مێردایەتییەی رەت دەکردەوە بەو گوزارشتەی کە دیاردەیەکی سەرەتاییە و لە پاشماوەکانی چەرخە دواکەوتووەکانە و لەگەڵ دەوڵەتێکی هاوچەرخدا ناگونجێ کە بەرەو پێشکەوتن و گەشەسەندن هەنگاو دەنێ. هەندێ جاریش دامەزراوە ئایینییەکان داکۆکی لێ دەکەن و بە (پرشنگدارترین یاسای ئیسلام) ناوی دەبەن.

(رابواردن) یان (ژن و مێردایەتی کاتیی) لە پێناوی چێژی سێکسی یە، کە نەریتێکی باوی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام بوو لە نیمچە دورگەی عەرەبدا، لە لایەن شیعە دوانزە ئیمامیەکانەوە کە زۆربەیان لە ئێران دەژین شەرعیەتی پێ دراوە.

ئەم جۆرە ژن و مێردایەتییە بەڵێننامەیەکە لە نێوان ژن و پیاوێک( ژنێک کە شووی نەکردبێ و پیاوێک کە ژنی نەهێنابێ) کە ماوەکەی و نرخەکەی دیاری دەکەن، ئەو پارەیەش ژنەکە وەری دەگرێ. عومەری کوڕی خەتتاب(دووەمین خەلیفەی راشیدی) لە سەدەی حەوتەمی زاینییدا ئەم جۆرە نەریتە(رابواردنی ژنان) کە ئەو کاتە وای پێ دەوترا قەدەغە کرد. بەڵام شیعە دانیان بە بڕیارەکانی نەنا و پێیان وابوو ئەوبڕیارە لە رووی ئایینییەوە بەتاڵە و وایان وەڵام دایەوە کە ژن و مێردایەتی(لە پێناوی رابواردن) لە قورئاندا لە سوورەتی ژن، ئایەتی ٢٤ دا باس کراوە و پێغەمبەریش دەریبڕیوە . لە سەدەی حەڤدەهەمیشدا خەلیفەی عەباسی(مەئمون) دیسانەوە بڕیاری بۆ حەڵاڵی ئەو شێوازە داوە بەڵام لەبەر شەپۆلی نارەزایی زانایانی سوننی لێی پەشیمان بوەتەوە و دووبارە حەرامی کردۆتەوە.

ئەم دیاردەیەی لە ئێرانی هاوچەرخدا پیادە دەکرێ، پێش هەموو شتێکی تر دیاردەیەکی(مەدینەیی)یە . مێژووی ئەم دیاردەیە پەیوەستە بە حەج و بازرگانی لەگەڵ ناوچە دوورەکان، بە تەنیا لە دەوروبەرە ئایینییەکاندا پەیڕەوی کراوە . پشتیوانی رژێمی ئیسلامی بۆ ئەم دیاردەیە وێنەی دزێوی ئەم ژن و مێردایەتییەی لەبەرچاوی خەڵک راست کردەوە و بەم شێوەیەی لێ کرد( بەڵێنێکە لە نێوان ژن و پیاو، ژن بێ یان کچ یان تەڵاقدراو، کاتەکەی و ئەو پارەیەی کە دەدرێ بە ژن دیاری دەکرێ، ئەم بەڵێننامەیە پێویستی بە گەواهیدەر ــ شایەت ــ نیە، تۆمارکردنیشی داواکراو نیە.)

ماوەی ئەم جۆرە ژن و مێردایەتییە بە ئارەزووی هەردوو لایە، لە یەک سەعاتەوە تا ٩٩ ساڵ. دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیە ژن دەتوانێ لە پیاوەکە جیا بێتەوە بێ ئەوەی پێویست بە هیچ داواکارییەکی تەڵاق بکات.

لە رووی فیکرییەوە شیعە ژن و مێردایەتی کاتیی وا لە ژن و مێردایەتی هەمیشەیی جیا دەکاتەوە: کە یەکەمیان ئامانجی بەخشینی چێژی سێکسییە و دووەمیان دروستکردنی منداڵ.

پیاوێکی موسوڵمانی شیعە بۆی هەیە لەگەڵ هەر ژنێک بیەوێ بەڵێنی کاتیی ببەستێ، لە هەمان کاتیشدا بۆی هەیە بەڵێنی هەمیشەیی لەگەڵ چوار ژندا(هاوکات) ببەستێ. لە دامەزرێنەری زانستی ئایینی مەزهەبی

شیعه(ئیمام جەعفەری صادق)یان پرسی: ئایا دەکرێ ژنێکی کاتیی بە یەکێک لە چوارژنە هەمیشەییەکە دابنرێ کە مافی پیاوی موسوڵمانە، لە وەڵامدا وتی: هەزاریان لێ بهێنن، چونکە بە کرێن. !

ژنێکی موسوڵمانی شیعە، چ کچ بێ یان تەڵاقدراو بۆی هەیە بەڵێنی کاتی تەنها لەگەڵ یەک پیاودا ببەستێ لە هەر جارێکدا کە ئارەزووی لێ بێ. بە مەرجێ کە دوای بەسەرچوونی کاتی بەڵێنەکە(هەرچەندە کورتیش بێ) ئیدی لەگەڵ پیاوەکە رانەبوێرێ، ئەمەش لەبەر ناسینی باوکی منداڵەکەیە لە حاڵەتی سکپڕبوونیدا.

ئەو منداڵانەی کە لە ئەنجامی ژن و مێردایەتی کاتییدا دروست دەبن شەرعین و هەمان ماف و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو منداڵانەیان هەیە کە لە ئەنجامی ژن و مێردایەتی هەمیشەیی دروست بوون، ئەم خاڵەیە کە ژن و مێردایەتی سیغی لە سۆزانێتی جیا دەکاتەوە، ئەگەرچی لێکچوونێکی زۆریشیان لە نێواندا هەیە.

نەریتی ژن و مێردایەتی سیغی لەگەڵ کلتوور و رۆشنبیری خەڵکی گشتیدا لە دژایەتیدایە. لە کاتێکدا کە یاسای ئایینی ماف بە کچ دەدات ئەگەر بیەوێ بەڵێنی شووکردنی کاتی ببەستێ لەگەڵ پیاوێکدا، بەڵام لە کلتووری خەڵکدا کچ دەبێ لە کاتی یەکەم بەڵێنی ژن و مێردایەتی هەمیشەییدا پەردەی کچێنی لە دەست نەدابێ. بەڵێننامەی ژن و مێردایەتی بە هەردوو جۆرەکەیەوە (کاتی و هەمیشەیی) بریتییە لە بەڵێننامەی فرۆشتن و بەکرێدان.

قورئان کەلە سەدەی حەوتەمی زایینیدا بە سروش بۆ پێغەمبەر نێردرا، بە بناغەی شەریعەتی ئیسلامی دادەنرێ، موسوڵمانەکان قورئان بە پەرجوویەکی خوایی دادەنێن کە راستی موتڵەقی تێدایە، راستەوخۆ وشەی خوایە، لەبەر ئەوە باوەڕ بە پیرۆزیی و تەواویی و ئەبەدییەتی قورئان دەکەن. حوکمەکانی قورئان رووبەرێکی فراوانی دیاریکراوی ژیانی کۆمەڵایەتی داپۆشیوە، بازنەکانی تری کۆمەڵگەی ئیسلامی بە ئاڵۆزی هێشتۆتەوە، تا تاکەکەس بۆ خۆی شی بکاتەوە و لێی بکۆڵێتەوە. وتەکانی پێغەمبەریش دووەمین سەرچاوەن لە پاڵ شەریعەتەوە بۆ یاساکانی ئیسلام.

پێنج قوتابخانەی زانستی ئایینی ئیسلامی بە رەسمی ناسراون، هەر پێنج قوتابخانەکەش لەسەر ئەوە رێک کەوتوون کە قورئان سەرچاوەیەکی پیرۆز و نەگۆڕە و هەموو یاسا و تەفسیرەکانی تری مرۆڤایەتی دەسڕێتەوە.

موسوڵمانی شیعە باوەڕی هاوتەریبە بە کۆتایی شەریعەتی ئیسلامەوە، هەروەها باوەڕیان بە کۆمەڵێ یاسای تر هەیە کە پێیان وایە نەگۆڕە، وەکو یاسای سروشت کە سروشتی پیاو و ژن و پەیوەندییەکانیان دیاری دەکا. پێیان وایە کە سروشت پیاو و ژنی بە دوو شێوەی جیاواز بنیاد ناوە کە ناکرێ نکۆڵی لێ بکرێ، باوەڕیان وایە کە یاساکانی ئیسلام موتڵەقن چونکە رەگیان لە قورئاندا هەیە و ئیلهامیان لە کار و کردەوەکانی پێغەمبەر وەرگرتووە. هەروەها تەماشای سێکس وەکو شتێکی موتڵەق دەکەن چونکە رەگی لە سروشتدا هەیە و رەمەکییە، ناگۆڕێ و ناتوانرێ دەستی لێ هەڵبگیرێ. ئەم هاوتەریبییەی نێوان (پیرۆز) و (سروشت)کۆدی باوەڕەکانی شیعە پێک دەهێنێ و گوزارە لە روانگەیان دەکات بەرامبەر بەم مەسەلانە، بە بڕبڕەی پشتی تێزی زاناکانیش دادەنرێ لەسەر هەردوو رەگەزی ژن و پیاو و سروشتی هەر یەکەیان و پەیوەندییەکانیان.

زانایانی شیعە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر بە ژن و مێردایەتی و سێکس پۆزەتیڤە و دەرک بە پێویستیە مرۆڤایەتیەکان دەکات. شووکردن و ژنهێنان سونەتێکی پێغەمبەرە و جەختی لەسەر پێویستبوونی کردووە و بە هێزی ئیمانی ناوبردووە، رەبەنی بەکارێکی خراپ و ناسروشتی دەبینن.

هەرچەندە زانایانی شیعە، هەندێ جار دان بەوەدا دەنێن کە هاوشێوەییەک لە نێوان سۆزانێتی و شوکردنی کاتیدا هەیە، بەڵام بەوە جیاوازی دەخەنە نێوانیانەوە کە کاریگەری هەر یەکەیان بۆ سەر بەختەوەری فەرد و سیستەمی کۆمەڵایەتی جیاوازە. لە کۆمەڵگەیەکی باوکسالاری وەک ئێران وا تەماشای سۆزانی دەکرێ ــ کە ژنانێکی یاخین لە داب و نەریتی باو ــ کە زینایە و قورئان بە ئاشکرا ئیدانەی کردووە. تێکەڵ بوون بە چالاکی سێکسی گوناه و تابووە، سۆزانێتی زیان لە تەندروستی گشتی کۆمەڵگا و ئاسودەگی دەدات و دژایەتییە لەگەڵ رەوشت و رۆحی کۆمەڵگە. بەڵام بە پێچەوانەوە زانا ئایینیەکان پێیان وایە کە شووکردن و ژنهێنانی کاتیی( لە پێناوی

رابواردن) ئەو چێژە سێکسییە بۆ تاک دابین دەکات کە سۆزانییەتی دابینی دەکات، بەڵام لەژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵدایە.)

لە سەر ئاستی رۆشنبیری گشتی خەڵکی ئێران، هیچ جیاوازییەک نابینرێ لە نێوان چالاکی سێکسی قەدەغەکراو( سۆزانێتی) و ، چالاکی سێکسی رێگە پێدراو( سیغە). بۆ سەقامگیرکردن و بە باوکرنی ئەو دیاردەیە پیاوانی ئایینی بە کارێکی زۆر باشیان ناوبردووە و بانگەشەی بۆ دەکەن گوایە پاداشتێکی ئایینی هەیە لە لای خوا. پێغەمبەر ئەم جۆرە ژن و مێردایەتیە کاتییەی حەڵاڵ کردووە و ئەسحابەکان و سەرکردەکانی شیعە مومارەسەیان کردووە.

یەکێ لە بەناوبانگترین وتەکانی کە لەسەری وترابێ، وتەی(ئیمام جەعفەری صادق)ە کە وتوویەتی( هەر دڵۆپێک لە ئاوی شۆرین(خۆشۆرینی دوای سێکس کە بە غوسڵ دەرهێنانیشی ناو دەبەن) رۆژی قیامەت دەبێتە حەفتا فریشتە و لە بەرژەوەندی ئەو کەسە گەواهی دەدا کە ژن و مێردایەتی کاتیی کردووە.

هەروەها لە ئیمام مەحەمەد باقر دەگێڕنەوە: پیاوێک لە ئیمامی پرسی: ئایا ژنهێنان لە پێناوی رابواردن پاداشتی هەیە؟ لە وەڵامدا وتی: ئەوەی بەڵێنی ژن و مێردایەتی (بۆ رابواردن) دەبەستێ بۆ رازی کردنی خوا و پەیڕەوی دینی حەنیف و سوننەتی پێغەمبەر ، یان بۆ یاخی بوون لەوانەی کە حەرامیان کردووە(هێمایە بۆ عومەری کوڕی خەتاب)، بۆ هەر وشەیەک کە لەگەڵ ژنەکەی دەکەن پاداشتیان دەدرێتەوە، هەروەها پاداشتی دەدرێ لەو کاتەی کە دەست بۆ ژنەکە رادەکێشێ، کە سواری دەبێ، خوا لە هەموو گوناهەکانی خۆش دەبێ، لە کاتێکیشدا کە خۆی دەشوا میهری خودا و لێبوردنی خودای چەندەها جار دێتە سەر، بە ژمارەی ئەو تاڵە مووانەی کە بە ئاوی غوسڵ دەرهێنان تەڕ دەبن.

رژێمی ئیسلامی، ئێستا بە شێوەیەکی چڕ دەیەوێ دامەزراوی ژن و مێردایەتی کاتیی بژێنێتەوە و بسەپێنێ . بەو سیفەتەی کە((یاسایەکی پرشنگدارە و وەڵامێکی گونجاوی ئیسلامە بۆ پێویستی مرۆڤ(واتە پیاو) بۆ زیاتر لە یەک هاوسەری سێکسی)). هەروەها وای دەبینن کە ئەم جۆرە رابواردنە لە چوارچێوەیەکی رەوشتی و شەرعیدایە و ئەڵتەرناتیڤێکە بۆ شێوازی نزمی رۆژئاوا کە لەسەر بناغەی ئازادی پەیوەندی سێکسی دامەزراوە. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەم جۆرە ژن و مێردایەتییە بەرپرسیارێتی کەمترە و ئاسانترە لە هی هەمیشەیی و وەسیلەیەکی هاوچەرخە بۆ لاوان کە بتوانن پێویستییە سێکسیەکانیان تێر کەن و چەپاندنیان نەبێتە هۆی بێئەرکبوونیان لە کاروبارەکانیان.

رژێمی ئیسلامی بێ ئاگا نیە لە هەستی خەڵک و وروژانی سێکسی لای خەڵک، لە لایەکەوە فەرزکردنی چادر و حیجاب و ، داتانی سنوورێکی شووشەبەند لە نێوان ژنان و پیاواندا لە نزرگە و شوێنە پیرۆزەکاندا و قەدەغەکردنی زیارەتی هاوکاتی ژن و پیاو، نیشانەی ئاگایەتی لە هەست و سێکسی خەڵک دەردەخات.

ئەم سیاسەتە رەسمیە بۆ جیاکردنەوەی پیاو و ژن، هەستی ئامادەیی رەگەزی بەرامبەر لای هەردوولا دروست دەکات. لە نزرگە و جێگا پیرۆزەکاندا، کە حەجاج لە شاری جیاجیای دوورەوە بۆی هاتوون و ژیانی تایبەتی و کۆمەلایەتی خۆیان جێهێشتووە تا ماوەیەک لە دوورەپەرێزیدا بژین و لە رۆتینی رۆژانە دوورکەونەوە، لە ماوەی حەجکردنیاندا، کەسانێ لە شارو دێهاتەکانی تردا دەناسن، لەبەر ئەوەشی کە لەسەر سەفەرن، هەر یەکەو هەست دەکا پێویستی بە بارێکی نموونەیی هەیە بۆ هەڵبژاردنی یەکێک لەو خەڵکە زۆرەی کە لەوێیە بۆ بەستنی بەڵێنی سیغە لەگەڵیدا بۆ ماوەیەکی کورت. بەو جۆرە حەجاجەکان چێژی سێکسی بۆ خۆیان دابین دەکەن.

بۆ یەکتر ناسین لەگەڵ ئەو ژنانەی کە ئارەزووی بەڵێنی سیغی دەکەن، یان بە پێچەوانەوە ناسینی ئەو پیاوانە، شارەزاییەکی زۆری لە ژنان و پیاوان گەرەکە. دەبێ لە ئوسوڵی ئەو بەدوادا گەڕانە بزانن، بۆ نمونە: ژنان چادرەکانیان بە هەڵاوگێڕی لەسەر دەکەن بە مانای ئەوەی ئەو ئارەزوومیان هەیە و ئامادەن. یان لە شێوەی چارشێو پۆشینەکەیاندا ئەو گوزارشتە دەردەبڕن، یان ئەو ژنەی کە بێ ئامانج بەو ناوەدا دەسوڕێتەوە و تەماشای ئەم لا و ئەولا دەکا هێمایە بۆ ئەو ئارەزووەی. یان لە شێوەیەک کە بە تەواوی دژی ئەو شێوانەی ترە، ئەو ژنەی کە زیاد لە پێویست خۆی پێچابێتەوە و داپۆشیبێ، زیاتر شەفافیەتی خۆی دەنوێنێ بۆ ئەو ئارەزووە. ئەو پیاوانەشی کە ئەو ئارەزووەیان هەبێ لە پەراوێزی ئاپۆرەکە رادەوەستچاولێکردن و دۆزینەوەی

هاوئارەزووەکانیان.

روکنەکانی ژن و مێردایەتی کاتیی:

چوار مەرجی بنەڕەتی لە بەڵێننامەی ژن و مێردایەتی کاتییدا هەیە کە ئەمانەن:

١- شێوەی شەرعی بەڵێننامەکە: بە پێی روونکردنەوەی خومەینی بۆ شێوەی ئەم بەڵێننامەیە، دەبێ ئەو داوایە ژ ن و پیاوەکە پەسەندیان کردبێ و بەندەکانیان دیاری کردبێ، لەبەر ئەوەشی کە ئەو جۆرە ژن و مێردایەتییە بەڵێننامەیە، ژن و پیاو هەر یەکەیان دەتوانن دەستپێشکەری بکەن لە داواکردنیدا، ژن و پیاو دەتوانن هەر خۆیان بە تەنها ، یان بە یارمەتی پیاوێکی ئایینی(مەلا) بەڵێننامەکە جێبەجێ بکەن، هێندەی دەوێ کە ژنەکە بڵێ:من(فلانی کچی فلان) شووت پێ دەکەم(یان چێژت پێ دەبەخشم)، بەرامبەرئەوەندە پارە - (دەبێ پارەکە دیاری کات)، بۆ ماوەی ئەوەندە(دەبێ کاتەکەش دیاری کات). پیاوەکەش وەڵامی دەداتەوە: قبوڵم کرد. ئەم ئیجرائاتە دەکرێ بە تەنها خۆشیان بیکەن بە هەر زمانێک بێت بە مەرجێک کە هەردووک لا بە تەواوی لە ماناکانی تێبگەن و مەرجەکان روون بن.

٢- بەندەکانی ژن و مێردایەتی کاتیی بۆ کەسانی سەر بە ئایینی تر: لە رووی تێڕوانینی ئایینییەوە مافی پیاوێکی موسوڵمانە کە بەڵێنی کاتیی لەگەڵ ژنانی سەر بە ئایینە ئاسمانییەکانی تریش ببەستن(مەسیحی و جوولەکە). هەندێ جار لەگەڵ زەردەشتییەکانیش. باشترە ژنی باش و بەڕەوشت بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردرێن، دەبێ پرسیاریش لە ژنەکە بکرێ ئایا لە مانگەکانی چاوەڕوانیدایە(اشهر العده)یان نا، بۆ ئەوەی بزانرێ سکی پڕە یان نا. هەرچەندە بە پێی وتەی ئیمام جەعفەری صادق پێویست بەو پرسیارە ناکات.

بەرامبەر بەمەش ژنی موسوڵمان مافی ئەوەی نیە جگە لە پیاوی موسوڵمان بەڵێنی شووکردنی کاتیی لەگەڵ پیاوانی سەر بە ئایینی تر ببەستێ.

٣- ماوەی ژن و مێردایەتی: دەبێ ماوەکە بە روونی دیاری بکرێ،لە یەک سەعاتەوە تا ٩٩ ساڵ بە ئارەزووی هەردوولا، بەڵام نابێ ماوەکە بە (درێژایی تەمەن) دیاری بکرێ، چونکە بەم شێوەیە ماوەکەی دەبێتە دیارینەکراو. هەر وەکو بەڵێننامەی کرێ دەکرێ ماوەکە کورت بکرێتەوە یان درێژ بکرێتەوە بە پێی رازیبوونی هەردوولا.

زانا ئایینییەکانی شیعە گفتوگۆیان لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی ژن و مێردایەتی کاتیی کردووە، و بە پێویستیان زانیووە کە ماوەکەی بە روونی دیاری بکرێ. زۆربەی زانایانیش باوەڕیان وایە دیاریکردنی ژمارەی مومارەسە سێکسیەکان ( بۆ نمونە جارێک یان دوو جار)بەس نین ئەگەر کاتەکەی دیاری نەکرابێ. خۆ ئەگەر کەسانێ بیانەوێ ژمارەی مومارەسە سێکسیەکانیش دیاری بکەن ئاساییە بە مەرجێ کاتی ژن و مێردایەتییەکە دیاری کرابێ، پێشیان وایە ئەم جۆرە لەگەڵ ئایەتەکانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەردا لە دژایەتیدا نیە.

٤- کرێ یان پاداشتی ژن : ئەو پارەیەی کە دەدرێ بە ژن لە بەرامبەر قبوڵکردنی بە بەڵێنی کاتیی رابواردن لەگەڵیدا دەبێ دیاریکراو بێ و هیچ ئاڵۆزی و نارووونیەکی تێدا نەبێ ، دەنا بەڵێننامەکە بەتاڵ دەبێ. لە ژن و مێردایەتی هەمیشەییدا دەکرێ مارەیی دیاری نەکرێ بەڵام لە هی کاتییدا ئەگەر کرێکە دیاری نەکرێ بەڵێننامەکە بەتاڵ دەبێ.

بە هۆی لێکچوونی بونیادییانەی نێوان هەردوو بەڵێننامەی ژن و مێردایەتی کاتی و بەڵێننامەی بەکرێدان، شەریعەت جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە هیچ گوزارشتێک یان رستەیەک بەکار نەبرێ کە هێما بێ بۆ ئەوەی کە ژنەکە بووە بە موڵکی پیاوەکە لەبری ئەو پارەیە، یان بە کرێ دراوە بەو کرێ دیاریکراوە. لێرەدا حەقیقەتی ئەو ئاڵوگۆڕە بە گوزارشتی زمانەوانی دادەپۆشرێ، حەقیقەتەکەش ئەوەیکە ژن خۆی نەک وەک مرۆڤێک بەڵکو (ئەندامی سێکسی ژن) دەبێتە موڵکی پیاو بۆ کاتێکی دیاریکراو.

دانی کرێکەش راستەوخۆ بەستراوە بە بەکارهێنانەوە(واتە مومارەسەی سێکسی) ، دەشکرێ بەڵێننامەکە پێش کۆتایی هاتنی ماوەکەهەڵبوەشێنرێتەوە، هەروەها پیاو دەتوانێ لای خۆیەوە هەڵی بوەشێنێتەوە. لە کاتێکدا کە پیاو دوای

بەستنی بەڵێننامەکە  واز لە ژنەکە دەهێنێ  و هێشتا بەکـاری نەهێناوە دەبێ نیـوەی ئەو نرخـە بدات کـە دیاریکراوە و لەسەری رێککەوتوون.

زانائاینییەکانی شیعە بۆچوونیان جیاوازە لەسەر ئەم مەسەلەیە، هەندێکیان دەڵێن نابێ لە کاتی وازهێنان لە ژنەکـە پێش بەکـارهێنانی هیچ پارەیەک بدرێ بە ژنەکـە، چونکە ئەو پرۆسـەیەی کـە لە پێناویدا بەکـرێ گـیـرابوو لەگـەڵیـدا ئەنجـام نەدراوە، بەڵام دوای بەکـارهێنانی و هەڵوەشـاندنەوەی بەڵێنەکـە دەبێ کرێیەکی بە تەواوەتی بدرێتێ. لە حەڵەتێکیشدا کە پیاوەکە خۆی نەیەوێ مومارەسەی سێکسی لەگەڵ ژنە کاتیـەکەیدا بکات ئەوە دەتوانێ لای خۆی رایگرێ  تا ماوەکـەی تەواو دەبێ ئەمـەش  بەوە دەچوێندرێ کـە کەسێک خانوویەک بەکرێ بگرێ بەڵام بەکاری نەهێنێ، لەو کاتەشدا خۆ هەر دەبێ کرێکەی بدا.

رازیبوونی وەلی یان هەر سەرپەرشتێکی کچ:

به پێچەوانەی زانایانی سوننە، زانایانی مەزهەبی شـیـعـە سنورێکی دیاریکراویان بۆ کچ لە کـاتی شووکردندا دانەناوە بەڵکە سەربەخۆییەکیان داوە بە بێوەژنان و تەڵاقدراون، بەڵام بۆ کچان زانایان بە سەر بۆچوونی جیاوازدا دابەش بوون.
(شیڤانی) لە ئیمام جەعفەری صادق دەگێرێتەوە : ئەبو عەبدوللا دەگێرێتەوە کە لە ئیمامی پرسیوە: ئەم کچە بانگی کردووم  بێ ئاگاداری کەس و کاری کە بەڵێنی ژن ومێردایەتی رابواردنی لەگەڵ ببەستم ، ئایا دەبێ چێژی پێ ببەخشم؟ ئیمام وەڵامی دەداتەوە: بەڵێ بەڵام ئاگادار بە لە تێکەڵبوونی، چونکە کچێتی دەشێوێنێ، لێی دەپرسێ: ئەی ئەگـەر ئارەزووی لە تێکەڵاوی بوو؟ ئیمام وتی: ئەگەر ئارەزووی لێ بوو ئۆبالتان  لە ئەستۆ نیە.

دوورەپەرێزی یان وەستاندنی سێکس

چونکە مەبەست لە ژن و مێردایەتی کاتیی رابواردن و چێژبەخشـینە، زانایانی شـیـعـە باوەڕیان وایە کـە پێویست ناکا پیاوان خۆیان بە دروستکردنی منداڵانێ ماندوو بکەن کە دڵپەسەند نین. هەروەها زانایانی شیعە جەخت لەسـەر ئەوە دەکـەن کـە وەسـتـاندنی سـێکس و دوورەپەرێزبوون بە تەنـهـا مـافـێکی پیـاوە لە ژن و مێردایەتی کاتییدا. حەسرکردنی ئەو مافەش بۆ پیاو دەگەرێتەوە بۆ تێگەیشتنی شیعە بۆ رۆڵی هەردوو رەگەز لە چوارچێوەی ژن و مێردایەتیدا، ژن دەتوانێ سێکس بوەستێنێ لە کاتێکدا کە پیاوەکە رازی بێ.

بەپێی رای ئایەتوڵا موتەهەری:( ژنی سیغی مافی ئەوەی نیە مومارەسەی سێکسی رەت کاتەوە کە زیان بە پیـاو دەگـەیەنێ، بە تایبـەتی ئەگـەر کـێشـەی منداڵ دروستکردن  چارەسـەر کـرابێ.) بە پێی قـسـەکـانی مـوتەهەری لە لایەکـەوە ژن بۆی نیـە داوای مـێـردە کاتیەکەی رەت کاتەوە لە مومارەسەکردنی سێکسدا، لە لایەکی ترەوە لەسـەریەتی کێشـەی منداڵ دروستکردن چارەسەر کات.

لە کاتێکیشدا کە لە ژنی کاتیی منداڵێ دروست بوو رەنگبێ بۆ ئیسپات کردنی باوکی منداڵەکەی کێشـەی بێتە رێ، چونکە ئەو بەڵێننامەیە شایەتی لە نێواندا نیە و پیـاوەکە دەتوانێ خـۆی لە بەرپرسیـارێتی باوکـایەتی بشارێتەوە و لە دادگاشدا دانپێدانەناکەی قبوڵ دەکرێ بێ ئەوەی سوێندی بدرێ.

میرات:

ژ ن و مـێـردی کـاتیی هیچ بەشـێکیـان ناکـەوێ لە پاشماوە و میراتی یەکتر ئەگەر لەو ماوەیەدا یەکێکیان بمرێ. (قـانیـمـی) وا ئەم لۆژیکە روون دەکـاتەوە( سـەرەتاکـەی بناغـەیی لەم جـۆرە ژن و مـێردایەتییـەدا ئارەزووی هـەردوو لایە لە هـەڵنەگـرتنی بەرپرسـیـارێتی رەوشـتی و کـۆمـەڵایەتی و ئابووری، دەنا بـەڵێنی هەمیشـەییان دەبەست.) . بە هۆی دووفاقی رەوشتیی بۆ ئەم جـۆرە ژن و مێردایەتییە و بەرزبوونەوەی نارەزایی عیلمانی رۆشنبیرەکانی ئێران، زۆربەی زانا ئێرانیە هاوچەرخەکان ئەو مەرجەیان بۆ زیاد کرد کە دەتوانرێ مەرجی میراتیش لە بەڵێننامەدا دیاری بکرێ.
بۆ بەراوردکردنی مـافـەکـانی ژن  و پیـاو لە هەردوو بەڵێننامـەی ژن و مێردایەتی هەمیشـەیی و کاتیی دا ئەم خشتەیە زۆر شت روون دەکاتەوە:

| مەرجەکانی بەڵێننامەی کاتیی(سیغە) | ژن و مێردایەتی هەمیشەیی(مارەبڕین) | ژن و مێردایەتی |
|---|---|---|
| * جۆری بەڵێننامە | فرۆشتن | کرێ |
| * ژمارەی ژن | چوار | بێ سنوور |
| * ژمارەی مێرد | یەک لە هەر جارێک | یەک لە هەر جارێک |
| * گۆڕینەوەی پارە | مارەیی | قەرەبوو(تعویض)ێکی مادیی |
| * رازیبوونی سەرپەرشت(وەلی) | پێویستە | پێویست نیە |
| * شایەت | پێویستە | پێویست نیە |
| * تۆمارکردنی رەسمی | پێویستە | پێویست نیە |
| * کچایەتی(پەردەی کچێتی) | پێویستە(لە یەکەم شووکردندا) | پێویست نیە |
| * میرات | مافیان هەیە | مافیان نیە |
| * هەڵوەشاندنەوە | بەهۆی تەڵاقەوە | کە ماوەکەی تەواو دەبێ |
| * ماوەی چاوەڕوانی(العدة) | سێ مانگ | چل و پێنج رۆژ |
| * نەفەقەی ژن | پێویستە | پێویست نیە |
| * منداڵەکان | شەرعین | شەرعین |
| * وەستاندنی سێکس | رازی بوونی ژن پێویستە | رازی بوونی ژن پێویست نیە |
| * تازەکردنەوەی بەڵێن(لەگەڵ هەمان کەسدا) | ژمارەکەی سنووردارە | ژمارەکەی بێ سنوورە |
| * نکۆڵی کردن لە باوکایەتی | سوێند خواردن پێویستە | پێویست نیە |
| * ژن و مێردایەتی لەگەڵ کەسانی غەیرە موسوڵمان | بۆ ژن نابێ | بۆ ژن نابێ |
| * مافی ژن لە بڕیاردانی رێکخستنی پێکەوە خەوتن(لە کاتی چوارژنیدا) | مافی هەیە | مافی نییە |
| * مافی ژن لە سێکسدا | مافی هەیە | مافی نییە |

## باری ژیان و پایەی ژن

لە دوو سەدەی رابردوودا زانیارییەکی باش دەربارەی جێگای ژنی موسوڵمان و باری ژیانیان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بۆ لێکۆڵەرەوان هاتە کایەوە، رای جیاواز دەربارەی ستاتووی ژنی موسوڵمان هەیە کە پرسیاری مەنهەجی هێناودتە ئاراوە، دەتوانین ئەمەش لە دوو جۆر تێروانیندا بەرجەستە بکەین کە هەردووکیان هاودژی یەکن:

یەکەمیان: تێروانینی ئەوانەی کە ئایدۆلۆژی ئیسلامیان هەڵگرتووە و زۆربەیان پیاون و داکۆکی لە ئیسلام دەکەن لە بەرامبەر تێروانینی رۆژئاوایی باو بۆ سەر ژنی موسوڵمان کە پایەیەکی نزمیان هەیە. ئەمانە پشت بە قورئان و سونەتی پێغەمبەر دەبەستن (واتە ئەو دوو سەرچاوە پیرۆزەی شەریعەتی ئیسلامی لەسەر بەندە)، بۆیە بیانووەکانیان لە یەکەوە نزیکە. ئەوان پێیان وایە کە ئیسلام لە هەموو ئایینەکان پێشکەوتووترە بە نیسبەت ژنەوە. ئیشارەت بۆ ئەوە دەکەن کە ئیسلام زیندەبەچاڵکردنی ژنی قەدەغە کرد، سنوورێکی بۆ زۆرژنی دانا، بەشێک لە میراتی کەسوکاری بەخشی بە کچ، مافی ئەوەی داییێ کە بەڵێننامەی بازرگانی مۆر بکات و موڵکی خۆی بەرێوە ببات.

دووەمیان: نیگایەکی مێژوویی قوڵتریان هەیە سەبارەت بە کاریگەری ئیسلام لەسەر رۆڵی ژن و پایەیان، ئەم تێروانینەش لە لایەن ژنان و پیاوانی هاوچەرخی موسوڵمانەوەن.

ئەم تێروانینە هۆی دواکەوتنی ئافرەتی موسوڵمان بە چەند گۆڕانکارییەک دادەنێ لەوانە:

- بەردەوامی داب و نەریتی پێش ئیسلام.
- شێوەی بەرهەمهێنانی ئابووری.
- حیجاب و دوورەپەرێزی کە لەسەر ژنی موسوڵمان فەرزکراوە.
- جیاکاری نێوان ژن و پیاو.
- کەمی فێربوون و فێرکردنی ژنان

ئەو رۆشنبیرانەی کە لایەنگری ئەم بیروبۆچوونانەن بە شێوەیەکی بنەرەتی پشت بە قورئان دەبەستن بۆ رەخنەکانیان، بەڵام ناوێرن بە تەواوی ئایین بکەنە تەنها هۆی بەرپرسیار لە دواکەوتن و پایەنزمی ژنان لە دەوڵەتە ئیسلامیەکان. بە هەر حاڵ پێیان وایە کاریگەری ئیسلام بۆ سەر ژن بە هیچ جۆرێک پۆزەتیڤ نەبووە لە رووی سەلماندنی خودی خۆی و گەشەدان بە باری ژیانی، هەروەها ئیشارەت بەوە دەکەن کە بەشی ژن لە میراتدا نیو هێندەی پیاوە، ژن بۆی نیە ئەرکی سەرکردایەتی بگرێتە ئەستۆ، و دادگایی بکا (حاکم بێ)، و بەشداری جەنگ بکا. لەوەش زیاتر چالاکیەکانی ژن لە ژێر کۆنترۆڵی مێردەکەیدایە و چاوەدێری دەکا، بە کورتی دەڵێن ئیسلام ژنی لە پایەیەکی نزم داناوە و رۆڵی هەبووە لە بەشتکردنی ژندا.

بەرامبەر بەو ئەرکانەی کە شەریعەتی ئیسلام فەرزی کردووە، توانا و مافی دیاریکراو دەدا بە پیاو و ژن، بێگومان مافی ژن بە کەمتر دەزانێ لە هی پیاو، شایستەیی پیاو لە رۆژی لەدایک بوونیەوە دەست پێ دەکات تا مردنی. بەرپرسیارێتیشی لە خانەی توانای یاساییەوە دادەنرێ کە دوو بەشە:

- توانای بۆ بڕیاردان.
- توانای بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکان.

شایانی باسە کە د. شەهلا حایری کچی یەکێک لە ئایەتوڵڵاکانی ئێرانە (ئایەتوڵڵا حایری) و بەم هۆیەوە توانیویەتی باش بچێتە بنج و بناوانی شیکردنەوەی یاساکان لە ئەنجامی گفتوگۆی لەگەڵ پیاوانی ئایینی نزیک بە بنەماڵەکەیانەوە، گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەشی لەوەدایە کە بێلایەنییەکی تەواوی ئەکادیمی تیایە، ئەم بێ لایەنییە کەم لێکۆڵەرەوەی ئەکادیمی هەن پێی گەیشتبن. بەڵام ئەمەی د. شەهلا بەرهەمی ئەوەیە کە نیوەی پەروەردە و رۆشنبیری و ژن و مێردایەتییەکی رۆژئاوایی (کە هاوسەری ئالتەر روستی)یە و نیوەکەی تریشی پەروەردە و ئەش و نماکردنێکە لە کۆمەڵگە و رۆشنبیری ئیسلامی.

ئەم کتێبە، هاوتای کەمە لە رووی روونکردنەوە و پیشاندانی بابەتێک کە هێشتا لەناو کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیشدا خەڵک بە تەواوی لێی تێ نەگیشتووە و ئاڵۆزییەک بابەتەکەی داپۆشیوە، ئەم چەند لاپەڕەیە تەنها مشتێکە لە خەرواری ئەو زانیارییە زۆرەی کە لە کتێبەکەدا هەیە دەربارەی ژن و مێردایەتی کاتیی لە ئێراندا، کە من تەنها بۆ ناساندنی کتێبەکە و مەبەستی ناساندی ژن و مێردایەتی کاتیی لە شەریعەتی ئیسلامی سەر بە مەزهەبی شیعە پێشکەش بە خوێنەری کوردی دەکەم.

دوا لاپەڕە

# وەرگێڕان

وەرگێڕان هەر تەنیا گواستنەوەی تێکستێک نییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی دیکە، بەڵکو بە پلەی یەکەم ناسین و ناسینەوەیە. ئەمەش گواستنەوەی بیر، کولتوور بە گشتی، ستیل و شێواز و زۆر شتی دیکەش دەگەیەنێت. ئەمەش پرۆسێسێکە، بە پلەی یەکەم، ناساندن و گواستنەوەی بیر و ژیانی ئەویدیکە دەگەیەنێت؛ ئەویدیکەی تاک، ئەویدیکەی شارستانی. من چەند بیری ئەویدیکە بناسم لە خۆڵگەو ژینگەی تەسکی خۆم، هەرچەندە بەرین بێت، دەچمە دەرەوە، یان هەوڵی فراوانترکردنی دەدەم. ئاشنای هەندێک بیر، ستیل و چۆنیەتی بیرکردنەوە دەبم کە پێشتر نەمبینیون. واتا چەند ئەویدیکە بناسم ئەوەندە خۆم دەناسم و دەناسمەوە، بە ئاسانی دەرگایەک لە رووی ئاڵۆزی جیهان دەکەمەوە. ئەمانە گشتیان، وەک خاڵێکی پۆزەتیڤ، گەشە بە چۆنییەتی ژیان و سترەکتووری بیرکردنەوەم دەدەن و رێکی دەخەن.

وەرگێڕان یارمەتی ئەوەم دەدات نەک هەر هەندێ وشەو بیری دیکە بناسم، بەڵکو جیهانێکی دیکەی تایبەت بناسم کە دیارە لە منەوە دوورەو ناسینی راستەوخۆ گرانە.

مەسەلەی هەڵبژاردنیش پەیوەندی بە حەشارگەو روانینی هونەری و بیری وەرگێڕ، ناسین و نەناسینی ئەو ئەدەبەو ئەو کۆمەڵگایەی ئەم بەرهەمە وەرگێڕاوەی بەرهەم هێناوە.

وەرگێڕان بریتییە لە دروستکردن و هێنانە ژوورەوەی هارمۆنییەکی دیکە بۆ ناو کولتووری من، یاخود خۆبردنە ئاست هارمۆنی ئەویدیکەیە (کە رەنگە لەمن بڵیندتر بێت).

بە کورتی وەرگێڕان گواستنەوەی ژیانێکە کە لە فۆرمی تایبەتیدایە من شارەزای نیم و، ئاشنای دەکەم بەو فۆرمەی خۆم کە ژیانی منی لە باوەش گرتووە. باش پێشاندانی ئەم ژیانانەش دەوەستێتە سەر باش ناسین و باش گۆڕینی فۆرمەکان.

موحسین ئەحمەد عومەر

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal

1996 18-19

